# ســـــاردۆن

# ساردۆن

## نووسینی: سەرباز مەجید خۆشناو

## پێداچوونەوە و دانانی فەرهەنگۆک: سەربەست مەجید خۆشناو

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

چاپی یەکەم ۲۰۱۹ز - ١٤٤٠ ك

نوسینگەی تەفسیر
بۆچاپ و بڵاوکردنەوە
هەولێر- شەقامی 30 مەتری تەنیشت منارەی چۆلی
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice

ئامادەکردنی پێڕست - نوسینگەی تەفسیر
خۆشناو ، سەرباز مەجید
ساردۆن سەرباز مەجید خۆشناو
۲٥٦ لاپەڕە،
۱۷* ۲٤ سم
بابەت،ئەدەب، چیرۆك
ISBN: 978-9922-620-31-2

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی (۲٤۷) ی ساڵی ۲۰۱۹ پێدراوە.

"بیروبۆچونی ئەم کتێبە، مەرج نیە هەمان بیرو بۆچونی نوسینگەی تەفسیر بێ"

دیزاینی :عمر عثمان عمر

**ئەم بەرهەمە لەسەر ئەرکی زانکۆی هەولێری پزیشکی لە چاپدراوە**

لەبڵاوکراوەکانی ئینستیتیوتی کەلەپووری خۆشناوەتی

(٣)

# ساردۆن

نووسینی

سەرباز مەجید خۆشناو

بسم الله الرحمن الرحيم

**پێشکەشە بە:**

- گیانی هەقایەتخوانە یەك لەدوای یەکەکانی شەقلاوە، بەتایبەتی: مام ئەحمەدیلە، وەستا عەولای کورتاندرو، محەمەد میرزا (زەردان) .
- بە هاوژین و بە منداڵە چاو گەشەکانم، کە لە شەوە درێژەکاندا، ناچاریان کردووم هەقایەتیان بۆ بگێڕمەوە و تۆز و گەردی ڕۆژگاریان لەسەر ئەو هەقایەتانە لەزەیندا هەڵتەکاندووم.
- یادی پڕ ئارامیی دایکایەتیی(هەمین) ی دایکم، کەزۆرجار لەگەڵ خوشك و براکانم، ناچارمان دەکرد هەقایەتمان بۆ بگێڕێتەوە.
- باوك و خوشك و براکانم.

**سوپاس بۆ:**

- پ. د دارا میران سەرۆکی زانکۆی هەولێری پزیشکیی
- ئەو بەڕێـــزانەی بە گێـــڕانەوەی هەقایەتەکانیـــان، ئەم بەرهەمەیـــان دەوڵەمەندتر کرد

# ناوەڕۆك

بەرایی ........................................................ ٩
وتەیەكی پێویست ............................................... ١١
پێشەكی ........................................................ ١٣
بنزاری خۆشناوەتیی ناوچەی شەقڵاوە ........................... ١٥
جۆتە كەو ....................................................... ٢٥
كولانكێ بەروەتاوێ ............................................. ٢٩
داكێ ئیساقی .................................................... ٣٥
حەرامزادە ...................................................... ٤١
خەراتێ شەیتانی ................................................ ٤٧
فێلعێ شەیتانی .................................................. ٤٩
بەهمەن ......................................................... ٥٨
ساردۆن ......................................................... ٦٦
هەقێیاتێ شازادە عوسمانی ..................................... ٧٤
تۆبێ نەسووحی .................................................. ٨٨
فتنێ شەیتانی ................................................... ٩٠
برادەرێ باش .................................................... ٩٢
خەون ........................................................... ٩٧
ئاسینگر ......................................................... ١٠١
تەختێ عەبدی ................................................... ١٠٤
عادەت .......................................................... ١١٨
تەكبیرێ جووی .................................................. ١٢٣
كیژێ شوانی ..................................................... ١٢٥
خنس ............................................................ ١٤٦

باڕە بن جوو ........................................................ ١٥٠
خوێیاتی.............................................................. ١٦٣
میرەسەن ............................................................ ١٦٧
خورشیدی خاوەر...................................................... ١٦٩
قەبرێ کیژێ جووی .................................................. ١٩١
هەڤێیاتێ فەڤێیان.................................................... ١٩٤
ڕۆستەم و زۆراب...................................................... ١٩٦
ئێخسیرێ دێوی........................................................ ٢١٣
ڕاستی و درۆ.......................................................... ٢٢٥
زمانێ حەیواناتی..................................................... ٢٣٢
کوڕێ پیرەژنێ ....................................................... ٢٣٨
کیژێ دارکەری ....................................................... ٢٤١
چل تووتی ............................................................ ٢٥١
دەرکێ ڕەحمەتێ ..................................................... ٢٨٣
موبارەك............................................................... ٢٨٥
هەڤێیاتێ کوڕە کەچەری ............................................ ٢٨٩
پیرەژنێ مامان ....................................................... ٢٩٩
قسمەتێ خوای ....................................................... ٣٠٧
بەردەشیو ............................................................ ٣١٢
حەفتڕوح.............................................................. ٣١٧
فەرهەنگۆك .......................................................... ٣٢١

# بەرایی

ئاگردانی جارانی شەوانەی کوردەواری، بێ قسەی خۆش و بێ شەوچەرە و بێ گردبوونەوە و گێڕانەوەی سەربووردە و هەقەیات و بێناز نەبووە.

خەڵك لە وەرزی سەرماو سۆڵەدا، بێ کارتر و دەستبەتاڵتر بووە، بۆیە شەوانە و هەر شەوەی لە ماڵێك، قۆناغیان دادەنا و بانگهێشتی حیکایەتخوانێکیان دەکرد و پیاو و ژنی گەڕەك لێی خڕدەبوونەوە و تا درەنگانی شەو، گوێیان بۆ گفت و لفتی شیرینی هەقایەتبێژان شلدەکرد. بە ڕۆح تێکەڵی ڕووداوەکانی نێو هەقایەتەکان دەبوون، بەدڵ حەزیان لە سەرکەوتنی پاڵەوانەکان و بەیەکگەیشتنی عاشق و مەعشووقەکان دەکرد، ڕقێکی ئەستووریشیان بەرامبەر زۆردار و ناحەزەکان لە دڵدا دەگرت و دەیانکردنە نموونە، بۆ بەدکارە زیندووەکان. دایك و باوکی وا هەبووە، لە خۆشەویستییان بۆ کارەکتەرێکی ناو هەقایەتەکان، منداڵەکانیان بەناو کردوون. بە پێویستی دەزانین بۆ بەزیندوو هێشتنەوە و بۆ مێژوو، لێرەدا ناوی ئەو هەقایەتخوانە خۆشخوانانەی شەقلاوە تۆماربکەین، (ئەوانەی ناومان زانین) کە لە ڕۆژگارێکدا، بە هەقایەت و قسە و پەند و ئامۆژگارییەکانیان، کۆڕ و مەجلیسی شەوانەیان گەرم کردووە و دەیان وانەی ژیانیان فێری خەڵکی سادە و ساکار کردووە و توانیویانە چێژ و لەزەتێکی واشیان لە ناخدا بچێنن، کە تا ئەمڕۆش ئاهی بۆ هەڵبکێشن و خۆزگە بەو کاتانە بخوازن، کە پێیانوایە، تازە ناگەڕێنەوە.

مام ئەحمەدیلە، پیاوێکی کورتە بالای ئێسك سووك و قسە خۆش بوو، لە

هیقایەت گێڕانەوەدا، بەناوبانگ بوو، هەر ماڵێك مام ئەحمەدیلە شەوانە بۆ هەقایەتکردن، ڕووی تێکردبا، ئەوەی زوو نەچووبا، شوێنی دانیشتنی بەرنەدەکەوت، هەقایەتەکانی مام ئەحمەدیلە، زیاتر ئەفسانە بوون و لە گێڕانەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکاندا، سنعەتکارێکی وردەچن و گرێچنێکی بلیمەت بوو، هەقایەتی وای هەبووە بە (١٥) شەو تەواوبووە، لە شوێنی بڕین و گرێدانەوەی ڕووداوەکان، ئەوەندە لێزان بووە، وایکردووە، کە بەدرێژایی ڕۆژ گوێگرەکانی بە تاسەی هاتنەوەی شەو بن. مام ئەحمەدیلە، تەنها دوو کچی هەبوون.

وەستا عەولای کورتاندروو، پیاوێکی دنیا دیتە و زیرەك بوو، زۆر بەزەین بووە، سەری لەزۆر شت دەردەچوو، زۆر بە دیققەت پێشبینیی ئاو و هەوای دەکرد و پێشبینییەکانیشی بەڕاست دەگەڕان، خەڵك متمانەیەکی زۆریان پێبوو، لە گێڕانەوەی هەقایەتیشدا، زۆر بەتوانا بووە، هەقایەتەکانی بە زۆری دوور و درێژبوون، چەندی حەزی لێبا درێژی دەکردنەوە، هەقایەتی وای هەبووە، دە تا پازدە شەوی خایاندووە.

محەمەد میرزا، (زەردان)، پیاوێکی خوێندەوار بوو، ئەو لە کتێبانیش هەقایەتی دەخوێندنەوە، هەقایەتەکانی بەزۆری باسی پاڵەوان و دڵداری و بەسەرهاتی ناقۆلا بوون، شێوازێکی زۆر سەرنج ڕاکێشی هەبووە لە هەقایەت گێڕانەوەدا، زۆربەی ئەو هەقایەتانەی لەبەربوون، کە بەشیعر نووسرابوونەوە، وەك لەیل و مەجنون و ڕۆستەم و زۆراب و ... تد. هەقایەتبێژی دیکەشمان هەن ، بەلام ئەو ناو و ناوبانگەیان نەبووە، ئەوان لە کۆڕو مەجلیسی گەورە ڕێیان بەخۆیان نەدەدا، بڵێن هەقایەتخوانین، لەگەڵ ئەوەشدا خزمەتێکی زۆریان بەم ئەدەبە میللی و فۆلکلۆرییە کردووە.

# وتەیەکی پێویست

دوای ئـــەوەی کۆمەڵـــە هەقایـــەت و ئەفســـانەیەکی کوردەواریمـــان بـــە شێوەئاخاوتنی خۆشـناوەتیی ناوچـەی شـەقڵاوە، بـە ناونیشـانی(مەلارەژوو) بـڵاو کردەوە، تا ڕادەیەکی باش، توانیی ئەو ئامانجانە پێکــێ، کـە مەبەسـتمان بـوون، بەتایبەتی لە لایەنی زمانی و بابەتی شێوەزارەکان.

کتێبەکــە، جگــە لــە تۆمــارکردنی هەقایەتــەکان، کورتــە باســێکی تایبەتمەندییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتیی ناوچەی شەقڵاوەی، وەك بەرچاوڕوونی بۆ خوێنەران تێدا تۆمار کرابوو، ئەو بەرچاوڕوونییە، هاوکاریی ئەو قوتابیانەشی کرد، کە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیان، لەسەر شێوەزاری خۆشناوەتی لەبەرنامــەی کـار دا بوو. جگە لەمانەش، لە بەشی کۆتایی کتێبەکە فەرهەنگۆکێك بۆ نزیکەی (٤٥٠) لەو وشانە ئامادە کرابوو، کە تایبەتمەند بوون و زۆر ڕوون و ئاشکرا نەبوون.

لە شێوازی داڕشتنی دەستەواژە و ڕستەکانی نێو هەقایەتەکانـدا، ڕەچـاوی تایبەتمەندیی زمانیی شێوەزاری خۆشناوەتیی ناوچەی شەقڵاوە کرابوو، بۆیـە دەقـی هەقایەتەکانیش وەك نموونە ببوونە پاڵپشتی لایەنە زمانییەکـە، بۆیـە لـە هـەوڵی ئەمجارەمانـدا، جگـە لـەتۆمارکردنی کۆمەڵـە هەقایـەت و ئەفسـانەیەکی دیکـە، ڕوونکردنەوەیەکی زیاترمان بەلایەنی زمانەوانیی شێوەزارەکە داوە، بەو هیوایـەی، جگە لە خوێنەران، هاوکارییەکی دیکەی ئەو قوتابی و توێژەرانە بکـات، کـە کـار لەســەر شــێوەزاری خۆشــناوەتی دەکــەن، بەتایبــەتی لــە شــێوەئاخاوتنی ناوچــەی

شەقلاوەدا. ئــەوەی پێویســتە بــووترێ ئەوەیــە، کــە ئێمــە لەدارشــتنەوەی دەقــی هەقایەتەکان، پشتمان بە زمانی گێڕانەوەی کەسی گێــڕەرەوە نەبەســتووە، لــەکوێ پێویستی بە دارشتنەوە بووبێ، بە شێوەزاری خۆشناوەتیی ناوچەی شەقلاوە، دامان ڕشتۆتەوە. بێگومان باشی و خراپیی پەیڕەوکردنی ئەم شێوازە دووسەرەیە، لەلایەك ڕەوتی گەشەو گۆڕان و مردنی وشە و شێوەئاخاوتنی تێدا ڕەچاو نەکراوە، لەلایەکی دیکە هەوڵی دەرخستنەوەی قالبی ڕێزمانی و وشەی فەرهــەنگی و شــێوەئاخاوتنی خۆشناوەتیی ناوچەی شەقلاوەی بۆ دراوە، کە ئەوەمان لا مەبەستتر بووە.

بنزاری خۆشناوەتی، وەك شێوەزارێکی نێوەنــد گــیر و تێکــەڵ بــە هــەردوو دیالێکتی ناوەڕاست و باکوور، بۆ لەیکــدی نزیککردنــەوەی هــەردوو دیالێکتەکــە، تایبەتمەندی و ڕۆڵێکی بە بایەخی هەیە.

لــە کۆتــایی کتێبەکەشــدا، هەوڵمانــداوە، بــە شــێوەیەکی بــەرفراوانتر، فەرهەنگۆکێك بۆ کۆمەڵێك وشەی دیکەی تایبــەت بــە شــێوە ئاخــاوتنی ناوچــەی شەقلاوە، تۆمار بکەینەوە. بەو هیوایەی، ئەم هەوڵــەمان، شــوێنێکی شــیاوتر لــە کتێبخانەی کوردیدا بگرێت.

# پێشەکی

(ساردۆن) ناونیشانی ئەو کۆمەڵە هەقایەت و ئەفسانەیەیە، کە وەك هەوڵێك بۆ تۆمارکردن و پاراستنی خودی مەتنەکان و تایبەتمەندیی شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتیی ناوچەی شەقلاوە، کۆکراونەتەوەو لە دوو توێی کتێبێك، خراونەتە بەر دەستی خوێنەران.

گومانی تێدا نییە، هەندێك لەو هەقایەتانە، لە نێو گەلانی دیکە و لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان و بە شێوەزاری دیکە گێڕدراونەتەوە. لەوانەیە زۆربەشیان بە شێوازی جۆراوجۆر و لەچەندین ڕووپەڕی دیکەدا، تۆمار کرابن.

شێوازی گێڕانەوە و گرێ چنیی ڕووداوەکان، لە گێڕەرەوەیەکەوە بۆ گێڕەرەوەیەکی دیکە، جیاوازن، تەنانەت هەمان گێڕەرەوە لە دووبارە گێڕانەوەی هەمان هەقایەتدا، ناتوانێ کت و مت هەمان شت دووبارە بکاتەوە، کە پێشتر وتوویەتی، زۆرجار گوێگرەکانیش داوای ڕۆشنایی زیاتر لە گێڕەرەوە دەکەن، کە ناچارە، وەك کەسی هەمووشتزان، ڕوونکردنەوەی تازە بدات، کەپێشتر لەزەینی خۆیشیدا بوونی نەبووە، واتە زۆرجار گوێگریش بووەتە هۆی فراوانکردن و هێنانە ناوەوەی بیرۆکەی زیاتر بۆ نێو ڕووداو و بەسەرهاتەکان. ئێمەش لەو ڕوانگەیەی، کە سنووره زمانییەکەمان کردۆتە پێوەر، ئەم کۆمەڵە هەقایەتەمان لێرەدا کۆکردوونەتەوە.

هەندێك لەو هەقایەتانەی ئێرە و هەندێك لەو هەقایەتانەی کە لە

کتێبەکانی دیکەشدا، بلاوکراونەتەوە، تێکەڵییەکیان لە ڕووداوگەلێکی هەقایەتی جودا، پێوەدیارە، بەلاّم لەهەموویاندا، گێڕەرەوەکان بە بێ گرێ و گاڵە، گونجاندوویانە، بۆیە لە تۆمارکردنەوەیاندا، لایەنی ئەرێنییمان پێوە بینی.

بایەخی ئەم کتێبە لەوەدایە، کە جگە لە تۆمارکردنی کۆمەڵە هەقایەت و ئەفسانەیەکی دیکەی کوردەواری، ڕەچاوی لایەنی زمانی و کۆکردنەوەی وشە و ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی شێوەزاری گێڕانەوەکە و بەواتاکردنەوەی کۆمەڵێك وشەی فەرهەنگیی کردووە.

بەو هیوایەی توانای ڕووناککردنەوەی دەلاقەیەکی دیکەی لە کەلەپووری کوردیدا هەبێت و لەڕووی ئەکادیمییەوە کەرستەیەکی بەسوود بێت لەبواری لێکوڵینەوەدا و توانیبێتمان تام و چێژی شێوەزاری خۆشناوەتی لە دارشتنەوەی هەقایەتەکاندا بە خوێنەر بگەێنین.

# بنزاری خۆشناوەتیی ناوچەی شەقڵاوە

سنووری جوگرافیی ناوچەی خۆشناوەتی، پانتاییەکی بەرفراوانی گرتووە، هەرچەندە لە هەندێك شارۆچكەی دەڤەری سۆراندا، ئاخێوەرانی بنزاری خۆشناوەتی، وەکو پێویست ئاوڕیان لە پرسی خۆشناوەتی بوونی شێوەئاخاوتنەکانیان نەداوەتەوە، بەڵام دکتۆر عەبدوڵڵا حوسێن لە دەستنیشاکردنی سنووری شێوەزاری خۆشناوەتی دا، دەڵێ: ((شێوەی ئاخاوتنی شارەکانی شەقڵاوە و سۆرانە، کە سەر بە پارێزگای هەولێرن، بە هەموو شارۆچکەکانییەوە (پیرمام، هیران، هەریر، خەلیفان، دیانا، ڕواندز)، هەروەها هەموو ئەو گوندانەی سەر بەم ناوچانەن))[1]. لە شێوە ئاخاوتنی ئەم ناوچانەشدا، وێکچوونێکی زۆر و هاوبەشییەکی زۆری ئەو تایبەتمەندییانە هەیە، کە شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتیی پێ دەناسرێنەوە. ئێمە لێرەدا و بە شێوەیەکی کورت، هەندێك لەو تایبەتمەندییانە وەك بەرچاوڕوونی بۆ خوێنەران دەخەینەڕوو، کە لە شێوە ئاخاوتنی شەقڵاوەدا هەن، بەو هیوایەی لە خوێندنەوەی هەقایەتەکاندا یارمەتییان بدات.

**یەکەم:** ڕاناوەکان:

١- ڕاناوە سەربەخۆکان: بە شێوەیەکی گشتی، لە شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتیدا و بەتایبەتی لە شێوە ئاخاوتنی خەڵکی شەقڵاوەدا، تێکەڵییەك لە ڕاناوەکانی هەردوو دیالێکتی ناوەڕاست و باکووردا هەیە، بۆنموونە لە

---

(١) د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، ڕاناوە کەسییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی، مجلە زانکۆ للعلوم الانسانیە العدد(١٠) السنە الرابعە هەولێر ٢٠٠٠ ص٤٣.

شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتیی ناوچــەی شــەقلاوەدا، ڕانــاوە کەســییە ســەربەخۆکان، دەبنە دوو کۆمەڵە، هەروەك لەخشتەی (١) و (٢) دا دەردەکەون:

**کۆمەڵەی یەکەم:**

| ڕاناوی کەسیی سەربەخۆ | شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتیی ناوچەی شەقلاوە | هاوشێوەکەی لە دیالێکتی باکوور | هاوشێوەکەی لە دیالێکتی ناوەڕاست |
| --- | --- | --- | --- |
| کەسی یەکەمی تاك | ئەز ـ ئەمن | ئەز | من |
| کەسی یەکەمی کۆ | ئەمە | ئەم | ئێمە |
| کەسی دووەمی تاك | ئەتو | تو | تۆ |
| کەسی دووەمی کۆ | ئەنگۆ | هون ـ هوین ـ هنگ | ئێوە |
| کەسی سێیەمی تاك | ئەو | ئەو | ئەو |
| کەسی سێیەمی کۆ | ئەوان | ئەو | ئەوان |

ڕاناوەکانی ئەم کۆمەڵەیە ((ئەم جۆرە ڕاناوانەن، کە لە ڕستەدا، ئــەرکی بکــەر، یان بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبینن))[٢].

ئەوەی پێویستە بگوترێ، ئەم کۆمەڵە ڕاناوە، لە شێوەئاخاوتنی خۆشــناوەتیدا، لــە گــەڵ دەمــی ڕابــردوو و ڕانــەبردوو و داخــوازی دا و لەگــەڵ کــاری تێپــەڕ و

(٢) د. خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول، ڕستە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سۆران، ٢٠١٢، ل١٥٤.

تێنەپەڕدا، بەکاردێن. ئەگەر سەرنج لە پێکهاتەی زمانیی ڕاناوەکانی ئەم کۆمەڵەیە بدەین، لە شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتیدا، تەواوی ڕاناوەکان بە (ئە) دەستپێدەکەن، ئەو بەکارهێنانە لە هەندێك لە ڕاناوی دیالێکتەکانی دیکەدا هەیە و لە هەندێکیاندا بوونیان نییە، دەکرێ لە یەکخستنەوەی ڕاناوەکانی ئەم کۆمەڵەیە، بۆ زمانێکی یەکگرتوو، لە ئایندەدا، ئەوە لەبەرچاو بگیرێ.

کۆمەڵەی دووەم: ڕاناوەکانی ئەم کۆمەڵەیە، (لە ڕستەدا، ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆدەبینن))[٣]، هەروەها ئەرکی خاوەندارییەتی دەبینن.

| ڕاناوی کەسیی سەربەخۆ | شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتیی ناوچەی شەقلاوە | هاوشێوەکەی لە دیالێکتی باکوور | هاوشێوەکەی لە دیالێکتی ناوەڕاست |
|---|---|---|---|
| کەسی یەکەمی تاك | من | من | من |
| کەسی یەکەمی کۆ | مە | مە | ئێمە |
| کەسی دووەمی تاك | تو | تە | تۆ |
| کەسی دووەمی کۆ | نگۆ | وە | ئێوە |
| کەسی سێیەمی تاك | وی | وی ـ وێ | ئەو |
| کەسی سێیەمی کۆ | وان | وان | ئەوان |

(٣) د. خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول، ڕستە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، ل ١٥٤.

ئەگـەر سـەرنج لـە ڕاناوەکـانی ئـەم کۆمەڵەیـە بـدەین، لـە شـێوەئاخاوتنی خۆشناوەتیدا، تەواوی ڕاناوەکان (ئە) یان لە خۆیاندا دامـاڵیوە، تـا بتـوان لەگـەڵ کۆمەڵەی یەکەمدا جیاواز بن، چ لە ڕووی پێکهاتەی زمانی و چ لـە ڕووی ئـەرکی ڕێزمانی.

٢- ڕاناوە لکاوەکان لە دەوری بکەر:

| | | |
|---|---|---|
| کەسی یەکەمی تاك | م | ئەمن شەوێدیم زانی |
| کەسی یەکەمی کۆ | ن | ئەمە شەوێدین زانی |
| کەسی دووەمی تاك | ت | ئەتوو شەوێدیت زانی |
| کەسی دووەمی کۆ | و | ئەنگۆ شەوێدیو زانی |
| کەسی سێیەمی تاك | ی | ئەوی شەوێدیی زانی |
| کەسی سێیەمی کۆ | یان/Ø | ئەوان دونێیان زانی، ئەوان دونێ زانی. |

**دووەم: گۆڕانە دەنگییەکان:**

**أ- لە ئاستی مۆڕفۆلۆژی دا:**

١- لامی قەڵەو (ڵ) لە شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتیدا بوونی نییە و ئەم دەنگـە بە (ر)گۆ دەکرێت، بۆنموونە: دڵ: در، ساڵ: سار، وەڵاٚم، وەرام ...

٢- پاشگری (اوە) و (ایە) لە کۆتایی وشەی داڕێژراودا بۆ (ێیا) دەگۆڕێت، بـۆ نموونە: دڕاوە: دڕێیا، گەرمایە: گەرمێیا...

٣- پاشگری (ەوە) لە کۆتایی وشەی داڕێژراودا، بـۆ (ۆ) دەگۆڕێـت، بۆنموونـە: دەگەڕێیتەوە؟: ئەگەڕێیۆ؟

ماستاو دەخۆیتەوە؟ ماستاوێ خۆیۆ؟

**ب- لەسەر ئاستی سینتاکس دا.**

١- پێشگری (دە)، کە لە دەمی ڕابردووی بەردەوام و لـە دەمـی ڕانـەبردوودا

دەخرێتە پێش (قەدی چاوگ) یان (ڕەگی چاوگ)، لە شێوەزاری خۆشناوەتی دا، پێشگری (ئە) شوێنی (دە) دەگرێتەوە، بۆ نموونە:

دەخۆن : ئەخۆن

دەنویێ: ئەنوی

دەچووم: ئەچووم

هەر کاتێك ئەم کارانە بەدوای وشەگەلێکدا هاتن، لە گۆکردندا، بزوێنی گچکە(ئـ) لەخۆیدا دادەبڕێ و لەگەڵ دەنگی کۆتایی وشەکەی پێش خۆی یەکدەگرێت، کە ئەمەش بەچەند شێوەیەك دەردەکەوێت:

أ- ئەگەر وشەکەی پێشەوە بە بزوێنی (ە) کۆتایی هاتبێت، ئەوە هەردوو بزوێنە گچکەکەی کۆتایی وشەکە و سەرەتای کارەکە لێکدەدەن و بۆ بزوێنی گەورە (ا) دەگۆڕێن، بۆ نموونە:

ئەچین ـ ئـ ⟵ ەچین (دەنگی (ئـ) لە وشەکەدا تووشی داماڵین دەبێ.

ئەمە + ەچین ⟵ ئەماچین.

ئەم یاسایە ئەو وشانەش دەگرێتەوە، کە بە پیتی (ر) کۆتایی دێن و (ر) گۆ ناکرێت، کاتێك پیتی پێش (ر) بزوێنی کورتە.

بۆ نموونە:

دەگەر = لە گەڵ

ئەمەشی دەگاچین.(ئێمەش لەگەڵیدا دەچین)

ب- ئەگەر کۆتایی وشەکەی پێشەوە، بزوێنی (ۆ) بێت، ئەوە کارەکە بزوێنە گچکەکەش لە خۆی دادەماڵێت.

بۆ نموونە:

ئەچن ⟵ ە چن.(دوای داماڵینی دەنگی (ئـ)
ئەنگۆ + ە چن ⟵ ئەنگۆچن

ت- ئەگەر وشەکەی پێشەوە بـە بزوێنــی (ی) کۆتـایی هـاتبێ، یـان ڕانـاوی کەسیی سێیەمی(ی)، یان (ی) ی خســتنە سـەری پێـوە لکـابێ، ئـەوە (ی) یێکـی نەبزوێن، دەکەوێتە نێوان هەردوو بزوێنەکە، بەڵام لە ئاخاوتندا، هەست بـە بـوونی دوو (ی) ناکرێت، تەنها (ی) یێك گۆ دەکرێت، کە ئەویش ڕۆڵی نەبزوێن دەگێڕێت.

بۆ نموونە:

ئەشواتۆ ⟵ ەشواتۆ
خوری + ەشواتۆ ⟵ خوری + ی + ەشواتۆ
خورییەشواتۆ ⟵ خوریەشواتۆ (خوری دەشواتەوە)
یان
خۆی ئەگۆڕی ⟵ خۆیەگۆڕی[٤] (خۆی دەگۆڕی)

پ- ئەگەر وشەکەی پێشەوە ئاوەڵناو بێت و بـە (ی) کۆتـایی هاتبێـت، دوای داماڵینی (ئـ) بزوێنی(ە)ی سەرەتای کارەکە بۆ بزوێنی (یێ) دەگۆڕێت، بۆنموونە:

ئەکا ⟵ ەکا
دزی + ەکا ⟵ دزییێکا

ج- ئەگەر وشەکەی پێشەوە بە بزوێنی (ا) کۆتایی هاتبوو، ئەوە کارەکە (ئـە) بە تەواوی لەخۆی دادەماڵێ و بە وشەکەی پێشەوە دەنووسێت.

بۆ نموونە:

ئەحمەدی برا + ئەڕوا ⟵ ئەحمەدی برا ڕوا

---

(٤) ئەم دەربڕینە لە دەمی رابردووی سادەی دوور دا دەبێـت، بـەڵام لـە دەمــی ڕابـردووی بـەردەوام دەبێتـە (خۆگۆڕی) و لە دەمی ڕابردووی نزیك (خۆی گۆڕی) دەبێت.

ح- ئەگەر کۆتایی وشەکە بە بزوێنی (ێ) هاتبێ، وشەی دوای ئەو (ئـە) بە تەواوی لەخۆی دادەماڵێت و لەگەڵ وشەکەی پێشخۆی یەکدەگرێت. بۆنموونە:

شەوێچن (شەوێ ئەچن)

شەڕێو پارەوانەی بە زەبری ملان ناکرێ.

شەڕێ ئەو ⟵ شەڕێو (شەڕی ئەو پاڵەوانە، بە هێزی شان و بازوو ناکرێت)

خ- ئەگەر وشە بە پیتی نەبزوێن کۆتایی هاتبێ، ئەوە کارەکە دوای دامالێنی (ئـ) بە وشەکەوە دەنووسێت، بۆ نموونە:

خۆ جوان + ەکا ⟵ خۆ جوانەکە

د- ئەگەر دەنگی (ی) بەدوای بزوێنی (ە) هات، ئەوە دەنگەکە بۆ (ێ) دەگۆڕێت.

بۆ نموونە:

پارەی تۆی برد ⟵ پارێ تووی برد.

٢- ڕاناوی کەسیی لکاو بۆ (یەکەم و دووەمی تاك و کۆ و سێیەمی کۆ) لە دەوری بکەر، دەچێتە سەر سەرباری یەکەم، لە ڕستەدا، بە زیادکردنی سەربارەکان، ڕاناوە کەسییەکە ناچێتە سەر دوا سەربار، وەك لە شێوەئاخاوتنی ناوچەکانی دیکەی خۆشناوەتیدا هەیە.

بۆ نموونە:

ئەمە شەوێن دێو بریندارکرد.

بەزیادکردنی سەربار، ڕاناوە لکاوەکە لە جێگای خۆی ناجولێت:

ئەمە شەوێن هەندی دەمێ بە خەنجەران دێو بریندارکرد.

بەلاّم ڕاناوی لکاو کەسیی (سێیەمی تاك)، لە دەوری بکەر، دەچێتە سەر خودی

بکەرەکە، بۆ نموونە: ئەوی شەوێ بەخەنجەران دێو بریندارکرد، ئەحمەدی شەوێ بە خەنجەران دێو بریندار کرد.

**سێیەم: کرتاندن**

١- زۆربەی جار لە ڕستەی لێکدراودا، ئامرازی لێکدەر دەکرتێنرێت، بەتایبەتی (و)، بۆ نموونە:

ئەمنەرێم قۆرتەکی گەورە لە مەیدانێ لێ بدرێ، سەری بە تەنکە خۆرەکی بگیرێ، سبەی وکی ئەو سوارە دێتە مەیدانێ ئەکەویتە ناوێ، ئەجە هەندەك پیاوان حازرەکەین، هەندی دەمێ زنجیری باوێنە دەست و پێیان، ئێخسیری کەن.(من دەڵێم چاڵێکی گەورە لە مەیدانەکە لێبدرێت و سەری بە تەنکە خۆڵێك بگیرێت و سبەی کاتێك ئەو سوارە بۆ مەیدان دێت و دەکەوێتە ناو چاڵەکە، ئینجا هەندێك پیاو ئامادەدەکەین، بە زووترین کات دەست و پێکانی زنجیر بکەن و بەدیلی بگرن).

٢- پیتی (ر) لە کۆتایی هەندێك وشەدا، گۆ ناکرێت، بۆ نموونە: لەسەر: لەسە، لەبەر: لەبە، دەگەر: دەگە..

**چوارەم: نیشانەی ناسیاوی:** (ەکە) لە شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتیی ناوچەی شەقلاوە زۆر بەکەمی دەردەکەوێت، بۆ جیاکردنەوە، لە کاتی نەناسراویدا، نیشانەی نەناسراوی ڕۆڵ دەبینێ.

بۆ نموونە: ژن هە نەهاتۆ = ژنەکە هەر نەهاتنەوە. ناسراو

کوڕی دەگە نەچوو = کوڕەکەی لەگەڵیدا نەچوو. ناسراو

کوڕەك لە دووری ڕا دەهات = کوڕێك لە دوورەوە دەهات نەناسراو

ڕێی کەتە شارەکی = ڕێی کەوتە شارێك نەناسراو

**پێنجەم: نێر و مێ**

نیشانەی نێر و مێ لە شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتیدا بوونی هەبووە و تا ئێستا لە

هەندێك ناوچەدا بەکارهێنانێکی زەقی هەیە، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە بوونی چەند نیشانەیەکی نێر و مێیە لە شێوە ئاخاوتنی ناوچەی شەقلاۆەدا، کە تا ئێستاش بۆ جیاکردنەوەیان کاریان پێدەکرێت:

١- ناوی نێر و مێ: زۆر ناو یان ئاوەڵناو هەن تایبەتن بەڕەگەزێکی دیاریکراو، بۆنموونە:

خورام: بۆ نێر ⟵ کێرکەر: بۆ مێ

هەتیم: بۆنێر ⟵ چەتیم: بۆ مێ.

جگە لەو ناوانەی بۆ جیاکردنەوەی نێرە و مێیەی ئاژەڵ بەکاردەهێندرێن و لە زمانی کوردیدا باون.

٢- نیشانەی (ی) و (ێ):

– (ی) بۆ نێر: بەناوی کەسییەوە دەنووسێت، بۆ نموونە (حەمەدی خانمێ)، ئەگەر هەردوو ناوەکە نێر بوون، نیشانەکە دەچێتە سەر هەردووکیان بۆ نموونە: (حەمەدی عەولای).

– (ێ) بۆ مێ بەناوی کەسییەوە دەنووسێت، بۆنموونە (سۆرێ چاوشین)، (حەیشێ مەدۆی). ئەگەر هەردوو ناوەکە مێ بوون، دەچێتە سەر هەردووکیان: (فاتێ هەمینێ).

بەڵام لەناوی گشتیدا ئەو جیاوازییە نییە، بۆ نموونە: (کوڕێ خاری، کیژێ خاری).

# جۆتە کەو(٥)

هەبوو نەبوو کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە پێغەمبەری خۆشەویستتر نەبوو، کەس لە شەیتانی ڕووڕەشتر نەبوو.

جارەکی دوو برادەر هەبوون، ئیشیان ڕێگری بوو، زۆر شەڕانی بوون، ئاوخواردنەوە و زەلام کوشتنیان لەکن وکی ئێك بوو.

ڕۆژەکی وێکڕا چوونە سە ڕێیەکی لاپەڕگە. دنیا چۆل و هۆل، کش و مات بوو. لە سە گردەکی تاقیبیانەکرد، بەرکی ڕێبوارەك بەوێدابێ، وەبی ڕووتی کەنۆ. سەرەمرەکییان دزیبوو، لەسە ئاگریان سۆرەکردۆ، خەریکی قۆشمە و فشقییاتی بوون، خەمیان لە چ ناخوارد، لەکێ پسابا لەوێیان گرێداوە.

تێریان خواردبوو، لەسەلاتەنشتەکی لێیان پاردابۆ. کابرێیاکیان دیت ئۆ لە دووری ڕا دێ، ئەوانیش سەبر سەبرە، خۆیان خڕکردۆ و لەگردیان چەل کردۆ.

لەسە ڕێ کابرای ڕاوەستان. وکی کابرا نێزیك بۆ، سەلامەکی لێکردن، ئەوانیش بە فشقیات جوابیان داوۆ، گۆتیان دەوەرە ئۆ سەرەمرەکی قەرەون سۆر کردیتۆ، وەرە نانی دەگەمە بخۆ.

کابرای گۆ لێو بەزیاد بی، دەبی بڕۆم، ڕێم دوورە.

---

(٥) گوڵچین ئاغا سەعید، ١٩٤٢، ڕواندز، ئەم بەسەرهاتەی بۆ گێڕاینەوە، پێیوابوو، کە بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەیە.

کوڕە گۆتیان عەجەلەت چییە، شەیتانی عەجەلە کرد، چاوەکی خۆی کۆرەکرد.

کابرای هە لە حەڕەکان زانی ئۆ پیاو خراپن، گۆتی بە خێرا بابێ خۆ لەسە ڕێم لاکۆن، ئەمن پیاوەکی فەقیرم، ساحێب مار و مندارم.

دوو برادەرەکە پێی پێکەنین، گۆتیان ئەمەش فەقیرین و ئەمەش ساحێب مار و مندارین.

کابرای گۆ هەنکوە ئەنگۆ چوو لەمن دەوێ؟!

پێکەنین، گۆتیانێ چت وێیە؟!

گۆتی، وا بینن، هەندەك گەنم و جۆم لۆ مار و منداریێ خۆ پێیا کردییە.

گۆتیان ئەجە لەگەنم و جۆی باشتر!؟

گۆتی: لەخوای بەزیاد بی خۆ نارێم خراپە، بەرا هەندەی نایینی ئەنگۆ تەشقەرانم پیێ کەن.

ئێکەکی لە برادەرەکان خۆ تووڕەکرد، گۆتی ئەمە ئێ تەشقەرانین، خەنجەری لێ هەرکێشا، گۆتی قسێ جوان بکە.

کابرای گۆ چم گۆتییە برام، کاکە با هەموو لۆ نگۆ بی، ئەوە هەندەی دەینی، ئەتوو خەنجەرێم لێ هەرەکێشی!؟

برادەرەکەی هەندەی دی خۆ لێ تووڕەکرد، گۆتی یەعنی ئەتوو ئەمنت پێ بێئاقرە!؟ خەنجەرەکی خێوراندێ.

کابرای گۆ لۆ خاتری خوای مەمکوژە، چت دەوێ ببە، بەرا لۆچمەکوژی.

برادەرەکەی دی گۆ چەندت پارە و مارە وێنە، زوو بندێ با ئەمیشت خەنجەرەکی لێنەدەم.

کابرای لەسە شاخەکی، دوو کەوی دیتن، گۆتی کەوینە بەشێیاد بن، ئۆ ئەو دووانە بەناهەقمەکوژن..

وکی برادەرەکان چاو وە کەوان کەت، گەلەك بە کابرای پێکەنین، گۆتیان کەوینە بەشێیادبن، بەهەردووکانیان کابرا خەنجەرکوت کرد.

مانگ هاتن سار چوون، ئەو دوو برادەرە ڕێیان کەتە ئاوەدانییەکی، وە عــادەت بوو لەو شارەی خەرکی غەریبــە ســێ جەمــە لــۆ نــانخواردنێ ئەچــوونە مێوانخــانێ پاشای، پاشاش بەخۆ نانی دەگە ئەو خەرکەیەخوارد.

گۆتیانە ئێکدی با نیوڕانێ لۆ نانی بچینە مێوانخانێ پاشای.

وکی چوون دەرزیت هــەراویتبا وەعــاردی ناکــەت. وهــە ڕێککــەت، ئــەوان لــۆ نانخواردنێ کەتنە بەرامبەر پاشای. وکی شیویان هینا، قاپە برنجــێ وان دوو کــەوی سۆرکراوەی لەسە بوون. وکی چاویان وە کەوان کەت، ئێکەکی سەر دەبن گێ ئــەوی دی نا، هەردووك پێکەنین. پاشای زۆری لە درێ گران بوو، بەرا خۆی کڕکــرد هــەتا نانەکە خورا، ئەجە گۆتییە برادەرەکان، ئەرێی ڕاو لە نانەکەی نەبوو؟!

گۆتیان لە سەر و مارێ پاشای بەزیاد بی، چ لەو خواردنەی خۆشتر هێیە؟!

گۆتی ئەدی وکی خواردنیان لۆ دانان، چوو گۆ.. لۆ هەردووك پێکەنین؟!

گۆتیان پاشام خۆشبی چ نەبوو، هە ئشتکی بەینی خۆن بوو، وەبیرن هاتۆ.

پاشا توڕە بوو، گۆتی بە من پێکەنن؟.

هەردووکان گۆتیان نابەخوای پاشا، ئەمە حەدن چییە بەتوو پێبکەنین.

گۆتی، هەنکوە قسێم لۆ نەکەن لەسەرێ هەردووکانوەدەم.

وکی زانیان پاشا توڕە بووە، ئەوی سەری دەبن گێ بــرادەرێ خــۆ نــابوو، گــۆتی پاشام خۆشبی، چت لێ بشێرمۆ، ئەمن و ئەو برادەرەی ئیشن ڕێگری بوو، جارەکی ڕێن لە کابرێیاکی گرت، هەندەك گەنم و جۆی لــە کــەرەکی بــار کردبــوو، ئەمــەش کابران کوشت و کەرو بارەکەشن لۆ خۆبرد.

پاشا هەندەی دی تووڕە بوو، گۆتی ئەجە ئەوە پێکەنینی دەوێ.

گۆتی پاشام خۆشبی، وکی کابرانەکوشت، دوو کەو لەسە شاخەکی بوون، ئەو بێ ئاقرەی ئەیگۆتە کەوان پێ شێیاد بن، ئۆ ئەو دوانە ئەمن بە ناهەقـەکوژن، ئەمەش وکی ئەو دوو کەوە سۆرکراوەن دیتن، ئەو پیاوەن وەبیر هاتۆ و بەوی پێکەنین.

پاشای گۆ: چەند سارەبی؟

گۆتیان ئەو سار سەرێ پێنج سارانە.

پاشای گۆ ئەوی ئەنگۆ کوشتیتو ئۆ لە ڕەعیەتێ من بوو، ئۆ کەوەکانیش شێیادیان لۆ دا. دوو برادەرەکەی وکی زانیان خراپیان لێ قەوما، لەبەینی خۆ تێك بەربوون، هەئێکی دەیویست بەسە ئەویدی دابینی.

پاشای گۆ: هەنکوە ئشتاق و لەوی دی پیاوترنییە. ناهەقی لەکن خوای بزرنابی، ئۆ بەپێ خۆ کەتینە بەرێ. بە هەردووکانیان خۆ هاویتە سە دەست و پێ پاشای، بەرا فایدەی نەبوو.

پاشای ئەمری کرد، گۆتی هەرکەس هەرکێشتە خەنجەرێ خۆ، کیهە و بەزندی ماوە، نەجاتییەبی.

برادەرەکان بەخەنجەران وەرگەڕانە ئێکدی، لەبەچاوێ ئەو خەرکەی، ئێکدیان شل و کوت کرد، هەموو قالبیان دەخینێ شرار بوو، هەندیان خین لەبە ڕۆیی هەتا هەردووکان حێیاتیان لێ بڕا.

ئەمیش کارەکم دڕا و چم پێ نەبڕا.

# کولانکیێ بەرووەتاویێ

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو، کەس لەخۆشەویستی نازدارتر نەبوو، کەس لە عەبدی درۆزن ڕووڕەشتر نەبوو.

جارەکی ژن و مێردەك هەبوون، چ منداریان نەبوون، لە بە قسەو قسەرۆکیێ خەرکی، لە مەفتەنێیان بارکردبوو و هاتبوونە ئەو مەملەکەتەی.

وکی هاتن کەس خۆ لێناکردنە خزم و کەس، گەلەك فەقیر و ماروێران بوون، پیاوەکەی ڕۆژە عەمەل لۆ خەرکییەکرد و ژنەکەش ڕۆژ تا هێواریێ، لەو مار و ئەو ماری کۆر و نانییەکرد. دوێیا کەس نەزانی لۆوهە زوو دەورەمەندبوون.

بەرا وارێن وکی هاتن، مارە جیرانەکیان هەبوو، ژنەکی شێتیان هەبوو، ئەو ژنە شێتە هەموو ڕۆژیێ دوو سیێ جار پێکەت، گەلەکیش دەست بەزەڕ بوو، مێردی نەمابوو، بەرا کوڕ و کیژەکی پارچەرەی هەبوون، وکی پێکەت، هەموو ئشتی بەسە ئێك دادان، هەچی کەتبا بەدەستانی فڕێیەدا، ئەیگۆ: کا کولانکیێ بەرەتاویێ..

جارەك نەبوو دەجار نەبوو.

پیاوەکەی گۆتە ژنیێ خۆ، دەبی ئەمن سرڕیێ ئەو کولانکەی بزانم، داخوە ئەو ژنە لۆ هەندە واریێ، گۆتی ئەو ژنە لەخۆڕا نییە ئەوهەی لێدیێ.

ڕۆژەکی هەندەك شەکرۆکە و مەکرۆکەی لۆ مندارەکان دەگەخۆ بردن و چووە مارە جیرانی، ئەو جاری بەس خۆی دەگە کردنە برادەر، گۆتی ئەمە جیرانێنگۆینە، تازە هاتینە، هە ئیشەکی بەمەوهەبی.. ژنەکە وکی دی چ عەیبی نەبوون، گەلەك

پیێ مەمنوون بوو، گۆتی ئەتووش ئێکەکی وکی برێیا من.

چەند ڕۆژەکی پێچوون، کابرای چ جیێ پیێ جیێ نەبوون.

چۆوە مارە جیرانی، هەندەك تەڕە و مەڕەی لۆ دەگەخۆ بردن.

ژنەکەی گەلەکی دووعا لۆکردن، چونکە ئەوانیش کەسیان بەسەوەناچوو و گەلەکیش فەقیر بوون.

پیاوەکەی گۆ: ئەریێ خوشکیێ ئەمن پرسیارەکت لیێ بکەم عێدز نابی؟

گۆتی ما لۆ عێدزبم، ئەتووش ئێکی وکی برێیامن.

گۆتی: زیاتریش ، بەرا کووە ئەنگۆ هە بەتێنێنە، ئەدی پیاوت؟!

ژنەکەی گۆ: چت لیێ بشێرمۆ برام، پیاویژگیێ من کوو ڕۆیی، وهەش نەهاتیتۆ.

پیاوەکەی گۆ: چوویتە کیێ، لۆ نەهاتیتۆ؟!

گۆتی: ما بەچ بێتۆ!؟

گۆتی: ئەدی لۆ کەسی وەدووڕاناچی؟!

ژنەکەی گۆ: هە لێگەڕیێ برام .. ئەو چوو با کەسی دیش نەچی.

پیاوەکەی گۆ: هەچوو چوو؟!

گۆتی: هەچوو چوو..

گۆتییێ: ئەگە بزانی نەمێیا؟

گۆتی: ماش بی هەنکوە نەمێیا.

گۆتییێ: لۆ؟!

گۆتی: برام هەقێیاتی وەی دوور و درێژە، هە لێگەڕیێ باشترە..

کابرای هەندی پرسیار لە ژنە جیرانی کردن، هەتا ژنی بەستەزمان تێکچۆ، قسەی تێکەر و پێکەر کردن، دیسان پێکەتۆ. دەستی بە ئشت تێفرەدانیێ کردۆ. مندارەکان خۆیان دەژۆریێ ناوە و پیاوەکەش هەراتە دەریێ.

کابرای گەلەکی زگ بە ژنەکەی سۆتانۆ، بەرا لەماریٚشی هــە فکــر لــە میٚــردیٚ ژنەکەیەکردۆ، دەبی کیٚوە چووبی، دەبی لۆ نیٚتۆ، دەبی مابی، نــەمابی، لیٚــی ببــوە مەراق.

پاش ئیٚکدوو ڕۆژی دی، دیسان چۆوە ماریٚ ژنــە جیرانــی و هەنــدەك پــارەی دا مندارەکان، مندارەکان خەنی بوون.

گۆتییە ژنەکــەی ئــەمن وکــی بریٚیاتوومــە، گــۆتی ئــەمن لــە تــاویٚنگۆم خــەو لیٚناکەوی، ئەگە ئشتەك بەمنەکریٚ با لۆو بکەم، گۆتی: جیٚ میٚردیٚ خــۆم پیٚشــاندە ئەمنی وەدوو ڕا چم.

ژنەکەی گۆ: خوا خیٚریٚت بنویسی برام، بەرا بەخوای چ فایدەی نییە.

پیاوەکەی گۆ: دە ئەتوو بەسەرهاتیٚ میٚردیٚخۆم لۆ بگیٚڕۆ، ئەجە هەقت نەبی.

ژنەکەی گۆ: بریٚم چ برام، ڕۆژەکی میٚــردم هــاتۆ گــۆتی ئەشــکەفتەکم دیتیتــۆ، وارێن پڕی زیٚڕو زیوە، گۆتی ئەگە بگەمیٚ، زۆر دەورەمەندەبین.

گۆتی ئەمیش گۆتم خۆ بیٚ ساحیٚب نییە، هەقت پیٚدا نەبی.

گۆتی: چەندی کــردم بەقســیٚ منــی نــەکرد، گــۆتی: ســبەینەکی زوو ئەمیشــی دەگەخۆ برد، گەلەك لە دەوریٚ ئەشکەفتیٚ سوڕاینۆ، چ دەرکەن نەدیتنۆ، ئــەو ڕۆژی گەڕاینۆ.

ژنەکەی گۆ: چاوم کۆرەبی، ئەمنی ڕۆژیٚ پاشی دەگە نەچوومۆ، پیاو مــەجبوور بوو، بەتەنیٚ چوو، گۆتی: هیٚوارە داهات نــەهاتۆ، شــەوی بەســە داهــات نــەهاتۆ. گــۆتی ســبەینیٚ زووی وەدوو ڕا چــووم، چــوومۆ عــەینی جــیٚ، چــەندی لــە دەوریٚ ئەشکەفتیٚ گەڕام چم نەدیت، بانگمە کردیٚ، جارەکی گیٚم لە دەنگیٚی بــوو، لــە دوو دەنگیٚ چووم، لەنا و ئەشکەفتیٚی دەنگ دەهات، هــەرەیگۆ هــەڕوە کــن کــولانکیٚ بەرەتاویٚ، گۆتی چەندی گەڕام و سوڕامۆ کولانکەم نەدیتۆ، ئەویش هەرەیگۆ هەڕوە

لای هەتاویٚ، پاش نێبەکی گۆتی هـەتاو نـەما کولانکـەم لیٚ بـزر بـوو، ئـەورۆژیم کولانکە نەدیتۆ، گۆتی شەوم بەسەداهات، مەجبوور بووم لەبە منـداران گـەڕامۆ. سبەش عـەینی ئشت، ئاخیری چەندی بانگمەکرد، چ جوابی نەبوون.. ژنـیٚ دەسـتی بەگریانیٚ کرد، دیسان دەستی بە قسیٚ حەلەق و بەلەق کردنۆ. کـابرا ئـەو دەمیـی بەجێهێشت، لۆ سبەینیٚ چۆوە کن ژنەکەی، گۆتی وەرە بـا بتبەمـە ك شـێخەکی، سە پیاوچاکەکی.

ژنەکەی گۆ: چووی٘مە ك زۆر شێخ و مەلێیان، گریٚ زۆر پیاوچاکانیشـم دەعەمـەل هینێیا، بەرا فایدە نییە برام، ئەتوو هەندە خۆ لۆمن بەخەم مەکە. پیاوەکەی گـۆ، دەبی دەگەم بێی جیٚ ئەو ئەشکەفتەم پیٚشاندەی.

ژنەکەی گۆ: لە ڕاهی خوای برام ئەتووش خۆ بەدەردیٚ میٚردیٚ من مەبە.

پیاوەکەی گۆ ئەگە دەگەشم نێیای جێیەکەم پیٚ بریٚ.

ئاخیری ژنەکە مەجبوور بوو جێیەکەی پیٚگۆ.

لۆ سبەینیٚ کابرای چەك و تفاقی دەگەخۆ بردن، گۆتییە ژنیٚ خۆ دەگە بـرادەران ئەچمە ڕاویٚ، لەوانێیە سیٚ چار ڕۆژن پیٚبچن. ڕۆیی چـووە جـیٚ ئەشـکەفتیٚ، وکـی ژنەکەی گۆتبوو، ئەشـکەفتی دیتـۆ، پیٚشـی هـەموو ئشـتی چـووە لای هـەتاویٚ، کونەکی کچکەی دیتۆ، بەردەکی هەردا ناویٚ، گیٚ خۆی هەرێخستن بزانـی کـەنگی دەنگەداتۆ، دیاربوو بەردەکە لە جێیەکی قۆر وەعـاردی کـەت، زانیـی کولانکـەی دیتۆ.

بە بەردەکی جێی بەنیشانکرد، ئەجە چوو لـەدەرکیٚ ئەشـکەفتیٚ بنـۆڕی، گـەڕا سووڕا، ئاخیری لە بنیٚ گردی دیتی لە کەلەنیٚ بەردەکی گەورە کونەك هێیە، سەری بەسە داگرت گەلەك تاریك بوو، تۆبزەکی سەر بەقیری دەگـەخۆ بردبـوو، ئـاگری دە تۆبزی بەردا، دیتی هەزاری بەر هەزارییە، ترسـەکی لیٚ غـارب بـوو، نـەوێرا خـۆ لێدە، ئەو ڕۆژی گەڕاوۆ ماریٚ.

ژنیٚ گۆتیٚ: کووه هاتیۆ، ئەدی ئەتوو دەگە برادەران نەچووبوویە ڕاویٚ ؟

گۆتییە ژنیٚ خۆ: ئەوڕۆن ڕاو بەتار کرد، سبەیەچینۆ.

لۆ سبەی گوریس و قازمە و بێر و هەندەك هووردەوارەی دیکەی دەگە خۆ بردن. پێشی هەموو ئشتی دەرییٚ کولانکێی گەورەکرد وەبی نەفەری تێوەبیٚ، گوریسەکی درێژی پێدا شۆڕ کردۆ، ئەجە چووە لای دەرکیٚ، تێلەگیٚ خۆی لە پشتیٚ کرد، گوریسی لە دارەکی بەستۆ، تۆبزی ئاگردا و خۆی شۆڕکردۆ ناو ئەشکەفتیٚ، زوو گەیشتە بنی، هەندەش قۆر نەبوو وکی دونێی لیٚ دیار بوو. نیوسعاتە ڕێیەکی زێتر ڕۆیشت.

هە ڕۆیی ڕۆیی

بۆن بۆگەنییەکی پیسی لۆ هات، بەرا گێی نەداییٚ.

گۆتی هەبی و نەبی مەیتیٚ مێردیٚ ژنەکێیە. ئاخیری گەیشتە هۆدەکی گەورە، پڕی باولە زێڕ بوون. لە دەرێڕا گێی لە دەنگیٚ ڕمبەکی گەورە بوو، زۆر ترسا، بە عەجەلە هەندی پێی هەرگیرا، زێڕی دە تورەگەی کردن، لە سەرێی گیٚ لە دەنگیٚ پێیان بوو، نەوێرا بگەڕێتۆ ڕیٚ دەرکەی.

وکی زێتر ڕۆیشت ڕووناکییٚ کولانکێی لیٚ وەدیار کەت، سەریٚ گوریسی کەتبووە سە مەیتیٚ مێردیٚ ژنەکەی. کەلکیٚ هینانەوێی نەبوو. سەریٚ گوریسی گرت و پیٚ وەسەکەتۆ.

وکی هاتە دەریٚ، گێی لە دەنگە دەنگیٚ عەنتیکە بوو، لە ترسان هەرات. لە پشتۆ هاواریان کردیٚ ، ڕاوەستە کابرا هەرنێی. بەرا ئەوی زیاتری پیٚ بەغاریٚ وەنا، نەوێرا هە ئاوڕانیش داتۆ.

ئاخیری ئێکەکی گۆ، ئۆندیٚ بردت بردت، بەس ئەوجارەی بەو ئاقارەی دابێیۆ، وای لەحارت، بچییە پەڕیٚ عاسمانێش ئەتگرین.

کابرای خۆ قورتار کرد.

وکی نێزیکی ئاوایێ بۆ، ئاوڕەکی داوه کەسی لەدوو نەبوو.

بەڕوحەتی لەبن دارەبەنەکیی خۆ گیرکرد، هەتا تاریك کەتە گۆڕێ، ئەجـە کەتــە ڕێی. هەتا گەیشتۆ ماری، شەو درەنگ داهاتبوو.

وکی ژنێی چاوی وەو هەموو زێڕەی کەت، شاگەشـکه بـوو، گـۆتی پیاویژگـە، مارێ کێت کاول کردییه؟!

کابراش حارومەسەلەی بەدوور ودرێژی لۆ ژنێ خۆ گێڕانۆ.

کابرای ئۆنده زێڕه له چاو ئێ ئەشکەفتێ پێ وکی پووشکەکی بوو، بەرا ژنەکەی گۆ ئۆنده هه گەلەك زۆره، نیوەی ئەو شارەی پێدێ، هەتا حەفت پشتانن پشێ کـە، لێنەگەڕا کابرا هه فکریش له چوونەوێ ئەشکەفتێ بکاتۆ.

پیاوەکه لۆ سبەینێ چوو له شارەکی دی، هەندەك زێڕی فرۆتن، ئەجـە چـی لـۆ خۆ کڕی، ئەوەشی لۆ مارێ ژنه جیرانی کڕی.

هەتا ژنه جیرانی چانەکردۆ، لێی نەگـەڕا، حـەکیم و لوقمـان نـەمان نەیهینتــە سەرێ، مندارەکانیشی وکی خوارزێیا خۆ ئاگا لێبوون.

# داکێ ئیساقی

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو، کەس لە پێغەمبەری خۆشەویستتر نەبوو، کەس لە عەبدی درۆزن ڕووڕەشتر نەبوو.

وارێن لە زەمانی قەدیم، پێش بوسرمانەتییێ، لە مەملەکەتەکی پاشێیاك هەبوو، ناوی ئیساق بوو، لۆ خەرکی مەملەکەتی گەلەك باش بوو، خەرکیش ڕوحیان لەو جێی بوو وکی پاشای پێ لێ دانا..

ئیساق پاشای نەخۆشییەکی لەسەری پێیابوو، وکی ژانییەگرت، لەسەسەرییەسووڕا، کافران زگ پێ سۆتا.. ڕۆژ بەڕۆژ خراترەبوو، حەکیم نەمابوو نێتە سەری، چشتاقان عیلاجیان پێ لێ نەکرا.. هەمانەگۆت بەحێیاتی خۆن ئشتێ وهەن نەدیتییە.

پیرەژنەك لە گوندەکی دوور هەبوو، ئەویش وەختی خۆی ئەو نەوعە نەخۆشییەی گرتبوو، وکی زانی پاشای ئەو نەخۆشیە لێیە، بەهەر نەوعەکی بوو خۆی گێیاندە قەسرێ پاشای، لە دەرییێ قەسرێ حەرەسان گۆ: ها پیرەداك کێواچی؟!

گۆتی: ئەچمە کن پاشای.

گۆتیانێ، ئەدی نزانی پاشا نەخۆشە، هەنکوە تاقەتی نیە خەرکی ببینی، بڕۆ جارەکی دی وەرۆ.

پیرەژنێ گۆ: ئەمیش لەبە نەخۆشییانی ئەچمە کنێ، ئەمن چم لۆخۆ لێ ناوێ.

گۆتیان: ئەجە پیرەداك چ بەتووەکرێ.

پیرەژنیێ گۆ: هەنکوە ئیزنمەدەن یان نا؟!

گۆتیان ڕاوەستە با خەبەرەکی بدەینە پاشای.

پاش دەمەکی خەبەر هاتۆ، گۆتیان ئۆ پاشای گۆتییە بابیێ.

دوو حەڕەسان پیرەژن بردە کۆشکێ پاشای، ئەجە دوو کەسی دی هاتن پیرەژنیان بردە ژۆریێ ، لە ژۆریش دوو کەسی دی پیرەژنیان بردە دیوەخانەکی گەورە، پاشا زۆر بێتاقەت بوو، خەبەری نارد گۆتی بە پیرەژنیێ برێن بابێتە ژۆریێ، ئۆ ئێکەمجار بوو پاشا کەسەکی دەریێ بانگکاتە هۆدیێ خۆ.

وکی پیرەژن چووە ژۆریێ، گۆتی کوڕم ئیزنە.

پاشای کوو گێی لەدەنگیێ داکیێ خۆ بی، لەجیێ خۆ قیت بۆ، گۆتی بەقوربانت بم دایۆ کوو ئیزن نییە.

ئەوانی لە دەوریێ پاشای بوون، هەمان تەعەججوب ما، وکی کوڕ و داکان دەست و سەریێ ئێکدیان ماچ کرد، تێر لە باوەشیێ ئێك گریان.

پاشای گۆ پیرەداك ئەتوو کێی، لەکیێ پێیا بووی، لۆ چ هاتی هەتا لۆت جێبەجیێ بکەم.

پیرەژنیێ گۆ: کوڕیێ من ئەمن هاتیمە، بزانم ئەتوو چتە، بەرکی چشتەك بەمن بکریێ لۆت بکەم.

پاشای هێشتا دەستیێ پیرەژنێی هە دەناو دەستی دابوو، گۆتی پیرەداك ئەمن حیسابم تەواو بووە، ئینتیزاری ڕۆژ و سعاتیێ خۆ کەم، چ حەکیم و لوقمانان نەزانی چیتم، هە ئێکی ئشتەکییەریێ.

پیرەژنیێ گۆ، کوڕم ئیساق، سێبووریێ ئیساقیێ خۆم بەتوو دیێ، هەجاری ناویێ توو دیێ، وازانم ناویێ کوڕیێ من دینن .. وکی گێم لیێ بووە، ئەو نەخۆشییێ تووش، وکی نەخۆشییێ منە، ئەمیش وەختی خۆی ئەو دەردەم لیێ بوو.

بەرەبەرە ژن و مندار و کەس و کاریٚ پاشای دەهاتنە ژۆریٚ، هەمان نققە لە خۆ بڕیبوو، چاویان لە دەویٚ پیرەژنیٚ نزکردبۆ، قسەی ویٚ مەلایکەتانەچوون، نەك ویٚ بەشەران.

پاشا و پیرەژنێش ئاگا لەکەس نەمابوو، ئەوهە ڕوحیان تێکەر ببوو.

پیرەژنیٚ گۆ: کوڕم ئەمنیش وەختی خۆی ئەو ژانە سەرەمەگرت، کەسم لە دەوریٚ نەما، بەتەنێیان لە کاولە خانییەکی بەجێهێشتم، نەکوو کەسم ئەو دەردەی لیٚ بگریتۆ، لەتاو حاریٚ خۆ وەچیای کەتم، ڕۆژەکی وکی ژانە سەریٚ بەردام، زۆرم برسی بوو، زۆرم حەز چووە بڕکە گیێیاکی، نەمزانی چییە، بەراخواردم، هەند تار و تیژ بوو، پاش دەمەکی بە کوڕیٚ خۆ بریم، ئیستفراقم کرد، ئەجە لەخۆچووم، نەمزانی چەندی بەو نەوعەی مابوومۆ، وکی واگا هاتم سەری بەردابووم، هاتمۆ کاولیٚ خۆ، ڕۆژ بەڕۆژ فەرقمەکرد، هەنکوەش وابینی چ خەشم لیٚ نەماینە..

ئەوانی لەویٚ بوون هە ئێکی پرسیارەکی لە پیرەژنیٚ کردن، ئێکییەگۆ گیێیاکە چ بوو، ڕەنگی کوو بوو، لەکیٚ پێیابی، کووەخوریٚ؟!

لەو دەمەش، ژنەکی سۆر و سپی، پۆشتە و پەرداخ وەژۆریٚ کەت، هەمان ڕیٚ لۆ کردۆ، گۆتیان پاشا شاژنیٚ گەورە هات، شاژن هاتە سەسەریٚ پاشای، گۆتی کوڕم ئیساق ئۆ لێرە چا قەومیٚ، ئەو پیرەژنە کییە؟ چ کاری هێیە لێرە؟!

ئیساقی گۆ دایۆ، ئەو پیرەداکە هاتییە عیلاجیٚ سەرهێشەم لۆ بکا.

شاژنیٚ گەورە گۆ: کوڕم ئەو هەموو حەکیم و لوقمانانە چ پیٚ نەکرا، ئەو پیرەژنە بەتەمێیا جادووت لیٚ بکا؟!

ئیساقی گۆ: دایۆ ئەو پیرەژنە ئیٚ جادوان نییە، ئەگە لەخەمیٚ من نەبا، بەو پیری و نەخۆشیەی نەدەهاتە ئێرە.

شاژنیٚ گۆتە ژنیٚ ئیساقی، ئشتەکی بدەنە ئەو پیرەژنەی با بڕوا.

پیرەژنێ گۆ، ئەمن چ ناوێ، گیێیاك هێیە عیلاجێ دەردێ پاشێیاکە، هە ئۆندەم دەوێ دەگە من بێن، ئەمن جێیی پێزانمۆ.

شاژنێ گەورە ویستی قسان بکا، ئیساقی گۆ دایۆ ئەمن چ چارەم نەمێیا، ئەزی دەگا چم. گۆتی با ژنیشم دەگەبێ، بەتەنێ دەگە پیرەداکێ چن، هەندی گۆتییانێ، بەتەنێ نابی، گۆتی ئەمن قسێ خۆم کرد، ماندیم مەکەن، بەو نەوعەش هەندەك وزیر و کەسی نێزیك، بەدزی وەدوویان ڕا چوون.

پیرەژنێ پاشای بردە ئەو جێی ئەوی گیای لێ خواردبوو، پاشا تووشی ژانەسەرێ بوو، دنیای لێ وێك هاتۆ، پیرەژنی لەتاوان شێت بوو، خۆی وەبیردەهاتۆ وکی بەتەنێ وەی لێدەهات، هاواری خوای کرد، ئەو هاوارێ پیرەژنێ وکی چ هاواران نەبوو، ئێك و ئێك بوو، پاشای ژانە سەر بەردا، چاوی وە بڕکە گیێیاکی کەت، گۆتییە ژنێ خۆ ئەو بڕەکە گیێیام لۆ بینە، وکی بڕکە گیای خوارد، پاش نێبەکی پاشای ئیستفراق کرد، ئەی گۆتی ئۆچییە ئەو ژەهرەمارە.

پیرەژنێ گۆ، خەمت نەبی کوڕم ئۆ چاکەبیۆ.

پاشا لەخۆ چوو، ژنی تەنگاو بوو، گۆتی پیرەژن ئۆ چت لە ئیساقی کرد؟

پیرەژنێ گۆتێ خەمت نەبی کیژم، لێی گەڕێ هەتا بەخۆ هۆشی دێتۆ بەرەخۆ، ژنێ پاشای ناوێرا لەترسێ پاشای قسان بە پیرەژنێ برێ، چونکە دیتی پاشای کوو در بە پیرەژنێ ببۆ، ژنەکەش پیرەژنی گەلەك پێ نوورانی بوو، ئەیگۆ لەوانێیە خوای لۆ هەندێ ناردبی، شیفای لۆ پاشای هینابی.

پاشا پاش دوو ڕۆژان وەخەبەر هات، وکی چاوی کردنۆ، دیتی وزیر و خەرکەکی زۆری لە دەورێن، وکی پیرەژنێ زانیی پاشا چابوویتۆ، خۆی لەخەرکی دزیۆ و ئەوێی بەجێهێشت.

وکی پاشای نانەك خوارد و هاتۆ سەرەخۆ، ژانە سەرەکەی بەردابوو، گۆتی ئەدی کا پیرەداك؟!

ئەولا پیرەژن، ئەولا پیرەژن، پیرەژن بووە پاریێ بەنانی، کەس نەزانی چ لێهات.

پاشا وەخت بوو لە تاوانی شێت بی.

گۆتی لەبن بەردیش بی هەتا هێواریێ ئەو پیرەژنەم لۆ پێیاکەنۆ.

پیرەژنی بەستەزمان دەبی بە لینگە لینگە چەندی وەدوور کەتبیتۆ؟! هەندەی پێنەچوو، ئەسپ سواری گەیشتنە سەسەری.

گۆتیان پیرەداك، ئۆ پاشای ئەتوو دەویێ.

پیرەژنیێ چەندی خۆ هیناو برد، فایدەی نەبوو، سواری ئەسپەکیان کردوو بردیانۆ ك پاشای.

پاشای وکی چاو وێکەتۆ، خەنی بوو، گۆتی پیرەداك ئۆ ئیشە ئەتوو دەگەمنەکەی، ئۆکوو درت هات بەجێم بێری؟!

کەس دری بەدریێ پیرەژنیێ نەبی، جەرگی خینی لیێ دەهات، دەدریێ خۆی گۆ، وازانی درمدیێ بەجێت بێرم. لە گریانێی زێتر چ پیێ ناکرا.

پاشای گۆ پیرەداك هەندە مەگرییێ، ئەتوو دەبی دەگەمە بێیۆ قەسریێ، هەچشت پێخۆشە بخوازە.

پیرەژنیێ لەبە گریانیێ چ پیێ ناگۆترا، گۆتی ئەمن ئەچمۆ ماریێ خۆ، ئەنگۆ خوا و دەگەبی، چەندی دەگەیان کرد، ڕازی نەبوو، ناچار هەرکەسە لەڕیێ خۆ..

وکی پیرەژن گەیشتۆ ماریێ خۆ، کەتە ناو جێیان، پیرەژنیێ زانی ئەو پاشێیا ئیساقی کوڕیێ وییە. وکی لەخۆ چوو بوو، ئارەقەی لیێ هیشکەکردۆ، چاوی وەو مۆرەی کەتبوو وکی بە پشتەملیێ ئیساقی وەبوو.

پیرەژن وەختی خۆی، وکی نەخۆشیی لیێ پەڕیبوو، چۆوە ماریێ مێردیێ خۆ، مێردی بە خۆو بە منداریێ ساوا لەگوندی ڕۆیشتبوو، کەسیش نێیەزانی چیان لیێ بەسە هاتییە.

لەهەنگیوە، پیرەژن بەو کەسەراناژی.

هەنکوەش وکی زانی ئـۆ ئیسـاق بوویتـە پاشـا و کەسەکیشـی هێیـە وازانـی داکیتی، فکری کردۆ گۆتی، ئـەمن چـم دەعـومری نـەمێیا، بـا ئـەو حەکێیاتـەی دەگەخۆ ببەمە بن گری باشترە.

ئەو بەینەش  پاشای فکر هەر لەکن پیرەژنـیێ بـوو، وکـی بەتـەوای چـا بـۆوە، گۆتییە دارو دەستیێ خۆ ئەمن حەزم لێیـە سـەرەکی لـە پیرەداکـیێ بـدەم، گۆتیـان کووت پیێ خۆشە با وەبی.

وکی پاشا گەیشتە گوندی هـەموو خـەرکی ئـاوایی بـەپیروەهات. چـاوی گێـڕا پیرەژنی نەدیت، گۆتی ئەدی کا ماریێ پیرەداکیێ؟!

گۆتیان پاشا ئەتوو خۆش بی، هەدووسیێ ڕۆژ پاشی مەسەلیێ توو، ئەمریێ خوای کرد.

پاشا بەدەستەخۆی نەبوو، لۆی گریا، گـۆتی ئـەدی کـا قـەبری، وکـی قـەبریان پێشاندا،  چووە سەسەری، گۆتی یاخوە جیێ ومەکانت بەهەشت بن، گۆتی پـیرەداك نزانم لۆ هە گێم لەدەنگیێ توو بوو،  وە مزانی دەنگیێ داکێیتم.

پیرە وزیرەکی زەمانی بابیێ خۆی دەگە دابوو، ئەویەزانی مەسـەلە چـییە، بـەرا ئەویش گۆتی با پاشا خەمان پیێ نەخوا، گۆتی پاشام خۆش بی ئۆ ڕیێ هەمانە، ئەو ژنە ئیمانداربوو، لۆییێ ئەمەش هەستن بەداکاتییێ ویەکرد..

ئەوان ڕۆیشتن و ئەمیش هاتمۆ، کارەکم دڕا و چم پیێ نەبڕا..

# حەرامزادە

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو، کەس لە پێغەمبەری خۆشەویستتر نەبوو، کەس لە عەبدی درۆزن ڕوو ڕەشتر نەبوو.

وارێن زەمانەکی پیاوەك هەبوو، زۆر دەورەمەندبوو، مرك و مارەکی گەلەك زۆری خڕکردبۆ. سێ کوڕی هەبوون، ئەو کوڕانە لەبە تیجارەتێ گەلەك شار و وراتان گەڕابوون، زۆر پیتۆر و شتزانبوون، ئەوانیش وکی بابێ خۆ لە هیچیان کم نەبوو.

دنیا لۆخۆشەویستی نەبوو هەتا سەری. لۆما مینێ؟!

ڕۆژەکی کابرای بانگی هەرسێ کوڕانی کرد، گۆتی ئەمنەمرم، بەرا پێشی بمرم، شتەك هێیە دەموێ پێوبرێم، گۆتی ئێك لەنگۆ میراتی لەمن ناگری؟

کوڕەکان عاقربوون، زوو تێگەیشتن، بەرا گۆتیان هۆباب مادام قسەکەت هەکرد، پێشن برێ کیهەینە ئەوی میراتت لێ ناگری.

بابەکەی چ جواب نەدانۆ..

برێیاکان هە ئێکی لەخۆ وەشك کەت. بەسەدا بابیان ئەمرێ خوای کرد.

کوڕێ گەورە گۆتییە برێیاکان، ئەنگۆ چارێن ئەو قسێ بابێ خۆ لەبیرکەین و هە برابین، یا ئەو مەسەلەی ساغکەینۆ؟

وەلا گۆتیان تازە کار لەکار ترازێیا، با ساغبیتۆ باشترە.

برێیا گەورەگۆ مادام وێیە با کەسن تێنەگە، با لە ناو قەمو قیلی بچینە دەرێ، ئەگەڕێین هەتا لێیاك وەلێیاکییەکەوی.

هەرسێك وەگە ئێك کەتن، هە ڕۆیشتن ڕۆیشتن، پێش نیوڕانەکی گەیشتنە کابرێیاکی، بە مشەوەشی دەهات، گۆتی ئەریٚ ئەنگۆ چ وراغ و نەدیتینە؟

ئێکەکی گۆ، چاویٚ چەپی کۆرەبوو؟

گۆتی: ئەرێوەللا

ئێکیدی لەبرێکان گۆ، لە دونێوە بزربووە؟

کابرای گۆ: ئەرێوەللا.

برێیا سێیەم گۆتی، پەلیٚ لای ڕاستەی ئەشلی؟

گۆتی: ئەریٚ وەللا لە مێژە دیتیتو؟

گۆتیان ناوەللا ئەمە نەندیتییە.

کوڕە گۆتی کوو نەودیتیە.

گۆتیان بەخوای نەندیتییە.

گۆتی هەنکوە قسێم لۆنەکەن شکێیاتێو لێکەم.

گۆتیان برام لۆ شکێیاتێن لێکەی، خۆ درۆییێت دەگە ناکەین.

کابرا زۆر توڕە ببوو گۆتی هەبی نەبی ئەنگۆ وراغ و لێشاردیمۆ. کابرا چوو لە ك پاشای شکێیاتی لە برێیاکانکرد.

پاشای دووسیٚ جەندرمیٚ خۆی ناردن، برێیاکانیان گرتن.

پاشای گۆتنیٚ چوو لە وراغیٚ ئەو کابرێیای کردیە؟

گۆتیان پاشان خۆشبی، ئەمە چ وراغن نەدیتینە.

گۆتی قسێم لۆ نەکەن سەریٚ هەرسێکانوو پەلەدەم.

گۆتیان پاشان خۆشبی، ئەمە وراغەکەن بەچاویٚ خۆ نەدیتییە.

گۆتی ئەدی کوو و زانی کۆرە و شلێیە؟!

ئیٚ ییٚکەم گۆ: پاشام خۆشبی ئەو وراغە وکی بەڕێیدا ڕۆییە، بەس گێیا لای

ڕاستی خواردیە، ئاوڕی لەلای چەپ نەدایتۆ، لۆیێ گۆتم دیارە چاوێ چەپەی کۆرەبووە.

ئێدیکە گۆ: پاشام خۆشبی وکی چاومدا جێ سمانی، سمێ پێشۆی ئەوی لای ڕاست بە عاستەمودووبەرە گەیشتبوە عاردی، زانیم ئەو پەلەی شلەبووە.

پاشای گۆ ئەدی کوو و زانی ڕۆژێ پێشی بزربووە؟

ئەوی وەیگۆتبوو، گۆتی پاشام خۆشبی لەبن دارەکیی ئیسراحەتەك کردبوو، لای سیبەری کەتبوە لای ڕۆژهەراتێ، یەعنی رۆژ لە ئاوابوونێ بووە، مەعنای وێیە ڕۆژێ پێشی بووە، چونکە ئەمە پێش نیوڕانێن ئەو کاربرێیا دیتیە.

پاشای گۆ ئەمنو بەو قسانە پێ بڕوا ناکەم، بانگی حەڕەسانی کرد، گۆتی بیانبەنە حەپسخانێ.

وکی برێکانیان بردن، پاشای دەدرێ خۆ گۆ ئەوانە گەلەك پیتۆرن. پاشا چوو لە پەنێیاکی خۆی لێ دانووساندن، گۆتی بزانم ئەوانە چارێن.

وکی چوو، ئێکەکییە گۆ پاشا حەرامزادێیە، برێکانی دیکە گۆتیان کوڕە دیوار بەگێیە، وسبە با کەس گێ لێ نەبی، حەرامزادەبی یان نا بریا پارە نانەکیان دابایێ.

پاشا بە عەجەلەچوو، گۆتی لە مارێ من خواردنێ لۆ ئەو سێ برێیانە ببەن.

پاشا چۆوە خۆی لەپەنێ مات کردۆ.

پاش دەمەکی سنییە تەعامەکیان لۆ هینان مەگە لە دیوەخانێ پاشای لەبەرێ رەئیسان دانێن.

گۆتیانە برێیاکەی، وەللا بابە پاشا بێ قسوورە، بە ختوخۆڕایی کردتە حەرامزادە.

وکی نانیانەخوارد، ئێکەکی گۆ ئەو نانە ژنێ حامیلان پانکردیتۆ.

ئێدی گۆ: ئەو گۆشتە گۆشتێ کسۆکییە لۆمێیان هینێیا.

پاشای لەو قسانە هەندەی دی مەراق بوو.

چوو بانگی سەرکاری کرد، گۆتی ئەو ژنێ نانی لۆماکە، حامیلەدارە؟

گۆتی بەرێ پاشم خۆشبی لەسە دەقە و سعاتێ خۆیە.

گۆتی دەبڕۆ قەسابیشم لۆ بانگکە.

وکی قەسابیان هینا، پاشای گۆ ئەگە بەڕاستیم قسێ لۆبکەی، لەسە دەستێ سەرکاری سەرت پەلنادەم.

قەسابی سەر دەبەخۆ نابوو.

پاشای گۆ ئەتوو ئەورۆ گۆشتێ کسۆکت دایتەمە.

قەسابی بڕەك خۆی هیناوبرد، پاشای گۆ ئاخیر جارتە قسێ ڕاستی بکە ئەگەنا پشێمانەبیۆ.

قەسابی ئیشەکە کردبوو، دەدرێ خۆی گۆ هەبی و نەبی پاشای زانیتۆ، خۆی هاویتە سە پێراوێ پاشای گۆتی ئەمن کرد ئەتوو نەکەی.

پاشای بانگی حەڕەسانی کرد، گۆتی جارێ ئەوەم لۆ لەدارەکی ببەستنۆ هەتا وەختی دێ.

ئەجە هەستا چووە ك داکێ خۆ، گۆتی پیرەژن ئێك قسەیەکەم ناکەمە دوو، شەرتبی لەشەرتێ خوای ڕاستییێم پێ برێی کەس لەکەس، ئەگەنا حەفتاجار داك بی، بە ڕووت و قووتیت دە بازاڕیەگێڕم. گۆتی بەس بە ئا یان نا جوابێمدۆ: ئەمن حەرامزادەمە؟!

پیرەژنێ زانی پاشای قسەزانیتۆ، بە لەرزە لەرزە گۆتی کوڕم ئەمن داکێ توومە.

پاشای هاوارکرد: حەرامزادەمە یان نا؟!

گۆتی: ئا

پاشا چۆوە جیٚ خۆ، گۆتی لۆم بانگی ئەو حەپسانەکەن.

چوون هەرسیٚکیان هینان، پاشای گۆتنیٚ: قسیٚم لۆبکەن، کوو و زانی ئەو نانە بە دەستیٚ ژنیٚ حامیلە پانکرایتۆ؟

ئەوی وەیگۆتبوو، گۆتی پاشام خۆشبی، ئەو ژنە لەبە زگی، هە ڕووخیٚ نانەکەی لیٚ دیاربووە، نانەکە ڕووخی تەنك و ناوەندی ئەستووربوو.

پاشای گۆ: ئەدی کوو و زانی ئەو گۆشتیٚ لۆ داندار‌بوو، گۆشتیٚ کسۆکی بوو؟

ئەوی وەیگۆتبوو، گۆتی پاشام خۆشبی، گۆشتیٚ کسۆکی بەزی لەلای سەریێیە و سۆرە گۆشتەکەی لەبنە.

پاشا لەبە مەسەلیٚ حەرامزادەییٚ چاوی سۆربوون. بریٚکانیش زراویان چووبوو، هە دوعیٚیانەکردن بەس بەحسی ئەو مەوزووعەی نەکا.

پاشای گۆتنیٚ: بەڕاستیم قسیٚ لۆبکەن، ئەنگۆ کیٚنە و لەچا گەڕیٚن.

گۆتیان وەللا ئەمە لە توجارەتیٚ گەڕیێن.

پاشا هەندەی دی تووڕەبوو، شەرت بی لەشەرتیٚ خوای، بەڕاستیم قسیٚ لۆ نەکەن، هەرسیٚکان و لە مەیدانیٚ شاری بەداریٚ واکەم.

ناعیلاج گۆتیان حارو حسابیٚ مە ئەوێیە، نزانین کیهە لەمە میراتی لەبابی وەرناگرین.

پاشای گۆ: حەرامزادە، حەرامزادێیەناسی.

بریٚیاکان تیٚگەیشتن. گۆتیان ئەگە پاشا ئیزنندە ئەمە لە خزمەت مەرەخەسەبین.

پاشای گۆتنیٚ: ئەوی ڕویدا سڕبی، قسەم گیٚ لیٚ ببنۆ وای لەحارو.

گۆتیان کەس بە خەونیٚ شەوانیش چ نابینی.

پاشای گۆ: دەمادام وێیە، ئەو دویٚ میراتییەگرن بـڕۆن، ئـەوی دیـش لەکنـەمن بمینێتۆ ئەیکەمە وزیریٚ دەستە ڕاست.

وەسسەلام.

## خەراتی شەیتانی[٦]

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو.. کەس لە خۆشەویستی نازدارتر نەبوو، کەس لە شەیتانی ڕووڕەشتر نەبوو.

کابرێیاك هەبوو هەتا برێی لەخوانەترس بوو، هەرچی خواو پێغەمبەران پێنەخۆش بوو، ئەوی ئەوەکرد.. زەلام کوشتن و ئاو خواردنەوەی لەکن وکی ئێك بوو.

ئیش و کاری دزی و ڕێگری بوو. لە خوتوخۆڕایی تەشقەرەی بەو و بەویەکرد.

وەرحاسر ئەتەگۆ شەیتانە، ئەوی لە دزی و ڕێگرییێی وە چەنگەکەت، هەمووی لە ئیشێ خراپ سەرفەکرد..

شەوەکی شەیتانی هاتە خەونێ، گۆتی ئەمن شەیتانم، هاتیمە خەراتت کەم.

گۆتییێ خەراتێ کوو!؟

گۆتی ئەمن هەتا هەنکوە کەسی لەتووم باشتر نەبووە، ئەتو زۆرت خزمەتێ من کردیە، گۆتی ئەمنت گەلەك لێ ڕازیمە.. ئەتو هەرچت پێکرابی و هەرچت هاتبیتە دەستی لەرێ منت سەرف کردیە، لۆییێ دەموێ خەراتەکی وەت بکەم هەتا حەفت پشتان پشتێ خۆ لێ بکەیۆ..

کابرا لە خەنی و خۆشیان ڕووبوە دەستێ شەیتانی ماچی کرد، گۆتی شەرت بی

---

(٦) جەلیل مستەفا مستەفا (١٩٦٤- شەقلاوە) بۆی گێڕاینەوە.

لەنۆ پاش ئەوی هەتا هەنکوە نەمکردیە بیکەم!!

شەیتانی گۆ: ئۆ ئەمنیش حەفت کووپە لیرەم کردیە خەرات.

گۆتی: کانن؟!

گۆتی: هەستە وەگەرم کۆ.

کابرا وەگە شەیتانی کەت.. هەڕۆیشتن.. ڕۆیشتن.. هەتا گەیینە سەحرێیاکی .. شەیتانی پیێ لە عاردی دا، گۆتی: کووپە لیرەکان لێرەنە..

کابرای چاودا دەورو بەرێ خۆ، هەتا چاو حوکمەکە سەحرێیا، گۆتیە شەیتانی ئەجە ئەمن کو ئێرە پێبزانمۆ؟!

شەیتانی گۆ: لۆخۆ بەنیشان کە.

کابرای گۆ: دەبەرتمرم جارێ پێخۆ لانەبەی هەتا هەندەك بەردان دینم..

شەیتانی گۆ: بەردت لۆ چنە!؟

گۆتی: ئەدی نابی جێیەکەی بە نیشان کەم!

شەیتانی گۆتیێ: بەرد باش نییە .. ئەگە ئێکەك پاشی توو لێرە تێبپەڕی شکەکە، کوپە زێڕەکان دەردینی.

گۆتی: ئەدی چ بکەم؟!

گۆتی: وەرە گوەکی لەسە بکە، ئەگە کەسیش بیێ.. وکی دیتی لیێ وەدوورەکەویتۆ.

گۆتی: دەباشە، مادام وێیە ئەتوو بڕۆ..

وکی شەیتان بزر بوو.. کابرا گویێ خۆی کرد.. دەگە واگا هات.. وکی دیتی بیێك تێلەگە گووی دەبنەخۆ کردیە.. ئەی گۆتی بەنەعلەت بی شەیتان، نە خۆتکە نە خەراتت..

# فێلعیٚ شەیتانی

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو.. کەس لە شـەیتانی ڕووڕەشـتر نەبوو.

ئەگێڕنۆ ڕێن، زەمانی زوو، پیرەمێـردەك هـەبوو، لـەخوای زێـتر، کەسـی دیـی نەبوو، بەتاقی تەنیٚ، دەگە کەرەکی بەستەزمان لەناو کاولە کۆریتەکییەژیا.

ساربەسار بیٚ تاقەتتر و پیرو کەنەفتترەبوو، بەرەبەری جسـتانیٚ بـوو، گـۆتی بـا دەستەکی دەبانی بگێڕم ئەگەنا، بە بەفرو بارانیٚ بەسەمدا کاولەبی ..

سبەینەکی زوو، تێڕ و بێری لەکەریٚ نان و چووە تەلانی، تا هێواریٚ چەند ڕێیـە گرەکی هینان، ئاخیر ڕیٚ، بێری وە شتەکی ڕەق کەت، لەوی وابی بەردە، بـەرا دری کرتەکی کرد، گۆتی ئەمن ئۆ لەسبەینێوە خۆریٚ بەم، چ بەردم چاو وێنەکەتن، لۆییٚ خۆرەکەی بڕەکی دی لە سە لابرد، دیتی کووپە، هانـەهانی وێکـەتبوو، کوتـەکوتی وەدری کەت و ترسەکی بەسە غارب بوو، وەلحاسر، کووپی دەرینا، دیتی پڕی لـیریٚ زێڕە .. وێیەزانی ئۆ خەونیٚ بینی .. شـەهادەکی بەهـەقی هینـا، چـاوی لـەولا و لەولای گێڕان کەس دیار نەبوو، کووپەزێڕی دەلاتێڕەکی ناو هەندەك خۆری بەسـەدا کرد، کەری وەپێشەخۆدا و چۆوە ماریٚ..

لەڕێی هەزا فکـری لۆدەهـاتن.. دەمەکییـەگۆ لەگونـدی بارەکـەم و لۆخـۆ لـە شارەکی بەسەرتەنەتەژیم.

هەندەکجارییەگۆ کێواچم!؟ عومریٚ پیرەمەڕەکم مێیا یان نا.

کەسەکی وەشی نەبوو قسیٚ خۆی لەکنکا.

لەو فکر و خێیارانە بوو وکی گەیشتۆ ماریێ.

ماری لەلاپەڕگەکی بوو، کەسی بەسەوەنەدەهات.

شەوێ کووپی هەرڕێشت، لیرەکان، سێ دە و پێنج لـیرە بـوون، نەیـەزانی چ لێ بکا، زۆرەترسا کەسەك پێ بزانی و لێی دەنگـدا، یـا پاشـا بزانتـۆ و لیرەکـانی لێ بستینی. ئاخیری فکری کردۆ، گۆتی وهە نابی، هەستا دوو ڕکـات نوێـژی کـردن و لەخوای پاڕاوە ئەوشۆ لەخەونێ بەهانای وەبێ و ڕێ ڕۆنییێی بکا، ئەجە کووپە زێڕی لە پشت سەرێ خۆ دانا و لێ نووست.

شەوێ ئێکدووجار وەخەبەرهات چ نەبوو، بەرەبەری نوێژێ سبەینێ بوو، نەیزانی نە واگا بوو نە نووستی، پیاوەکی نوورانی دەستی لە شـانی دا، گـۆتیێ هـە مـارە فەقیرەکییەناسی، بە دزی دوو لیرانی لۆ باوێ پشت دەرکێ حەوشێ، هـەتا ویسـتی قسەکی دەگەبکە، کابرا غەیب بوو یا ئەو لەخەوێ هەشیاربۆوە.

وکی فکری جەمع بۆ، گۆتی تازە دەبی هەر وهە بی .. ئەجا ما فکرکاتۆ کیهـە مار فەقیرە، هە مارەکییەگۆ دوو لیرەی لۆ لـەلێیاکی دانـان، ئـاخیری ئێـك لـیرەی لۆخۆماوە.. ما شەیتان خۆ تێهەرقورتینی.. کـوڕە پیرەپیـاو .. ئـێ فـەقیرەتووی، مارکاول، بەتەمای ئەو لیرە جوانانە بە خەونەکی فشـە تـەفروتوونا بکـەی؟ خێـرێ ئەکەی بکە، بەرا لۆوهە بەبێتامی.

ئەگـە ئـەتوو لـە هـەموو عالـەمێ فـەقیرتر نـەبای، کـوو خـوای ئەوخەراتـە دەگاکردی.. پیاوی چابە ئۆ خوای دایتەتوو لۆ خۆ ئۆنـدە عـومرێ مایتـت، بـڕەك وکی بەشەران بژی، چەند سار و زەمانە کەسـەکی لـیرە زێـڕەك لـۆ تـوو هەردایتـە هەیوانیێ؟!،

کەس بەتوو گۆ پیاو ئەتوو بەو بێکەسی و قوڕبەسەرییەی لەو کەونـە کۆریتـەی بەتەنێ چاکەی؟!

پیرەمێردی شەیتانی بەعلەت کرد

شەیتانی گۆ، ئاخر ئەدی خوای ئاقر لۆدایتــە بەشــەری، هەمووشــت بەحیســاب نییە؟! ئەتو ئەگە ژنەکی بێکەس و فەقیر لۆخۆ بینی، ئەوەش خێرنییــە؟! ســبەینێ منداروەبن، ئەدی ئەو مندارانە ئیحتیاجی پارەی نینــە؟! ئــەتوو تاقــەتێ ئیشــت مێیا پیرەپیاو!؟ کەس پاشی توو درەمەکییان لەسە ڕوحێ دانێ؟! ئەگە خوای حــەز لێبی کووپە لیرانەداتە وانیش، کووپە لیرە لەکن خوای چییە؟!

کابرای پیرەمێرد، لیرەکانی دە کووپی کردنۆ و هەرەشییەگۆ شەیتان بەنەعلــەت بی، بزانە کوو ئاقرم لەدەستدێیا .. وەرە خوای ناردییە نزانم چ لێ بکەم!!

فکری ئارۆز بوون .. ئەوڕۆژی چ لیرەی نەکردنە خێــر، دیســان شــەوێ لــەخوای پاڕاوە: خوێیا لۆ خاتری گەورەیێ خۆ ئەوشۆ دەخەونێ ڕێیەکی بەهەقم پێشاندەی..

دیسان بەرەبەری سبەینێ عەینی پیاوی دیت، نەیزانی نە خەونە، نە بەڕاستییە، عەینی وەی پێگۆتۆ، هە ماری دوو لیرانی لۆ بــاوێ حەوشــێ. ویســتی پێــی بــرێ ئەدی نابی لۆخۆ ژنەکی بینم؟ کابرا غەیب ببوو.

پیرەمێردی گۆ تازە چ عیلاجم نییە. دەبی وهــەبی، دیســان لــیرەی ڕووکــردن و هەماری دوو لیرەی لۆ لەلێیاکی دانان، ئاخیری ئێك لیرەی لۆخۆ ماوە..

شەیتانیش ئۆ چاویەداتێ.. کوڕە هەی پیرەمێرد، خۆ ئەتوو حــەزرەتی ئیــبراهیم نی سەربەهەش، دیسان بەو خەونەی دەتەوێ ئەو لیرانە بە بەلاش بــەولا و بــەولای وەنێی؟!

ئەگە ئەو خەونە ڕاست با، ئەیگۆ لۆخۆش دوو لیران دانێ، چما ئەوی ئەتوو دوو لیرانییان لۆ دانێی، لەتوو فەقیرترن؟!

پیرەمێردی گۆ، شەیتان بەنەعلەت بی، با ئەوڕۆش وکی دوونــێ، ســەری لــەخۆ تێکنەدەم، وەباشە بچم ئیشێ خۆ بکەم..

شەیتان تەنگاو بوو، گۆتی باشە کاکە بڕۆ خێرێ خــۆ بکــە، بــەس ئــەدی نــابی

بزانی کێ بەڕاستی فەقیرە؟! ئەوی ئەتوو بە فەقیریانەزانی کێ وارێ فـەقیرن؟! کـێ وارێ ئەوانیش کووپە لیرێیان نەدیتینۆ و بە کەسیشیان نەگۆتییە!!

پیرەمێردی دیسان لیرەکانی دەکووپی کردنۆ، گۆتی دەبی ئێکەجار بچم بزانم کێ فەقیرە. چووە ناو گونـدی، لـە ئێکـەم مـار پێداچـوو، لەدەرکـەی دا، پیرەژنـەکی نەخۆش لە ژۆرێ ڕا گۆتی کێیە وەرە ژۆرێ، وکی چوو پیرەژن لەسە جێـی کـەتبوو، کەسی لە دەورێ نەبوو، دەدرێ خۆیدا گۆتی ئۆ ییێك.

چووە مارێ دووەم، ئەویش مارێ داکە هێتیمەکی بوو، هەشت منداری هێتیمی بەخێوەکردن، گۆتی ئۆ دوو.

لە هێروەتر مارەك هەبوون پیاویان لاقی شکابوو، چەند مانگەبوو، دینارەکی لۆ ئەو ماروومندارەی پێیا نەکردبوو ..

پیرەمێرد هەتا هێوارێ دە گوندی گەڕا، شەوێ کووپی ڕووکردۆ، دیسان هەماری دوو لیرەی لۆ جوودا کردنۆ، وکی لەخۆ بۆ، ئێك لیرەی لۆخۆ ماوە.

شەیتانی لێ پێیابۆ، باشە کـابرا ئـەتوو ئـۆ دوو لـیرەت لـۆ پیرەژنـێ هاویتنـە حەوشێ، پیرەژنێ تانی بێ دەرکێت لێ بکاتۆ؟! ئەدی لەسە جێی نەکەتییـە؟ کـوو لیرانەبینی؟! کەسـەك دێ لۆخـۆ لیرەکانـەبا و خێـرێ تـووش وکـی نوێـژێ جـووی بەبەلاشەچی..

نەکم زۆریشت زگ بە داك هێتیمەکەی سۆتا،؟!

کوڕی گەورە و تەمام بوو، ملەستوورەی لۆ ئیشەکی ناکا، ئەتوو لەوی بەتاقەت تری؟! ئێ لاق شکای لۆ نارێی؟! هەتا لاقی نەشکابوو لـەکێ بـوو، قـەت ڕۆژەکـی سەرەکی لێ شۆڕکردیۆ برێ ئەتو مای مردی !!؟

کوڕە گۆتی کیهە لەکیهەی باشترە، هەستە هـەتا جسـتان دانەهاتییـە بـڕۆ دوو عەمەلان بینە با خۆرەبانێت لۆبکەن، هەقیان بدێ، ئەویش هەر خێـرە، بـڕۆ لۆخـۆ تەشتە نانەکی بەو داك هێتیمەی بکە و هەقی بدێ ئەوەش هەر خێرە.

پیرەمێردی لیرەی دەکووپی کردنۆ، ویستی بچی دوو عەملان بینی.

شەیتانی گۆ کێوە؟ کورە عەمەلان لۆ دەینی، هە بەخۆ دەستەکی تێبگێڕە حا، کەس وکی تـوو لـێ نزانـی، ئـەو پارەجوانـەی بـەلاش و حـەلاش لـۆ دەدەسـتێ خەرکییەکەی، ئەدی ئەتوو بەخۆ ئیشە زەحمەتەکەت نەکردییە؟ چ مێیا؟

پیرەمێردی گۆ مادام وێیە بابچمە کن داك هێتیمی و تەشتە نانەکی پێ بکەم.

لە نیوەی ڕێی شەیتانی گۆ، ئەتوو تەشتەنانەکی چ لێکەی؟ ما ئەتوو خـواردنێ مندارەکی ساوات مێیا!؟ بەو جستانەی نان هـەموو کەڕەشـینی هـەردینی .. هـە گونەحباریشەبی. لێگەڕێ، کورە بەتەمای خـوای، ڕۆژێ پارچـە نانـەك هـەپێیابی. پیرەمێرد لە جێ خۆ گەڕاۆ، گـۆتی شـەیتان بەنەعلـەت بـی بزانـە کـووم سـەر لێ شێواینە، کورە خۆ چ عەیبم نەبوون، ئۆلۆ وهەم لێهاتییە.ئەو ڕۆژیشی چ پێ نەکرا.

شەوێی دیسان در نەرم بوو، گۆتی ئەمن هەتا هەنکوە بای یەك فلوسم خێر لـەو لیرانە نەدیتییە، هە تەوزیعیان کەم باشترە، ئێك لیرە لـۆمن سـەرووزیادە، دیسـان کووپی ڕووکردۆ و هەماری دوو لیرەی لۆ دانانۆ و لیرێ خۆشی هاویتۆ کووپی.

شەیتانی بەنەعلەت کردوو لێ نووست.

شەوێی شەیتان هاتۆ خەونێ، گۆتی سبەینێ تێلەگـەو بجگـوڕێ خـۆ لـە کـەرێ بارکە و هەڕوە شاری، لۆخۆ هەڕوە کن لوقمانەکی، بەرات وێ نـامینێ، ژنـەکیش بینە و مارەکی گەرم لۆخۆ دانێ و چیدی فکرێ خۆ ئارۆز مەکە.

پیرەمێردی بە سبەینێ زوو، لیرەی دە توورەگەکی کردن و هاویتییە دوڕ بـالیفێ خڕ، ئۆندێ بەکەلکییەهات لە مار و زەخـیرەی، لەکـەرێی بـارکرد و ڕێـی شـاریی گرتەبەرێ. بەرەبەری هێواری گەیشتە شـاری، برادەرەکـی قـەدیمی هـەبوو، سـەر و سۆراغی کردن، بەرا شار گەورێیە کێ کێ ناسی!

ئاخیری پیاوەکی لێ پێیابوو، ئەویش وەختی خۆی لە گونـدانڕا هـاتبوە شـاری،

وکی دیتی غەریبێیە زگی پێ سۆتا، دەگەخۆی بردۆ ماریّ. وکی گەیشتنۆ ماریّ، پیرەمێردی بار لەکەریّ داگرت و بالیفی دەگەخۆ بردە ژۆریّ. گێی لیّ بوو، ژنیّ کابرای لەسەوی پرتەپرتیّ دەگە مێردێخۆکا، بەسەخۆی نەینا، بەدزی لیرەکی لەبالیفیّ دەرینا، وکی پیاوەکە هاتۆ ژۆریّ، گۆتی برام ئەمن ئەو لیرە زێڕەم هێیە، ئەگە سبەی لۆم بفرۆشی، نیوەی وەمن دۆ و نیوەش با لۆتوو بی. کابرا وکی لیرەی لیّ وەگرت خەنی بوو، چووە کن ژنیّ خۆ، وکی ژنیّ چاو وەلیرەی کەت، هێدمگرتی بوو، گۆتی یاڕەبی خوێیا لێم نەگری، هە ئەتوو بەخۆ زانی چا کەی. ئەجە نانیان لەبەریّ پیرەمێردی دانا، پیرەمێرد لەمێژبوو لەمارەکی وهە گەرم و گوڕ و نانەکی وهە بەتامی نەخواردبوو.

نوێژیّ عیشێیای کردو گۆتی ئەمن گەلەك ماندیمە، ئەگە جێیەکم لۆ ڕابێخن.

جێیان لۆ ڕێیاخست و پیرەمێردی بالیفیّ لیرانی دەبن سەریّ خۆنا و خەوی لێکەت. شەویّ شەیتانی هاتۆ خەونیّ، گەلەکی درداوە، گۆتییّ ئەتوو کەتیۆ زگیّ داکیّ خۆ، ئەجە بڕەکی قدیلانیّ کردنۆ و گۆتی ژنەکیش بینە، لۆخۆ خەنییەبی.

سبەینیّ پیرەمێرد بەزەوق بوو، گۆتیە ساحێب ماری چت لیّ بشێرمۆ، ئەمن کەسم نییە، هەندەك پارە و مارەم هەنە، دەمویّ لۆ خۆ لە شاری ژنەکی بینم و ئۆندە عومریّ مایتن لۆخۆ سەریّ خۆ وێك کەین.

کابرای گۆ ئۆ ئیشیّ ژنانە، با بانگی پیرەژنۆکیّ خۆ بکەم.

وەلا وکی ژن هات و زانی مەسەلە چییە، گۆتییە پیرەمێردی، ئەجە مامۆ کیّ بەو عومرەی مێردی بەتووەکا؟! ئێرە شارە ژن بە هەوەنتە مێردی ناکەنە پیاویّ وکی توو.

پیرەمێردی گۆ ئەمیش هەموو ژنەکی نارێم، ئێکەکی فەقیر و بیّ کەس وکی خۆ رێم، ئەمن بای کەلاوەکی پارە و مارەم هەنە.

ژنیٚ هە دەیویست بزانی پیرەمێردی چەندی پارە هەنە، گۆتییٚ لەشاری کەلاوەش بە پارەکی زۆر نەبی وە چنگ ناکەون، ئەتوو چەندت پارە هەنە؟!

پیرەمێردیش هەندە غەشیم نەبوو، چەندی هیناو بردی پێی نەگۆ.

ژنەکە چووە دەریٚ و باریٚ کەرێی هەموو نۆڕی چ پارەی تێدا نەبوون، گۆتی هەبی و نەبی یا دە بالیفێی دانە یان دەبەرییانی دێیا.. هاتۆ ك پیرەمێردی، گۆتی مامۆ ئەوڕۆ حەزت لەچییە لۆت لێنێم؟

پیرەمێردی گۆ ڕووت سپی بی کیژم، ئەمنەڕۆم..

گۆتییٚ بەخوای نابی .. هەتا نەچییە ماریٚ خۆ لێناگەڕێم بچییە چ ماری دی.. ئەمن لەوڕۆوە حەولیٚ ژنێت لۆ دەم.

پیرەمێردی وکی ناویٚ ژنێی گیٚ لیٚ بوو، بڕەکی خۆ هیناو برد، بەرا ئیٚ درێشی نەبوو، حەزی لیٚ بوو بمینێتۆ..

ژنەکە شەیتان بوو، گۆتی مامۆ ئەتوو لەڕیٚ و بانان هاتی، ئۆ سەرشۆرکم لۆ حازر کردی بڕۆ خۆ بشۆ و قەدە جلکەکی خاوینیشم لۆ دانای، ئەو جلکانە دەبە مەکۆ لۆتەشۆم. دەیویست بزانی چ بەریی لە بنۆ بە جلکان وەنینە.

بەهە نەوعەکی بوو پرەمێردی ڕازی کرد، گۆتی ئەوڕۆ ژنەك هێیە دەیهینمە ماریٚ با بەخاوینی و بژوونی بت بینی.

پیرەمێرد چوو، بەرا دری هە لەکن بالیفیٚ بوو.

ژنەکەی وکی مەجالەکی دیت، چووە زگ بالیفیٚ، وکی لیرەی دیتن وەختبوو ئاگری تیٚ بەربی، شەیتان دەویش ئارا. لەو دەمی مێردی هاتە ژۆریٚ، گۆتییە ژنیٚ خۆ ئۆ چاکەی؟! چیشت بەو بالیفێیە؟

ژنەکەی دەو تێکئارا. چ قسەی پێنەکران. پیاوەکەی وکی بالیفی لەدەستیٚ ژنیٚ خۆ دەرینا، ئەویش چاوی وەو هەموو لیرانە کەت، گۆتی ژنیٚ بە عەجەلە لەجیٚ خۆ

دانێوە، با خوا غەزەبێن لێ نەگری، میێوان مێوانێ خوێیا..

لەو سەریش پیرەمێردی بە عەجەلە خۆ شوشتبوو، وکی هاتۆ ژۆرێ و دەستی لە بالیفێ کوتا، دری داکەت.

ما ژن.. خوشکەکی هەبوو سێ مێردی کردبوون، ئێ یێکەمی مردبوو، ئێ دووەمیشی شێت ببوو، لێ سێیەمیش تەراقدرابوو، گۆتی خوشکێ خۆی لۆ دەینم.

بەمێردێ خۆی گۆ، گۆتیێ ئەگە حەیشێی خوشکی لۆ بینین ئەمەش حارن باشترەبی.

پیاوەکەی گۆ ژنێ بڕەك ویزدانت هەبی، ئەو بەستەزمانە کوو دەگە ئەو حەیشەی ئەحەوێتۆ، حەیش ئەرێی گورگێ هارە.

گۆتیێ: هەووە لەبەرەتوو، حەیشیش بچتۆ سەرمار و مێردان، قاتی بڕەك داکەسێ.

کەس لە ژنانی نەبردیتۆ..

بە پیرەمێردی گۆ، ئەمن خوشکەکی وکی خۆ جوانم هێیە، ئەوت لۆ دەینم. ژنەکە بەرچاو و جوان بوو، پیرەمێردی دەدرێ خۆ گۆ ئەگە وکی وەی جوان بی، ئەمن چم دەوێ. گۆتیێ باشە.

سەرو نێشینم حەیشیان لۆ هینا و مارییان لۆ دانان، حەیشێ هەموو لیرەی لە پیرەمێردی ستاندن، زۆر دەگە پیرەمێردی خرابوو، شەوەکی بە و سەرماو سۆرەی، لەمارێی وەدەرێنا و گۆتیێ برۆ کاولێ خۆ و جارەکی دی پێی دەو مارەی نەنێیۆ.. حەیشێ دووسێ جاری دیشی پیرەمێرد دەرکردبوو، ژنێ کابراش (خوشکێ حەیشێ) ئەویش پیرەمێردی لەمارێ خۆ دەرەکرد، ئاخیر جاری پێ گۆتبوو، نەکەی ئەو ناماقولییەی بکەی و جارەکی دی بێیۆ پشت دەرکێ مارێ من.

ئەو شەوی چووە مزگەفتەکی و لۆ سبەینێ، بە پێیان ڕێ گوندێ خۆی

گرتۆبەرێ، پاش دوو ڕۆژان گەیشتۆ کەونە هەواری، دیتــی خــەرك لەســە قەبرانــە، دیاربوو پیرەژنە نەخۆشەکە مردبوو، ئێیان شاردۆ.

پیرەمێردی هەندی خەم پێ خواردن، گۆتی ئەگە ئەمن دوو لیرەکانم دابانێ لۆخۆ عیلاجێ خۆی پێکردن، لە خەفەتان چۆ کاولێ خۆ.

هەچۆ ژۆرێ چاوی وە کووپی کەت. وکی دیتــی لــیرێ خــۆی هــە دەکــووپی دا، گەلەك پشێمان بۆ، گۆتی هە ئۆندە قسمەتێ من بوو.. زۆر لۆ حارێ خۆ گریــا، لــە شــەرمەزاریێ خــوای، شــەوەکی بەرەبــەری ســبەینێ کەتــە حــار و حــەلوەلێیا ڕوحدانێ...

سبەینێ کوو خوای دەدرێ مەلای نابی، گۆتی وارێــن ئــەو پیرەمێــردە هــاتیتۆ، بابچین سەرەکی لێبدەین. ئێك دوو کەسیشی وەگەکەتن. وکــی چــوون، پیرەمێــردی لەمێژ نەبوو ڕوحی دابوو. وکی مەیتێ پیرەمێردیان هەگرت، لیرەکیان دیتۆ.

مەلای گۆ لیرەکەی بەخێر بدەنە مارە فەقیران..

ئەمیش لەوسەری هاتمۆ .. کارەکم دڕا و چم پێ نەبڕا..

# بەهمەن

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو، کەس لە پێغەمبەری خۆشەویستتر نەبوو، کەس لە شەیتانی ڕووڕەشتر نەبوو.

وارێن کابرێیاك هەبوو زۆر بێبەخت و ماروێران بوو، دەستی لۆ زێڕی بردبا ئەبووە خۆر. زۆر لەخۆ وەڕز ببوو، کەیفی بە چ ناهات.

ڕۆژەکی لەدەو ڕوبارەکی دانیشتبوو، دیتی ئۆ ئشتەکی وکی سندووقی بە ڕوباری دادێ.

وەی دنیا لەبە چاوی ڕەش ببوو، هە گێی نەدایێ .. سندوقی لە پێش تێپەڕی، گێی لە نووزە نووزەکی بوو.

تەنگاوبوو، غاریدا بەرایی لە سندوقی گرتۆ و خۆی هاویتە ناو ڕوباری. ئاوەکە هەند تیژەڕۆیی ماوەکی زۆری دەگەخۆ برد، بە هەزا حاری سندووقی گرتۆ. وکی هینێیا دەرێ سەری کردۆ، دیتی مندارەکی گەلەك جوان و نازدارە، لە سندوقی ڕا دیاربوو ئێ مارە پاشێیانە. جۆڕکە لیرەك و قاقەزەکی تێدا بوو.

وکی چاویدا قاقەزی، قۆرتەکی گەورەی لە بن دارەکی لێدا و سندوق و جۆڕکە لیرە و قاقەزەکەی دەناو نا و خۆری وەسەداوۆ. دەدرێ خۆیەگۆ بریا ئێکەکی دیی لێ ڕاست هاتبا. خەمێ خۆی نەبوو، ئەیگۆ ئەو مندارەش دەگەمە گرفتارەبی. ناچار مندارەکەی بردۆ ماری.

ژنی گەلەك لێ تووڕە بوو، گۆتی منداریخۆت گەلەك تێرکردینە، نۆبەتێ منداری بیژمۆتە.

کابرای گۆ ژنیێ برەك لە خوای بترسیێ، ئەو منداره چ گونەحی نینه.

بەهەر نەوعەکی بو، بە فەقیری و قورپەسەری دەگە منداریێ خۆی گەورەکرد.

کورەی قەت هەستی بە خۆ نەکرد کوریێ ئەو مارەی نەبی.

سار رۆیشتن سار هاتن، کور جوان و جحێر بوو.

کابرا نەخۆش بوو، پاریێ دەرمانانی نەبوو .. رۆژ بەرۆژ خراترەبوو.. هیویان لیێ دانا.

رۆژەکی بە تەنیێ بانگی کورەی کرد، گۆتی حار و مەسەلیێ توو وهێیە. جیێ سندووقی پێشاندا. کورەکەی زۆری زگ بەخۆ سۆتاوه .. پیاوەکەی گۆ ئەتوو هە کوریێ مەی، گۆتی ئەگە ئەتووش بەمە رازی نی سندووقەکەی جۆرکە لیرەکی تێدێیا، لۆ رۆژەکی وهەم لۆ هەگرتی، ئەتانی لۆخۆ وکی پاشێیان پیێ بژی.

کورەکەی چ قسە نەکردن، بەبیێ دەنگی رۆیی.

چوە سە روباری تێر لۆخۆ گریا.

شەویێ نەهاتۆ ..

برێکانی وەدوو راچوون، دیتیان ئۆ لەدەو روباری کەلەشەك کەتییە. وکی نێزیك بوونۆ دیتیان ئۆ برێیا وانە.

کورە گۆتیان ئۆ چاکەی لێرە بەو شەوەی.

چ قسەی نەکردن.

گۆتیانیێ هەستە بابچینۆ، گۆتی ئەمن نێیامۆ، ئەنگۆ برۆن.

چەندی کردیان دەگەییێیان نەچۆ. ناچار برێیاکی دەگە ماوۆ. زۆری قسە دەگا کردن ئەو هە بێدەنگ بوو، گەلەکی پرسیار لێکردن چ جوابی نادانۆ.

گۆتی بەس قسێم لۆبکە لە چ عێدزی؟ فەقیرین لۆییێ؟!

لەبە بابی درت توندە چونکە پارەی نییە عیلاجیێ خۆ پیێ بکە!؟

کوڕەکەی جۆڕکە لیرەی وەبیر هاتۆ. دەدرێ خۆی گۆ باشە ئەو پیاوە بەو فەقیریەی لۆ دەستی لۆ جۆڕکە پارەی نەبردیە.؟!

ئەوی بابەکەی گۆتبوو، کوڕەکەی لۆ برێیاکەی گێڕاوە. گۆتی ئەمن برێیانگۆ نیمە.

کوڕە گۆتی ئەتوو هە برێیامەی، ئەو قسانە چنە.

بە هەردووکانیان سندووق دەرینا، وکی کردیانۆ جۆڕکە لیرەك و قاقەزەکی تێدابوو.

بە هەردووکانیان قاقەز خیندۆ.

نویسرابوو، ئۆ کوڕێ پاشێیا تیتێیە، ئەوڕۆ پاشێیان کوشت، وەبی ئەو مندارە سەلامەت بی، هاویتنە ڕووباری، ئەگەر خوا مەیلی لێ بی بژی کەسەك بیگریتۆ، ئەو جۆڕکە لیرەش لۆ ئەو کەسییە ئەوی بەخێویەکە.

کوڕەکان هەردووك هێدم گرتی بوون.

کوڕێ کابرای وکی زانی ئۆ کوڕێ پاشێیا، زۆر بە شەرم و شکۆی قسە دەگاکردن.

کوڕە گۆتی ئۆلۆ وهەم قسان دەگاکەی؟ گۆتی هەستە بابچینۆ ماڕێ.

ئەو برێیای ئەوی دەوی وییێك ناکەتۆ لە زۆڕەویان، هەنکوەی نققە لێوە نێیا.

کوڕەکە وکی چۆ کن کابرای لەسە روحدانێ بوو. گۆتی مادام ئەو جۆڕکە لیرەت دیتبوو، لۆ بەو دەردە سەریەت ئەمە بەخێوەکرد؟

کوڕم گۆتی ئۆ پارێ تووە.

ئەگە دەتوێ بڕۆی بڕۆ گەردەنت ئازابی.

گۆتی کووت وهە بەجێدێرم. بانگی برێیانی کرد، گۆتی با ئەوە سڕ بی هەتا وەختی دێ، بەس بابچین چ حەکیم باشە ئەوی لۆ بینین.

حەکیمیان هینا، داو و دەرمانیان لۆ گرتنۆ، بەرا کار لەکار ترازابوو.

کابرای بانگی کوڕەکان کرد، گۆتی وەسیەت بی لەنۆ پاشیش وکی برێیان بن دەگە ئێکدی پشتێ ئێکدی بەرنەدەن. ئەنگۆ هەنکوە حەفت برانە، ئەگە ئێك بن کەسو زەفەرێ پێ نابا.

بەهەمان وەعدیان بە بابی دا بە کوڕە پاشاش ڕا. گۆتیان ئەمە قەت پشتێ ئێکدی بەرنادەین.

کابرا گرژیۆ و ڕوحیدا.

وکی تازی هەرگیرا، کوڕە پاشای برێیاکان خڕکردنۆ، گۆتی ئەز تۆرێ بابێ خۆ کەمۆ، ئەگە دەگەم بێن مەمنوونم، ئەگە نەشهێن هە مەنوونم.

گۆتیان کووت دەگە نێیان ئەدی ئەمە وەعدن بەبابی نەدێیا.

بەو پارێ هێیانبوو، چەك و تفاقیان کڕین، چوونە وراتی تیتێ. سبەینە بوو تەکبیریان وهەبوو هە دوو دوو بچنە ناو مەملەکەتی و هەئێکی بچتە لێیاکی بزانن لە وراتی چ باسە. شەوێش لە کاروان سەرێیا وکی خەرکی نەناس ئێکدی ببیننۆ.

هە ئێکە لە لێیا خۆ هەتا هێواری گەڕا و سووڕا، پرسیاریان لە هەموو شتییەکرد. هەموو خەرکەکە لە بەزوڵمێ پاشای وەرز ببوون و ئاخیان لۆ پاشێیا پێشی هەرەکێشان.

شەوێ ماندی و شەقی بە پستەپست قسێیانەکردن.

پاشای برادەرەکی مابوو، گۆتیان هەنکوەش گەلەك بە قەوم و قیل و بە دەستەراتە، گۆتیانە کوڕەکەی دەبی بچیە کنەوی.

مارەکێیان دیتبۆ. سبەی کوڕەکە چووە مارێ کابرای، لێنەگەڕان بچتە ژۆرێ.

لۆ ڕۆژێ پاشتر چۆوە، دیسان ڕێیان نەدا.

لە خۆ وەڕز بوو، گۆتی برۆ بابچینۆ هە فەقیرییەکە پیاوانەترە.

برێیاکی گۆ زوو وەڕز مەبە، خەرکەکە هەموو بە عەزرەت زەمانی بابێ توونـە، بزانن ئەتوو مای هەمووت وەگا کەون.

گۆتی سبەش هەڕۆ.

سبەی وکی چۆ، گۆتیان ئەتوو چت دەوێ؟ پیس و بێزەلەتـەکی وکـی تـوو چـیە ئێقەن بەرنادەی.

گۆتی ئەمن قسەکی گەلەك موهیمم هێیە، ئەگە ڕێم نەدەن بار و بە ملێ خۆ.

کوڕە گۆتیان ئەتوو چی هەتا قسێ موهیمت وێ بن..

ئێ گۆتی ئۆ ئەمن بەنگۆم گۆ.. ئەنگۆش کەیفێ خۆیتوو. ئەوڕۆشم ئیزن نـەدەن هەموو ڕۆژێ دێمۆ بەس هەنگی لێوخۆش نابم.

ئێکەکیان تێدابوو، زانی بەڕاستیتی، گۆتی وەرە ئەمنت ئیزنـەدەم. ئـەوانی دی کردە هەرا، گۆتیان میر توڕابی. گۆتی ئەگە تووڕەبوو با لەمن تووڕەبی.

چوە کن میری گۆتی کـوڕەك ئـۆ چـەند ڕۆژە دێ ئـەرێ ئیشـەکی مـوهیمم بـە میریە.

ئێ گۆتی ئیزنی دەن بابێ.

کوڕەکە چووە کن میری، ئەشترسا، بەس گۆتی چابی بابی لەوەی خراتر هەنابی چم لۆ بابێ خۆ پێنەکرێ.

میری دەوری قەرەبارغ بوو، کوڕەکەی گۆ میرم دەموێ بەتەنێ بت بینم .

هەمووی پێ پێکەنین، کوڕە گۆتیان چا نییە میر ڕێی دایێ بێیە ژۆرێ.

میری در هەند نەرم ببوو کو هەست بە ئشتەکی بکە.

هەتا هەنکوە کەس میر وهە نەدیتبوو.

کوڕەکەی بانگی کنەخۆ کرد، گۆتی برێ چت هێیە.

کوڕ بەبێ دەنگی قاقەزێ ناو سندوقیی وە میری داوۆ.

مەزانە وەختی خۆی ئەو بووە ئەو قاقەزەی نووسییە. چاوی پڕی ئاو بوون. بەس بەسە خۆی نەینا.

گۆتیە مێوانەکان، ئەگە ئیزن بی ئەمن دەگە ئەو کوڕەی ئەچمە ئەو دیوی.

هەمووی لەبە هەستان، زانیان ئشتەکی گەورە بووە. هەموو مەراق بوون.

میری لەو دیوی کوڕی دەباوەشێ گرت و گەلەکی ماچ کرد، گۆتی ئەتوو بەهمەنی؟

گۆتی ئەمن ناوم پیرۆتە.

گۆتی نا ئەتوو بەهمەنی، کوڕێ سەهەند پاشای تیتێی.

گۆتی دیارە پیاوەکی مەرد ئەتووی بەخێوکردیە.

کوڕەکەی تازەی هەست پێکرد بابەکە چەند مەرد و پیاو بووە. هەموو ژیانێ خۆی هاتۆ بەرچاوی، چاوی پڕی گریان بوون.

میری گۆ بەهمەن، ئەمنت لە پشتە بم هەتا ئەتکەمۆ پاشا. بەس گۆتی دەبی ئەتوو لێرەبی، نابی جارێ کەس بتبینی.

گۆتی میرم ئەمن شەش برام دەگە دانە.

گۆتی ئەتوو چ برات نینە، واز لە خەرکی بینە.

گۆتی نتانم، وەعدن بە بابێ خۆ دێیا.

گۆتی ئەتوو بابت پاشێیا تیتێ بوو، چ بابی دیکەت نینە.

گۆتی میرم ئەوانە بەڕوح دەگەمن هاتینە، پێشتریش قەت هەستم نەکردیە برێیامن نەبن. جێ سیقەینە، پێم خۆشە لە دەورم بن.

ئێ گۆتی با لە دەورت بن، بەس لەو ڕۆوە، بەحسی باب و برێیان نەکەی.

خۆی کڕکرد.

برێکانیش هاتنە قەسرێ میری، نێزیکی مانگەکی لەوێ وکی پاشێیان ئەژیان.

هەر هەندێیان زانی ڕۆژەکی لە مەملەکەتێ بوویتە هەرا و قەرەپەستانەك، هەر بابێیا غارەداتە کۆشکێ میری.

زۆر ترسان، برێیاکان هەریان کێشا شیری و دەوریان لە کوڕێ پاشای دا.

میر بەخۆ هاتە ژۆرێ گۆتی ئەو خەرکە هەموو لەبە توو هاتیە، ئەتو هەنکوە پاشێیا تیتێی.

گۆتی ئەدی پاشا؟ گۆتی تۆپاندیان.

میری بەهمەنی بردە سە جێیەکی برند بەرامبەر خەرکی، وکی خەرکی چاو وە بەهمەنی کەت، کردیانە چەپرە و کلیلیلی لێدانەك ئشتێ وەه نەبی.

میری تانجی لەسە سەرێ بەهمەنی دانا و گۆتی پایەدار بی بەهمەن پاشێیا تیتێ.. ئەویەگۆ خەرکی لەدووە گێڕاوە.

برێیاکان بابێ خۆیان وەبیر هاتۆ، ئای گۆتیان بابۆ بریا چاوەکت لێرەبا.

بەهمەن هاتۆ ژۆرێ، بانگی برێیاکانی کرد، گۆتی ئەمن لەسە وەعدێ خۆمە، ئەنگۆ لەسە وەعدێ خۆ ماینە؟!

گۆتیان ئەمەش لەسە وەعدێ خۆینە، بەرا نانوێ ببینە بار گرانی لەسەرەتوو. ئەما چینۆ وراتێ خۆ.

گۆتی ئشتێ وەه نییە.

گۆتیان ئەمە فکرن لەخۆ کردیتۆ.. ئەتو هاتیۆ سە ژیانێ خۆ، ئەمەش ئەچینۆ سە ژیانێ خۆ.

بەهمەنی گۆ ئەوەم دەگە مەکەن. زۆری دەگە حەولدان، فایدەی نەبوو.

گۆتی مادام وێیە هەندەك پارە و سامانی دەگەخۆ ببەن.

گۆتیان ئەمە پارە و سامانن ناوێ، بە ژیانێ خۆ ڕازین.

بەهمەن گریا، گۆتی بریا بابی ئەو سندووقە هاویتباوە ناو ڕوباری..

گۆتیان برام لۆ واریی، ئەتوو ئەورۆ برێیا هەموو کەسەکی ئاگات لە خەرکێ خۆ بی، گەلەکت نەبوونی و فەقیری دیتینە، ئاگات لە فەقیران بی.

برێیاکان ئێک ئێك دەستیان دەملێ بەهمەنی کرد و ڕۆیشتن.

ئەمیش لەو سەری هاتمۆ..

کارەکم دڕا و چم پێ نەبڕا.

# ساردۆن

هەبوو نەبوو کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە پێغەمبەری خۆشەویستر نەبوو، کەس لە عەبدی درۆزن ڕووڕەشتر نەبوو.

وارێن زەمانەکی زوو کوڕەك هەبوو، داکی دێو بوو بابیشی ئەجندەبوو، لۆ کارو کەسابەتێ هاتبوە مەملەکەتێ بەشەران.

ڕێی کەتە شارەکی گەورە، لایدا مارەکی، پیرەژنەکی لێ بوو، گۆتیە پیرەژنێ دەموێ لۆ خۆ ئیشەکی بکەم.

پیرەژنێ گۆ ئەمن لەمارێ پاشای کێرکەرم، مارێ پاشای قازەوانیان ڕۆییە، ئەگە دەتوێ پێیانەرێم وەرە لۆ خۆ ببە قازەوان.

گۆتی باشە. وەلا لۆ خۆ لەوێ بوە قازەوان، هەموو ڕۆژێ ڕەوە قازیەدانە پێشەخۆ لۆ سە ڕوباری و هێواری دەیهینانۆ.شەوانیش لۆ خۆ لە کۆریتێ دەگە قازانەنووست.

شەوەکی کیژێ پاشای لە کۆریتێ قازان شۆقەکی دیت، لێ چوە پێش گۆتی بزانم ئەو شۆقە چیە، وکی چاویداییێ دیتی ئۆ کوڕەکی گەلەك کۆك لە ناو قازان دانیشتیە، ئشتێ وهە جوان نیە.

سبەینێ زوو پێشی قازەوان قازان بباتە دەرێ خۆی دانوساند، دیتی بەس قازەوانە پیس و بێزەلەتەکەو قازەکان هاتنە دەرێ.

وکی ئەوان ڕۆیشتن چوو هەموو کۆریتی لیٚ نۆڕی، کەسی نـەدیتۆ. دەدریٚ خـۆی گۆ، لەوانێیە بە نیوەشەویٚ ڕۆیشتبی. لێی بووە مەراق، چەند شەوەکی بەو نەوعەی خۆی لیٚ دانوساند، هێوارانییەدیت بەس قازەوان و قاز ئەچـنە کـۆریتیٚ، شەوێشـی کەس نادیت بیٚ، هە ئۆندەیەزانی لە هیکوبەرۆ شۆق پێیابی.

ئاخیری زانی ئۆ قازەوانە خۆکاتۆ ئەو کوڕە کۆکە.

ڕۆژەکی چوە بەرایێ قازەوانی گۆتی دەبی بمهینی.

کچیٚ گۆتی ئەتو ئۆ چارێی، ئەتو لەکیٚ، پیس و پەرۆسەکی وکی من لەکیٚ.

گۆتی ئەمنت پیٚ رازیمە.

گۆتی ما شەرتەتووی، ما پاشا پیٚ بزانیتۆ کەورم ناکا؟!

گۆتی ئەتو هەقت نەبی ئەمنت بە خۆ تەکبیرەکی لۆکەم، ئەگە هەنەبوو، دەبـی هەرمگری. قـازەوانیش دەدریٚ خـۆ لـۆ کیژەکـەی شـێت ببـوو، بـەرا نـاوێرا خـۆ ئاشکراکە، چونکە ئەو داکی دێو و بابی ئەجندە بوو.

چەند ڕۆژەکی بەو نەوعـەی پێچـوو، کیژەکـەی چـەندی فکریـەکردۆ نێیـەزانی دەگەکیٚ بەحسی ئەو مەوزوعەی بکـە. بـانگی پیرەژنێـی کـرد، حـار و مەسـەلیٚ قازەوانی لۆ گێڕاوە، گۆتی کـوت هینایتـە ئێـرە، ئەوهەشـم عیلاجـەکی لیٚ بکـە ئەگەنا ئەتووش دەرەکەم.

پیرەژن تەنگاو بوو، گۆتی دەباشە دوسیٚ ڕۆژانم مۆرەتیٚ بدیٚ، ئـەمنت چـارەکی لێکەم.

گۆتی: باشە بەرا ناموێ زێتری پیٚ بچی.

پیرەژنیٚ گۆ باشە. هە ئێکسەر پیرەژن چوە سـە ڕوبـاری، چـوە کـن قـازەوانی، گۆتییٚ قەحپەشیر ی قەحپەباب، ئەتو چی لۆمن پێیابووی، ئەتو چ سـحرەکت لـەو کیژەی کردیە!؟

قازەوانی گۆ: بەخوای پلکیٚ ئەمن چ گونەحم نینە، ئەو بەخۆ وازم لیٚ ناینی.

پیرەژنیٚ گۆ قسیٚم لۆبکە ئەتو چی!؟ بەشەوان خۆ کەیۆ چ؟!

قازەوان ناچار بوو حار و مەسەلیٚ خۆی لۆ پیرەژنیٚ گیٚڕانۆ.

پیرەژن چۆوە کن کیژیٚ پاشای گۆتی ڕۆرە ئەتو ئەو کوڕەی لەبیرەخۆ ببۆ، ئۆ داکی دیٚو و بابی ئەجندیٚیە.

کیژەکەی گۆتە پیرەژنیٚ هە چ بی ئەمن هەقم نیە، نەتبینمۆ هەتا ئەو ئیشەی ڕیٚکنیٚخی.

پیرەژن گەڕاوۆ کن قازەوانی، دەستی بەگریانیٚ کرد، گۆتی ئەگە هەتا سیٚ ڕۆژی دی ئشتەکی بە ئشتەکی نەکەین ئەمیش دەرەکەن، ئەجە هەشیٚ کیٚندەر وەسەریٚ خۆ کەم!؟

قازەوانی گۆ ئەتو هەڕۆ ماریٚ خۆ، خەمیٚ من.

پیرەژنیٚ شەویٚ لە ماریٚ هە دە فکرو خیٚیاراندابوو، سبەی چوە کن ژنیٚ پاشای، گۆتی ئەریٚ ئۆکوە شازادەی نانیٚرنە بەر مار و میٚردان!؟

پیرەژن لە میٚژبوو دەگەواندابوو، لۆییٚ خۆشیاندەویست، و مەجالیٚ قسانیان دابویٚ.

ژنیٚ پاشای گۆ، چ بکەین، ئەو هەموو کوڕە وزیر و توجاڕەی دیٚنە داخوازییٚ بەکەس ڕازی نیە، بیدەینە کیٚ.

پیرەژنیٚ گۆ دەبی دری بەکەس وەنەبی!؟

ژنیٚ پاشای گۆ، چی لەکنەتو بەحس کردیە!؟

گۆتی نا هە لۆخۆ واریٚم.

گۆتی ئەدی کو بزانین؟

پیرەژنیٚ گۆ بە قسیٚ منەکەی بە پاشایەریٚی با بە نەوعەکی ئشتەکی لۆ

ڕێکبێخی، لەوانێ بە خۆ شەرمێ بکە بەحسکە.

گۆتی: عەیب و شوورەیی، کووی وەبرێمێ.

پیرەژنێ گۆ، پاشای گەلەکی خەرکی دنیادیتەی دێنە کنێ، گۆتی ئەوەزانی کوو عیلاجەکی بکە.

گوتی: ئوهە!؟

گۆتی: ئەرێ وەللا ئوهە، ئەدی کیژێویش نییە؟!

شەوێ ژنێ بە پاشای گۆ: ئەرێ دەبی لۆ کیژێ مە بە چ کوڕە وزیر و توجاڕان ڕازی نەبی؟!

پاشای گۆ: ئەتو فکرت لۆ چاچی؟!

گۆتی: ناوەلا بەرا ئەگە ئشتەکی وەبکەی ئەو کیژە کێی بەدرێ بی لۆ خۆ هەری بژێری.

پاشای حەکیمەکی گەلەك پیتۆری هەبوو، بانگی کردێ گۆتی: دەبی لۆ کیژێ من بە چ کوڕە وزیر و توجاڕان ڕازی نەبی؟

حەکیمی گۆ: بە قسێ منەکەی بانگەوازەکی ڕابێرین و سێ پرسیاران حازر کەین، برێین کێ ئەو سێ پرسیارانە بزانی پاشا کیژێ خۆیەداتێ.

ئەگە کیژێ تو چ کەسی هەبن، ئۆ جوابەکانی پێ رێ و ئەمەش ئەیدەینە وی.

گۆتی وەلا تەکبیرەکی باشە. بانگیان ڕاهێشت گۆتیان پاشای سێ پرسیار هەنە هەرکێی جواب داتۆ پاشا کیژێ خۆیەداتێ.

هە کێی هات پرسیارەك، یان هە هیچی نازانین.

قازەوان هات هەرسێ پرسیاری زانین.

پاشا زۆر توڕە بوو، بانگی حەکیمی کرد، گۆتی هەنکوە ئەمن چ برێم، بزانە ئەو چەتیمەی کو حێیای بردم.

حەکیم پیاوەکی گەلەك زیرەك بوو.

گۆتیە پاشای: پاشام خۆش بی  چ دریَ خۆ پیَ توند مەکە، ما لـۆ تـو فـەرقیَ کورِە وزیرەك و قازەوانەکی چیە، حەزێکەی نەك کورِە وزیر ئەیکەینـە وزیـر ئەجـە کیژیَ تویەدەینیَ.

گۆتی کو.

گۆتی بانگی ڕادێرین ئەرێن پاشای سیَ پرسیار هەنە ئەوی بزانی پاشا ئەیکاتـە وزیر.

گۆتی وەلاهی سەت ئافەرین. بانگیان ڕاهێشت گۆتیان پاشای سیَ پرسیار هەنە ئەوی بزانی پاشا ئەیکاتە وزیرێ دەستە ڕاست.

کەس نەزانی، بە قازەوانیان گۆ چوو جوابی دانۆ و بـوە وزیـریَ دەسـتە ڕاسـت. ئەجە کیژیَ پاشاشیان دێیا.

قازەوان کەتە ناو ناز و نیعمەتیَ.

ڕۆژەکی دری زۆر توند بوو، کیژیَ پاشای گۆ بەڕاسـتیم قسـیَ لۆبکـە، لـە کـیَ عێدزی؟!

گۆتی بە خوای لەکەس عێدز نیمە، بەرا گەلەکم غـەریبییَ داکـیَ خـۆ کردیـە، ئەوان گەلەك فەقیر و برسینە.

گۆتی ئەگە پێت خۆشە ئەچین سـەرەکیان لێـدەین و پـارەو زێڕەکـی زۆریشـیان لۆبەین.

کورِەکەی گۆ پێی ناویَ، ئەوان گەلەك دوورن لێرە.

کیژەکـەی هــە واز لێنــەینا گــۆتی ئـیلاو بـیلا ئەچـین سـەرەکیان لێـدەین. کورِەکەیەزانی ئەگە بیباتۆ لەوانێیە بیخۆن، بەرا دری ناهات وەبرێتە ژنیَ خـۆ حـار و مەسەلیَ دێوان ئەو هێیە.

ناعیلاج گۆتی باشە ئەچین، ئیزنیان لە پاشای وەگرت، بەرا پاشای نازانی داکـی

دێوە. وکی گەیشتنە مەملەکەتیٚ دێوان، ئەجە بە ژنیٚ خۆی گۆ دەبی گەلەکت ئاگا لە خۆ بی دەنا ئەتخۆن، گۆتی ئەمنت چارێمیٚ دەبی وەبکەی، گۆتی باشە.

ژنیٚ خۆی کردە دەرزی و دەبە ئێقیٚ کورتەکی ڕاکرد.

وکی چۆ ماریٚ داکی بەپیروەهات و دەباوەشێی وەرینا، گۆتی ساردۆن بە قوربانت بم ئۆ کو ئەمەت وەبیرهاتیتۆ.

گۆتی دایۆ ئەمن کووم ئەنگۆ لەبیرەچی، بەرا هەتا هەندەك پارەم ئیش کرد، ئەجە تورەگە لیرەکی وەداکیٚ خۆ دانۆ، داکی خەنی بوو.

گۆتی ساردۆن بۆنیٚ سونیانت لیٚ دیٚ، گۆتی دایۆ ئەدی ئەمن ئۆ چەندسارە لە ناو سونیان نیمە!؟

پیرە دێویٚ دە دریٚ خۆیدا گۆ ئەو بۆنە بۆنیٚ چەند ساران نییە، وکی ساردۆن نوست، چوە زگ جلکانی، وکی دەرزیی دیتۆ زانی ئۆ کیژە، وەلا کردیۆ بەشەر، کیژەکەی ساردۆن واگا هینا.

ساردۆنی گۆ دایۆ دەبی گەلەکت ئاگا لێبی ئەگەنا ڕۆم.

سوندی لۆ خوارد گۆتی چی لێناکەم.

پیرە دێو لۆی شێت ببوو، چوە کن خوشکیٚ خۆ، مەسەلیٚ ژنیٚ ساردۆنی لۆ گێڕاوە، گۆتی ساردۆنی سوند دایمە ئەمن چم پیٚ دەگە ناکریٚ، بەرا ئەینێرمە کنەتوو ئیزنی نەدەی.

گۆتی خەمت نەبی.

داکیٚ ساردۆنی گۆتیە بوکیٚ خۆ هەڕوە ماریٚ خوشکیٚ من بریٚ داکیٚ ساردۆنی لۆ سەرەدی ناردیمە.

ژنەکە پێشی بچی چوو بەساردۆنی گۆ، گۆتی ئۆ داکتەریٚ هەڕوە ماریٚ خوشکیٚ من سەرەدم لۆ بینە.

ساردۆنی گۆ وکی چووی بریَ  داکیَ ساردۆنی لۆ سوزگەزی ناردیمە، سوز گەز لە هۆدیَ پشتۆیە، وکی ئەو چوو، ئەتو لە پشت دەرکیَ کنە خۆ پڕدە سەرەدی و وەرۆ.

ژنیَ ساردۆنی چووە کن خوشکیَ دێویَ، ساردۆنی کو گۆتبوو، وەیکرد. خوشکە دێویَ مەنجەرەکی گەورەی وەسە ئاگری نابوو، بە حسابیَ خۆ ئەوڕۆ ژنیَ ساردۆنی لێنیَ، هەتا چوو کێرد و کارتیخی هینان، چ بووك لەویَ نەمابوو. ئەی گۆتی کۆرەبم کووم لەدەستچوو.

داکیَ ساردۆنی وکی دیتی بووکی بە خۆ و بە سەرەدی هاتۆ وەخت بوو شێت بی، سەت جونی دا خوشکیَ خۆ گۆتی ئۆکووی قورتارکردیە. داکە دێوی گۆتیە بووکیَ خۆ، بە خوای دەبی بچی سەرەدیَ گەورەم لۆ بینی، بە خوشکێم بریَ داکیَ ساردۆنی گۆ چیدیم ماندی نەکا. بوکیَ فەقیر زراوی چوو بوو، گۆتییە ساردۆنی ئەمن نەوێرم بچم، چاویَ پلکێت گەلەك بەترسن.

ساردۆنی گۆ، بڕۆ ئەمیشت دەگەدێم.

داکیَ ساردۆنی وکی دیتی ساردۆنیشی دەگا چی، وکی شێتانی هاوارکرد، گۆتی ئەتوو لۆچاچی.

ساردۆنی ئەزانی چی لەبن سەرییە، گۆتی لۆ دایۆ؟ ئەچم سەرەکی لە پلکیَ خۆدەم غەریبیم کردییە، نابی!؟

پیرە دێویَ دەستی بە پرتەو بۆریَ کرد. بەرا ساردۆنی گیَ نەدایێ.

ژنەکە زۆرەترسا، لەڕێی گۆتیە ساردۆنی دەبی هەنکوە بڕۆین.

ساردۆنی گۆ: هەنکوە نابی بەرا شەویَ هەردێین.

وکی چوونە کن پلکیَ، پلکیَ لەبە ساردۆنی چ پیَ نەکرا، ساردۆنیش هەندەك پارە و مارەی دانە پلکیَ، پلك خەنی بوو. شەویَ وکی داکە دێویَ خەولێکەت، ساردۆنی بالیفی لە جێخۆ داناو کوندە دۆشاوەکیشی لە جیَ ژنیَ خۆ دەبن جێی نا و هەراتن.

نیوه شەویٚ داکە دێو هەستاوە، گۆتی بە خوای کـورِم هــەمـوو ســوندم بــەتارن، ئەمن چیدیم خۆ پێڕاناگیریٚ، دەوی دەکوندەی نا هــەمـوو دۆشــاوی هەرمــژی، ئــەی گۆتی چما خینیٚ سونیان هەندە شیرن و بەتامە.

سبەینیٚ وکی دنیا ڕووناك بۆ، گۆتیە ساردۆنی دەهەستن، ئەو خەوە بوە چ؟

چ جوابیان نەبوو. وکی لێفی لەسە لابردن، شــێت و هــار بــوو، گــۆتی ســاردۆن ئەوەشت دەگە کردم. ئەمن هە ئۆندە دۆشاوەم مابوو، وەلا بە غاریان وەدوو کــەت، ساردۆن لەبە ژنیٚ خۆ نێیەتانی خۆش برِۆن، داکــە دێــویش هــە فرتکــەکی هەنــدی سەت شەقاوی وان بوو، وکی زانیان نێزیك بۆ، ساردۆنی کیژی کردە شاتان و خۆشی کردە لاولاو و خۆی تیٚ وەراراند. وکــی داکــە دێــو گەیشــتیٚ بــۆنی کــرد، لــە کــن دارەکەی ڕاوەستا، هە دەیویســت جێیــەکی شــاتانیٚ ببینتــۆ دەوی لێگیرکــا، بــەرا لاولاویٚ هەمووی داپۆشیبوو، داکە دێویٚ چ پیٚ نەما، ئاخــەکی هەرکێشــا، گــۆتی: حاردۆن ماردۆن، ساردۆنیٚ کارەدۆن.

یەعنی ئۆ حارنیە بەرا کار کاریٚ ساردۆنیە.

ئەجە گۆتی ساردۆن کورِم مادام ئــەتو ئــەو کیــژەت لــەمن خۆشــتر دەویٚ، بــرِۆ گەردەنت ئازابی، بەرا جارەکی دی نێیۆ کنە مە.

وکی داکەدێو وەدوور کەتۆ، ساردۆنی ژنیٚ خۆ کردۆ بەشەر و کەتنۆ ڕێــی، بــەرا هەرەترسان نەکو دێو بگەڕێتۆ.

بە هەر نەوعەکی بوو، گەیشتنۆ مەملەکەتیٚ خۆ، ئەوجار و ئەوجار نەچوونۆ

# هەقێیاتیێ شازادە عوسمانی(٧)

هەبوو نەبوو کەس لە خوای گەورەتر نـەبوو، کـەس لـە خۆشەویسـتی نـازدارتر نەبوو، کەس لە شەیتانی ڕووڕەشتر نەبوو.

ئەگێڕنۆ رێن لە وراتیێ موسرمانەتییێ پاشێیاك هەبوو، ئێك تاقە کوڕی هـەبوو، ناوی شازادە عوسمان بوو. پاشای هەندی در پیۆەبوو، لێناگەڕا وکی منداران لۆ خـۆ بچتە گەمان. لـەباتی بینێرتـە مەکتـەبیێ، مامەسـتای لۆگرتبـوون، دەهـاتن لـە مارێییان دەرس پیێ گۆتن. قەسرەکی گەورەی لۆ کردبوو، هەموو شووشەبەند.

شازادە عوسمان گـەورەبوو، کـوڕەکی لێدەرچـوو هەنـد نـازدار، هەنـد نـازدار، بنیادەمی لە دیتنێی تێر نابوو.

شەوەکی لەسەجیێ خۆ نووستبوو، پەنجەرە کرابۆ. دوو کۆتر هاتن لەناو پەنجـەریێ هەرنیشتن. وکی چاویان وە شازادە عوسمانی کەت، گۆتیان خالقی گەورە ئۆچـییە . گۆتیان وکی چل کەزییێ نازدارە.

مەزانە ئەو کۆترانە پـەری بـوون، گۆتیـان خـۆ لەکنەمـە بـە سـاناییە بابچـین چلکەزێی لۆ بینینە سە جێی.

وکی چوون چلکەزیش نووستبوو، مۆرییێ خـەوێیان لەسـە سـینگی دانـا وەبـی واگانیێ، ئەجە لەسە پەڕ و بارێخۆیان دانا و بردیان لە تەنشـت شـازادە عوسمانیـان درێژ کرد. بە خۆش چوون لەسە دارەکی بەرامبەر پەنجەریێ هەرنیشتن.

---

(٧) شوکریە عەزیز لە دایکبووی (١٩٣٩) ی دیانا، ئەم هەقایەتەی بۆ کێڕاینەوە.

وکی شازاده عوسمان واگا هات، دیتی ئۆ ئێکەکی لـه تەنشـت نووسـتیه. زۆری پێ عەنتیکه بوو.

لەو دەمیڕا چلکەزیش واگا هات. وکی ئـەو کـوڕەی لـه تەنشـتەخۆ دیـت، زۆر ترسا.

گۆتی ئەتوو کێی؟ گۆتی ئۆ چاکەی لێره!؟

شازاده عوسمانی گۆ، ئەتو چاکەی لێره؟

لێیان بووه دەنگه دەنگ، ئەویه گۆ ئەتوو هاتیه سەجێ من، ئەویدییـه گـۆ نـا ئەتوو هاتیه سەجێ من.

شازاده عوسمانی گۆ، بابچینه ئەو دیوی، ئەگه جلکێ ژنانی لێبوو، دیاره ئەمن هاتیمه، ئەگه جلکێ پیاوانی لێبوو، ئەتوو هاتی.

وکی چوونه ئەو دیوی، چلکەزیێ جلکێ پیاوان و شیر و تیری دیتن.

گۆتی دەبی ئەمن کوو هاتبمه ئێره!

شازادەی گۆتیێ ئەتوو کێی؟

گۆتی ئەمن چلکەزیمە، کیژێ قەڕاریێ فەڕەنگی.

شازادەش گۆ ئەمنیش شازاده عوسمانم.

ئەجه پێکوه دانیشتن، له جـوانییێ ئێکـدی تێـر نـابوون. عاشـقی ئێـك بـوون. ئەتگوستیلێیان گۆڕینۆ.

چوونۆ سه جێیان شیریان له بەینی خۆ دانا. خەویان لێکەتۆ.

وکی خەویان لێکەت، کۆترەکان هاتن مۆرییێ خەوێیان لەسه سینگێ چـلکەزییێ داناوۆ و لەسه پەڕ و باریێ خۆیان دانا و بردینۆ جێ خۆ.

وکی سبەینه داهات، شـازاده عوسمـان واگـا هـات، چـاویدا سـه جـێ خـۆ، چ چلکەزی دیار نەبوو. وکی شێتانی لێهات، ئەو سەر و ئەو سـەری قەسـریێ گـەڕا چ فایدەی نەبوو، چلکەزی ببوه پاریێ به نانی.

لەو لاش وکی چلکەزی واگا هات، ئەولا شازادە، ئەولا شازادە، چ دیار نەبوو.
دیتی ئۆ لە هۆدێ خۆیە. گۆتی هەبی و نەبی خەون بووە. بەرا وکی چاویدا دەستێ خۆ، ئەنگوستیلێ شازادە عوسمانی دە قامکی دابوو.
چلکەزی دەگە کیژەمامەکی خۆ بەتەنێ لەو قەسرەیەژیان. کیژە مامی ناوی خومچە بوو.
قەڕارێ فەڕەنگی ئەو قەسرەی لەناو بەحرێ دروستکردبوو، چ دەرکەشی نەبوون، لە ژۆرێڕا ڕێیەکی لە بن بەحرێ هەبوو، دەهاتۆ ناو قەسرێ قەڕاری. بەو نەوعەی کەس نێیەتانی بچتە کنیان.
چلکەزیێ حار و مەسەلێ شەوێی هەموو لۆ خومچەی گێڕانۆ، هەندی بەسە شازادەی دا هەرگۆ، خومچەش نەدیتی و نەناسی عاشقی بوو.
چلکەزیێ ڕۆژ بەڕۆژ لە تاوانی لاوازەبوو.
لەو لاش شازادە وکی شێتانی لێهاتبوو هە هاواریەکرد ئەیگۆ چلکەزی.
خەبەریان دا پاشای گۆتیان شازادە عوسمان هەر هاوارەکە ئەرێ چلکەزی.
پاشای گۆ بڕۆن چل کەزیانی لە مەحبووبان لۆ ببڕن لۆی ببەن.
وکی چل کەزیان لۆ شازادەی بردن، هەمووی فڕەدان، گۆتی ئەمن ئەوانەم لۆچنە، ئەمن چلکەزیم دەوێ.
نەجاڕەك هەبوو لە مەملەکەتێ، کورسیەکی دروستکردبوو، ئەیتانی پێ بچتە عاسمانێ، وکیدیش ئەچۆ ناو ئێك وکی دەفەکی لێدەهات و بە پیلی واکرا.
نەجاڕی گۆ ئەوەی پێشانی شازادە عوسمانی بدەم باشە لەوانێیە پارەکی باش پێبدە.
نەجاڕ چوو لە پێش قەسرێ سواری کورسیێ بوو و دە دەورێ قەسرێ سووڕا.
شازادە عوسمانی چاو وێکەت، پەنجەرەی کردۆ، گۆتیە نەجاڕی وەرە، ئۆ چییە وێت؟!

نەجاڕی گۆ شازادە ئۆ کورسییە ئەتانی هەموو دنێیا پێ بگەڕێی.
گۆتی ئەوە ئشتەکی باشە، گۆتی لۆ نافرۆشیە من، چەندت دەوێ هەقتەدەمێ.
گۆتی وەلا ئەتفرۆشمێ.
شازادەی کورسی کڕی، ئەجە پارەکی زۆر و تەعامێ حەفتەکی دەگە خـۆ بـرد، سواری کورسیێ بوو و وە هەوای کەت. بەس بـە شەوانیشــە ڕۆیـی وەبـی خـەرکی نەبینی.
هە ڕۆیی ڕۆیی، نێیەزانی ڕووی دەکێ دا.
رۆژەکی لەسە تەلانەکی نێزیك ئاواییەکی هاتبوە خوارێ. شوانەك بەوێداهات.
گۆتیە شوانی، ئەرێ مەملەکەتێ قەڕارێ فەڕەنگی لە کێیە؟
چییاکی پێشاندا، گۆتی لەپشت ئەو چییایە.
گۆتیە شوانی لۆ نێیای جلکان بگۆڕینۆ، پارەشت لەسا دەمێ.
شوان خەنی بوو. جلکیان گۆڕینۆ.
وکی شەو داهات، شازادە سواری کورسیێ بۆ چووە مەملکەتێ قەڕاری.
کورسیی کردە دەف و بە پیلێ خۆی وەکردۆ.
گۆتی خوێیا دەرکەکی بەخێرم لێ بکەیۆ.
چوو لە دەرکێ کۆریتەکی دا، دەنگێ پیرژنەکی هات، گۆتی کێیە بەو شەوەی؟
شازادەی گۆ ڕێو بارم,
گۆتی ئەمن حورمەکی بێ پیاو و بێ منــدارم، بـەتاقی تـەنێم، کـووت دەرکـێ لێبکەمۆ.
گۆتی بەداك و کوڕاتی.
پیرەژنێ وکی دەرکەی کردۆ ئەشترسا، گۆتی ئەجە ڕۆرە لۆ ناچییە جێیەکی دی.
شازادەی هەندەك لیرەی دە دەستێ پیرەژنێ کـردن، پـیرەژن خـەنی بـوو، گـۆتی دەوەرە ژۆرێ.

شەوێ شازادەی هە فکری لەك چلكەزیێ بوو.

وکی سبەینە داهات، شـازادەی لیرەکـی وە پیرەژنـێ داوۆ گـۆتی بـڕۆ هەنـدەك خواردنێ پێ بکڕە.

وکی نانیان خوارد، شازادەی دەستی بە پرسیاران کرد.

گۆتی هۆ داك ئێرە چ مەملەکەتە؟

گۆتی مەملەکەتێ قەڕارێ فەڕەنگییە.

گۆتی ئەدی چ کیژی نینە.

گۆتی بەدی کوو، کەس هێیە ناوبانگێ چلكەزیێی گێ لێ نەببی.

گۆتی ئەو چلكەزییە، بە مێردە، بە دەزگیرانە، چییە؟

پیرەژنێ گۆ، ما کەسیە بینی، بەستەزمانەی قەڕاری در پیس قەسرەکی لـە نـاو بەحرێ لۆ دروستکردیە، بە خۆ و بە کیژەمامێ خۆنە، کەسیان بەسە وەناچی.

شازادەی خۆی کڕ کرد. هەتا شەو داهات.

گۆتیە پیرەژنێ، جێمن لەسە بانی ڕابێخە.

گۆتی ڕۆرە ما ڕەق نابی لەسەرمان.

گۆتی ئەگە سەرمام بوو دێمۆ ژۆرێ.

شەوێ، وکی خەرك نووست، شازادەی دەف کردۆ و سواربوو، چووە سە بـەحرێ. قەسری لە دووری ڕادیت. چوو دە دەورێ قەسرێ سوڕا، چ دەرکـەی نـەبوون. چـووە سەبانی، لەوێی خۆ شۆڕکردۆ ك پەنجەرێ، پەنجەرەی کردۆ چووە ژۆرێ.

وکی چوو خواردن لەسە مێزێ داندرابوو، بڕەکی لێ خوارد، ئەجـە ئەنگوسـتیلێ چلكەزیێی لە بن سێنیەکی شاردۆ. چوو ماچەکیشی لە چلكەزیێ کرد ئەجە ڕۆیی.

سبەینێ وکی چلكەزی هەستا، چووە سە مێزێ، وەیزانی شەوێ خومچـەی نـان خواردییە، بەرا وکی سێنیی هەگرت ئەنگوستیلێ خۆی ناسیۆ، گـۆتی خوچـە ئـەو

شۆ شازاده عوسمان هاتیته ئێره.

گۆتی کوو هاتییه، گۆتی ئۆتته ئەنگوستیلێ ئەمن لۆم بە جێهێشتبوو.

گۆتی ئەدی کوو هەرینەستاندی؟!

گۆتی برێم چ.

قەڕاری پیره سحربازەکی هەبوو، هەموو ڕۆژێ فالییەگرتۆ، بزانی کەس نەچوویته ك چلکەزی و خومچان.

چووه ك قەڕاری گۆتی ئەوشۆ ئێکەك هەتا سبەینێ چلکەزیی ماچ کردیه.

قەڕاری گۆ دەبی لۆم ببینیۆ. گۆتی خەمت نەبی.

سحربازی گۆ هەبی و نەبی ئەو کەسە لەسە بانی ڕا چوویته ژۆرێ، چوو سەبانی ده قیڕی وەردا، قیڕ چ قیڕ، ئەتگۆ بنیشتە. هەچی پێوه بنووسێ بەرینادا.

چلکەزی و خومچە تەنگاو بوون، گۆتیان ئەوشۆ شازاده بێ، بە قیڕێ وانووسێ.

شەوێ بوونە حەڕەس، هە ئێکی لە لێیاکیان تاقیبەکرد.

وکی شازاده پێیابوو، بە هەردووکانیان هە ئێکی لە لێیاکیان پەڕۆك هەرەتەکاندن.

شازاده ویستی بێتە سەبانی پەڕۆکی دیتن. کورسیی هەستاندۆ. هەند بەتیژی دەهات، خۆی پێ نەگەڕاوە، بەرا پێخۆی برند کردن بەس لا کەوێیەکی بە قیڕێ وەنوو سا و پارچەکی لێ بۆ.

سبەی وکی ساحیر هات، پارچە کەوێی هەگرتۆ.

چۆوه. سنیەکی پڕی شەکەرات کرد و لە ناو شاریە سوڕا، شەکەرات، یەلە شەکەرات.

بە فێرێ شەکەراتی مار بەمارە گەڕا ، گەیشتە مالای پیرەژنێ، یەلە شەکەرات..

شازادەی ویستی ئشتی لۆ پیرەژنێ بکڕی، گۆتی کا وەره بزانم چت وێیە.

سنیی لەبەریَ شازادەی دانـا، بـە خۆشـی چـاویە گێـڕان. لـۆ کـەوێی بـەداریَ وەنەدیت! چوو پارچە قوماشی لە ك ڕاگرت هەو بوو.

فیتفیتەی لێدا، جەنـدرمان خـۆ هاویتـە مـاریَ کـابرای، مەزانـە جەندرمـەی دەگەدابوون. شازادێیان قۆر بەست کرد. بردیانە ك قەڕاری.

قەڕاری گۆ بیبەن لە سە بەحریێ بەرامبەر قەسریَ چلکەزێی لە سەری دەن.

هەتا ئەوان خۆ حازر کرد، شازادەی بە زەبری پارەی ئێکی ناردۆ ماریَ پیرەژنیَ، گۆتی دەفم لەوێیە لۆم بینە، لە سە بەحریَ بەرامبەر قەسـریَ چـلکەزییێم لـۆ لـەك کەرەکە بەردەکی دانیَ.

وکی شازادێیان برد، کابرای دەف لۆ لەویَ لە پەنیَ کەرەکە بەردەکی دانابوو.

گۆتیانە شازادەی وەرە سەریَ خۆ لەسە ئێرە دانیَ.

شازادەی گۆ، ئەمن موسرمانم، ئەگە ئیـزنم دەن، دەسـتنوێژەکی هـەرەگرم و دو ڕکاتە نوێژانەکەم، ئەجە ئەنگۆ چوو دەویَ وەبکەن.

ئیَ گۆتیان، بەس بڕەك زووبە.

شازادە چووە سە ئاویَ، ئەجە هاتۆ ك کەرەکە بەردی، کـەوێی لەبـەکرد. دەفـی لێککردۆ و سواربوو، چووە عاسمانیَ، چەنگە لیرەك وکەویَ خۆی لۆ هەردان، گـۆتی بڕۆن گۆلکەکی بگرن بکوژنۆ، کەویَ من دەخینیَ وەردەن، ببـەنۆ ك قـەڕاری بـرێن کوشتن.

گۆتیان هە وەبکەین باشترە، دەنا قەڕار لە باتی وی ئەما کوژی تۆ.

شازادە ڕۆیی، لە قەڕاری وابی کوژرا.

چەند شەوەکی پیێچوون، شازادە چۆوە ك قەسریَ چلکەزییَ، گۆتی ئەگـە دەگـەم دێی.

خومچەی گۆ ئەمیش دێم، ئەمن بەتەنیَ چ بکەم لێرە ؟ گۆتی هەرەشم کوژن.

گۆتی بەخوای ئەو کورسیە جیّ هەر سیّکانن نابی، بەس گۆتی ئیّك ئیّکوە بەم.
چلکەزیی برد لەسە چیێیاکی دانا، ئەجە هاتۆ دوو خومچەی.
ئەوهەی قۆناغ بە فۆناغ ئەگواستنۆ. ئـەواتیش پـارە و زیّـڕیّ خۆیـان دەگـەخۆ هینابوو.
وکی وەدوور کەتنۆ، گۆتیان ئەمە سەرمایتن.
چاویان گیّڕان، لە سە چیێیاکی دووریان شۆقیّ ئاگری دیت.
شازادەی گۆ ئەزەچم ئاگری دەینم.
سواری کورسییّ بوو، وەنەبوو بیّتە خواریّ لاچی ئاگری بخوازی، هـە لـە هـەوای ڕووبوە سەرکە بزۆتەکی. لەشوانی وابـی دەعبیّیـا، تیرەکـی گرتـیّ، لـە عاسمـانیّی بەسەرکە بزۆتۆ هینا خواریّ. ئۆ چلکەزی و خومچەشی وابینن. وکی بـە ئـاگرۆوە کەتە خواریّ. ئەی گۆتیان چاون کۆرەبن ، هەشن وەسەری بوو.
وکی شوانی گیّ لە دەنگیّ هاواریّ شازادەی بوو، عاریدا سەریّ، گۆتی لـە مـن وابی چ دەعبیّیاکی..
شازادە بە ڕوحیّ وەبـوو. هینایـە ك ئـاگری، جـوانی دە لیّفـیّ وەر پیّچـا، هـە بەوشەوەی بردیۆ ماریّ خۆ. چوو حـەکیمی لـۆ هینـا. برینیـان لـۆ تیمـار کـردن، شکستیان لۆ هەرینانۆ..
پاش سیّ چار مانگان شازادە کەتۆ سە پیّیان.
گۆتییە شـوانی دەبـی ئـەمن بـڕۆم، گـۆتی ئـەمن دوو حورمـەم لەسـە چـیای بەجیّهیّشتینە.
شوانی گەلەکی گۆ، نابی بڕۆی ئەتوو هیّشتا بە باشی چانەبووی.
گۆتی دەبی هەبڕۆم.
گۆتی دەنا ئەمیشت دەگە دیّم.

گۆتی ناوەلا مێ، بەرا هە وەختەکی لەدووم ناردی دەبی ئێکسەر بێی.
شوانی گۆ باشە.
شازادەی کورسیی لێ شکابوو. بەرا هێشتان پارە و مارەی وێ مابوون. وراغەکیان لۆ کڕی.
بە خۆ و بە شوانی دەستیان دەملێ ئێك کرد.
گۆتی وکی لەدووم ناردی، خۆ نەخافرینی ئێکسەر بێی ها.
گۆتی بێخەمبە.
سواری وراغی بوو.
بە دوعا
بە دوعا
شازادە چۆ سە چیای، جێ چلکەزی و خومچەی لێ بەجێهێشتبوون. هەموو گەڕا کەسی نەدیتۆ. گەیشتە سێ ڕیانەکی. دەمەکی ڕاوەستا نەێیەزانی کیهە ڕێی بگری. گۆتی خوێیا بە تەمای توو، چوە ڕێێ ناوەندێ.
هە ڕۆیی ڕۆیی، گەییە وراتێ کافران.
وکی دیتیان موسرمانەك هاتیە، خەبەریان دا پاشای. گۆتیان ئۆ موسرمانەکی قەحپەباب هاتیتە مەملەکەتێ.
گۆتی هەتکێ موسرمانەتییێ پێبکەن.
گۆتیان فەرمانتە.
چوون چ جێ پیسە بە شازادێیان خاوینە کردۆ، چ ئیش زەحمەت بوو بەو بەستەزمانێیانە کرد. کافران بە خۆ زگ پێسۆتاوۆ، ئێیانەگۆ ئەو کوڕە نازدارە ئێ ئەو ئیشانێیە.
شەوەکی شازادە چووە سەکانییێ، خۆی شوشت، هە لەوێ درێژ بوو، هەند ماندی و شەقی بوو، خەوی لێکەت.

سبەینێ دەگە تاریکو ڕۆنێ، کیژێ پاشای کێرکەرەکی هەبوو ناردیە سە کـانیێ گۆتی بڕۆ ئاوێم لۆ بینە.

کێرکەری دوو سعاتی حێچووبوون. وکـی هـاتۆ، کیـژێ پاشـای گـۆتی ئـۆ دوو سعاتە ئەتوو لەکێی.

گۆتی چت لێ بشێرمۆ، گۆتی ئەو کوڕێ موسـرمان. لەسـە کـانیێ نووسـتبوو، هەند نازدار بوو، لە تەماشێی تێر نابووم.

ئەی گۆتی داوەشێی، گۆتی یەعنی ئەتوو ئۆ دوو سـعاتە لـە دیـار ئـەو کـوڕی ئەوی هەتکێ موسرمانەتییێی پێکەن!؟

گۆتی لە بەتوو نەبا سێ شەو ورۆژانی لەدیارەبووم.

گۆتی ئەگە بەو نەوعەی بی وکی ئەتوەرێی، دەیهینمە کنە خۆ.

قاقەزەکی لۆ بابێ خۆ نووسی، گۆتی ئەو کوڕە موسرمانەم لۆ بنێرن ئەمنـە زانم کووی هەتکێ موسرمانەتییێ پێبکەم.

پاشای نازانی کوڕ هەندە جوانە. گـۆتی ئـەو کـوڕە موسـرمانەی لـۆ قەسـرێ شازادەی ببەن.

وکی کوڕیان لۆ شازادەی برد.

کوڕ چ کوڕ، کیژێ پاشای ئێکسەر عاشقی بوو.

کیژێ پاشاش لە جوانیان چی لە چلکەزی و خومچان کمتر نەبوو.

کیژێ گۆتە شازادەی: دەبی بمهێیە کنێ.

شازدەی گۆتی: ئەمن موسرمانم، ئەگـە بـە حـەراری نـەبی، لـە ترسـێ خـوای نەوێرم.

گۆتی: مادام وێیە، دەبی بمهینی.

گۆتی: ئاخر ئەمە دینن ئێك نییە.

گۆتی ئەجە چییە.

گۆتی: پاش ئەو هەموو هەتکەی ئۆ کوو ئەتوەدەنە من.

گۆتی: ئەدی چارە چییە؟

گۆتی: ئەمن ئیزن دە بابڕۆم.

گۆتی: ئەمن تازە بێ توو ناژیم، لۆتەمە موسرمان دەگە خۆم بە.

گۆتی ئەگە وەبی هەتا مایمە لەسە چاوێ خۆت دانێم.

تەکبیریان کرد، کیژەی گۆ، ئەمن هەموو دووشەمان ئەچمە سە زێی تۆ سەیرانێ. ئەجە گۆتی سبەی دوو شەمە، ئەتووش وەرە وێ، سواری بەلەمەکییە بین. دوو کوپە لیرەشی داگرتن، سەری بە ئاوێ تەماتێ داپۆشین وەبی کەس شك نەکا. گۆتی ئەو کوپە لیرانەش دەگە خۆ بینە.

سبەینێ کویان گۆ وێانکرد.کوپە لیرێیان سواری بەلەمی کردن. هەتا کیژێ پاشای خۆ لە دەستە خوشکان دزیۆ، بەلەم ڕۆیشتبوو. کوپە لیرەشی دەگە خۆ بردبوون.

ئەو دووشەمیان ڕیس لێ بۆوە خوری.

بەسەدا کیژێ پاشای نەخۆش بوو، پێشی دووشەم دابێتۆ ئەمرێ خوای کرد.

شازادەی گەلەك لۆ بەخەم بوو. گەلەکی لۆ گریا.

لەبە تازییێ کەس بەر وەوی نەبوو، گۆتی لۆخۆ هەرێم لە هەمووی باشترە.

چوە دەو زێی وکی بەلەمەك هات سوار بوو.

لەو بەری گەییە ئاوەدانیەکی گەورە. گەلەکی برسی بوو، چ پارە و مارەشی وێ نەبوون.

کابرای بەلەمی گۆ برام، لێرە مێوانخانەك هێیە، بەلاشە لۆخۆ هەڕوە وێ.

وکی شازادە چوو، نانیان دایێ. گۆتیان ئێرە حەمامیشی لێیە، ئەگە خۆ شۆی.

چوو خۆی شوشت و قەدە جلکەکە تازەشیان دانیٚ، دەبەی کردن.

ئەجە گۆتیان ئەوەش جیٚ، برِۆ لۆخۆ برِەکی پاردۆ.

سبەینیٚ وکی هەستا، گۆتیان برِۆ لیٚریٚهیٚ دانیشە هەتا خواردنیٚت لۆ دەینین.

وکی چوو سیٚ کورسی داندرابوون.

هە ئۆندەی زانی دوو کورِ پیٚیابوون، گۆتیان ئەتوو میٚوانیٚ مەی. دەگەی دانیشتن.

چ تەعام خۆشە هینیٚیان. وکی لەنانی بوونۆ، کورِەکان گۆتیانیٚ، ئەگە پرسیارەکت لیٚبکەین، بەراستین جوابەدەیۆ؟

گۆتی: بەراستی و جوابەدەمۆ.

گۆتیان ئەتوو شازادە عوسمان نی؟

گۆتی: بەریٚ وەللا هەوم. وکی هەمەتی دانیٚ گۆتی ئەمیش و پرسیارەکی لسیٚکەم، بەراستیم جوابەدەنۆ؟

گۆتیان ئەمەشت بەراستی جوابەدەینۆ.

گۆتی: ئەنگۆ چلکەزی و خومچە نینە، جلکیٚ پیاوان و دەبە کردیە؟

گۆتیان: بەریٚوەلا هەوین.

دەستیان دەملیٚ ئیٚك کرد بگرییٚ و بگرییٚ.

شازادەی گۆ باخەرکن لیٚ خرِ نەبتۆ.. هەستان چوونە ژۆریٚ.

ئیٚ گۆتی دە قسیٚم لۆبکەن، ئەنگۆ چوو بەسە هات، چاکەن لیٚرە؟

گۆتیان ئەمە دیتن وکی ئەتوو بەربوویۆ، سیٚ رِۆژانن تاقیب کردی، هاتینە ئەو جیٚش، بەرا بەس کورسییٚ شکان دیت. ئەجە هاتینە ئیٚرە، جلکیٚ پیاوان دەبەکردن. بۆندەپاریٚ ویٚن بوو، ئەو میٚوانخانەن بە خیٚریٚ تو دانا.

گۆتیان دە ئەتووشن قسیٚ لۆبکە، بزانین ئەتوو چت بەسەهاتیە.. کووت ئیٚرە دیتۆ.

شازادەش هەموو بە سەرهاتێ خۆی لۆ گێڕانۆ.

ئەجە گۆتی دەگەم وەرن بابچینۆ مەملەکەتێ مە، با چیدی لە وراتێ غەریبیان نەبین.

بانگی شاگرد و ماگردانیان کرد، گۆتیان ئەمە سەفەرەکن هاتیتە پێش، ئەگە هەتا مانگەکی دی هاتینۆ، ئۆ دێینۆ سە مار و مرکێ خۆ، ئەگە نەش هاتینۆ، هەموو لۆنگۆ بی.

چلکەزی و خومچەی هێشتا هە جلکێ پیاوانیان دەبە دا.

وکی شازادە لە مەملەکەتێ خۆ نێزیك بۆ، قاسیدەکی ناردە ك بابێ خۆ.

گۆتی برێ ئۆ شازادە عوسمان بە خۆ و بە دەزگیرانی دێتۆ. برێ گۆتی هە ئێکی سێ چا قەدە جلکانن لۆ بنێرن. قاسید بە خۆ و بەسێ چا وزیر و ژنە وزیران هاتن. لە ئاوەدانییەکی خۆیان شوشت و خۆیان گۆڕی. وکی گەیشتنۆ مەملەکەتی، دنیا هەستابوو، بە دۆر و زورنێیانیان چوونە بەراییێ.

سەرو نێشینم بە حەفت دۆر و زورنێیانیان، حەفت شەو و حەفت ڕۆژانیان کوتا.

پاشای دەرکێ خەزێنان کردنۆ، هەموو ڕۆژێیان سەت حەیوانە کوشتنۆ، هەموو خەرك دەعوەتێ پاشای بوو.

شازادەی بانگی خومچە و چلکەزیێ کرد، گۆتی ئەمن ئەو شوانێ بە هانێیام وەهاتبوو، کردیتمە برێیا خۆ، ئەجە کیهەی دەیوێ مێردی پێبکا؟

خومچەی گەلەکی حەز چووبوە شازادەی، بەرا گۆتی: ئەوی بەسەت هاتیە لەبە چلکەزییێت بەسە هاتیە، با چلکەزی لۆتوو بی، ئەمن مێردی بە شوانییەکەم.

چلکەزی خەنی بوو.

ئەجە شازادەی لە دوو شوانی نارد.

وکی قاسید چووە ك شوانی، گۆتی شازادەی گۆ بابێ.

شوانی خوشکی مردبوو، گۆتی وەی بریَ خوشکم مردیە.

قاسیدی گۆ: شازادەی گۆ هەرچی هەیبی با بەجێبێری و بیَ.

شوانی ئیزن لە خوشك و برێیان خواست. وەگە قاسیدی کەت.

وکی گەیینۆ جێی، دیتیان ئۆ خەرك چاوەڕیَ شوانییەکە.

شوانیان بە عەجەلە برد شوشتیان و جلکیان دەبە کردن، بردیان دەگە شـازادە و چلکەزییَ، لە تەنشت خومچێیان دانا.

ئەجە مەلا هات ژنی لیَ مارەکردن.

ئەمیش هاتمۆوە، کارەکم دڕا و چم پیَ نەبڕا.

# تۆبیٚ نەسووحی(٨)

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو، کەس لە عەبدی درۆزن ڕووڕەشتر نەبوو. جارەکی پیاوەك هەبوو ناوی نەسووح بوو، ئەو نەسووحە دموچاوەکی سپی و جوانی هەبوو، دەست و ئاماری هووردۆکە بوون، وکی جلکیٚ ژنانی دەباکردن، کەس نزانی کاخوە پیاوە.

نەسووح فێر ببوو، ئەچوە حەمامیٚ ژنان، لیفکەی لە پشتیٚ ژنانەدا، وێیانەزانی کاخوە ژنە. نیوەی ژنیٚ ئەوشارەی بەڕووتی دیتبوون. هەندەکجار پشێمانەبۆ، ئەیگۆ ئەو ئیشە قۆڕانە چنە ئەمنەکەم، تۆبێیەکرد، بەرا زووی تۆباشکاند و ئەچۆ حەمامیٚ، بەکەیفیٚ خۆ دەناو ژنانەسووڕا.

ڕۆژهاتن ڕۆژ چوون، گۆتیان لێیاکی چۆلکەن کیژیٚ پاشای دێتە حەمامیٚ.

وکی کیژ بەخۆ و بە کیژە وزیران هات، ئێك لێکی نازدارتر، لە لێیاکی جلکیان لەبەکردن، ئەجە گۆتیان ئێکی باشن لۆ گازکەن بابیٚ بنشوا. گۆتیان لە نەسووحن باشتر نییە، گەلەك لێزانە. وکی نەسووح چووە ناو کیژە پاشا و وزیران وەیزانی ئۆ لەناو حۆریانە، هەندی لیٚ خۆش هاتبوو. لە هیکڕا بووە مشەوەشی، گۆتیان کیژیٚ پاشای تاکە گوارەکی لیٚ بزربووە. ئەولا گوارە، ئەولا گوارە، گوارە لەچ لێیان دیار

(٨) ئەم هەقایەتە لە کتێبی مەسنەوی مەعنەویی مەولانا جەلالەدیینی ڕۆمی دا هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆرکەس گوێبیستی تۆبەی نەسووح بووە و هەقایەتەکەی نازانیٚ، بەپێویستمان زانی بەو شێوازەی گێڕانەوەیە، تۆماری بکەین.

نەبوو.  ساحێبێ حەمامێیان بانگکرد، گۆتیان هەنکوە تاکە گوارەن لۆ نەبیننۆ وای لەحارو.

ساحێبێ حەمامێ بانگی ژنێ خۆی کرد، گۆتی برۆ هەموو حەمامێ لێ بگەڕێ.

ژن هەمووی گەڕا، چ نەبوو. ئەوجارەی گۆتیان کەس نەچتە دەرێ هەتا بوخچە و جلکێ هەمان نەنۆڕین، وکی ناو بوخچە و جلکان گەڕان، چ نەبوو. گۆتیان ئەوی لێرێیە، دەبی هەمان ڕووت کەینۆ و ناو قالبێ هەمان بنۆڕین.

ژنیان ئێك ئێك دەینانە پێش، هەموو جلکیان لەبەرەکردن، ڕووت و قووت. نەسووحی خۆ لە قوڕنیچکەکی وێك هینابوو، زراوی چووبوو، گۆتی ڕۆژێ پێبچم ئەوڕۆیە. ئاخیر دەرکەی دەرکێ خوای بوو، گۆتی یاڕەبی، ئەمن چ چاو و ڕووم نییە لە دەرکێ توو بدەم، سەت جارم تۆبە کردیە و تۆبەم شکاندییە، گۆتی هەنکوەش لەتووم زێتر کەس نییە، گۆتی هەنکووە وەختی ئەوێیە خوێیاتیێ خۆ بکەی، گۆتی شەرت بی لەشەرتێ خوای بەس ئەو جارەم بەهانێیا وەرە، ئەگە ئەوجارەم تۆبە شکاند ئەتوو خراترم بەسە بینە. کەس لەوێ نەما، گۆتیان بەس نەسووح مێیا، وکی بانگیان کرد، قەرەمی شکان و کەتە گۆڕێ، گۆتی خوێیا خۆم تەسلیمی تو کرد، ئەتووش کەیفێ خۆیتت. وکی دوو کێرکەر ڕووبوونە بن پیلێ نەسووحی، ئێکەکی هاوار کرد، گۆتی ئۆتتە تاکە گوارە. مەزانە دەگە جلك لەبەکردنێ لە کراسی گیر بوو.

گۆتیانە خەرکی قسوورین عافوو کەن.

نەسووح لەو ڕۆژی وە، چاوی وە حەمامێ ژنان نەکەتۆ، تۆبەکی بەهەقی کرد، هەتا مرد هە خەریکی تەقوا و عیبادەتی بوو.

ئەمیش هاتمۆ کارەکم دڕا و چم پێ نەبڕا.

# فتنآ شەیتانی

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو، کەس لە خۆشەویستی نـازدارتر نەبوو، کەس لە عەبدی درۆزن ڕووڕەشتر نەبوو.

جارەکی لەجاران، شەیتانی ئاگا لە ئاواییەکی بڕابـوو، خەرکەکـە وکـی برێیـان پێکواژیان. نە خەمەك، نە خەفەتەك، نە هەرێیاك، نە گارەگـارەك، نـە قـڕڕە، نـە بڕڕە.. گورگ و مەڕی وێکڕانیان ئاوەخواردۆ..

شەیتانی خۆ وەبیرهاتۆ، بەعەجەلە خۆی گێیانـدە ئـاواییێ، چـاوی شـێلووبوون وکی دیتی ئۆ ئەو خەرکە هەموو دەکەیف و سـەیفێدان، کـەس دەگـە کـەس تـوڕە نییە، هەموو عالەمەکە سوندی بەسەرێ ئێکدییەخوا.

سەری هیناو برد، نێیەزانی کوو فتنەکی دروستکا..

گەڕا گەڕا، چاوی وە کەرەکی بەسترای کەت.

چوو پەتکی لەپێ کەرێ کردۆ، کەر بەرەلابوو..

مەزانە لەو دەمەش کەر برسی بوو، چووە ناو شـیناویێ مـارە جیرانـی، تـەڕ و هیشکی هەرلووشی، ژنە جیرانـی چـاو وەکـەرێ کـەت، لـەتاو شـیناویان شـێت و هاربوو، غاریدا بێرێ، بەهێز و قووەتێ خۆی بێرەك لەسەرێ کـەرێ دا، کـەر لـەوێ تۆپی..

لەو دەمیش ساحێبێ کەرێ ئاگـای لەژنەکـەی بـوو وکـی بیێـری لەسـەرێ ئـەو بەستەزمانەی دا، لەتاو کەرێ خۆ وکی شـێتانی لێهـات، هـە لـەدووریی دەسـتدا خوترمەکی و غاریدا ژنە جیرانی.

گۆتییێ هەی خوا نەناس، ئۆکووت درهات ئەو بیێرەی لەسەرێ ئەو بەستەزمانەی دەی؟

کابرای بەهەموو هێز و قووەتیێ خۆی خوترمەك لەسەرێ ژنێ دا و ژن کەتە ئـەو گۆڕەی.

حێیاتی لەبە بڕا..

لۆ مێردێ ژنێ چاو لێنەبوو، وکی کابرای جـیران بـە خوترمـەی لەسـەرێ ژنـێ ویدا..

وکی شێتانی لێهات، پڕیای تفەنگێ بـوو، کـابرای جیرانـی بـە قوربـانی یێـك فیشەکی کرد..

دەگە تەققێ تفەنگێ، خەرکی ئاوایی خڕبوونۆ ..

وکی چاویان وە مەیتێ کابرای جـیران و ژنـێ کـابرای کـەت، هـەردووك لـەوێ کەتینە، هە ئێکی فکری لۆ ئشتەکییەچوو..

قسە و قسەرۆك دە ئاوییێ گەڕا، کەس دین و ئیمانی وەبیر نەما.

لەو ڕۆژیوە لەو ئاواییەی کەس کەیف بەکەس نێیا، هـە دەمـێ لـە گەڕەکـەکی شەڕ و هەرێیا ..

# برادەرێ باش

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو، کەس لە پێغەمبەری خۆشەویستتر نەبوو، کەسیش لە عەبدی درۆزن ڕووڕەشتر نەبوو.

زەمانی خۆی دوو برا هەبوون، توجارێ مەملەکەتێ خۆ بوون، ئێکی ژنەکییان هینا، برێیا گەورە کوڕەکی بوو و برێیا کچکەش کیژەکی بوو.. پاش بەینەکی برێیا گەورە ژنی مرد، هەندی خۆشدەویست، لەبە وی چ ژنی دیی نەینانۆ، برێیا کچکەش تووشی نەخۆشییەکی بوو، دەردی زۆرگران بوو، ئێیانگۆ دەردێ مردنێیتی..

ڕۆژەکی برێیا گەورە چووە کن برێیا کچکە، گۆتی ئەمە سەروەت و سامانەکی گەلەك زۆرن بەسە ئێك وەنێیا، هەتا هەنکوەش مارن لێکنەکردییە، خوا کوڕەك و کیژەکی دایتەمە، ئەمنەرێم با کیژێ توو لۆ کوڕێ من بی، هەم ئاگێیان لێکەبی و هەم کەسی بێگانەش نێیاتە سە میراتێ..

برێیا کچکەش ئەیزانی زۆری لە دنێیا نەمێیا، گەلەکی قسێ برێیاخۆ پێ پەسند بوو، گۆتیێ ئەتو کوەرێی با وەبی ..

برێیا کچکە مرد، تەقدیرێ خوای وهەبوو پاش بەینەکی ژنیشی مرد، ماوە کیژ بەتەنێ..

مامەکەی کیژ بردۆ کنەخۆ.. بە ئەمرێ خوای زۆری نەبرد برێیا گەورەش ئەمرێ خوای کرد، مانۆ ئامۆزا و دۆتمام.

برێیاکان برادەرێ باشیان هەبوون، پشتێ کوڕەیان گرت، کوڕەش بەخۆ زۆر زندی

بوو، ڕۆژبەڕۆژ سەروەت و سامانی زێترەبوو.. ناوبانگی گەییە مەملەکەتان ..

توجارێ مەمەلەکەتانی ببوونە برادەر، بەرا ئێکەکی لەوان زۆر ببوە برادەر، ئێکدییان زۆر خۆشدەویست..

ڕۆژەکی کوڕەکەی، برادەری دەگەخۆ بردۆ مارێ، وکی برادەری چاو وە کیژێ کەت، وەیزانی ئۆ خوشکیتی، گۆتییە کوڕەکەی دەبی خوشکێ خۆم بدەیێ.

کوڕەکەی گۆ، خوشکم نیە کیژەمامیتم.

برادەری گۆ، کیژە مامیشت بی ئەمن دەموێ..

کوڕەی بەخۆ زۆری چاو لە دۆتمامێ خۆ بوو، بەرا دەدرێ خۆیدا گۆتی، با پرسەکی پێ بکەم بەرکی ئەوی در لەسە من نەبی!؟

چوو بە کیژە مامی گۆ: گۆتی ئەو مێوانە توجارەکی گەلەك دەورەمەندە، گەلەکیش برادەرێ منە، هەتا برێی کوڕەکی بەدر و بە پیاوەتییە، ئۆ داخوازیێ توم لێکە، ئەجە ئەتوو چارێی؟!

دیاربوو کیژەمامیش دری بە مێوانی وەنووسابوو، گۆتیە ئامۆزای ئەگە ئەتوو ڕازی بی، ئەمیش ڕازیمە.

ئامۆزای ئەو جوابەی زۆر پێ نەخۆش بوو، بەرا گۆتی مادام ئەوی ئەوهەی در پێ خۆشترە، با ئەمنی نەبمە ڕێگر..

چۆوە کن برادەری گۆتی: پیرۆزی ئێك بن..

زۆری نەبرد، برادەری ژنێ خۆی گواستۆ.. ماوە ئامۆزا بەتەنێ..

کوڕە ڕۆژ بەڕۆژ لەتاو کیژێ مامی دنیای لێ وێکدەهات .. تاقەتێ تجارەتێی ناما، دەستی لە دنێیا بەردان، هەتا وەیلێهات هاتە سەر ساجی عەلی..

گەلەك پشێمان ببۆ کیژەمامی لە قیسەخۆدابوو.. هاتە سەری بچی برادەری بکوژی و کیژەمامی بینتۆ..

سەریٚ خۆی هەگرت، چووە مەملەکەتیٚ برادەری.

بە سەر و سۆراغانی قەسریٚ برادەری دیتۆ، چوو لەدەرکەیدا، گۆتییە دەرکەوانی، بە ساحیٚب ماری بریٚ، فران کەس هاتییە..

پاش بەینەکی دەرکەوان هاتۆ، گۆتییە کورەی، ساحیٚب ماری نایویٚ بیٚیە ماریٚی ..

کورەکە هەندەی دی پشیٚمان بۆ، گۆتی ئەمن چم دەگە خۆ کرد ؟!!

مەملەکەتی بەجیٚهیٚشت .. لە سە ریٚیەکی لەبن دارتووەکی گەورە دانیشت، فکری لە حاریٚ خۆ کردۆ، دیتی ئۆ دووکەس لۆکنەوی دیٚن.. سەلامیان لیٚکرد، ئەویش سەلامی جوابدانۆ..

گۆتیان ئەمە لەسە ئەو سندووقە زیٚرەن لیٚ بوویتی کیٚشە، ئەمنەریٚم ئیٚمنە، ئەوەشەریٚ ئیٚمنە، بەرکی ئەتوون دارەکی وەبەینیٚ دابینی، ئەتوو کووت گۆ ئەمە رازین..

چەندی هیناو بردی نەیزانی کوویان شەرعیٚ لەبەینیٚ بکا، گۆتی ئەجە لۆ وکی بریٚیان لەبەینی خۆ بەش ناکەن؟!

ئیٚکی گۆ مادام ویٚیە ئۆ ئەمن پشیٚ خۆم داتوو، ئەویدیش گۆ دیارە ئەمن لەتوو کمترم، گۆتییە کورەی کاکە ئەمیش پشیٚ خۆتەدەمیٚ .. بەهەردووکانیان سندوق لۆ کورەی بەجیٚهیٚشت..

چەندی بانگی کردن گۆتی وەرن سندوقیٚ خۆ ببەنە کن ئیٚکەکی دی، جوابیان نەداوە..

کورەی وکی سەریٚ سندووقیی هەرداوە پری لیرە بوو.. دەدریٚ خۆی گۆ بابگەریٚمۆ مەملەکەتیٚ برادەری، شەرتبی دەبی دەستی لیٚ بستینم..

چوو دەستی بە تجارەتیٚ کرد، هەر زوو کۆمەرە خەرکەکی شارەزای لیٚ پیٚیابوون،

ئیشەکی باشییان لۆکرد، زوو دەورەمەند بوو، کیهە کۆشکێ برادەری لە هەمان گەورەتر بوو، لۆیان کرِی، ناوبانگی دەرکرد، بەر و مەجریسی قەرەبارِغ بوون، بووە ئێکەم توجارِێ مەملەکەتی..

رِۆژەکی پیرەژنەکی هاتە کنێ، گۆتی کورِم ئەتوو لە هیچت کم نییە لە ژنەکی نەبی، ئەجە بخوازە کێت بەدرێیە با لۆت بچمە داخوازیێ..

کورِەکەی گۆ ئەمن کەسم بەدرێ نییە پیرەداك، ئەجە هەندەك پارەیدا پیرەژنێ، پیرەژنێ گۆ ئەمن حەوجەی پارەی نیمە، بەرا ئەگە وکی داکێ خۆم قبوورکەی، ئەمن چ جێ و رِێم نینە، لە کنەتووە مینێمۆ .. کورِەکەش وکی چاویدا پیرەژنێ، پیرەژنەکی خاوین و باوین، وکی داکێ خۆی هاتە پێشچاوی، غەریبیی هەستا، دەستی دەملێ پیرەژنێ کرد، گۆتیێ لەورِۆوە ئەمە داك و کورِ..

ئەو بەینەی پیرەژنێ ناوبەناو بەحسی کیژێ فلان و فلتانی لۆکرد، هە دەیویست زووی ژنەکی لۆ بینی، بەرا کورِەکەی دری بەکەس نابۆ.

پاش بەینەکی، پیرەژنێ کورِی دەگەخۆ بردە سە شاییەکی، کورِی لەوێ چاو وەکیژەکی جاحێر کەت، گۆتی: دایۆ دەبی ئەو کیژەم دەنێ؟! گەلەك کچکێیە، بەرا گەلەکم حەز چوویتێ..

گۆتی: خەمت نەبی ئەمنت لۆخوازم.

کیژی بە ئاسانی لۆ خواست.

رِۆژێ گواستنەوێ، حافلەکی گەلەك گەورێیان لۆکرد ..کورِەکەی هە چ پیاوی گەورە گەورە هەبوون، هەمووی لە قەسرێ خۆ دەعوەت کردن.. ئەنواعی تەعام دانرابوون، ئۆندێ لەبەریان ماوە، هەموویان بەسە فەقیران دابەشکرد.

وکی حافلە تەواو بوو، خەرکەکە رِۆیشتن، کورِەکەی ئێکەکی دیت لە قوژبنەکی

خۆی کڕکردییە، هەرناستی.. چووە کنی، وکی دیتی ناسیۆ، کەونە برادەری بوو، ئەوی کیژەمامێ خۆی دابووێ .. زۆر توڕەبوو، گۆتی ئۆ چاکەی لێرە؟! زوو بڕۆ هەتا نەمکوشتی؟

برادەری گۆ: ئەمن لێرە ناڕۆم، ئەمن برادەرێ توومە، دەموێ لە خۆشییانت دەگەدابم.

کوڕەکە هەندەی دی تووڕەبوو، گۆتی: پیاوی درۆزن، ئۆ چونکە هەیتم لۆیێ ئەوهە بویۆ برادەر؟! ئەدی ئۆلۆ وکی بە فەقیریت هاتمە پێش دەرکێ، خۆت پێشان نەدام و دەرت کردم ها؟!

برادەری گۆ: وکی ئەتوو هاتی، ئەمن کۆمەرە برادەر و توجاڕەکی گەورەم لەکن بوون، ئەمن پێشتر هەندم مەتحێ توو لۆ کردبوون، وکی هاتم بتبەم ئەتووم بەو نەوعەی دیت، گۆتم با لەبەچاوێ برادەران بە درۆزن دەرنەچم، ئەتووش بەو نەوعەی نەناسن، لۆیێ لێنەگەڕام بێیە ژۆرێ، لۆییێش لێنەگەڕام جارەکی دی بێیۆ مارێم، گۆتم با کیژەمامت وهە بە فەقیریت نەبینی..

گۆتی ئەو دوو کەسێ سندوقێ لیرانیان لۆ هینای، ئۆ برێیامن بوون، ئەمن ناردبووم، ئەو خەرکێ هاتن ئیشیان دەگە کردی، ئەمن لۆم ناردبووی، هەتا زوو دەورەمەندبی، ئەمن گەورەترین قەسرێ خۆم فرۆتییێ، ئەو پیرەژنێ خۆی کردە داکێ توو، ئۆ داکێ من بوو، ئەمن ناردبووم، ئەو کیژێ ئەوڕۆشت هینا، ئۆ خوشکێ منە ..

ئەجە دەستییان دەملێ ئێککرد، ئۆندێ مێیانبوو، بەخۆشی دەگە ئێك ژیان..

ئەمیش کارەکم دڕا و چم پێ نەبڕا..

# خەون

هەبوو نەبوو کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە پێغەمبەری خۆشەویستر نەبوو، کەسیش لە عەبدی درۆزن ڕوڕەشتر نەبوو.

ئەگێڕنۆ ئەرێن لە مەملەکەتەکی پاشێیاك هەبوو، ئەو پاشێیا گەلەك دە خەمێ مەملەکەتێ خۆدا بوو، خەرك هەموو دەخۆشییێ دابوو، وکی کابرای گۆ گورگ و مەڕان پێکوە ئاوەخواردۆ. شەوەکی خەونەکی گەلەك نەخۆشی دیت، دری زۆر ترسا. بانگی ڕاهێشت ئەوی خەونێ پاشای لێکداتۆ، بە سەت لیرە زێڕی خەراتەکرێ.

هەر بابا بوو بە نەوعەکی لێکەداوە، بەرا پاشای قسێ کەسی ناکەتە درێ.

ڕۆژەکی کابرێیاك لەو چیاو چۆلەی داریە بڕین، لەبن تەڕاشەکی مارەکی ڕەشی لێ پێیا بوو، گۆتیە کابرای لۆ لۆخۆناچی خەونێ پاشای لێکدەیۆ و سەت لیرەی لۆخۆ وەگری، لەو ماندی بونیەی باشتر نییە؟!

کابرای گۆ بریا بزانیبا، لۆخۆ لەو داربڕین و شەکەتیەی نەجاتە بوو.

ماری گۆ، ئەگە ئەمنت پێ برێم، نیوەی لیرەکانەدەیەمن.

گۆتی ئەرێوەڵا مەمنوونیشم.

ماری گۆ بڕۆ بڕێ پاشای لەنۆپاش خەرکێ وی لێکدی وەفێرەکەون، ئەو خۆشەویستی و برێیاتیە نامینێ.

کابرای دار بە جێهێشتن، غار لۆ قەسرێ پاشای.

لە دەرکەی گۆتیان کێواچی؟
گۆتی ئەچمە کن پاشای خەونێی لۆ لێکەدەمۆ.
کوڕە گۆتیان دەلاکۆ هەتیم، ئەو هەموو حەکیم و ساحیرانە هاتینە پێیان لێک نەدرایتۆ، ئەتو بەتەمای بچی لۆی لێکدەیۆ!؟
گۆتی کاکە خۆ بە هەندێ نییە.
ئێکی لە حەڕەسەکان گۆ بابچی لێیگەڕێن.
وکی کابرای خەون لۆ پاشای لێکداوە، پاشای ئێکسەر جوابەکەی بە درێ وەنوسا، گۆتی ئێوەی تەواوە، بڕۆن سەت لیرەی دەنێ.
وکی کابرای لیرێ خۆ وەگرتن، نەچۆ کن ماری، لیرەکانی بردنۆ مارێ، وەبی مار شك نەکا سبەینێ چۆوە داران، جێ جاران.
مار پێیا بۆ، گۆتی ها چت کرد؟!
گۆتی خەونەکە وەنەبوو.
ئێ گۆتی دەباشە، خشیۆ ناو تەڕاشان.
کابرای واز لەدار بڕینێ هینا، وکی پاشێیان لۆخۆ ژیا، دەورەمەند ببوو.
عەیامەکی پێچوو، پاشای خەونەکی دی دیت.
بانگیان ڕاهێشت ئەوی بزانی خەونێ پاشای لێکداتۆ دووسەت لیرەی زێڕیەدەنێ.
کابرای جلکێ کەون دەبەکردنۆ، بە خۆ و بە کەرێ وە تەلانی هەرگەڕا، چۆ جێ ماری، لەوێ دەستی بەدار بڕینێ کرد.
سێ چارۆژان بەو نەوعەی لە ماریە گەڕا.
مار لەبن تەڕاشەکی پێیابۆ.
کابرای گۆتە ماری دەبی خەونێ پاشای چ بی؟!
ماری گۆ ئەگە لیرانم دەگا کێیە نیوە پێتەرێم.

گۆتی شەرت بی دەگەت بکەمە نیوە بەس ئەتو پێم بریٚ.

گۆتی بڕۆ بە پاشای بـریٚ خـەرکیٚ وی وکـی گورگیـان لیٚـدیٚ، ئـەمن و ئـەمان نامینیٚ.

وەلا کابرای کەر و بار بەجیٚ هیٚشتن، غار لۆ قەسریٚ پاشای.

وکی لە دەرکەی چاویان وەکابرای کەت گۆتیان بڕۆ.

کابرای گۆتە پاشای، پاشام خۆش بی خەرکیٚ توو وکی گورگیان لیٚدیٚ، ئـەمن و ئەمان نامینیٚ.

پاشای گۆ ئەوە تەواوە، بڕۆن دووسەت لیرانی دەنیٚ.

کابرای وکی دووسەت لیرە وەگرت، سەتی لۆ ماری جودا کردۆ، گـۆتی بـا لـۆی ببەم، لە ڕێی فکریە کردۆ، ما مارەکی حیز چـیە شـەرتی دابیتـیٚ یـان نـا، وکـی گەیشتە نیٚزیك جیٚ ماری گۆتی وەلا هە ئەی کوژم لە کۆریەکەمۆ.

وکی مار هاتە دەریٚ گۆتی کا سەت لیریٚ من؟

کابرای دەست دا گاشە بەردەکی و ڕایوەشاندیٚ، مار چۆ ناو تەڕاشان و بزربوو.

کابرا بە خۆ بە دوسەت لیرەی گەڕاوە.

ماوەکی دی پیٚچوو، پاشای خەون دیـت، بانگیـان ڕاهیٚشـت ئـەوی بزانـی ئـەو خەونەی لیٚکداتۆ چارسەت لیرەی زیٚڕیەدەنیٚ.

کابرا لە خەمان وەخت بوو شیٚت بـی، گـۆتی ئەگـە ئـەمن سـەت لـیریٚ مـارم بداباییٚ، هەنکوە بیٚ منەتەچومۆ کن ماری، بەرا کـیٚ ریٚ ئـەوجارەی پیٚموەنـادە و نامکوژی.

چەند ڕۆژەکی بەو ترس و لەرزەی ماوە، ئاخیری گۆتی هەبچم باشترە ئەگە پیٚشم وەدە لەو حارەی باشترە.

چۆ جیٚ ماری، گازی کرد، گۆتی ماریٚ ڕەش گەلەك پشیٚمانم، ئەمن کـرد ئـەتو

نەکەی، شەرت بی لە شەرتیٚ پیاوان ئەو جارەشم پیٚ بریٚ خیانەتیٚت لیٚ ناکەم.

مار هاتۆ دەریٚ گۆتی برۆ بە پاشای بریٚ، خەرکت وکی جاران باشە بیتۆ، ئەمن و ئەمان و خۆشەویستی وئەگەڕیٚتۆ ناویٚ.

کابرا چوو، وکی لە دەرکیٚیان دیت، غاریاندایی گۆتیانیٚ ئۆ چەند ڕۆژە ئەمە لەتوە نۆڕین.

گۆتیە پاشای پاشام خۆش بی ئەتو خەرکت وکی جاران لیٚدیٚتۆ، ئەمن و ئەمان و خۆشەویستی و ئەگەڕیٚتۆ ناویٚ.

پاشای گۆ چارسەت لیرانی دەنیٚ.

کابرای وکی چارسەت لیرەی وەگرتن، ئیٚکسەر لۆ کن ماری چوو، لە ڕیٚی گۆ دەبی ئەمن پەنجای جاریٚ ئیٚکەم و سەتی جاریٚ دوەمیشی ویٚدەمۆ.

پەنجا لیرەی لۆ خۆ گیٚڕاوە و باقی لۆ ماری دە تورەگەی هیٚشتۆ.

بانگی ماری کرد، گۆتی قسوریم عافو کە، ئۆ پەنجای جاریٚ ئیٚکەم و سەتیٚ جاریٚ دوەمیشم لۆ دەگە نایۆ.

مار پیٚکەنی، گۆتی ئەمن لیرەم لۆ چنە لیرە لۆتو باشن، گۆتی خەتای تو نەبوو، ئیٚکەم جار خەرك لیٚکدی وەفیٚرکەتن، ئەتوش فیٚرت لە من کرد، جاریٚ دوەمیش خەرك وکی گورگیان لیٚهات و ئەمن و ئەمان نەما، ئەتووش ویستت ئەمن بکوژی، ئەوجارەش خەرك باش بۆ، ئەتووش باش بویۆ.

برۆ خوات دەگەبی .

# ئاسینگر

هــەبوو نــەبوو کــەس لــەخوای گــەورەتر نــەبوو، کــەس لــە پێغەمبــەری خۆشەویستتر نەبوو، کەس لە عەبدی درۆزن ڕووڕەشتر نەبوو.

کابرێیاکی پیر هەبوو، لە سووچێ کۆرانەکی، تکانێ ئاسینگرییێی هەبوو.

کابرێیاکی کڕ و بێدەنگ، ڕۆژ تا هێوارێ ئاسنیەکوتاوە، ئەوی عەنتیکـە بـوو، کابرای ئاسنێ سۆرکراوەی بەدەستییە گرت. ئـەوی بەچـاوێ خـۆی نـەدیتبا بـاوڕی نــاکرد. هەندەکانــەگۆ لــە مێــژە و ئیشــەیەکا، هەندەکانــەگۆ دەســتی خاراینــە، هەندەکانە گۆ ئۆ وەلییە. هە ئێکی قسەکییەکرد.

کابرێیاکی جیرانیان هەبوو، ئەویش پیاوەکی گەلەك بەدین و بە تەقوابوو، چـووە کن ئاسینگری، گۆتی ئۆکووەتانی، ئاسنێ سۆرکراوە ئەوهە بەدەستی بگری؟

گۆتی هەنکوە ئەمن وکی توو بگرم، هەتا سە هێسکانم دەستەسۆتێ.

ئاسینگری گۆ: زۆری دیش ئەو سوئالێیان کردییە، گۆتی بەسەمن دامنێیا ئـەو سرەی دەگەخۆببەمە بن گری.

کابرا، چەند جارەکی چوو و هات، هە ئەیگۆ مەراقم کردییــە، هــەموو دەمــێم فکر لەسە هەندێیە.

گۆتی تخوا ئەگە قسێم لۆ نەکەی؟

ئاسینگری گۆ: هەنکوە سەلام و عەلێك

گۆتی وەعەلیکەسسەلام.

گۆتی: ئەگە پێت برێم، بەکەس نارێی؟!

گۆتی: بەکەس نارێم.

گۆتی: پیاوی باش قسە هە ئۆندێیە لەزاری هاتە دەرێ، ئەتووش ئەگە ئێکەکت هەندەی دەسەکە، ئەتووشییەرێییێ بەکەس مەرێ، و ئەویش هەر وهە. بەس ئێك ڕجات لێکەم، ئەگە لەزاریشت هاتە دەرێ، ناوێ من مەینە.

گۆتی: شەرت بی هەتا پێم بکرێ بەکەس نارێم، ئەگە لەزاریشم هاتە دەرێ، ئۆ ناوت ناینم.

گۆتی: کاکێ خۆم، ئۆ جوان و جحێرم، دەورەمەندم، خۆ بە پاشێیاکی نادەم، وەدوو هەواو نەفسێ خۆ کەتیمە، چ برێ لە خزمەتی ڕاوەستایمە. گۆتی حەزم چووە کیژەکی، گەلەکی لەدەورێ سوڕام، فایدەی نەبوو، چی دەگە نەکردم، چەندی پارە و زێڕم لە پێش ڕاگرت، هەبێزی نەهات چاویش داتێ. ڕۆژ هاتن ڕۆژ چوون، کیژەی مێرد کرد، خۆم گێیاندێ گۆتم هەنکوە ژنی، بەس جارەکیم جواب دۆ، چت دەوێ لۆتەکەم. گۆتی هە ئاوڕیشی لێ نادامۆ. گۆتی ڕۆژەکی ژن بەخۆم هاتە بەر دەرکێ مارێ، گۆتی مێردم لەسە جێی کەتییە، مندارم لەبرسان کڕنابن، کەسەکی شك نابەم دەستی لەبە پان کەمۆ، ئۆ هاتیمە دەرکێ توو. گۆتی ئەمیش خەنی بووم، گۆتم ئۆخخەی خۆ ئاخیری بە مەرامێ درێ خۆ گەیشتم، گۆتی ژنەم بردە ژۆرێ، دەرکەم لەسەخۆ گارەدا، گۆتم ئەجە ئەوی ئەمن دەموێ بمدێ ، ئەجە ئەتووش چت دەوێ هەتا بتدەمێ. گۆتی ژنەکە گەلەك پاڕاوە، بەرا گۆتم ئۆ ئەوجارەم کەتیتە بەدەستان گێم نەدا پاڕانەوێ، گۆتی ئاخیری گۆتی قەیدی نییە چت دەوێ بکە، بەس دەرکەو بانان بەباشی تەقەت کە باکەسن نەبینی، گۆتی، گۆتم خەمت نەبی هەموو دەرکەو بانم گرتینە کەسن نابینی. گۆتی ژنەی گۆ، دەرکەك مێیا

نەتگرتییە، ئێکەك لەوێڕا ئەنبینی، گـۆتی چـاوم گێـڕان هـەموو دەركـەم قـەپات كردبوون، گۆتی گۆتم كا كیهە دەركە؟!

گۆتی ژنێ سەر برنـد كـرد، گـۆتی دەركـێ رەبلعالـەمینت قـەبات نەكردییـە، ئەونەبینی..

گۆتی وكی ژنێ ئەو قسە كرد، گۆتی تەزییەكم تـێ ڕووبـوو، لـە تـۆقێ سـەری هەتا بەری پێیانی سڕ كردم.

گۆتی قەرەمێ دەست و پێیانم شكا، كەتمە ئەو گۆڕەی.

گۆتی، ئەوی هەمبوو نەمبوو، لەبەرێ ژنێم ڕوو كرد، گۆتم شەرت بی لەشـەرتێ خوای دەبی بەكەیفێ درێ خۆ چەندی دەتوێ بـەزیادەوە هـەگری، ئـەتوو دەركـەكی وەت پێشانی مندا.

گۆتی ژنەكەی هەندەكی پارە هەگرت، گـۆتی ئـۆ بەقەردەبـەم، هـە وەختـەكی خوای دا، لۆت دینمۆ.

گۆتی گەلەكم گۆ نابی بینیۆ، بەس گەردەنم ئازاكە، لۆم لەخوای بپاڕێوە عـەفووم كا، گۆتی ژنێ دەستی لەبەخوای پانكردنۆ، گۆتی خوێیـا لـەو پیـاوەی خـۆش بـە، ئەمن گەردەنم ئازا كرد، ئەتوو لە ئاگرێ دنیاو قیامەتانی بپارێزە.

گۆتی ئەجە ئەمن پاشی هەنگی، ڕۆژەكی ئاگام لەخۆ نـەبوو دەسـتم وە ئاسـنێ سۆركراوە كەت، هیچم حس بە گەرماییێ نەكرد، دەستیشم نەسۆتا..

گۆتی ئەجە لۆ ئاگرێ جهەننەمێش خوا كەریمە.

# تەختێ عەبدی

هەبوو نەبوو کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە خۆشەویستی نازدارتر نەبوو، کەسیش لە عەبدی درۆزن ڕووڕەشتر نەبوو.

لە مەملەکەتەکی پاشێیاکی پیر هەبوو، سێ کوڕی هەبوون، ئێ گەورە ناوی حەسەن بوو، ئێ ناوەنجی ناوی حوسێن و ئێ کچکە ئەحمەد بوو.

پاشا گەیشتە سە دەقەو سعاتێ خۆ، بانگی هەر سێ کوڕانی کرد، گۆتی ئەنگۆ گەورەو تەمامن، چ نسحەتانو لێناکەم، بەرا یێك شت هێیە دەموێ پێو برێم.

کوڕەکان گۆتیان ئەو ئشتە چییە هۆباب!؟

گۆتی بە چ نەوعەکی پێ ماوێنە ئەوبەری چێیا ڕەش.

هەرسێکان گۆ باش.

پاشای ئەمرێ هەقی بەجێهینا.

حەسەن لە جێ بابی چوە سە تەختی.

ماوەی چەند سارەکی بەو نەوعەی تێپەڕی.

ڕۆژەکی دەگە دار و دەستێ خۆ چوە ڕاوێ، ئەو ڕۆژی چ نێچیریان نەدیتن، هە ڕۆیشتن هەتا لە چیێیا ڕەش نێزیك بونۆ، پاشای گۆ بابگەڕێینۆ، ئێکەکی هاوارکرد ئهێ ئەو مامزێهێ..

گۆتیانێ کا لە کێندەرە؟!

گۆتی ئۆتێهێ.

وەلا بە هەمانیان سەرادوونا، بەرا ماینێ پاشای لێ هەمان بەغار تر بوو ئەوانی دی لە ناو تۆزێ بەجێ هێشتن.

مامز گەلەك بەغار بوو، پاشاش ترسەكی دەدریدا بــوو چــونكە هــە لــە چــیای نێزیكەبوونۆ، پاشا ڕاوەستا ویســتی بگــەڕێتۆ، دیتــی مــامزیش ڕاوەســتا، گــۆتی بەخوای دیارە ماندی بووە، زۆری نەمێیا بیگرم، با بەدەســت بــەتاریش نەگــەڕێمۆ، حێیامەچی.

سەرادو مامزێی نا، مامز لەجاران بە غارتر بوو، بڕەكی دیشی لــە دوو غــاردا، گەیشتە سە برندابییەكی، دیتی لەو دیوی ئاوەدانیــەكی گەلــەك گــەورە هێیــە، لــە دووری منارەكی برند دیارە بەس بە سەركێ ئینسانان دروست كرێیا.

زۆری تەعەجوب ما، گۆتی یاڕەبی دەبی ئۆ چ سڕەك هــەبی بــابێ مــە لەمــەی شاردیتۆ، وەلاهی گۆتی قیرسی ئەچم.

حەسەنی شۆڕكردۆ.

هەتا گەیشتە ئاقاری شاری، شەوی بەسەدا هات، دیتی كۆریتۆكەك بەتەنێ لەو ئاقارێیە، قەندیلۆكەكی بە كزی تێدا سۆتێ.

دەفكرێ خۆی گۆ ئەوشۆ لێرە لادەم و هەندەك سەر و سۆراغانیشەكەم باشترە.

وكی لە دەركێ كۆریتێی دا، پیرەژنەكی جوابداوە، گۆتی كێیە بەو شەوەی!؟

حەسەن پاشای گۆ: پیرەداك ڕێبوارم، ئەگە ئەوشۆ جێم بكەیۆ.

پیرەژنێ گۆ: بە خــوای ڕۆرە چ جــێ و ڕێیــەكی وەم نیــە كــەلكی مێوانــدارییێ هەبی.

حەسەنی گۆ: ئەمیش حارم حارێ توو، پارچە لبادەكیش بی ڕازیم.

پیرەژنێ دەركە لێكردۆ، وكی حەسەنی بەو جلك و بەرگانە دیت، گۆتی بــەخوای كوڕێ من بە قسێ منەكەی ئەچیە مارەكی دی، شەرمەزارم مەكە.

حەسەنی گۆ بەخوای تازە هەناڕۆم، ئەو شۆ مێوانی پیرە داكێ خۆ بم.

لەسە پیستە بزنەكی ڕوونیشت، سبەینێ پیرەژن لــۆ نوێــژێ هەســتا، دیتــی ئــۆ

حەسەن هە دانیشتیە، گۆتی کورڕم نەکم ئەوشۆ چ نەنوستی!؟

گۆتی ناوەلا پیرەداك، ئەوشۆ فکرم هە لە حارێ فەقیران کردیتۆ، ما خەرك ئەوها ژی!؟

گۆتی شەرت بی بچمۆ دەبی نیوەی سەروەت و سامانێ خۆ بدەمە خەرکی فەقیر.

بیرەژنێ گۆ ئەجە کوڕێ من، ئەمن چم نیە لەبەرێت دانێم، ئەگە دەگەمن دێی لەو دەشت و دەرەی رسقێ خۆ پێیاکەین.

حەسەنی گۆ ناوەلا ئەمنە ڕۆم بەس ئەگە پێم برێی چ لەو مەملەکەتەی هێیە؟ ئەو منارە برندە چیە بە سەرکان دروست کرێیا؟

پیرەژنێ گۆ کورڕم ئەتو ڕێبواری چ هەقت بەو منارەی دێیا، بەڕێخۆدا بڕۆ، با سەرێ تووشی لەسە دانەندرێ.

حەسەنی ئەو قسانە و نسحەتێ بابێ خۆی زۆر پێ عەنتیکە بوون، گۆتی تازە دەبی ئەو سڕەی هە بزانم.

پیرەژنێ گۆ، پاشای کیژەکی گەلەك جوان هێیە، هەرکێی ئەچتە داخوازیێ پرسیارەکی لێکا، ئەگە زانی مێردی پێکا، ئەگە نەیزانی لە سەریەدەن و سەرەکەی داوێنە سە منارەی.

خەسەنی گۆ پرسیارەکە چیە!؟

پیرەژن پێکەنی، گۆتی ئەگە کەس بیزانیبا هەنکوە مێردێ ئەو کیژەیە بوو.

حەسەنی دووسێ لیرەی وێبوون دایە پیرەژنێ، گۆتی ئەمیشە چم.

پیرەژنێ گۆ بەقسێ داکێ خۆ کەی بەڕێخۆدا بگەڕێوە باشترە.

گۆتی ناوەلا هەرەچم..

گۆتی دەباشە ئەگە چووی لە دیوەخانێ دوو کورسی داندراینە ئێك زێڕە و

ئێکیش زیوه، ئەگە لۆ پرسیارەکەیەچی هەڕوه سه ئیٚ زێڕ، ئەگە هە لۆ میٚوانداریێشە چی، هەڕوه سه ئیٚ زیو.

وکی حەسەن چوه دیوەخانیٚ پاشای چوو لە سە کورسییٚ زێڕ دانیشت.

پاش بەینەکی پاشا هات، لەبەری هەستا.

پاشای گۆ کابرا میٚوانەکی گەلەك مەعقول دیاری، هەڕوه سه کورسییٚ زیو.

حەسەنی گۆ: ئەوی لەسە کورسییٚ زێڕ دانیشی لەمن ڕەشید ترە؟!

پاشای بانگی دوو حەڕەسانکرد، گۆتی بیبەنە کن شازادەی.

حەڕەسەکان حەسەنیان وەپێشەخۆ دا لۆ کن کیژیٚ پاشای.

وکی کیژەکەی چاو وه حەسەنی کەت، گۆتی گەلەك مەعقول دیاری بگەڕێوه.

حەسەنی گۆ لۆ هەندیٚ نەهاتیمە سەریٚ خۆ ببەمۆ.

گۆتی عەبدی کیە، تەختیٚ عەبدی چی لەسەرە؟!

حەسەنی چەندی فکری کردۆ نەیزانی چیە، وەلا حەرەسان بردیانە دەریٚ و سەریان پەلدا، سەریٚ ویشیان هاویتە سە مناریٚ.

لەو سەریش، دار و دەستیٚ حەسەن پاشای لە دونێوه، ئەو دەشت و دەرێیان هەموو لە حەسەنی نۆڕیبوو، بە دەستبەتاری گەڕانۆ.

حوسێن لە جیٚ برێیا خۆ بوه پاشا.

چەند سارەکی پێچوون ڕۆژەکی حوسێنیش دەگە دارودەستیٚ خۆ چوونە ڕاویٚ.

ئەو ڕۆژی هەتا هێواریٚ گەڕان و سووڕان چ نێچیریان نەکەتنە بە چاوی، پاشای گۆ ئەورۆ ڕاویٚ بەتارکەن، با بگەڕێینۆ.

ویستیان بگەڕێنۆ مامزەك وەدەر کەت.

بەهەمانیان غاردایێ، بەرا ماینیٚ پاشای لیٚ هەمان بەغارتر بوو، ئەوانی دی هەموو بە جیٚ هێشتن.

وکی لە چیای نێزیك بۆ، قسێ بابێ خۆی وەبیر هاتۆ، گۆتی تازە ئەو مامزەم هە پێناگیرێ، بگەڕێمۆ باشترە.

مامز لە جێ خۆ ڕاوەستا.

حەسەنی وکی مامزی بەو نەوعەی دیت، گۆتی بەخوای دیارە تاقەتی دەبە نەمێیا، هەنکوەیەگرم.

سەرادووی ناوە، مامز هەرات، حوسێن گەیشتە سە جێیەکی برند، دیتی ئۆ ئاوەدانیەکی گەلەك گەورە لەو دیوی دیارە، منارەکی برندیش بەس لەسەرکێ ئینسانان دروست کرێیا.

گۆتی ئۆ کوەبی ئەمن لێرە پاشا بم و ئەو زوڵمە لەو مەملەکەتەی بکرێ.

لۆ ئاواییێ شۆڕکردۆ.

هەتا گەیشتە ئاقاری گوندی دنیا تاریك داهات.

کۆریتەکی دیت، گۆتی با ئەو شۆ لێرە لابدەم، بزانم حار و مەسەلێ ئەو شارەی چییە.

لە دەرکێ کۆریتێی دا، پیرەژنەکی جواب داوە، گۆتی ئۆ کێیە بەو شەوەی؟

حوسێنی گۆ: ئەمنم .. رێبوارم، ئەگە ئەوشۆم جێی بکەیۆ.

گۆتی بەخوای ڕۆرە چ جێ و ڕێم نیە بەکەلکی مێوانان بێ.

گۆتی قەیدی نیە کەونە نیمدەرەکیش بی ڕازیم.

وکی پیرەژنێ لە بە شۆقێ قەندیلۆکەی چاو وێکەت، وەیزانی ئۆ حەسەنە، گۆتی ڕۆرە ما ئەتوو مای؟!

حوسێنی گۆ: لۆ وارێی پیرە داك!؟

کوڕە گۆتی ئەدی سەریان نەهاویتیە سە منارەی!؟

گۆتی سەرێ چ و منارێ چ!؟ ئۆ ئەتو بەحسی چاکەی؟!

گۆتی ئەدی پێش سێ چا ساران ئەتوو نەهاتیە مارێ مە و چویە بەر پرسیارێ کیژێ پاشای؟!

حوسێنی برەك فکر کردۆ گۆتی هەبی و نەبی دەگە حەسەنی برایتی، گۆتی داخوە پیرەداك بەحسم لۆ بکە .

کوڕە گۆتی بەحسێ چت لۆ بکەم، ئەتو قسێم لۆ بکە کو قورتار بووی!؟

حوسێنی گۆ پیرەداك ئەتو بە سەهو چووی، بەس تخوا قسێ بکە بزانم کێت پێشتر هاتیتە کنێ؟!

پیرەژنێ هەموو شت لۆ گێڕاوە.

حوسێنی گۆ شەرت بی ئەمنیشەچم، یا سەرێ خۆ لەسەدانێم یا تۆرێ حەسەنیشەکەمۆ.

وکی ڕۆژ داهات هەندەك پارەی لۆ پیرەژنێ بەجێ هێشت و چوە دیوەخانێ پاشای، چوو لەسە کورسیێ زێڕدانیشت.

پاشا هات، حوسێنی لەبە هەستا.

پاشای گۆتێ ئەگە لۆ سەردانێ هاتی برۆ سە کورسیێ زیو، ئەگە سەرێ خۆش دانێی لە جێ خۆ دانیشۆ.

وەلا لە جێ خۆ دانیشتۆ.

پاشای بانگی دوو خورامان کرد گۆتی مێوانی ببەنە کن شازادەی.

وکی شازادەی چاو وێکەت، گۆتیێ ئەگە پشێمانی بگەڕێوە.

گۆتی دیارە ئەوی نەکشایتۆ لەمن ڕەشید تر بووە.

گۆتی باشە عەبدی کیە وتەختی عەبدی چی لەسەرە؟!

چەندی فکری کردۆ نەیزانی، وەلا حەرەسان ئەویش برد و سەریان بە منارەی وەکرد.

چەند شەو و ڕۆژان لە مەملەکەتێ وان لە حوسێنی گەڕان نێیان دیتـۆ، گۆتیـان دیارە ئەویش وکی حەسەنی بزربووە، ئەحمەدیان لە جێ وی کردە پاشا.

ئەحمەدی بانگی دار و دەستێ هەردو برێیانی کرد، گۆتی وەرن قسێم لـۆ بکـەن بزانم حەسەن و حوسێن کو و لە کێ بزربوون.

وەلا وکی قسێیان کرد ئێ هەردووکان وکی ئێك بوو.

ئەحمەد دەگەریان چوە جێیەکەی، دیتی ئـۆ کـن چـیێیا ڕەشـە ئـەوی بـابێ وی گۆتبوونێ نێزیکی نەبنۆ.

هاتۆ کۆشکێ شەوێ بەدزی جلکەکی کەونی دەبەکردن و پارەکی باشیشی دەگـە خۆ برد، بەو شەوەی چوە چیێیاڕەش و خۆی ئاودیو کرد.

سبەینە زوو بو گەیشتە مـارێ پیرەژنـێ، مـارێ پیرەژنـێ ئێکـەم مـاربوو لـەو ئاقارەی.

لە دەرکەی دا پیرەژنێ گۆ کێیە بەو سبەینێ سارحان؟!

ئەحمەدی گۆ ئەمنم پیرەداك دەرکێم لێ بکۆ.

پیرەژنێ وکی چاو وەو پیاوە شڕو وڕەی کەت گۆتی ئۆ لەچاگەڕێی ڕۆرە.

گۆتی سەرێ خۆم هەگرتیە هاتیمە ئەو شارەی.

گۆتی چسوانم وەمزانی ئەتوش هاتی سەرێ خۆ باوێیە سە منارەی.

گۆتی پیرەداك سەرێ چ و منارێ چ ئۆ ئەتو بەحسی چاکەی.

گۆتی برێم چ ڕۆرە هەرکێی دێ لەو منارەیە پێچتۆ و بەپێ خۆ چـی سـەری بـە منارەی وەکەن.

گۆتی ئەجە مەسەلێ ئەو منارەی چیە؟!

پیرەژنێ گۆ هە لێگەڕێ با ئەتووش تووش نەبی.

ئەحمەدی زۆری ڕجا لە پیرەژنێ کرد، پیرەژنێش هـەموو شـت پێگـۆ، ئەحمـەدی

زانی دوو برێیادی بەو دەردەی چووینە.

گۆتی پیرەداك بزانە  خانی یان پارچە عاردەکم لـە تەشـت قەسـرێ پاشـای لـۆ ناکڕی؟!

کوڕە گۆتی کێ عارد و خانیەداتە من.

گۆتی لۆ بە پارە نییە!؟

گۆتی: با.

ئێ گۆتی ئەتو خەمێ پارەت نەبی، بە چەندی بوو وەرە ئەمنتەدەمێ.

گۆتی ئەگە وەبی قەیدی نییە.

پیرەژنێ ئەحمەد لە ماڕێ بە جێهێشت و چوو خانیەکی لە تەنشت قەسرێ پاشای کڕی.

ئەحمەدی پارەکە دایێ، گۆتی دەجە پیرەداك ئەمن کوڕ ئەتو داك بـا مـارێ خـۆ ببەینە خانییێ خۆ.

بڕو بوجگوڕیان تێك نان و چوونە تەنشت قەسرێ.

ئەحمەد چوو سێ چا عەمەلەو وەستای هینان گۆتی چوو بوێ ئـەودەمێ، ئـەمن ئیشەکم بەنگۆیە.

گۆتیان ئەمە عەمەلەینە کێ هەقن بداتێ ئیشی لۆکەین.

ئەحمەدی گۆ ئەمنو دووقاتو هەقییەدەمێ، بەس دەبی گفـتم دەنـێ ئـەو ئیشـە لەبەینی مەو خوای بی.

گۆتیان باشە.

ئەحمەدی گۆ دەبی لەناو مارێ من ڕا هەتا سەرشۆرکێ مارێ پاشای کونەکم لـۆ دەبن عاردی کەن.

گۆتیان ئۆ چارێ ی ، ئەمە کوە وێرین ئەو ئیشەی بکەین.

گۆتی ئەمنو چار قاتی هەقیٚ خۆوەدەمیٚ.
وەلا تەماحیان لیٚ نیشت گۆتیان باشە.
هەفتەکی پیٚچوو کونیان لیٚدا.
گۆتی دەوجە لە نیوەی ڕیٚی کونەکی دی لیٚدەن لۆ سە ڕوباری.
وەلا ڕیٚیەکیٚیان کردە دوو کون، ئیٚك لۆ ماریٚ پاشای، ئیٚکیش لۆ سە ڕوباری.
لۆ سبەینیٚ ئەحمەدی جلکەکی وکی ئیٚ خەرکی ویٚندەری دەبەکردن، چوە دیوەخانیٚ پاشای لە سە کورسییٚ زیٚڕ دانیشت.
وکی پاشا هات، لەبەری هەستا.
پاشای گۆ بڕۆ سە کورسییٚ زیو دانیشە ئیٚرە جیٚ توو نیە.
گۆتی پاشا عەدالەتت هەبی ئەمنیش سەرم پیٚویٚیە ئەگە پەلیدەی.
بانگی دوو حەڕەسانی کرد گۆتی بیبەنە کن شازادەی.
شازادەی گۆ عەبدی کیە و تەختیٚ عەبدی چی لەسەرە؟
ئەحمەدی چەندی فکری کردۆ نەیزانی، حەڕەسەکان وەپیٚشەخۆیاندا.
گۆتی هەقیٚ خۆیتو، سەرم پەلدەن بەرا گۆتیە شازادەی ئەمن ییٚك رجام هیٚیە.
گۆتی چیە؟!
گۆتی لیٚم گەڕیٚ دەستنویٚژەکی هەگرم.
شازادەی گۆ بیبەنە سەرشۆرکیٚ. وکی بردیان لە ژۆریٚ دەرکەی لەسەخۆ گارەداو لە کونەکەی هەراتۆ ماریٚ، بە عەجەلە ڕیٚ ماریٚ پیرەژنیٚی پڕکردۆ، وەبی وەبزانن کونەکە لەسە ڕوباری دووبەدەرەبی. گۆتیە پیرەژنیٚ: پیرەداك ئەگە هاتمۆ ئۆ ماریٚ هەردوکانیتن، ئەگە نەهاتمۆ ماریٚ توو.
ئەحمەد سواری ئەسپەکی بوو و هەرات.
لەوسەری وکی حەرەسان دیت کابرا هە نەهاتە دەریٚ، بانگیان کرد، چ جوابی نەبوون، زۆریان لەدەرکەی دا چ هەست و خوست نەبوون.

وەلا دەرکێیان شکاند، وکی دیتیان قۆرتەکی هەندە دەعاردی کرێیـا، وکـی بـە دووداچوون گەیینە سە ڕوباری.

گەڕانۆ ك پاشای گۆتیان کابران لە دەست هەراتیە.

پاشا زۆر زارم بوو، سـەرێ هـەردوکانی پەلـدا و لـەجێ سـەرێ ئەحمـەدیی بـە منارەی وەکردن.

ما ئەحمەد، لەو شاری لۆ و شاری، لەو مەملەکەتی لۆو مەملەکـەتی، هـەکێی بی گەیشتبایێ ئەیگۆ تەختێ عەبدی چیەو چی لەسەرە.

کەس نەزانی.

چوە مەلەکەتەکی چ پارەو مارەی وێ نەمابوون، گۆتی با ئیشەکی بکەم.

چوە مارێ پاشای، گۆتیان ئەگە ئەبیە مەیتەر.

گۆتی باشە.

کۆمەرە ئەسپ و ماینەکیان کردنە عایـدی، بـە ڕۆژ ئەیبردنـە دەشـت و دەری، شەوێش دەگەوان لە کۆریتێ نووست.

پاشای قەسرەکی گەورە دروستەکرد، گۆتیانێ بە مەڕمەڕێ سپی دروستکە.

گۆتی ئەجە مەڕمەڕێ سپی لەکێ بینم.

گۆتیان ئەتو مەیتەرەکت هێیە دنیێیا زۆر گەڕێیا، ئەگە بەوی پێیابی.

وەلا پاشای لە دو ئەحمەدی نارد، گۆتی دەبی مەڕمەڕێ سپیم لۆ پێیاکەی

گۆتی پاشام خۆش بی ئەمن مەڕمەڕێ سپی لەکێ پێیا بکەم.

گۆتی کەیفێ خۆیتت، هەتا دە ڕۆژی دی پێیای نەکەی لەسەرتەدەم.

ئەحمەد گەڕاوە کۆریتێ، شەوێ هە دەبەخۆیدا گۆت.

گێی لە ئێکی بوو بانگی کرد.

زۆرترسا، قەندیلۆکەی پێکرد، دەوروبەرێ خۆی نۆڕی لە هێستر و ماینـان زێـتر چی نەدیت.

له تاویَ حاریَ خۆ دەستی بەگریانیَ کرد.

دیسان دەنگەکە هاتۆ.

هەستا لەناو وراغان گەڕا، ئەسپەکی بانگ کردیَ گۆتی ئەحمەد لۆوهە عیَدزی.

ئەحمەدی گۆ ما ئەتوەزانی قسان بکەی.

گۆتی جاریَ لەوەی گەڕیَ، بریَ بزانم ئەورۆ لۆوهە کەتیە بن بارەکی خەمان.

گۆتی چت لیَ بشیَرمۆ، پاشای پیَگۆتیمە مەڕمەڕیَ سپی لۆ قەسریَ لۆ بینم.

گۆتی خەمت نەبی ئەمنت دەگە دیَم.

بەس گۆتی برۆ خواردنیَ سیَ شەو و سیَ ڕۆژان لۆ خۆ و لۆمن بینە.

ئەحمەد چوە کن پاشای گۆتی خواردنیَ سیَ شەو و سیَ ڕۆژانم دەنیَ.

پاشای ئەمر کرد خواردنیان لۆ هینا دەگە فەردە جۆیەکی.

دەگە ئەسپیَ چوونە جیَیەکی چییَیاکی برندی لیَ بوو، ئەسپیَ گۆتە ئەحمەدی ئەمنەچمە سە چیای، ئەتو لیَرە خۆ بشارۆ، گۆتی ئەمن دەگە ئەسپەکی ڕەش شەڕیەکەم، ئەگە ئەمن بردۆ باشە، ئەگە دۆڕام ئەتو ئیَکسەر لیَرە هەریَ.

گۆتی باشە.

ئەسپ چوە سە چیای دەگە ئەسپیَ ڕەش بەشەڕهاتن.

ئەسپیَ ڕەش لوشکەك لە ئەسپیَ ئەحمەدی دا هیَخستیە گۆڕیَ، ئەحمەد زۆر ترسا، بەرا دیتی ئۆ ئەسپیَ وی هەرەستیتۆ، ئەسپیَ ڕەشیش پشتی دەوی دا، ئەوجارەی ئەوی لوشکەك لە ئەسپیَ ڕەشدا لە چیای هاویشت.

ئەجە حیلاندی و هاتۆ کن ئەحمەدی، گۆتی بابڕۆین.

گۆتی ئەدی مەڕمەڕیَ سپی؟!

گۆتی برۆ هەقت نەبی.

وکی ئەحمەد گەیشتۆ جیَی دیتی مەڕمەڕ لەکن قەسریَ پاشای کەرەکە بووینە.

وکی قەسر تەواو بوو، گۆتیانە پاشای بە دار بەحری سەری بگرە.
گۆتی ئەجە دار بەحری لەکێ بینم.
گۆتیان ئەوی مەڕمەڕی لۆ پێیاکردی ئەوەشی پێ پێیابی.
پاشای لەدو ئەحمەدی ناردۆ، گۆتی دار بەحرم دەوێ.
ئەحمەدی گۆ پاشام خۆش بی دار بەحر کو بەمن پێیابی!؟
گۆتی کەیفێ خۆیتت، دە ڕۆژت لە پێشن.
ئەحمەد دیسان بە عێدزی گەڕاوە کن ئەسپێ.
ئەسپێ گۆ چیە دیسان چ بوە ئەحمەد.
گۆتی پاشای دار بەحری دەوێن.
گۆتی بڕۆ خواردنێ پێنج شەو و پێنج ڕۆژان لۆ خۆ و لۆمن بینە.
ئەحمەد چوو خواردنێ پێنج ڕۆژانی لۆ خۆ و لۆ ئەسپێ وەگرت.
ڕۆیشتن گەیشتنە ڕووخ بەحرەکی. ئەسپێ گۆ ئەحمەد ئەتو قۆرتەکی لێدە هەروە ناوێ، ئەمن دەگە حووتی بەشەڕ دێم، ئەگە بردمۆ ئۆ باشە، ئەگە دۆڕاشم، ئەتو هەتا سێ ڕۆژان لە قۆرتێ نێیەدەرێ.
گۆتی باشە.
ئەسپ چوە ناو بەحرێ، حووت پێیا بوو. ئەسپێ قەپارەك لە پشتێ حووتی دا پیستی لەسە پشتێ هەرکرد. حووتی کلکەك لە ئەسپێ دا هەریدا ناو ئاوێ، وەخت بوو بخنکێ.
وکی حووت سوڕاوە، ئەسپێ بە ددانان پیستی هەتا کن کلکێ لە سەپشتێ هەرماری، حووت هەرات.
ئەسپێ حیلاند و هاتۆ کن ئەحمەدی، گۆتی با بچینۆ.
گۆتی ئەدی دار بەحر؟!

گۆتی خەمت نەبی بەخۆ چنۆ.

هەتا ئەوان گەیشتنۆ جێی دارەکان گەیشتبوونێ.

وکی پاشای مار گواستۆ ناو قەسرێ نوی، گۆتیانە پاشای ئەو قەسرەی بەس بلبلێ خۆشاوازی کمە.

گۆتی بلبلی خۆشاواز کو پێیا بی.

گۆتیانێ ئەوی مەڕمەڕ و دار بەحری پێیاکرد ئەویشی پێ پێیابی.

پاشای لەدوو ئەحمەدی ناردۆ- گۆتی بلبلی خۆشاوازم دەوێ.

ئەحمەدی گۆ بلبلی خۆشاواز لە کێ بینم.

گۆتی کەیفێ خۆیتت، دە ڕۆژانت مۆرەتیەدەمێ، هینات باشە، نەت هینا لەسەرتەدەم.

ئەحمەد دیسان گەڕاوە کن ئەسپێ.

ئەسپێ گۆ قسێ بکە ئەحمەد پاشای چ لێ داواکردی؟!

گۆتی وەلاهی ڕۆژ بەڕۆژ ئشتێ عەنتیکەتری دەوێ، هەجارەکە ئەن فەوتینی.

گۆتی برێ بزانم چیە؟

گۆتی بلبلێ خۆشاواز.

گۆتی وەلا ئەحمەد ئەمن جێی پێزانم، بەرا ئەمن چم لۆتو پێ ناکرێ، دەبی بەخۆ بچی.

گۆتی لە کێندەرە، گۆتی لەسە تەختێ عەبدیە.

گۆتی عەبدی کێیە؟

گۆتی قەت پیرنابی، هەجاری بلبلەخینی ئەوەبتۆ کوڕێ هەژدەساری.

ئەحمەدی دەست دەملێ ئەسپێ کرد و خۆحافیزیان لێك کرد.

ئەحمەد چۆ مەملەکەتێ خۆ، وکی خەرکی زانیان ئەحمەد پاشا هاتیتۆ حەفت

شەو و حەفت ڕۆژانیان شایی گێڕا، ئەجە ئەحمەد بە خۆ و بە لەشکر و بە باولە دوڕ و ئاقووتان چووە مەملەکەتیٚ پشت چییێیا ڕەش.

چوە دیوەخانیٚ پاشای لەسە کورسییٚ زێڕ دانیشت.

وکی پاشا هات، لەبەری هەرنەستا.

پاشا مەجبوور بوو دانیشت، ئەحمەد هەند بە شان و شەوکەت بوو، پاشای شەرم کرد بانگی حەڕەسان کا.

بانگی کیژیٚ خۆی کرد. وکی کیژ هات چاوی وە ئەحمەدی کەت، گۆتی ڕجات لێکەم هەڕۆ مەملەکەتیٚ خۆ، حەیفە سەریٚ تووش بچتە سە مناریٚ.

گۆتی لۆ هەندیٚ نەهاتیمە سەرم بچتە سە مناریٚ، بپرسە.

کیژیٚ گۆ: عەبدی چیەو چ لەسە تەختیٚ عەبدی یە!؟

ئەحمەدی گۆ: تەختیٚ عەبدی بلبلی خۆشاوازی لەسەرە، هە جاری ئەخینی عەبدی ئەبتۆ کوڕیٚ هەژدە ساری، لۆییٚ عەبدی پیر نابی.

کیژخەنی بوو، بەرا پاشا زۆر پیٚ تەنگاو بوو، چ ڕێی دی نەبوو، بانگی مەلێیان کرد و کیژیٚ پاشای لە ئەحمەدی مارەکرد.

شەرتیٚ باب و کیژانیش ئەوەبوو، کیٚ بووە مێردیٚ کیژیٚ ئەو لەجیٚ بابەکەی ببتە پاشا.

بەو نەوعەی ئەحمەد بووە پاشێیا هەردوو مەملەکەتان.

ئەجە منارەکەی ڕوخاند و سەریٚ ئەو خەرکەی دەقەبری نا، هەندی فەقیری و دەربەدەری دیتبوون، زۆری ئاگا لە فەقیر و فەقاری بوو. پیرەژنیشی بردۆ کنە خۆ، وکی داکیٚ خۆی خزمەتەکرد.

ئەمیش گەڕامۆ .. کارەکم دڕا و چم پیٚ نەبڕا.

## عادەت

هـەبوو نـەبوو کـەس لـەخوای گـەورەتر نـەبوو، کـەس لـە پێغەمبـەری خۆشەویستتر نەبوو، کەس لە شەیتانی ڕووڕەشتر نەبوو.

وارێـن لـە مەملەکەتـەکی وهـە عـادەت بـوو، ئەوییـەبووە پاشـا، دەبـوو لەهەمووخەرکی فەقیرتربی، ئەگەنا نێیانەکردە پاشا.

ڕۆژ هاتن سار چوون، ژنێ پاشێیاکی لە ژیانێ خۆ وەڕز ببـوو، هـەموو دەمێـی دەگە پاشای پرت و هۆڕ و دمکدمکانێ بوو. ئەیگۆ دەبی واز لە پاشێیاتیێ بینـی و ئەمەش وکی خەرکی لۆخۆ بەزگێ خۆ تێری بخۆین (چاودێ؟!!). مـارە پاشـا بـی هەندە فەقیربی تێری بەزگێ خۆ نەخۆی.

پاشاشەگۆ: کچێ ژنێ بکە ڕاهی ئەو خوێیای هەندەم سەری مەکۆرە، لێمگـەڕی با ئەو خەرکەم لێ نەتۆرێ.

کوڕە گۆتی خەرك چییە وکی ئەمەت لەبرسان کوشـت، گـۆتی قەسـەم بـەخوای شەرمێ لەخۆ کێشـمۆ جلکـەکی وکـی بەشـەرانم دەبەدانییـە وکـی ئەچـمە بـەر و مەجریسان، گۆتی ئەمیش قەیدی نییە، هە بڕەکت زگ بـەو سـەبیلۆکانە بسـۆتێ، ئاخر ئەوان گونەحیان چییە. گۆتن فەقیری، بەرا بەو نەوعەش نا.

پاشای فەقیریش لەناو هەناونی ئاگر تێبەربىوو، بەرا ئەیگۆ کوو ئـەو خەرکـەی بەجێبێرم؟! پێی شەرمبوو برێ با ئێکیدی بێ ببتە پاشا، چـونکە کـەس نایویسـت ببتێ.

سـەرباری ئـەو هـەموو نەبوونییـەی، پرتـەپرتیٚ ژنـیٚ، هەنـدەی دی پاشـای وەرزکردبوو.. شـەوەکی بـەبیٚ دەنگـی، بـەخۆ و بـە خورامـەکی مـار و منـدار و مەملەکەتیان بەجیٚهیٚشت .. سەریٚ خۆیان هەگرت، کەس نەزانی چوونە کیٚندەر.

هە ڕۆیشتن ڕۆیشتن، هـەتا گەیشـتنە ئاوەدانییـەکی، لـە دووری ڕا دیتیـان ئـۆ خەرکەکە لە ساتەگۆڕەکی خڕبووینۆ. وکی چوونە پیٚش، گۆتیان ئۆ چ بووە لیٚرە؟

وەلا گۆتیان ئۆ پاشان مردییە، ئەجە بەتەماینە پاشیٚیاکی دیکە لەجیٚ دابنـیٚین. ئیٚ گۆتیان دەباشە.

ئەجە لەو مەملەکەتەش وهە عادەت بوو، وکی پاشیٚیان مردبا، ناچـوون کـوڕی لەجیٚ دانیٚن. هەرەستان هەموو خەرکیان خڕەکردۆ، ئەجە شوان با، گاوان با، وزیـر با، گزیر با، فەرق و جیاوازی نەبوو. هەتا کەسەك لەو مەملەکەتی مابا قبووریـان نەبوو. ئەجە وکی هەموو حازرەبوون، کۆترەکییان هەرەدا.. کۆتر لەسە شان و باریٚ کیٚ هەرنیشتبا، ئیٚیانکردە پاشا و هەمووی پیٚ ڕازییەبوون.

کۆتریان هەردا، کۆتر سووڕا.. گەڕا.. هات لەسە شـانیٚ خورامـیٚ پاشـیٚیاکەی هەرنیشت.

وکی تەماشیٚیانکرد، گۆتیان ئۆ ڕیٚبوارە، حیٚل نییە.

دیسان کۆتریان هەرداوە، کۆتر گـەڕا سـووڕا، گـەڕا سـووڕا، هـاتۆ سـە شـانیٚ خورامی هەرنیشتۆ..

بووە هەرا هەندەکانەگۆ ئەوجارەش حیٚـل نییـە، هەندەکانیشـەگۆ کاکـە مـادام دووجارە کۆتری لەسانیشتۆ بـا بیکـەینیٚ.. ئـاخیری گۆتیـان ئـەو تـیرەش کـۆتریٚ هەرەدەینۆ، ئەگە ئەوجارەی لەسە هەرکیٚ هەرنیشت ئەمە ڕازینە.

ئەجە جیٚ کابریٚیان گۆڕی، بردیانە جیٚیەکی لاپەڕگە.

وکی کۆتریان هەرداوە، کۆتر گەڕا سووڕا، گەڕا سووڕا، هـەتا کـابرای خـورامی دیتۆ، چوو لەسە شانی هەرنیشتۆ..

کاکە گۆتیان دیارە خێری تێدا..

خورامیان کردە پاشێیاخۆ، ئەجە بە هەڵهەلە و بە چەپرەلێدان بردیانە قەسرێ.

قەسر چ قەسر، نەسەری دیارە نەبن. کابرای خورام پاشێیاخۆشی دەگەخۆبرد، گۆتییێ نابی بەجێم بێری.

پاشا لەو مەملەکەتەی هەمووشت بوو، هەرچی گۆتبای ئەوە ڕاست بوو، بە هەموو خەرکی خزمەتیانەکرد.

پاشای هەندی خورامەتی کردبوو و هەندی فەقیری دیتبوو، باوڕی بە خۆ ناکرد.

ڕۆژهاتن ڕۆژ چوون، پاشا بەرەبەرە خۆی لێگۆڕا، کەتە دوو کەیف و سەیفێ خۆ، کەسیش ناوێرا برێ لە پشت چاوانت برۆیە.

وەیلێهات زۆری ئەزیەتێ خەرکییەدا، بە هەق و ناهەق خەرکی دارکارییەکرد، پیاوخراپان دەوریان لێدا، بووە فیرعەون، سواری سە ملێ خەرکی ببوو.

خەرکەکە زۆر وەڕز ببوون، گۆتیان ئەمە خۆن تووشی چ کرد؟!!

ئێکدوو ڕدێن سپی و دنیادیتە هەبوون، گۆتیان بابچینە کن برادەرەکەی، یەعنی پاشێاکە، بەرکی ئەون عیلاجەکی لێبکە.

ئەوان نێیانەزانی کاخوە ئەو برادەرە چی وییە؟

چوونە کنی، سەلام و عەلێکم

وەعەلەیکوموسەللام، یاخوە بەخێرێن.

گۆتیان ئەمە حارن زۆر شڕە، کاخوە قەت عیلاجەکن لێ ناکەی؟

گۆتی چ بووە، چ قەومێیا؟!

گۆتیان حار و حیسابن بەو نەوعێیە. هەموو ئشتیان لۆ بەحسکرد، ئەجە گۆتیان ئەتو برادەرێ وی، بەرکی وەبکەی دەگەن باش بی.

ئێ گۆتی بەسەر چاوی، سبەم سەرەکی لێبدەنۆ بابزانم چم پێکرێ.

پاشا چۆ کن خورامی، سەلامی کـرد، سـەلامی لێوەرگرتـۆ، ئـەوی لـەویٚ بـوو هەمووی وەدەریٚ نان، ئەترسا خەرك بزانی ئۆ پاشێیاوی بووە و ڕۆژەك لەڕۆژان ئـەو خورامیٚ وی بووە.

پاشای گۆتە خورامیٚ خۆ: گۆتی خەرکت لیٚ بەگلەییە، ئەجە بڕەکیان دەگە باش بە.

پاشا یەعنی خورامی، خۆی تووڕەکرد، گۆتی دەبی هەنکوەم پیٚ بریٚی بزانم کـیٚ بەگلەییە؟!

گۆتی خەرکە.

گۆتی کیٚنە پیٚمبریٚ؟

گۆتی هەرکیٚی بی فەرقی چییە؟ گۆتی موهیم ئەوێیە ئەتوو بڕەکیان دەگە بـاش بە.

خورامی وکی هاران لیٚهات، گۆتییە پاشێیاخۆ، لەباتی ببیـە لای مـن، ئـەبینم بوویە لای خەرکی!

کوڕە گۆتی ئەمنت بەبرادەراتی پیٚریٚم، ئەتو بەواستیٚ ئەو خەرکەی پاشای.

خـورامی سـەت جـوونی دانـە خـەرکی، گـۆتی ئەگـە کـۆتر نـەبا، ئەوانـە ئەمنیانەکردە پاشا؟

وەرحاسر چ فایدەی نەبوو.

سبەی ڕدێن سپی هاتنۆ ك برادەری.

برادەری گۆ بەخوای برام چ کەلکی نییە دەگە پاشای، بەس گۆتی کاکە بـەخوای ئەنگۆ خەتای خۆیتوو.!

گۆتیان لۆ ئەمە چن کردییە، ئەمە چ نەمێیا لـۆ پاشـای نەکـەین، ئـۆ لـەباتی چاکە و پیاوتییێیە؟!

گۆتی بابەکەم، ئەنگۆ لەباتی کۆتریێ ئاقریێ خۆ بەکاربینن باشتر نییە؟

گۆتیان کوو؟

ئەجە پاشای حار و مەسەلێ خۆ و خورامی هەموو لۆ گێڕانۆ. گۆتی ئۆ خورامیێ من بوو، ئەمیش پاشێیاوی بوویمە، بەخۆ کەسەکی خرا نەبوو، ئەنگۆ بەخۆ و وەلێکرد.. گۆتی خەتێیانگۆش نییە بەتەنیێ، هەموو بابوباپیریێ مە ئەو عادەت و مادەتە قۆڕانەنێیان دروستکردینە.

گۆتیان هەنکووە چار؟!

وەلا گۆتی چار ئەوێیە، ئەنگۆ واز لەو عادەت و لەو کۆتر و مۆترانە بینن. نە وکی عادەتیێ مە و نە وکی عادەتێنگۆ..

ئیێ گۆتیان وەعد ئەتووبکەینە پاشێیاخۆ، ئەگە ئەوەن لەکۆرکەیۆ..

پاشای سەرەك بادا، ما بەمن چا بی؟!

گۆتی قەسەم بەخوای هەتا بەخۆ خۆ چانەکەن نە بەمن نە بە پاشاش چانابی.، ئەجە گۆتی پیاوی چابن ئێکدی گربن و ئیش بە ئاقریێ خۆ بکەن، ئەگەنا منداریێ مندارانیشو وکینگۆیان بەسەدیێ.

هەتا لەویێ بووم کەس خۆ پیێ چانەبوو.. ناچار هاتمۆ کارەکم دڕا و چم پیێ نەبڕا.

# تەکبیریٚ جووی

هەبوو نەبوو کەس لــە خــوای گــەورەتر نــەبوو، کــەس لــە عەبــدی درۆزن ڕووڕەشتر نەبوو.

لە جێیەکی وکی شەقراویٚ جــاران، دەگــە موســرمان و دیانــان، مــاره جــووش هەبوون، ئەوانیش وکی خەرکیٚ دی لۆ خۆ لە باسك و تەلانان، ڕەزیان دانابوون.

وەختی تریٚ ڕنینیٚ بوو، جوو وەتەلانی هەرگەڕا بچتە ناو بێیاریٚ خۆ، لــەدووریڕا دیتی ئۆ سیٚ کەس لە ناو بێیاریٚ وی دانیشتینە، وکی لێیان چوە پێش، دیتــیٚ ئــۆ مەلا و حاجی و پیاوەکی دی دانیشتینە، هەندی یێك سەویی ترێیــان لــە بەرێیــە، هوردە هوردا خۆن.

دە فکرێخۆیدا گۆ، ئەمن دەرەقەتی هەرسێکان نێیام، وە باشە تــەکبیرەکیان لیٚ بکەم..

لێیان چوە پێش، گۆتی یاڕەبی دەقالبو گەڕیٚ، ئەوســار مێــویٚ بــەرەکی باشــی دێیا.

گۆتیانیٚ دەوەرە مام جوو دوو دنکە ترێیانن دەگە بخۆ.

وەلا جوو دانیشت.. قسە بەقسە، گۆتیە کابرای: باشە هەنکوە زانین ئۆ مــەلێیا و لەجیٚ پێغەمبەریە، ئەوەش حاجیە و تەوافیٚ ماریٚ خوای کردیە، بەرا ئەتوو کێی خۆت هینایتە ڕێزەوان!؟

کابرای ویستی قسان بکە، جوو لێی هەستا گۆتی: خۆ ئــەمن لەبــە تــرێم نییــە

هەنکوە ئێك و ئێك قەرتارەی لۆ مەلا و حاجی لێکەمۆ دەگە خۆبەنۆ، بەرا ئەتوو چی ترێی لە ڕەزێمنەخۆی!؟ وەلا لێك گیربوون جوو بەتاقەت بوو، تێروپڕی لە کابرای دا، مەلا و حاجی لەبە قەرتارە ترێی خۆیان کرِ کرد، کابرا کەتە ئەو گۆڕەی.

وکی جوو بڕەك ساوە، گۆتی بابچم هەندەك ترێ و لۆ لێبکەمۆ.

پشێ دوو قەرتارانی ترێ ڕنی و هێنایۆ کن مەلا و حاجی.

قسە بەقسە دەگە حاجیی لێکیان گیرکرد. گۆتی هەنکوە مەلا پیاوێ خوێیاو وەعز و نسحەتێ خەرکیەکا، بەرا ئەتوو بە فێرێ ئەو کەشیدەی فێرێ لە خەرکیەکەی، گۆتی ئەمن ئەو ترێیەی هەموویەدەمە مەلای..

لێیان بوە شەڕ.. مەلای هەندەی دی کەیفی بەخۆ هات.

جووی تێر و پڕ لە حاجی دا و حاجیش کەتە تەنشت کابرای پێشی.

جووی گۆتە مەلای دەوجە با ئەو ترێیەت لۆ دە دوو قەرتاران کەم، وکی قەرتارە ترێی داگرتن، گۆتیە مەلای: لە قسێ خۆ وابی ئەتوو مەلای، لەباتی نسحەتێ خەرکی بکەی نەچنە زگ ماریێ خەرکی ئەتوو بەخۆ وەپێشیان کەتی!؟ تێریشی لە مەلای دا، ئەویشی لە کن دوێ دی نیوە مردی کرد، ترێ خۆی هەگرت و گەڕاوە گوندی.

مەلا و حاجی و کابرا لە شەرمان، نەوێران لە کن خەرکی ئاوایی هە بەحسیش کەن، برێن جووی لە هەرسێکان دێیا.

# کیژێ شوانی

هـەبوو نـەبوو کـەس لـەخوای گـەورەتر نـەبوو، کـەس لـە پێغەمبـەری خۆشەویستتر نەبوو، لە وراتـەکی دوور، پاشـێیاك هـەبوو، هـە ژنـەکی دەیهینـا، شەرتی وهەبوو، هەتا سارەکی نابی بچتۆ ماریٚ بابیٚ خۆ، نابی کەسیش لـە مـاریٚ بابیٚ وی بیٚ سەری لیٚدا، وکی سار تەواوە بـوو، بـاب و داکـیٚ ژنـیٚ چـوون، سـەر لەکیژیٚ خۆ بدەن، هە لە دەرکیٚ کۆشکیٚ ئێیانگۆتنیٚ ئەنگۆ کیژ و نەمێیا.

کوو نەمێیا!؟ ئەدی چ لیٚهاتییە؟

کـەس نێیـەزانی چ لیٚهاتییـە، ئـەبوە پـاریٚ بـەنانی، هەندەکانـە گـۆ پاشـا بەخۆیانەکوژی، هەنـدەکی دییـەگۆ، پاشـای زێـر زەمینـی هێیـە، ژنـان داوێتـیٚ، کەسیش ئەو زێرزەمینەی پیٚ نزانی، هە ژنەکی چووە ناوێش هاتنەدەری نییە.

پاشاش کیهە کیژ جوان و قەرەو با ئەوی دەینا، گێی نادایێ کاخوە کیژیٚ کێیە.

ئەوی کیژیٚ جوان و قەرەوی هەبوو، هەموو دەمیٚ دەستی لەسە دری بوو، ئەوڕۆ نا سبەی پاشا کیژێیان لیٚ خوازی.

کیژیٚ شوانی تازە هەری دابوو، بەرا چونکە دووراوایـی بـوون، گەلـەك خـەرکی چاو وێنەکەتبوو، ماریٚ شوانیش زۆریان ئاگا لەو کیژەی بوو، وکی گـەورەش بـوو، جلکیٚ پیاوانیان دەبا کردن، ئەگە کەسەکی بێگانە وەدەر کەتبا، ئێیـان نـاردە بـەر مەڕی، لە خەرکی وابی کوڕە شوانە.

ڕۆژەکی کیژە شوانی، لە ڕووبـاری خۆیـە شووشـت، دەبـەخۆی گۆرانییـەگۆتن، ئاگای لە دنێیا بڕابوو، ئەو دەمی مەئموورەکی پاشای بەوێندەرێدا تێپـەڕی، گێـی لەو دەنگە خۆشەی بوو، وکی وەدوو ڕاچـوو، چ ببینـی؟! ئەتـەگۆ حـۆریێ ئاوێیـە، دەمەکی تێی وەڕاما، نێیەزانی تەماشێ کێندەرێی کا، گەلەکی حـەز چـوێ، بـەرا گۆتی ئۆ خواردنێ مـن نییـە، گـۆتی ئـۆ لـۆ پاشـای باشـە، ئـەمیش خەراتـەکی باشەکرێم.

وکی چۆوە قەسرێ، لۆ سبەینێ چووە کن پاشای، ئەو ئیشێ لۆ چـووبوو، گـۆتی پاشام خۆشبی، هەموو ئشت بە درێ تووەبی، بەرا  مژگینییـەکی لـەوەی خۆشـترم وێیە.

پاشای گۆ برێ با خەراتت کەم.

گۆتی کیژەکم چاو وێکەتییە، ئەرێی حۆری، بە حێیاتێ بابێ خـۆم ئشـتێ وهـە نازدارم نەدیتییە، حۆری چ حۆری، هە قابیلی پاشێیا.

پاشای تازە ژنەك هینابوو، بەرا گۆتی ئەگە وکی ئەتوەرێی وەبـی، شـەرت بـی چت بوێ لۆتەکەم.

کابرا خەنی بوو، جێی پێشانی پاشای دا، بەرا نەوێرا برێ بەڕووتیم دیتییە.

وکی لێ وەکتن، کیژێ شوانی دەرچوو.

خەبەریان دا ماریێ شوانی گۆتیان پاشا و ئەنێریتە داخوازیێ کیژێ.

ماریێ شوانی هەمان لە تاوان دەستییان بەگریانێ کرد.

کیژەکە گەلەك ئاقر بوو، گۆتی ئەنگۆ هەنکووە لۆ ئەوهـە لـەخۆ کـەن، ئـەمن بـەخۆم گەلـەك پـێ خۆشـە، ئـەمن بـەخۆ زانم کـوو خۆپـارێزم، درێ داك و بـابێ خۆیەداوە، گۆتی ئەنگۆ خەموو نەبی، ئەمن لە مێژە خۆم لۆ ڕۆژەکی ئەوهە حـازر کردییە.

ماریَ شوانی گەلەکیان پشت بە کیژیَ خۆ قەیم بوو، ئێیانزانی ئاقر و لێزانە.

پاشای لەدوو شوانی نارد، پاشا زۆر بەترس بوو، زێڕ و پارەکی زۆری لۆ شوانی هەر ڕێشت،گۆتی چەندت دەویَ هەگرە.

بەرا شوانی چ در پیَ خۆش نەبوون. گۆتی پاشام خۆش بی ئەمن هیچم ناویَ، بەس کیژیَ من ئێك داخوازیی هێیە.

پاشا پێکەنی، گۆتی چییە.

گۆتی: کیژمەریَ با ئێك مانگم لەسە ڕاوەستی، سی زێڕیشم لۆ بنێری لۆ خۆ ئشتیَ ژنان پیَ کرِم.

پاشای هەندەی دی حەز چووە کیژەکەی، گۆتی با ئەوەش بە دریَ وی بی، گۆتی سی زێڕی لۆ دە کەورە سمبۆرەی کەن.

لەو ڕۆژی وە دۆر و زورنا ئەکوترا.

کیژیَ شوانی سی زێڕەکەی لە بابیَ وەگرتن، ئەجە گۆتی ئەنگۆ هەقو نەبی.

کیژە شوانی جلکیَ پیرەژنان دەبەکردن، برێیاکی کچکەی هەبوو، دەستی گرت، چووە ناو بازاڕی، کابرێیاکی دیتۆ ئەتگۆ پارەوانە، عارەبانەکی وێبوو، عەمباریی پیَ کرد، پیرەژن بانگی کردیَ، گۆتی کوڕم ئەتوو عەمباری؟

گۆتی ئەدی، ما نامبینی، چت هێیە لۆت ببەمۆ.

گۆتی چم نییە، بەرا پرسیارەکت لیَ کەم.

گۆتی: بریَ پیرەژن

گۆتی ئەتوو ڕۆژیَ بەڕۆژیَ چەندت پیَ بڕی؟

وەللا گۆتی برێم چەند، گۆتی هە چەندی بی ئەمن بە پشیَ خۆ شوکرم.

گۆتی ئاخر ئەمن ئیشەکی دیم هێیە، ئەگە هەقیَ ڕۆژەکت دەمیَ لۆم بکەی.

کابرای گۆ، هەنکوە ئەمن چسوانم پیرەژن، خۆ ئیشیَ من دیار نییە.

کیژەکەی گۆ، ئەگە نزانی لاکۆ با بەئێکی دی برێم.

کابرا، نەرم بوو، گۆتی هەنکوە نابی بزانم ئیشێ توو چییە؟

کیژەکەی خۆ گران کرد، گۆتی لاکۆ ئەتوو بەکەلکەمن نێیای، لیرەکـی زێڕیشـی بەرداوە، عەلائەساس لێی کەت.

وکی کابرای چاو وە لیرێ زێڕ کەت، گۆتی، ئەتوو هە چ برێی، ئەز لۆتەکەم.

گۆتی ئاخر دەبی هەرێم دەیێ، بەس بەینی من و توو و خوای بی.

کابرای گۆ شەرتبی لە شەرتێ پیاوان لەو سێیانە ناچتە دەرێ.

ئەجە کیژەکەی لیرەکە دا کابرای گۆتی با ئۆندەت وێ بی

کابرای وکی لیرە وەرگرت، گۆتی ئەجە برێ ئەزت چ لۆ بکەم.

گۆتی ئەتوو عارەبانێ خۆت وێیە، لۆم تەعقیبی پاشێیا کەی، هـە لـە قەسـرێ دێتە دەرێ هەتا گەڕێتۆ، ئەگە پێتکرا لەناو قەسرێش بزانە چاکە و چ ناکا، هەموو ڕۆژێش وکی ئێکدین دیت، هوورد و درشتم لۆ بەحسەکەی.

کابرا برەك ترسا، گۆتی ئەدی ئەگە زانیان ئەمنیان تەعقیبەکەم؟!

کیژەکەی لیرەکی دیشی دەدەستی نا، گۆتی لۆ مەگە عەمبار نـی؟! ئشـتی لـۆ خەرکییە بەیۆ، با هەموو دەمێت ئشت دەناو عارەبانێ دابی.

گۆتی باشە.

گۆتی سبەی ئەو وەختەی لە فلان جێی ئێکدیە بینینۆ.

خواحافیز

خواحافیز.

لۆسبەی ئێکدیان دیتۆ چ نەبوو، لۆ دوو ڕۆژی دی عەینی شت، حەفتـەك چـوو، هە چی وەنەبوو، حەفتێ سـێیەم داهـات، کیژەکـە چ ئشـتەکی زێـتری لـە پاشـای نەزانی، کوویانەناسی هە وەبوو، دەگـە ڕەعییـەتێ تـووڕە و ڕەق بـوو، ئاگـای لـە

فەقیران نە بوو، هە لەدوو کەیف و سەیفیٚ خۆ بوو، حەزی لە پیاسە و گەڕانیٚ کرد، بەزۆری ئەچووە ناو باخ و باخاتیٚ خۆ، هەندەك جاریش دەهاتە دەشت و دەری.

سیٚ شەم بوو، کابرا هاتۆ گۆتییە پیرەژنیٚ (کیژیٚ شوانی)، گۆتی سیٚشەمیٚ دیش پاشا لە فلانە جیٚی، بەتەنیٚ چووە دەو ڕووباری.

کیژەکەی گۆ، چۆوە عەینی جیٚ؟

گۆتی ئەریٚ وەللا چۆوە عەینی جیٚ، گۆتی چی کرد لەویٚ؟

گۆتی وەللا لەبە مەوعیدیٚ توو بەجیٚم هیٚشت، کوڕە گۆتی هەی بیٚ کەلك، کووت بەجیٚ هیٚشت

گۆتی غیٚر لەبەرەتوو!!

گۆتی ئەدی لۆ سیٚشەمیٚ دی بەحست نەکرد؟!

گۆتی ئاخر لەبە حەڕەسانم نەویٚرا هەندەی لەدوو بچم.

گۆتی ئەتوو ئەگە شتەکی وهە بوو، پاشای بەجیٚ میٚرە، لەدووی هەڕوو بزانە چاکە، ئەگە ئەوڕژین ئیٚکدی نەش دیت، قەیدی نییە، با لۆ ڕۆژیٚ پاشی بی.

گۆتی باشە.

حەفتیٚ چارەم داهات چ نەبوو.

ڕۆژیٚ دووشەم کیژیٚ شوانی گۆتییە کابرای وەرە دەو ڕووباریم پیٚشاندە، وکی چوون، گۆتی هەتا بن ئەو دارەم ئاگا لیٚبوو، لیٚرە سوڕاوە، ئەمن ئاگام لیٚ نەما.

کیژەکەی گۆ ئەتوو بڕۆ سبەی بەباشی چاویٚ خۆ بکۆ.

گۆتی ئەدییە توو.

گۆتی ئەتوو بڕۆ ئەمن جاریٚ لیٚرا بم.

کیژە شوان، کیژیٚ دەو ڕووبار و دەشت و چۆلییٚ بوو، شون پیٚ پاشای هەگرت، وەدوو ڕاچوو، لە جیٚیەکی زانی پاشای لیٚرە خۆ ڕووت کردیتۆوە، گۆتی لەوانیٚیە

مەلەی کردبی، ئەویش  خۆی ڕووت کردۆ و چووە ناو ڕووباری، هەر هەندەی زانــی، خشەخشێ ماری هات، لە خشە خشێی ڕا زانیی مارەکی گەورێیە، لە ئــاوێ هاتــە دەرێ، بە عەجەلە خۆی دەبەکردۆ و ئەو ناوەی بەجێ هێشت.

شەوێ هە فکری لەو جێیەیە کردۆ، ئەشترسا سبەی ئــەو مــارە بەپاشــای وەدە، نەشەوێرا قسان لە کن کەس بکا.

سبەینێ زوو جلکێ شوانانی دەبەکردن، پێشی پاشا بێ ئەو چوو خۆی لەناو زەل و قەمیشی شاردۆ.

پاش بەینەکی دیتی ئۆ پاشا دێتە سە ڕوو باری، پاشای جلك لەبەرکردنۆ، خـۆی هاویتە ڕووباری، خشە خشێ مــاری هــات، مــار چ مــار زەلامــی بــە خــڕو خــڕی قووتەدا، زۆر ترسا، گۆتی هەنکوە پاشێیا خوا، ویستی هاوار کـا پاشــای هەشــیار کاتۆ، وکی چاویدا  پاشای، دیتی ئۆ ئەویش لەناو ئاوێ بوویتە مارەکی وکــی وی، هە ئۆندەی دیت دەگە مارەکەی تێکاران، لە دەو ڕووباری گەلەکیان گەوز گــەوزانێ کرد، ئەجە پاشا چۆوە ناو ئاوێ و بۆوە پیــاوێ جــاران، جلکــێ خــۆی دەبــەکردنۆ و بەڕێ خۆدا گەڕاوە.

کیژەکەش لەترسان دەمەکی تاسابوو، دوایێ بەعەجەلە چۆ مارێ.

ئەو شەوی لەرز وتێیاکی گرت هیویان لێ دانا.

سێ ڕۆژی مابوون بەبووك چی، گۆتی وهە نابی، خۆ شلکردن فایدەی نییە.

فکری کردۆ گۆتی بچمە کن مام زانەوێری مارگر، هەنەبی ئشتەکی لێ فێرەبم.

وکی مام زانەوێر قسێ لێکە، مار لە بە بۆنێ پونگێ هەردێ، بەرا گۆتی ئەگــە ماری ئەزیەت نەدەی بەخۆ لەبە بەشەری هەردێ.

گۆتی ئەدی ئەگە لەمارێت دەگەدابی؟

گۆتی مار ئەمانی نییە، چێتر وێیە بکوژرێ .

کیژێ شوانی  بۆندەی نەوەستا، هەستا چــووە کــن پیرەژنــەکی ســحرباز، گــۆتی سیحرێ ماری کووە؟

گۆتی ئەگە بەشەربی بووبیتە مار، فەرقی هێە دەگــە ئێکــی مــاربی خۆبکاتــە بەشەر.

گۆتی فەرقی چییە؟!

گۆتی کوو فەرقی چییە!؟ ئەگە بەشەر بی کرابیتە مــار نتــانی بــەخۆ خۆبکــاتۆ بەشەر، بەرا ئەگەر ماربی و خۆبکاتە بەشەر، هەردەمەکی بیهەوێ خۆ کاتۆ مــار و ئیشێ خۆ کا.

گۆتیێ ئەدی ئەگەر بەشەربی کرابیتە مار کووە کرێتۆ بەشەر؟

سحربازی گۆ ئەتوو لۆ پرسی؟

گۆتی وەلا هیچ بەس خەونەکم دیتبوو لەبە هەندێ..

گۆتی کیژم دەبی مارەکەی بە کلکی بەدارێ وەکەی، ئەجە بە شــوارکە بییــەکی حەفت شوارکانی بە هێز و قوەتێ خۆ لێدەی، ئەگە بەشەر بی، ئۆ ئــەبیتۆ بەشــەرێ جاران، ئەگە ماریش بی، ئەتۆپی و حێیاتی لێ برێ.

کیژەکە ما فکرێ لە پاشای بکاتۆ، ئۆ بەشەر نییە ئۆ مارە، مار ئەمانی نییــە، ئەدی کووی بکوژی؟!

ئەدی تۆبێ مارێ سە ڕووباری بەشەر نەبی!؟

کیژێ شوانی ئامۆزێیاکی هەبوو، گەلەك بەدەست و برد و بە تێن بوو.

کیژێش لەدرێ خۆ گەلەکی حەز لەو ئامۆزێیای بوو، بەرا ئــامۆزای بــەژن بــوو، لۆیێ شەرمییەکرد درێ خۆی لۆ بکاتۆ، فکری کردۆ گۆتی بچمە کنەوی باشە.

کیژێ شوانی برێیا کچکێ خۆی دەپێشدا نــاردە مــارێ ئــامۆزای، هــاتۆ گــۆتی ئامۆزا لە سە شیناویانە.

کیژێ بە عەجەلە جلکێ پیرەژنانی دەبەکردن، چووە سە شـیناویان ك ئـامۆزای. سەلامی کرد، وکی ئـامۆزای ئـاوڕداوە، ئێکـەمجار نەیناسـی، بـەرا وکـی ناسـیۆ، گەلەکی بەخێر هینا، گۆتی ئۆ لۆ بەو نەوعەی هاتی؟

گۆتی بەخوای ئامۆزا لە ترسێ دار و دەستێ پاشای، ئەترسێم تەعقیبانم کەن.

گۆتیێ، کیژێ مامی گەلەکت لۆ بەخەمین، بەرا دەگە ئـەو پاشـێیا زۆردارەی چ ناکرێ، ئەمە دەستەراتێ وین نییە.

کیژێ شوانی گۆ ئامۆزا ئەمن لۆ دوو قسانت هاتیمـە کنـێ، ئەگـە کـردت یـا نەتکرد دەبی بەینی من و توو و ئەو خوێیای بی.

گۆتی شەرتبی لە شەرتێ پیاوان لەو سێیانە نەچتە دەرێ.

حار و مەسەلێ پاشای لۆ گێڕاوۆ، گۆتی ئەجە ئەتوو تەکبیرت چنە؟!

ئامۆزا هێدم گرتی ببوو، ئەوی بەگێیانی گێ لێ بـوو، بـە ئـاقر وەری نـاگرت، گۆتی ئۆ کووە بی ئەوهە.

کیژێ شوانی گریا گۆتی وەلا ئەو هێیـە، ئەگـە چـت لـۆ پێکـرێم، ئەگـەنا بـا ئەمیش بەدەردێ وانی دی بچم.

گۆتی: بە مامیت نەگۆتییە؟!

گۆتی: بەکەسم نەگۆتییە.

گۆتی دە مادام وێیە، ئەتوو هەتا سێشەمێ بـە هـەر نەوعـەکی بـی، خـۆ لـە پاشای بپارێزە، ئەمن ئەچم مارێ سە ڕووبـاری عیلاجەکـەم، ئەجـە یـا ئەیکـەمۆ بەشەر یا ئەیتۆپینم.

سێشەمێش نۆبەتێ پاشای دێ، وکی هات، بە ئیزنێ خوای قورتاری ناکەم.

کیژەکەی گۆ، ئشتەکی دیش هێیە لەدرێ خۆ دینمە دەرێ، نەکوو نەت بینمۆ.

گۆتی ئەو ئشتە چییە کیژێ مامی

گۆتی ئەمن عاشقی توومە، بەرا لە بە ژنێت نەوێرایمە بەسە خۆ بینم

ئامۆزاش لە هەناوان لۆی سۆتابوو، گۆتی بەخوای کیژۆرێ مامی ئەمیش لەتوو چێتر نییمە، بەرا ئەمیش نەوێرایمە بەسەخۆ بینم .. گۆتی دەبا ئەو ئیشە لەسە خێران تەواو بی قسەکی دی لێکەین.

خۆ حافیز

خۆ حافیز

ڕۆژێ جمعە، کیژێ شوانیان ڕازاندۆ، بە حەفت دۆر و بەحەفت زورنێیانیان لە مارێ شوانی دەرینا و لۆ کۆشکێ پاشای وەڕێکەتن. لە ك داکو بابانی کوو مەیتێ کیژێیان لەبە دەستی دەرینن ئەوهەبوو، کیژەکەی زۆری زگ بە داك و بابێ خۆ و بەبرێیا کچکێ خۆ سۆتاوە، گۆتی ئەنگۆ خەمێ مەن و نەبی، ئەمن وکی کیژێ خەرکی نیمە، ئەمن و دێمۆ کنێ بەخوای .. کێرکەرەکی کۆشکێ پاشای گێ لە کیژێ شوانی بوو چارێتە داك و بابێ خۆ، لێی چووە پێش، گۆتی ئەمن هەندەك ئشتییە زانم دوێیا پێتەرێم.

با هەقێیاتی لێك نەکێشینۆ، بووکیان لۆ پاشای بردە قەسرێ، لە هۆدەکییان دانا، شەوێ درەنگ پاشا هاتە ژۆرێ، کیژێ شوانی پێشی پاشا بێ، هۆدەی دەبۆن پوونگێ وەردا.

وکی پاشا هات سەروو دری بەبۆن پوونگێ تێك چوون، هێڕ و گێژبوو، تووشی ڕشانەوەکی بوو، هەتا سبەینێ بووە مەیت.

سبەینێ حەکیم و لوقمانیان هینانە سەرێ، بەرا کیژێ شوانی پێشی بەکەس برێ، هۆدەی هەموو گوراو ڕشێنکرد، وەبی کەس بۆنێ پوونگێ نەکا، ئەجە خەبەری دابوو پاشا نەخۆشە.

حەکیمان چ فکر لۆ پوونگێ ناچوو، گۆتیان هەبی و نەبی لە حافلەی گەلەکی

ئارەق خواردیتۆ، سەر و دری تێکچووینە، گۆتیانە پاشای، دەبی هەتا دوو ڕۆژان ئشتیێ شل بخۆی، لە هۆدەکی بەتەنێش بنووی، ئەمەت نۆبەتیێ لێگرین، پاش دوو ڕۆژی دی بەرات ویێ نامینیێ.

ئەو دوو ڕۆژانە، کیژێ شوانی هە لە دوو ئێکەکی بوو، چ بە قیمەت چ بە هیممەت، بیکاتە ئارقە لەگێ خۆ، هەندەك كەس بەخۆ دەهاتن وێیان پێشانەدا کە دێیان ویێ ببنە جاسووسێ ژنێ پاشای، بەرا کیژە شوان ئاقر بوو، ئەیزانی ئۆ بە خوتتە دێن، لۆییێ ئەیگۆ ئەمن چ سرم نینە و بەتەمای چش نیمە، چ پێویستم بەنگۆ نییە، ئەمن مێردێ خۆم خۆش دەوی، مەزانە ژنەکانی دی زوو بە قسێ ئەو نەوعانە هەرەخەرەتان لۆییێ پاشاش حیسابەکی دی لۆ کیژێ شوانییەکرد، چونکە هەمان ئەو قسانە بە پاشایەگەیاندنۆ.

کیژێ شوانی سۆراغێ ئەویەکرد، ئەوی لە ڕۆژێ گواستنەوێ گۆتبوویێ ئەمنت هەندەك ئشتی پێرێم، گۆتیان ئەو عایدی کۆر و کۆر خانانە.

کیژێ شوانی گۆتە کێرکەران، کۆرخانێم لۆ گەرم کەن خۆشۆم.

خەبەریان دا کۆرخانێ گۆتیان شاژن خۆ شووا.

کیژێ شوانی وکی چووە کۆرخانێ، پڕی کێرکەر بوون، گۆتی ئەنگۆ هەموو هەڕوونە دەرێ، با بەس ئێك كەس لێرەبی، گۆتیان ئاخر شاژن ئەمە هە ئێکی عایدی ئشتەکیینە.

ئێك ئێك لێی پرسین ئەتوو عایدی چی؟

گۆتی ئەمن عایدی نینۆك کردنێمە.

گۆتی ئەمن ئەوڕۆ نینۆکان ناکەم ئەتوو برۆ..

وەلحاسر ئێك ئێکی وەدەرێ نان، گەیشتە سە کێرکەرێ ئەوی دەیویست، گۆتی ئەتوو عایدی چی؟

گۆتی ئەمن عایدی ئاو پێداکردنێمە.

ئیٚ گۆتی ئەمن بەس ئیشم بەتووە، ئەوی مێیا هەموو هەڕوونە دەرێ، لەو ناوە و نەبینمۆ، گۆتی هەموو هەڕوون گوران ئاودەن، گۆتیان ئۆ ئیشێ مەنییە شاژن.

گۆتی ئەمن و پێرێم.

وکی هەموو ڕۆیشتن، کیژێ شوانی گۆتە کێرکەری ئەتوو دەتویست چ بەمن برێی، ئەگە بەکەلکم بێی بی شەرت بی لەشەرتێ خوای بە ماری دنێیات خەنییەکەم.

گۆتی ئەمن ئەو دەمی قسەك بوو کردم.

گۆتییێ مەترسێ ئەمیش کیژە فەقیرەکم وکی توو، ئەگە لەسەریشم دەن ناوێ توو نادەم، هەرێتەدەمێ.

کێرکەری چاو لەولا و لەولای گێڕا، گۆتی پاشا بە خۆ ژنێ خۆ خوا.

گۆتی کوو.

گۆتی کەس لە کۆشکێ ئەوەی نزانی.

بەس مێردێ من دیتیتی، وکی پاشا ددانی دەملێ ژنێ خۆ، چەقاندینە. وکی تەعقیبی کردییە، چ ژن لەوێ نەمێیا، بەس جلکێ بەخێن نەبی، ئەو ژنیش وکی ژنەکانی دی ئەوجار و ئەوجار نەدیترایتۆ.

گۆتی: باشە کەس وەنارێ ئۆلۆ ئەوژنە لە هیکوبەرۆ بزر بوو!؟.

گۆتی کێ وێری، گۆتی بەس وکی مێردێ من تێفکرییە، پاشا مانگێ کەلەشێ ژنەکییەخوا، گۆتی بەرا ئەتوو خەمت نەبی هەمووی حەفتەکە ژنێ پێشیی خواردییە، هەتا سێ حەفتەی دی هیچ، هەتا هەنگیش خوا کەریمە.

کیژێ شوانی دری خۆش بوو، چونکە گۆتی قاتی هەتا سێ حەفتەی دی ئامۆزا لێیاکی وە لێیاکی دێخی.

دوو شەو پاشتر پاشا هاتۆ هۆدێ بووکێ، بووك چ بووك خۆی لەسە ئێك تێلی ڕازاندبۆ، بەرا هۆدەشی دە بۆن پوونگێ وەردابوو، پاشا هە لەدەرکەی گەڕاوۆ پشتۆ، گۆتی ئۆ وکی خۆم لێدێتۆ.

حەکیمان گۆ وە باشە پاشا ئێك دوو ڕۆژان پیاسەکی ئەو دەشت و دەرەی بکا.
پاشای گۆ باشە با بەقسێ نگۆ بی.
وەلا پاشا لۆ دەشت و دەری ڕۆیی، بەرا دوو حەرەسی لەبە درەکێ بووکێ دانان.
کیژێ شوانی لۆی نەبوو بێتە دەرێ، نابوو کەسیشی بچتە کنێ مەگە ئیشەکی هەبی.
کیژێ شوانی بانگی کێرکەرانی کرد گۆتی کۆرخانێم لۆ گەرم کەن خۆشۆم.
خەبەریان دا کۆرخانێ گۆتیان شاژن خۆ شوا.
کیژێ شوانی دیسان هەموو کێرکەری دەرکردن، وکی بەتەنێ مانۆ، گۆتی دەموێ قاسیدەکی بنێرمە دەرێ، گۆتی لۆم بە مێردێ خۆ برێ.
گۆتی مێردم دەگە پاشای چوویتە دەرێ.
گۆتی نزانی کێوە چووینە؟
وکی وەسفی کرد، چووینە دەو ڕووباری.
گۆتی: بەعەجەلەم قاسیدەکی لۆ وەبینۆ.
گۆتی برێیاکم لێرێیە، ئەگە پێت باش بی؟
گۆتی تێی ڕابینی؟
گۆتی ئەدی برێیا من نییە؟!!
گۆتی دەباشە، بینێرە ك فلان کەسی، برێ ئەوڕۆ کۆرە وەیباب لە دەور و بەرێ ڕوباریە.
وکی برا چوو، کەسی بەو ناوەی نەدیتۆ، مەزانە ئەوڕۆ دووشەم بوو، ئامۆزا لۆ دەو ڕووباری چووبوو.
برا بەدەست بەتاری هاتۆ..
کیژێ شوانی زندەق چوو، گۆتی خوێیا ئەمن بەچ دەردەکییە کوژی بم کوژە،

بەس ئەورۆ ئەو ئامۆزێیام بە سەلامەتی دەرچی..

لەتاو ئامۆزای خۆی دەژۆرێ نا، وکی کێشکەیەلەرزی.

ئەی گۆتی نەخۆم کە نە تەکبیرم کەن، گۆتی خوێیا دە جوانەگا لەسەرەمن نـەزر بن، ئەو ئامۆزێیام لۆ سەلامەت کەی.

ئێ .. بابچینە دەو ڕووباری بزانین لەوێ چ هێیە.

ئامۆزا سبەینێ زوو خەنجەرێ دەبانی دە بە پشتێ ناو، کیـژێ مـامی کـوو لـۆ وەسف کردبوو، ئەوهە چوو هەتا جێ ماڕریی دیتۆ، هەنـدەك شـەپە شـەپی لـەناو ئاوێ کرد، پاش بەینەکی گێی لە خشە خشێ ماری بوو، هە ئۆندەی زانی مار پێیا بوو، گۆتییە ماری ئەگە بەشەری و سحرت لێ کرێیا، چم گۆ بە قسێم کە، هاتیمـە سـحرێت لێ بـەتار کـەمۆ، ئەگـە ماریشـی و دە قسـان ناگـەی، هاتیمـە سـەرت پانکەمۆ، مارەکە بەبێ دەنگی  هاتە بن پێ کابرای.

گۆتی دیارە سحرت لێ کرێیا، ئەمن چاکتەکەمۆ.

ئەجە گۆتی کوتەرێمێ دەبی بەقسێم کەی، گۆتی دەبی  هـەنکوە بـە کلکێـت بەدارێ وەکەم، ئەجە حەفت شوارکە بیانت  بە هێز و قوەتێ خـۆ لێـدەم، گەلـەکت دێشی،  بەرا دەنگت لێوە نێ، دەنا بە حێیاتی چانابیۆ.

ماری خۆ کڕ کرد، ئەویش ماری بە کلکی بە دارێ وەکرد، مـا بـە شـوارکانی لێدە، ئێ یێکەمی لێدا، دیاربوو گەلەکی هێشا، زۆری زگ پێ سۆتاوە، بەرا گـۆتی با دەستێ خۆ شل نەکەم دەنا ئیشەکابتە فشە.

لەو نێبی دیتی ئۆ ئێکەك دێتـەوێ، مارەکـەش ترسـا، بـەرا ئـامۆزا وەبـیری هیناوە گۆتی هە چ ئەبی با ببی بەس ئـەتوو نقـەت لێـوەنێ، ئەجـە بـە عەجەلـە شوارکەکانی لێدان، مار بەدارێوە بووە کیژەکی وکی گورێ، لە خۆ چـوو بـوو، لـەو دەمیش کەسەکە زۆر نێزیك ببۆ، هە زوو گوریسـی بـە خەنجـەرێ بـڕی و ڕووبـووە کیژەکەی و خۆی هاویتە ناو زەل و قەمیشان.

دیار بوو ئەوی دەهات، پاشا بوو، لە جلکانی ڕا ناسیۆ، پاشای خۆ ڕووتکـردۆ و شیریٚ خۆشی بە داری هەرپەسـارد، چـووە نـاو ئـاویٚ، فیشـکە فیشـکەکی کـرد، کیژەکەی خۆ جولانـدۆ و خشـە خـش وە قەمیشـان کـەت، لـە پاشـاش وابـی ئـۆ مارەکێیە دیٚ، خۆی کردۆ مار، بەرا ئـامۆزای کیژەکـە گـرت گـۆتی ئـەتوو لێـرە نەجولێی، بەخۆی لیٚ چووە دەریٚ، دەستی دا شیری و لۆ پاشای چوو، پاشـای وکـی دیتی ئۆ زەلامە، ویستی بێتە دەریٚ و پێشی کابرا بیکوژی ئـەو پێیـوەدە. ئـامۆزا زۆر بەدەست و برد بوو، لێی چووە پێش، شیرەکی لە ملی دا، هەتا ڕوحی دا نیوەی بۆوە بەشەر، نیوەشی هە بەماری ماوە.

کەلەشیٚ پاشای لەویٚ بەجێهێشت و بەعەجەلە عەبێیا پاشای بە کیژەکەی دادا، هاویتیە سە شانی،  ئەوێی بەجیٚ هێشت.

دار و دەستیٚ پاشای وکی پاشا برەك گیر بوو، مەجبوور بـوون وەدووی ڕاچـوون، چ ببینن، کەلـەش کەلەشـیٚ پاشـێیا و سـەر سـەریٚ مارییـە، ئـەی گۆتیـان لـەو عاجیباتییەی.

ئێکەکییەگۆ ئۆ پاشا نییە، ئێکەکی دی گۆتی بەرێوەلا ئەمن لەمێژا زانم پاشا مارە، بەرا نەوێرایمە قسیٚ بکەم.

پەکوو گۆتیان لەو عاجیباتییەی.

دەنگوو دۆر دە مەملەکەتیٚ گەڕا، کەلەشیٚ پاشێیان هیناوە.

وکی خەبەریاندا کیژیٚ شوانی، گۆتیان پاشا کوژرێیا، غاریـدا دەریٚ، دیتـی ئـۆ مەیتیٚ پاشێیان هینایتۆ ئەو هەموو خەرکەی دەورە لێدێیا.

وکی کیژیٚ شوانی چوو، هەمان ڕیٚ لۆ چۆل کرد، وکـی چـاویدا پاشـای نیـوەی بەشەر و نیوەی مارە، گۆتی ئۆ کیٚ کوشتییە؟!

گۆتیان کەس نزانی، ئەمە وکی دیتنۆ ئەو هەبوو، کەسیشن لەویٚ نەدیت.

گۆتییــه وزیــر و گزیــران، ئــەوی قســێن لــۆ بکــا بــزانین پاشــا لــۆ ئوهێیــە، خەراتییەکەم.

وزیرەکان نەوێران قسیٚ بکەن.

ئێکەك لە خورامان گۆتی شاژنم خۆش بی، پاشا مار بــوو، بــابی مــار و داکــی ئەجندە بوو.

گۆتی ئەمن زۆر جاری دیم دیتییە وکی خۆکاتۆ مار، گۆتی ئەمن دیتیتم وکــی ژنیٚ خۆی قووتەدا.

وکی خەرکی گیٚ لەو قسانا بوو، گۆتیان ئۆ لۆییٚ ئەو ژنە بەستەزمانانە لەهیکو بەرۆ بزرەبوون. کەس نێیەزانی چیان لیٚ دیٚ.

کیژیٚ شوانی گۆ، دەجە دە هەموو مەملەکەتیٚ بگێڕن سیٚ ڕۆژی دی، هــە لــەو مەیدانەی، ئەوی ئەو مارە پیسەی کوشتییە، بــابیٚ لــەجیٚ ویــی ئەکەینــە پاشــا و ئەمیشی مێردی پێکەم.

خەبەر دە مەملەکەتیٚ براوبۆ، گۆتیان ئەوی پاشای کوشــتییە هــەتا ســیٚ ڕۆژی دی، لە مەیدانیٚ کۆشکیٚ حازر بی، لە جــیٚ پاشــای ئەیکــەنۆ پاشــا و شــاژنیش مێردی پیٚ کاتۆ.

ئامۆزای گــیٚ لــەو خەبــەری بــوو، ئــەی گــۆتی دەبــەرت مــرم کیــژیٚ مــامی، ئەشەدوبیللا لێت زانی. گۆتییە ژنــیٚ خــۆ، ژنــیٚ ئــۆ ئەمنەبمــە پاشــا، بــەرا دەبــی شاژنێش مارەکەمۆ.

ژنیٚ ئاگا لەچ نییە، گۆتی: ئشتیٚ و هە نییە، ئەتوو ئیٚ پاشــێیاتییٚ هــە نــی!؟ ئەمە بەو نەوعەی چ عەیبن نینە، قەت لۆمن مەبە پاشا

گۆتییٚ، هەنکوە ئەو قسیٚ ئەتووەکەی کەلکیٚ فلسەکییان نییــە، ئەگــە دەگــەم دێی ئەتووش هە شاژن حسێبی، ئەگە ناشهێی لۆ خۆ هەلێرەبە، ئەمنت نــاو بــەناو سەرەکی لێدەم.

ڕۆژێ پێنجشەم خەرك خڕ بۆ، بانگیان ڕاهێشت، گۆتیان كێ پاشای كوشتییە با بێتە مەیدانێ، جوولە جوولەك لەناو خەركی پێیا بوو، هەمان ئاوڕ دانۆ، ئێكەك هاتە مەیدانێ گۆتی ئەزم ئێ پاشای كوشتییە.

گۆتیان: نیشانێ خۆ هەردە

گۆتی: ئۆ شیر و عەبێیا پاشای.

وكی شیر و عەبێیان پێشانی شاژن و وزیران دا، گۆتیان ئۆ شیر و عە بێیا پاشاینە.

وەلا بوە چەپرە لێدان و كابرێیان هینا تانجیان لەسە ناو، مەلێیاكیشیان بانگ كرد، شاژنیان لێ مارە كرد.

كیژێ شوانی بەداك و بابێ خۆ شادبۆ و خەركەكەش لەو ترس و در ڕەقیەی پاشای نەجاتیان بوو، حەفت شەو و حەفت ڕۆژانیان دۆر و زۆڕنا كوتا، ئەو خورامێ قسەی لۆ خەركی كرد، ئەوی گۆتی پاشا مار بوو، ژنێ ئەو كێركەری دەرچوو، ئەوی لە كۆرخانێی دەگە كیژە شوانی قسا كردن، شاژنێ گۆتە ئامۆزای، ئەو ژن و مێردە گەلەك بەوەفا بوون لۆ مە، پاشێیا نوێش پیاوەكەی كردە وزیر.

ئەمیش لەوسەری هاتمۆ ..

كوڕە گۆتیان ڕاوەستە، هاتنەوێ چ، ئەتوو هەقێیاتی ئەو كیژە مارەن لۆ تەواوكە، ئەوی سحری لێ كرابوو..

باشە كاكە ئۆ وەدوو ویش ڕاچین.

ئەو پاشێیا مارەی، پیرەژنەكی سحربازی هەبوو، وەكی هاتبووە ئێرە ئەو پیرەژنە مارەی دەگە دابوو، بەخۆ كوڕێ پاشێیا ماران بوو، بەس لەبەر ئیشێ خراپ شاربەدەریان كردبوو، ئەو پیرەژنە مارە فێری كردبوو هە وەختەكی بیەوێ خۆ بكاتە بەشەر و هە وەختەكی حەزی لێ بی خۆ بكاتۆوە مار، وكی هاتنە ئەو

مەملەکەتەی، تەعقیبی پاشای کردبوو، ڕۆژەکی پاشا دەگـە مـار و منـداریٚ خـۆ هاتبوونە سەیرانیٚ، لەو دەو ڕووبارەی، وکی هەموو سێشەمانی دەهاتیٚ، بـە خـۆ و بە پیرەژنە ماری خۆیان لەناو دڕیان مات کردبوو، وکی فرسـەتی دیـت بـە پاشـای وەدا و خشیۆ دەو ڕووباری، ئەجە لە پەنیٚ خۆی کردە بەشەر و جلکـی دەبـەکردنۆ، بە پیرەژنێی گۆ حەڕەسەکی پاشام لۆ بکە مار، وکی کردییٚ ئێکسـەر کوشـتی، لـە دوو خۆی ڕاکێشا و بردیۆ کن مەیتیٚ پاشای گۆتی ئۆ مارەکەم کوشتۆ..

گۆتیان ئەتوو کێی، لەکیٚ پێیا بووی؟!

گۆتی ئەمن توجاڕم لۆ تجارەتیٚ هاتیمە ئەو مەملەکەتەی، گۆتیان مادام وێیـە، دەبی دەگەمە بێیۆ کۆشکیٚ، ئەتوو پیاوەتییەکی گەلەك گەورەت دەگەمە کردییـە، لەو مەملەکەتەش عادەت بوو، ئەگە شاژنی مێرد بەهەرکیٚ کردۆ، ئەوەبتە پاشـا. خۆی گێیاندە شاژنیٚ، گۆتی لۆ مێردی بەمن ناکەیۆ، گۆتی ئەمن لەتاویٚ توو چەند ڕۆژە چ ئاگام لەخۆ نییە.

شاژنێش نەیدەویست شاژناتی لەدەست چی، فکری کردۆ، گۆتی ئەوە لە هەموو خەرکی چێترە، لۆمن خۆش نییە مێرد بە پیرە وزیرەکی بکەم، یان مێرد بـە ئێکـی لە دار و دەستیٚ خۆ بکەمۆ، گۆتی ئەو توجاڕەی لەچ کم نییە.

جوابی لۆنارد، گۆتیانیٚ شاژن ڕازییە مێردی پیٚ بکا.

شـاژنی گواسـتۆ و بـووە پاشـێیا مەملەکـەتی، شـاژنیٚ کیـژیٚ گـەورەی تـازە هەریدابوو، ئشتیٚ وهە جوان لەچ شار و مەمەلەکەتان نەبوون، ماری پـیس مرخـی لیٚ خۆش کرد، چووە کن پیرەژنە ماریٚ سحرباز، گـۆتی ئـەو کیـژەم لۆبکـە مـار و لەکنە خۆی بحەوینۆ.ڕۆژەکی وکی کیژ چووە ناو باخچـیٚ، پیرەژنـیٚ سـحر لێکـرد و کردییە مار، وە پێشەخۆی دا و بردیە دەو ئەو ڕووباریٚ بەحسن کرد.

پاشای شەوەکی بە شاژنێی وەدا و حێیاتی لیٚ بڕی، مەیتەکەشی قوتدا.

کەس نێیەزانی شاژن چ لێهات، کەسیش ناویڕا لێبپێچیتۆ..

ڕۆژەکی پاشا بە فێرێ سەیرانێ، دەگە هەندەك حەڕەسـان چـووە دەو ڕووبـاری، گۆتییە حەڕەسان ئەنگۆ لێرە زێتر نێنە پێشۆ، گۆتی ئەمن مەلەی لە ڕوبارییەکـەم، بە سەرۆکی حەڕەسانی گۆ ئەوی بستەکی هاتە پێشتر لەسەری دە. چووە سە ئـاوێ بانگی پیرەژنێی کرد گۆتی کا ئەو کیژە؟

پیرەژنێ بانگی کێژێ کرد، کیژ هات، ئەجە پاشای گۆتە پیرەژنێ بڕۆ ئاگات لەو حەڕەسانە بی، ئەوی هاتە پێش پێی وەدە.

پاشای بە کیژێ گۆ، ئەمن عاشقی توو بوویمە، هە جاری هاتمە دەو ڕووباری، چم پێ خۆشبی دەگەڕتەکەم، هەر دەمەکیش هاتم لێرە نەبووی، ئۆ بزانە ئەچـمۆ برێیـا کچکەت ئەکوژم. کیژەکەی لەتاوێ برێیاخۆ چی پێ ناکرا، پاشای کردبووە عادەت هەموو سێشەمانی دەهاتە کنێ و تێری گەوزگەوزانێ دەگەڕەکرد، هەندەك جـاریش دەهات بزانی لەوێ مێیا یان نا.

ڕۆژ چوون ڕۆژ هاتن، پیرەژنە ماری سحرباز تـۆپی، بـەرا ئـەو لەبـە برێیـا خـۆ هەناوێرا ئەوێ بەجێ بێری.

ڕۆژەکی کیژەکەی گێ لەدەنگێ ئـاوێ بـوو، وەیزانـی پاشـێیا، مـەجبوور بـوو هات، بەرا وکی دیتی کیژەکی جوان و جحێری وکی وی لـەناو ئـاوێ مەلەیـەکرد، گەلەکی حەزلێبوو بانگی کا، بەرا ئەو تازە مار بـوو، کوویـەتانی دەگـە بەشـەران قسان بکا، خۆی پێشانی کیژەکەی نەدا، گۆتی نەکوو بترسێ.. هەفتێ دواتر دیسان گێی لە شەپەشەپێ ئاوێ بوو، وەیزانی پاشێیا هاتە دەرێ دیتـی پیـاوەکی قیـت و قۆز، بـەتێن و تاقـەت، گـۆتی ئەگـە ئـەتوو بەشـەری سـحرت لێکرێیـا، ئـەمنت چاکەکەمۆ، بەس دەبی حەفت شواڕکە بیانت بە هەموو هێز و قووەتێ خۆ لێبـدەم، بەرا چ دەنگان نەکەی، ئەگەنا چا نابیۆ.

گۆتیشی ئەگە ماری ئۆ هاتیمە بت تۆپینم.

کیژێش لە خوای دەویست ببتۆ کیژێ جاران، چووە بەر پێ کابرای خۆی شل کرد، کابرای زانی ئۆ بەشەرە سحری لێکرێیا، بەکلکیی بەدارێ وەکرد و شوارکێ ئێکەمی لێدا، کیژێ بەستەزمان وەخت بوو ڕوحی بێتە دەر، بەرا نەوێرا قسان بکا، ئەجە گێیان لە دەنگە دەنگەکی بوو، کابرای گۆ دەبی بە عەجەلە شوارکەکانت لێبدەم، هەرچی بوو، ئەتوو دەنگت لێوە نێ، ئەجە بە عەجەلە شەش شوارکی دیی لێدان و مارەکە بۆوە کیژێ جاران، ئەو دەمی پاشا گەیشتە نێزیك، پێشی وەدەرکەوی، کابرای گوریسی بڕی و بە خۆ و بە کیژەکەی چوونە ناو قەمیشان، وکی پاشا هات، خۆی ڕووت کردۆ، جلکی بەدارێ وەکردن و شیریشی بە دارەکەی هەرپەسارد، چووە ناو ئاوێ، شەپەشەپ و فیشکە فیشکەکی کرد، کیژی بەستەزمان هە بە حسابێ جاران خۆی جوولاند ویستی بچتە دەرێ، بەرا کابرای گۆتێ ئەتوو لەجێ خۆ نەجوولێی، پاشا لەناو ئاوێ ببۆ مار، بەرا هەستی بە ئشتەکی کرد ویستی بێتە دەرێ، کابرای پێشی وی غاریدا، شیری، پاشا نیوەی ببۆ بەشەر، بەرا کابرا زۆر بەدەست و برد بوو، سەرێ ماریی پەڕاند، ئەجە عەبێیا پاشای دەکیژێ وەرپێچاو شیرەکەشی بە خۆوەکرد و کیژی هاویتە سە ملی و ئەوێی بەجێهێشت، لەناو زەل و قەمیشانی خۆ بزر کرد، وکی بڕەك وەدوور کەتۆ، گۆتییە کیژەکەی ئەتوو لێرە خۆ بشارۆ، هەتا ئەمن نێمۆ نەجوولێی، ئەچم جلکانت لۆ دینم.

کابرا چوو دیتی لە مارەکی جلکیان لە سە تانۆکی هەرێخستینە، بەختێ وی کەس دیار نەبوو، دە ئێك دوو جلکان ڕوو بوو، گەڕاوە کن کیژێ، کیژێ خۆ گۆڕی، نەوێرا بیباتۆ ئاوایێ، چوونە قەبرستانەکی لەسەڕێی بوو، خۆیان گیرکرد هەتا تاریك داهات، ئەجە بردیۆ مارێ خۆ.

گۆتیە ژنێ خۆ، نابی کەس بزانی ئۆ لێرێیە، ئەگەنا سەرن بە فەتارەتەچی، ژنێ

وێیەزانی ئۆ هەریگرتییە، وێیەزانی ئۆلۆخۆی هینێیا، کابرای خۆ توورەکرد، گـۆتی ئەی خوا چ قووەتت نەدا ژنیٚ، ئەگە لۆخـۆم هینـابی لەتوەترسـێم، گـۆتی هەنـدەم دەگە مەریٚ دوێیا هەمووشتییە زانی.

گۆتی لۆ هەنکوەم پیٚ نارێی، ئەگـە چ کـەتنت نەکردینـە لـۆ ئەوهـە بـەدزیت هینایتۆ.

گۆتی ژنیٚ ئەو کیژەی لێی قەومێیا، ئەمن نەجاتم دێیـا، بـەس بـڕەکم سـەبریٚ لێبگرە، نـەك هـەرەتوو، هـەموو عالەمـەزانی چ بـووە، گـۆتی ئـۆ لەبـە پاشـای هەراتییە. گۆتییە کیژەکەی خوشکم ئەتوو هـەڕووە ژۆریٚ لۆخـۆ بنـوو، هـەقت بـە گارەگارێمەدا نەبی. کابراش نەویرا دوو ڕۆژان لەماریٚ بچتە دەریٚ، لێناگەڕا ژنیشی بچتە دەریٚ. ژنەکە بەتەمای مێردی لە کیژیٚ نەگەڕا، کیژ مـەجبوور بـوو، حـار و مەسەلیٚ خۆی هەموو لۆ ژنیٚ کابرای گێڕانۆ.

وکی خەبەر براو بۆ گۆتیان کیٚ پاشا کوشتییە بابیٚ خەراتەکریٚ.

کابرای گۆتە ژنیٚ خۆ، ئەمنواچم، بەرا گەلەکت ئاگا لەو کیژەی بـی، ئشـتەکی لیٚ بیٚ، یان کەس بزانی لێرێیە، وای لەحارت. گۆتی بەخوای بەڕوحێت بانگەدەم.

گۆتی دەبڕۆ ئۆلۆ بڕەکیشت خەمیٚ من نییە. کابرای دەگـە وێـڕا نەچـوو، پرتـە پرتەکی لێوەهات و ڕۆیی. ژنیٚ کابرای هە ئەترسا، ئەو کیـژەی بـە خـەرات بدەنـە مێردیٚ وی، بەرا وکی کیژەکەی گۆ ئەمن حەزیٚ لە کوڕیٚ وزیریٚ دەستەڕاسـتەکەم، بڕەکی در ڕوحەت بوو، ئەجە وکی مێردی هاتۆ، گۆتی ژنـیٚ ئـەمن دەبـی شـاژنیٚ بینم، ئەجە ئەبمە پاشا، کیژەکەی وەیەزانی شاژن هە داکیٚ وییە، چونکە ئەیزانی وە عادەتە ئەگە شاژن مێردی بە هەرکیٚ بکاتۆ ئەوەبتە پاشا. لـە شـەرمانی خـۆ کـڕ کرد.

ئاگـاى لێبـوو وكـى ژنـێ كـابراى دەگـە مێـرێ خـۆى كارەگـارەكرد لەسـە مارەكردنەوێ شاژنێ، بەرا خۆى كڕكرد.

كابرا چووە قەسرێ، كرديانە پاشا، ئەجە لەدوو ژن و كيژەكەى نارد.

وكى ئەوانيش هاتن، كيژەكەى گۆ كا شاژن، وكى شاژنى ديت داكێ وى نـەبوو، گۆتيان پاشێيا پيێشى داكێ تووى بزر كرد، گۆتى ئەدى كانى بـرام، گۆتيـان ئـەو پاشێيا براشى كوشتى. كيژەكە زۆر عێدز بوو، پاشێيا نوو، ئەوى قورتارى كردبوو، درى داوە، گۆتى ئەمن و شاژن داك و بابێ تووينە، ئەتوو هە كيژە پاشێيا جارانى، گۆتى قسێ لۆ بابێ خۆ بكە، حەزت لە كێيە مێردى پێ بكەى؟

گۆتى لەفلان كوڕە وزيرى. پاشاى ئەمر كرد كوڕە وزيريـان هينـا و كيـژێيان لێ مارەكرد، ئەجە لەبە خاترى كيژەكەى كوڕەكەشيان كردە وزير.

خۆشى گەڕاوە مەملەكەتێ و خەرك بە بێ خەمى و بەبێ ترسـيە ژيـان، ئـەوجا ئەميش هاتمۆ، كارەكم دڕاو چم پێ نەبڕا.

# خنس

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو، کەس لە شەیتانی ڕوو ڕەشتر نەبوو.

جارەکی کابرێیاکی فەقیرحار هەبوو، ڕۆژ تا هێواریێ خەریکی جۆتیاریێ بوو، ئۆندیێ خوای بەقسمەت کردبا، هێواریێ ئەچۆ دە دەستیێ ژنێیەکرد.

ژنێش هەموو ڕۆژیێ پارە نانەکی دەینا بەریێ مێردی، بتبردبا بەریێ کسۆکان نێیانە خوارد.

ڕۆژەکی گۆتی ئەریێ ژنیێ، ئەتوو ئەو نانە خراپانە چییە دەرخواردی منەدەی، گۆتی هەموو پدووم بریندار بووینە.

گۆتی: ئەجە ئەمن چ بکەم. خەتای گەنمییە، ئەمیش پێوە بەهیلاك چوویمە، نانی لیێ نێیا.

گۆتی: کوو وێیە؟! ئەمن کیهە گەنم جوانە ئەوی دەینمۆ!

گۆتی: ما بەهەندێیە؟!

گۆتی: ئەدی بەچییە؟

گۆتی: ئەتوو خوشکەکت هێیە لە خنس، هەرکە ئەکا تڕ و فس، ئاردەڕوا مینیێ پنس..

گۆتی: کوو وێیە؟!

گۆتی: وهێیە وکیە رێم.

کابرا زۆر لەخوشکیێ خۆ توڕەبوو، دەستی بەجوونان کرد.

بە قسیێ ژنیێ، کەتە ڕێی، چووە وراتی خنسیێ، وکی چووە ماریێ خوشکیێ،

خوشکێ چاو وه حەمەدی کەت، له خۆشیانی خەنی بوو، گۆتی ئـەی دەبـەت مـرم حەمەدی برا ئۆکوه خوشکۆرەت وەبیرهاتیتۆ.

حەمەدی بەتووڕەیی گۆ خوشکم لێرەشن لێ ناگەڕێی!؟چت دەگەمە مێیا ؟!

لۆ لێنناگەڕێی نانەکی وکی بەشەران بخۆین.

گۆتی ئەی هەشم وەسەری ، هەی خمم وەسەری ، چ بووە حەمەد، برام، قسێم لۆ بکە ؟!

گۆتی کوو چ بووە، ئەتوو وکی ترِ و فسانەکەی ئەمە ئاردنەڕوا مینێ پنس.

ئەی گۆتی عەمرێ خوشکێت نەمینێ حەمەد.

خوشکێ زانی حەمەد گەلەك گێلۆکێیە، بە قسێ ژنێ وهە دەفـع بـووە، گـۆتی جارێ ئەتوو برِەك بسێوە هەتا ئـەمنت هێلکـەو ڕوونـەکی لۆکـەم، ئـەزانم لـەڕێی هاتی، هەنکوە گەلەکت برسی بووە.

خوشکێ، حەمەد بردە ژۆرێ، ئەجە ئاگرەکی کردۆ، لـە پـێش چـاوێ حەمــەدی چوو مەقری لەسە کولانکێ دانا، هەندەك ڕوونی تێکرد، خوشك هــە دەهاتوەچــوو، سعاتەکی زێتر پێ چوو، ڕوون دەمەقریێ هە نەتافابۆ.

حەمەد هەندەی دی تووڕەبوو. گۆتی ئەرێ خوشکم ئەتوو لۆ هەندە هێڕی، ئاخر ئۆکوو مەقری لەسە کولانکێ گەرمەبی؟!

گۆتی حەمەد برام ئەگە لە دووریێ دوو گەزان، تێنێ ئـاگری نـەگاتێ، مــەقری گەرم نەبی؟ ئەدی ئۆکوو بە ترِ و فسێ من لە دووریێ دوو ڕۆژە ڕێیان ئـاردێ نگـۆ پنسەبی!

حەمەدی خۆ کڕکرد.

ئەجــە خوشــکێ لــە ئــاگردانێ دەرێ، قــەرەپراوەکی بەســرکەی لێنــابوو، کەرەبابەکیشی لۆ سۆر کردبۆ، هینای بە پێکەنین لەبەرێ حەمەدی دانا.

گۆتی برام خۆ هەنکوەش لەخوشکێ عێدز نی؟.

حەمەد بەبێ دەنگی لە سنییێ چووە پێش، ئەتگۆ بە حێیاتی نانی نەخواردییــە، وکی شێتان کەتە سەنانی.

وکی لەخۆ بۆ، خوشکێ گۆتە حەمەدی، ئەجە قسێ لۆ خوشکێ خۆ بکە، بزانم مەسەلە چییە، ئۆلۆ ئاردوو ئەبتە پنس؟!

حەمەدی حار و مەسەلە لۆ خوشکێ خۆ گێڕانۆ.

خوشکێ گۆتێ: حەمەد، قسەکت پێ رێم بەرا خۆ شـێت مەکـە، ئـەتوو ژنـت دەگە خائینە!.

گۆتی: کوو وارێی؟!

گۆتی ئەتوو دوو ڕۆژان مەچووە ئیشــی، خـۆی لێ دابنووســینە بزانــە مەســەلە چییە؟

ئەجە خوشکێ ئۆندە گۆشتێی لەبە مابۆ، لۆی دەناو دوو سێ نانان نا، هەنـدەك هێلکەی کوراشی دەگە سێ چا نووردیە نانانی لۆ ڕێی لۆ دانان، ئەجە گۆتی ئەتوو خۆحافیزت بی.

حەمەد وکی گەییۆ ئاوایێ، نەچۆ مارێ، بەدزی خۆی دانووساند، شـەوێ وکـی خەرك نووستن، دیتی ئۆ زەلامەك، ئەچـتە مـارێوان. دەرکـە پێوەنـەدرابوو، بـەبێ دەنگی چووە ژۆرێ.. حەمەدیش سەبر سەبرە، چۆوە مارێ، وکی دیتی ژنێی هــەتا کابرا دێ، ئۆ نانی حازر کردییە، منداریشی لە هۆدێ پشتۆ نواندینە، ئێك مەقریە هێلکەو قەریەی دەڕوونی کردییــە، ســەلە نانەکیشــی ڕشــاندییە، هینــای لەبــەرێ کابرای دانا، ئەجە بەدووان کەتنە سەنانی، هەتا تێر و پڕیان خوارد.

حەمەدی گۆ با عەجەلێ نەکەم، نەکوو برێیاك خزمەکی بی.

وکی ژنێی سنییێ نانی لەبەرێ کابرای هەگرت، ئەجە دەگەری چووە بن جێیان..

ئەی گۆتی عەمرێ داکێت نەمینێ حەمەدێ، هەریکێشا خەنجەرێ، وکـی خـۆی بەدەرکێ دادا، هەردووك بەرووتی لەبن جێی دەرپەڕین.

حەمەدی لێ نەگەڕا کابرا چ دەستەوەکەییەکی بکە، بە خەنجەرانی شل و کـوت کرد، ژنێ خۆ لە حەمەدی تورەکرد گۆتی ئۆ ئەو پیاوەت لۆ کوشت؟!

حەمەدی پێش چاوی تاری ببوون، ژنیشی دا بەر خەنجەران.

ئەجە هە بەوشەوەی مەیتێ هەردووکانی بەو نەوعەی فڕەدا سە گووفەکێ.

منداری لە خەوێ هەستاندن، بەبێ دەنگیی، کەونە بوجگڕی دەتێڵەگان نا، بـەو شەوەی سەرێ خۆیان هەگرت. هـەنکوەش کـەس نـەزانی حەمــەدی ڕوو دەکێنــدەر کرد.

# بارە بن جوو

هەبوو نەبوو، کەس لەخوای گەورەتر نەبوو، کەس لە پێغەمبەری خۆشەویستتر نەبوو.

کابرێیاك هەبوو، بارۆ جوویان پیَ گۆت، بەخۆ ناوی باراك بوو.

پێشدان جووش دەگە ئیسلام و دیانان هەبوون، بەرا هەندە زۆر نەبوون، لۆ خۆ کاسبییَ خۆیانەکرد، هەقیان بە سە کەسدا نەبوو، خوا خوێیان بوو ئێکەك تەشقەرێیان پیَ نەکا، ئەگە غەدریشیان لیَ کردبان، خۆیان کرە کرد.

بارۆ جووی کیژەکی گەلەك جوان هەبوو، ناوی باریَ بوو.

باریَ زیاتری دەستەخوشکیَ موسورمان هەبوون، هەندەی خۆ لە جووان نادا، دەر و جیرانە جووەکان، زۆرجاریان بە داك و بابانی گۆتبۆ، ئاگاو لە کیژۆریَ خۆ بی، با هەندە خۆ تێکەری ئەو موسورمانە کسۆکانە نەکا، ئەوانە گورگن.

ئەوانیشەگۆ ما چی لیَ بکەین ، هەزا جارن لێدێیا بە تیتکانن راکێشێیا، لۆ سبەینیَ عەینی تاس و عەینی حەمام، ئەچتۆ ناویان، ناوەلا با هەلێی گەرێین، هەتا لەبەن هەرنەهاتیە.

باریَ گەلەك بەرچاو ببوو، کورەکیش هەبوو ناوی رەشید بوو، کورەکی بەژن و بارا برند، هەتا برێی قۆز بوو.

باریَ و رەشید عاشق و مەعشوقیَ ئێکدی بوون.

ئاخیری وەی لێهات هەموو عالەمی پێ زانی، ئێیانگۆ ڕەشید و باڕێ حەزێ لێکەکەن.

هەندەکانەگۆ، ئەشەدوبیللا لێکەوەشێنۆ، ئێك لێکی نازدارترە.

هەندەکانە گۆ، ڕەشیدی چ کیژە موسرمان نەماینە حەزێی لێ بکە، ئەو کیژە جووە نەبی.

هەندەکی دییە گۆ، خوابکەم بیکاتە موسرمان.

جووەکانیش دە داك و بابێ کیژێ بەربوون ئێیانگۆتنێ سەت جارن پێگۆتن ئاگاو لە چەتیمە سەر بەڕشکێ خۆ بی، ئۆ وەوەرێینێ، خوازانی کیژ و وەدوو ئەو ڕەشیدۆکەی کەوی، دەبی لەو مەملەکەتەی بارکەن.

داك و بابی فەقیر چ نەما دەگە کیژێ نەکەن، بەرا عەشق ئەو ئشتانە چسوانی.

ڕۆژەکی دەنگ و دۆر براو بۆ، گۆتیان باڕێ بوویتە موسرمان.

خەرکە موسرمانەکە غاریانەدا مارێ مەلای، چونکە باڕێ خۆی دەمارێ مەلای نابوو، جوەکانیشەچوونە سە مارێ باڕە جووی، گۆتیانێ دەبی ئەوشۆ لێرە بارکەی ئەگەنا بەخۆوەکوژین.

مەلای لە پێش چاوێ خەرکی شەهادەی بە باڕێ هینا، گۆتی کیژم ئەمن چم گۆ ئەتووم لە دوو برێوە:

- ئەشەهەدو ئەن لا ئیلاهە ئیلەللا

باڕی گۆ: ئەشهەد و ئەن لا ئیلاهە ئیلەللا وە ئەشهەد و ئەنە محەمەدەن ڕەسولەللا

ئەی گۆتیان هامەتێ، یاخوە ڕووت سپی بی کیژ، وەلا گۆتیان شەهادەی لەمە باشترەزانی.

ئەوجە هەرەودەمی باڕێیان لە ڕەشیدی مارەکرد.

ژنان هە لەمارێ مەلای دەست بەکلیلیلیان کرد.

مەلای گۆتە بابێ ڕەشیدی، ئەو کیژۆرەی لـە مـارە برێیـاکی خـۆ دانـێ هـەتا ئەیگوازنۆ.

لۆ سبەینێ وکی هەستان، مارە بابێ باڕێ لە ئاواییێان بار کردبوو.

وکی خەبەر بە باڕێ گەیشتۆ، دری گەلەك پێ توند بوو، وەختبوو پشێمان بیتۆ، دەستی بەگریانێ کرد.

گۆتیان بڕۆن ڕەشیدی لۆ بینن، وکی ڕەشید هات، باڕێ ی بـەو نەوعـەی دیـت، گۆتییە خەرکەکەی ئەنگۆ بڕۆنە دەرێ، بڕەکن بەتەنێ بەجێ بێرن.

لەدەرێ بووە پستە پست ئۆکووەبی بەتەنێ بن، ئێکییەگۆ ئەجـە چـیە حـەرارێ خۆیتی.

ئێکییەگۆ، ئاخر خۆ لۆی نەگوازرایتۆ.

ئێکیدییەگۆ، ماروخرا نـەهاتبی، ئـەنگۆش هـە لەسـە فکـرێ خۆنـە، کیـژێ بەستەزمان سەر و دری گەلەك خۆشن؟.. بەریان وەچییە؟!

وەلا گۆتیان وێیە قسێ تووە، کەس در بە درێ باڕێ نەبی.

ڕەشیدی گەلەکی درێ باڕی داوە، گۆتی شەرتبی لە شەرتێ پیاوان، ئێیان بینمۆ و ئەشتبەمۆ کنەوان، گۆتی باشتریش ڕۆیشتن، لێرەمابان، ئەمەش نەنەتانی بچـینۆ کنیان. هەنەبی لەجێ دی کەسن نەناسی.

باڕی بڕەکی در بەقسێ ڕەشیدی خۆش بوو.

وکی ڕەشید هاتە دەرێ گۆتییە دەستە خوشکانی گۆتی ئەنگۆ بە تـەنێی بـەجێ مێرن.

گۆتیان خەمت نەبی ڕەشید، خاتر جەم بە.

وەلا ماریان لۆ ڕەشیدی دانا و باڕێیان لۆ گواستۆ.

گەلەك بەخۆشی دەگە ئێکە ژیان.

ما ڕەشید وە دوو مارە خەزووری ڕاچی، لەو گوندی لۆ و گوندی لەو شاری لۆ و شاری.

قەدەر عەییامەکی پێ چوو. هەرێی دابووە بارێ گۆتی ئەگە نێیان بینمۆ ئەمیش ناچمۆ، ئەدی.. بە چ چاو و ڕووەکی بچمۆ ك بارێ، ئەدی نارێ کا شەرتێ پیاوانت ڕەشیدۆك!؟

نارێ ئەدی مادام هەندە چەلەنگی ئەو فشە فشەت لە چ بوو، یا ئەمنت پێ هەر خەرەتاند!! هەقی خۆیتیشی.

ڕەشیدیان بەدودا چووە وراتی موسرێ، ئەوێشی سەروو بن کرد، چ نەبوو، گۆتیانێ هەڕوە وراتی بەغدێیا، سەر و نێشینم ڕەشیدێ ڕەشیدان چووە بەغدێیا، سەر و سۆراغی کردن، گۆتیانێ هەڕوە گەڕەکێ جووان، لەوێیان لێ سوئال کە.

ڕەشید چووە گەڕەکێ جووان، لەو دەرکی لۆ و دەرکی، لەو کۆرانی لۆ و کۆرانی، جوو بیژی بوون، ئەگە پێشیان زانیبا وکی ئێیان دیت کابرا موسرمانە، مارەکێیان پێشان نادا، بەرا چوون خەبەرێ مارێ بارۆ جوویان دا، گۆتیان ئۆ کابرێیاکی موسرمان سۆراغێ مارێنگۆ کا.

گۆتیان ئێکی کوە؟

گۆتیان ئێکی بەژن و بارا برندە، ئێ وراتێ کوردەوارییێیە.

گۆتیان چ ژنی دەگە دانە؟

گۆتیان ناوەلا هە بەتەنێیە.

گۆتیان باشە گەلەك مەمنوون.

لەبەینی خۆیان گۆ هەبی و نەبی ڕەشیدۆکە، باشە هەنکوە چ بکەین، ئەگە هات چی برێیینێ؟

بابەکەی گۆ وەلا لۆ کوشتنێ باشە.

داکەکەی گۆ بارۆ ئـەتوو پێشـی کیـژێن هـەگری نەتکوشـت، هـەنکوەی لۆچـا کوژی!؟

گوتییێ پیرەژنێ سەرئاسن هـەنگیش خـەتای تـوو بـوو، ئەگـەنا ئـەمن هەنـدە بێغیرەتت بووم، نەمەتانی ڕەشیدۆکەکی ڕەقیاو بتۆپینم.

گۆتی بە کەیفێ خۆ بکە، ئەجە نەرێی لەبـە تـووم نەکوشـت، ئەگـەرەی کـوژی لۆخۆ بیکوژە، بەرا ئێرە بێ میر و حاکم نییە، ئەجە کەیفێ خۆیتـت. گـۆتی ئەگـە بەکوشتنێ وی مارت وکی خۆ لێدێتۆ بیکوژە.

گۆتی ناوەلا مار بەچ وکی خۆ لێدێتۆ، ئەمیش سەرم تێداچی.

ئێ گۆتی ئەدی لۆ فکر لە ڕێیەکی دی ناکەیۆ.

گۆتێ ڕێ وکی چ.

گۆتی بانگی کە بابێتە مارێ، بزانین لۆ چ هاتییە، بەرکی نییەتی باشە.

ئەی گۆتی گوو بەڕدێنێ هەرچی موسرمانە، ئەوانە چسوانن نیەت باشی چییە.

گۆتییێ هـەووە لەبـەرەتووش، بـە چ ڕازی نـی، بـە کـەیفێ خـۆ بکـە، دوێیـا شێیەکەی دەسەرێ مە مەچەقینە.

ئێکەکیان وە دوو ڕەشیدیڕا نارد، ڕەشید هاتە مارێ، سەلامو عەلێکم

بەس داکەکەی بە منگە منگی جواب داوە.

ڕەشیدی خۆ شێلو نەکرد، گۆتی ئەنگۆ هەقێ خۆیتـوو عێـدز بـن، بـەرا ئـەمن گونەحم چنە، ئەمن چ ئیشێ خراپ دەگە کیژێنگۆ نەکردینە، بە حـەراریم هینێیـا، ئەوی ئەمن بە دوونگۆڕا ناردییە.

گۆتییە داکەکەی گۆتی ئەنگۆ هە داك و کیژن، ئەوی چوو چوو، ئەگە پێو خۆش بی ئەمن بەین بەین کیژێ و دەینمۆ کنێ، ئەگە ئەمیش وکی کـوڕێ حیسـابەکەن، مەمنوونم، ئەگە بە کوڕێ خۆشم دانانێن، هە مەمنوونم.

بابەکەی گۆتە ڕەشیدی، ڕەشیدۆك لەوێت حێیا بردین، هاتیی لێرەشن ناموسێ ببەی، بڕۆ ئەمن چ کیژم نینە ناوی باڕێ، کەسیش نەناسم ناوی ڕەشید بی، جارەکی دی ئەو ڕێیەی غەرەت کەی، کەس مەیتت نابینتۆ.

ڕەشیدی گۆ هەرچییە رێی مادام بابێ باڕێ ی بابێ میشی، سبەی پێشی بگەڕێمۆ، سەر و لێدەمۆ، ئەجە ئەگە حەزت لێ بوو بمکوژی، بمکوژە، گەردەنت خۆش و ئازابی.

وکی ڕەشید ڕۆیی کەس نەوێرا بەحسی مەوزووعی بکا، هەتا شەوێ داکەکەی گۆتە مێردێ خۆ، پیاویژگە، ئەگە بێیە سە هەقان، ئەوانەش نا هەق نین، عەشق چسوانی غەیرەدیینی چییە، ئەگە ڕەشید، یا باڕێ خراپ بان، ما نێیانەتانی چ ئیشێ خراپ هەنە دەگە ئێکدی بکەن، ڕەشیدی باڕێ لۆ دەینا، ئەگە بندابا هە ئێکەکی خۆن، ئەگە بیانهەویستبا خراپەی بکەن، نێیانەکرد؟ لۆ چ ژنە جوو نەبوون، فعلێ پیس دەگە موسرمانان بکەن، ئەجە لە ترسان بی یا لەبە هە ئشتەکی دی بی؟!!

چانییە ڕەشید و باڕێ لەو نەوعانە نەبوون.

هەنکوەش ئەو کوڕە گوند بە گوند و شار بەشار وەدوومە ڕاهاتییە، ئەگە لە چاکەی نەبی خۆ لەخراپەشی نییە.

باڕۆی گۆ لۆ ئەجە وازانی لەبەمە هاتییە؟!

گۆتی باڕۆ خۆ لە خوای مەکە، ئەجە با لەبەمەش نەهاتبی، خۆ لەبە کیژێ مە هاتییە، ما ئەمە چن لە زاوای دەوێ، نەکم کوڕە جووبا، ئەوەی لەبەخاتری ژنێ خۆ کرد؟! ئەجە گۆتی هەنکوە ئەو کوڕە سبەی دێتۆ، هە لە بە خاتری کیژێ خۆ، دوو قسانی دەدەستی نێ، گۆتی لۆ ما باڕێ جەرگێ تووش نییە، نەکم جەرگت لۆ ناسۆتێ، بەقسێمنەکەی شەیتانی بەنەعلەتەکەی، با فکر لە ڕێیەکی باشتر کەینۆ.

باڕۆی گۆ: ڕێ وکی چ؟!

گۆتی ئەمنەرێم ماریٚ خۆ بینتە بەغدێیا

گۆتی نە خۆتکە نە تەکبیرت ژنیٚ، هە لۆندەن کم بوو، بیٚ لێرەشن حێیای با.

کوڕە گۆتی بارۆ حێیان لۆچا چی، لە وراتی بەغدێیا کیٚ بەکێیە، خۆ ئەز نـارێم بێنە ناو جووان، ئەزەرێم با لەلێیاکی خانیـەکی لـۆ خـۆ بگـرن، ئەماچـین سـەریان لێدەین، بابە با ئەوان قەت نێن.

بارۆی گۆ وەلا ژنیٚ ئەمن چ سەرم لە مەکر و دۆرابیٚ توو دەرناچن، نەخۆت کـە نە زاوا، ئەمن لێچمە دەریٚ، لۆ خۆ چاکەن وەبکەن.

پەکوو گۆتی مارت خرابی بارۆ دەبریٚ بزانم ئەتوو چت باشتر بە مێشکی دادیٚ؟

گۆتی هەی سندان و لێدە، ما چ مێشك و دەسەریٚ من هێشتییە.

گۆتی دە مادام وێیە، ئەتوو سبەینیٚ کێواچی هەڕوو وکی ڕەشید هـاتۆ ئـەمنی بەخۆ قسان دەگەرەکەم.

سبەی ڕەشید هاتۆ، هەندەك هووردەوارەی کڕیبوو، دەگە خۆی هینـا بـوون، لـە لێیاکی دانان، سەلامی کرد، گۆتی ئەدی کا مام.

گۆتیان مام لە ئیشییە، داکیٚ بارِیٚ گۆ ڕەشید هەقت بە مـامی دا نـەبی، وەرە با ئەمنت دووقسانت دەمست نێم.

گۆتی هەرچیەتووبرێی مامۆژن.

گۆتی ڕەشید ئەتوو پارچەکت لە جەرگیٚ مە بڕییە، هەنکوەش ئەگە دەتـویٚ لـە بەخاتری ژنیٚ خۆ خۆ دەگەمە چاکەیۆ، ئەمنت ئێك ڕێی لۆ دانێم.

گۆتی مامۆژن بەس لە دینیم وەر مەگێڕە، ئەوی دیت وەعدەیەدەمیٚ.

گۆتی ڕەشید ئەتووش ئێکی وکی کوڕیٚ من، دینت هە دینیٚ خـۆ، بـەرا مـاریٚ خۆ بینە بەغداییٚ، ئێرە شارە، ئەتوو کوڕەکی زیرەکی، لێـرە چـاوتە بنـۆ، لـۆ خـۆ ئەگە ئیشەکی بکەی زوو دەورەمەندەبی.

گۆتی ئەدی مامۆژن ئەمن چ لە داك و باب و قەومێ گوندی بکەم.

کورڕم کۆتی خۆ ئەمن نارێم وکی مە تەرکی مەملەکەتی بکە، هە کەنگیت حەز لێبوو، لۆ خۆ بەسەردان هەرۆ، چەندت پێ خۆش بی لەوێ بە، گۆتی ئەوانیش نەخۆشییەکە خۆشییەکە، ئەگە ڕێیان بکەویتە بەغدێیا، ماریێ توویان لۆبیتە قۆناغ.

وەلاهی گۆتی مامۆژن با فکرەکی لێبکەمۆ.

ئێ گۆتی دەبڕۆ فکر کۆ.

ڕەشیدی گۆ وەرە وەرە مامۆژن بزانە ئەو جلکانە جوانن لۆ کوڕێ خۆم کڕینە..

گۆتی لۆ چما باڕێ کوڕیش بووە؟!

گۆتی ئەدی کوو، پێکەنی گۆتی عەینی باڕۆ جووە.

گۆتی ڕەشید ڕاوەستە، دەنا ها ئەو لیرە زێڕەی ببە پێی وەکە. گۆتیشی گەلەك سەلامان لە باڕە قەحپێ بکە، ڕەشید بەس وەرن لۆ بەغدێیا زەرەرێ ناکەن.

گۆتی خوا کەریمە. ڕەشید گەڕاوۆ گوندی.

وکی باڕێ چاو وە ڕەشیدی کەت، ئەی گۆتی دەبەت بمرم ڕەشید، ئۆ ئەتووی هاتیۆ؟!

گۆتی چ بکەم باڕێ گوند نەما شار نەما هەموو کۆرانانی تێ نەگەڕێم. ئاخیری لە شاری بەغدایێ لە گەڕەکێ جوانم مار دیتنۆ.

ئێ گۆتی کوو بوون کوو نەبوون!

گۆتی مام باڕۆ گەلەکی خۆ تووڕە کردبوون، بەرا مامۆژن .. بزانە چی لۆ ناردی بەکوڕێی وەکەی.

ئەی گۆتی ڕووم ڕەش بی، کووم دەربەدەری شاران کردن..

کچێ گۆتی باڕێ، وەلا ئیسراحەتیان کردییە، مارەکی پاگژ و خاوێن، ناو

مارەکی خۆش، ئەجە چەند پۆشتە بوون. گۆتی داکتەرێ دەبی ئەنگۆش مـارێ خـۆ بیننە بەغدێیا.

گۆتی ئەتوو چت گۆ؟

گۆتی: گۆتم با فکرەکی لێ بکەمۆ.

بارِێ گۆ ڕەشید ئەگە قسێ منت دەوێ، ئەمیشەرێم، بچینە شاری باشترە، لێرە بن جوون لێ نابیتۆ، وەی لێهاتییە بەتووشەرێن ڕەشیدی بـارِە بـن جـوێ، بـەخوای مندارن گەورەبن، کەس بەناوێ تویان بـانگ ناکـە هـە ئـەرێن ئـەوە کـورِێ بـارِە بنجووی هات..

ڕەشید پێکەنی، گۆتی قسێ تووە بەخوای، وکی مارێ حەلە بن دیـانێ، گـۆتی بەسەمن خەمێ هەندێی تم چ برێمە داك و بابان.

گۆتی ڕەشید ئەجە خۆ ئەتوو هەنکووە مندارۆکە نی، دەبـی قـرارێ خـۆ بـەخۆ بدەی، ئەگە باشە بابچین، ئەگە خراپە با نەچین.

گۆتی واکەم.

ڕەشید چووە کن بابێ خۆ، گۆتی هۆباب ئەمن فکرەکم لۆ هاتییە.

گۆتی چییە؟

گۆتی وەلا ئەرێم مارێ خۆ ببەمە بەغدێیا.

گۆتی ئەتوو وارێی یا بارِێ؟

گۆتی ئەجە هـۆ بـاب فـەرقی چـییە، بـەس بـەخوای ئـەمن وارێـم، ئـەویش فەقیرەیەرێ ئەگە پێت باشە ئەچین، ئەگە پێت خراپە ناچین.

ئێ گۆتی ئەتووشەرێی باشە.

گۆتی ئەرێوەللا

ئێ گۆتی داخوە پێم برێ باشییەکەی چییە؟

گۆتی هۆباب، ئێکەم شت ئەوێ شارە، ئێرە گوندە.

پێکەنی، گۆتی ئەدی دووەم

گۆتی سەبرت هەبی بابۆ ئۆ لۆتەژمێرم

گۆتی: دەی

گۆتی هۆباب، دنیا هەزا خۆشی و نەخۆشییە، ما خراپە ئەگە قۆناغەکن لە بەغدێیا هەبی.

گۆتی: ئێ

گۆتی: بابۆ ئیش لەشاری زۆرە، پیاو ئەگە برەك بە بزاوت بی، زوو دەورەمەندەبی.

گۆتی: ئافەرین ڕەشید چ زووت سیفەتێ جووان هەگرت، هەموو خەمت دەورەمەند بوونە، ئەدی فکرت لە بەرەلایێ نەکردیتۆ.

ڕەشیدی گەلەکی شەرم لەخۆ کێشانۆ وکی بابی گۆتییێ سیفەتێ جووانت هەگرتییە، دە درێ خۆی گۆ، بەڕاست دەبی سیفەتێ جووانم گرتبی.. دەبی خەرك هەنکوە وکی جووانم تەماشێ نەکا؟!

بەبێ دەنگی ڕۆیی..

بابی شەوێ لە پێش هەمانی مەوزووعێ بەغدێیا هینانۆ گۆڕێ.

ڕەشیدیی سەری دەبەخۆ نابوون، گۆتی هۆباب، سوئالەك بوو کردم.

داك و خوشك و برێیا ڕەشیدی خۆ هەرینایێ، گۆتیان مەوزووع چییە، بابەکەی گۆ نزانم کێ دەبن خیندییە و حەزی چوویتە قۆر و باسك ڕووت کردنێ.

باڕێ زانی مەخسەدی ئەوە، بەرا خۆی کڕکرد، چی نەگۆ.

ڕەشیدیش چ جواب نەدانۆ.

داکێی گۆ بەغدێیا چ، هە ئەوە مابوو.

ڕەشیدی گۆ لۆ خاتری خوای بەردەکی لەسە دانێن، خۆ کفرم نەکرد، کاکە هەتا ماینە دوو قوونێ کەرێ بەرنادەین، هە لێرا بین.

بابی لاسای کردۆ دوو قونێ کەرێ بەرنادا ... دوو قـوونێ کـەرێ بـەرنادەی یـا وەدوو قسێ ژنێ کەتی. دەتوێ دەورەمەند بی ..

کۆڕە گۆتی هۆباب ئەمن خۆ چم نەگۆت، پرسـیارەك بـوو لـێم کـردی، گـۆتیتم ئیلاو بیلا هەرەچم. مادام ئەنگۆ پێو نەخۆشە ناچم..

ڕەشـیدی برێیـاك هـەبوو، گـۆتی ڕەشـید بەقسـێ منەکـەی ئەچـی، گـۆتی وبەوخوێیای کەمە، لە جێ توو بم ئەگە ژنم ڕازی بی، لە سبەی زووتر نییە ئەڕۆم.

بابەکەی لە جێ خۆ گۆ: قەلێش گوو خوارد.

ئێ گۆتی بابۆ، ئەگە ڕەشید بچتە بەغدێیا ئەمەش ناو بەناو ئەچینە بەغـدێیا، کێ نارێ خوا دەرکێ خێرانی لێ ناکاتۆ، مارێ مام عـەلی نـابینی وکـی هاوینـان دێنۆ، وەبیرت نییە پێشی بچنە هەولێرێ، هەندی بنە سێرەکی تەنیان بە دموچاوان وەبوون، نێیان بینی هەنکوە چەند خاوین و بژوونن.

گۆتی ئەدی کیژۆرانی نابینی ئەرێی تیاترۆنە.

گۆتی لۆ تیاترۆنە، بابۆ چوونکە پاگژ و خاوینن.

کوڕە گۆتی مام عەلی هە دادە دادیتـی لـە دەسـتەو مندارانـە، ئـەنگۆ ئاگـاو لەچییە، ئەرێ ئەمن غەدرەکی گەورەم کرد گوندم بەجێ هێشت.

شەڕ ببوە ئێ باب و برێیان، ڕەشیدی جارێ هە خۆ کڕکردییە.

کوڕەکەی گۆ، باشە ئەدی مادام غەدری کرد، لۆ نێیاتۆ

کوڕە گۆتی ما چی بەدەست وە مێیا، ما منداری دەگە دێنۆ.. ئەگەنا بەخۆ ئۆ لۆ گوندی شێتەبی، ئەرێ لە شاری دین و ئیمانیشن چوو.

گۆتی ئای فەقیر، گۆتی هۆباب ئۆتی لە گونـدی ڕۆییـە، چـەند ڕەز و باخچـەی کڕینۆ؟!.

گۆتی وەلا کرِیتیۆ..

ئیَ گۆتی خوا زانی چشی له شاری هێیه، ئەگە خێری لەشاری نەدیتبی، لۆ خۆی لەویَ کرِکردییه.

گۆتی ئەمه هەنکوه هەقن بە خەرکیدا چییه، هەرکەسەچتە قەبریَ خۆ.

گۆتی هۆباب، کچیَ دایۆ، ئیَ رِەشیدی فکر لیَ کردیتۆ، گەلەك ئشتەکی باشە، ئەنگۆ لۆ ئێکسەر داوێنە مل ژنێی، ئەگە تەکبیریَ ژنێشی بی، چی خراپی نەگۆتییه، بریا ئەمیش ژنەکی وکی ویم ئاقر بەنسیب ببا.

بابەکەی گۆ: ئاخ لەبه منداریَ ئاخیر زەمانی.

برێیاکەی چاوەك له رِەشیدی قوچاند، مەوزووعیان بردە لێیاکی دی.

برێیاکەی لۆ سبەینیَ هە ئێکی بەتەنێی قسه دەگە کردن، وەلحاسر، رِازیبوون رِەشید ماریَ بباته بەغدێیا.

هیچیان دەگەخۆ نەبرد، هە ئۆندە پارە و زێرِیَ هێیان بوو.

وکی له دەرکیَ ماریَ بارِۆ جوویاندا، داکەکەی دەرکه کردۆ، بارِیَ گۆ لۆ خاتری ئەو مندارەی ئەوی چوو چوو، دەرکەکی نوێم لیَ بکەنۆ.

داك و کیژان دەست دەملیَ ئێك کرد، هەردووك تێر گریان.

باش بوو ئەو دەمی بارِۆ له ماریَ نەبوو. رِەشیدیش گۆ ئەمن سەرەکی له بازارِییەدەم، گۆتی ئەمن ئەوشۆ نێیامۆ.

گەلەکیان گۆ ما کێواچی؟!

گۆتی: جێیەك هەرەبی.

بەرەبەری هێواریَ، وکی بارِۆ هاتۆ چاوی وەکیژیَ خۆ کەت، وهە نەبوو ئەوی لیَ ترسان، زۆری در نەرم ببوو، وکی مندارەکەشی دیت، گۆتیان وەتووە چی، ماچەکی لێکرد.

ئەجە ڕەشیدی مار لە گەڕەکەکی ئیسلامان دانا، ئیشەکی لۆ خۆ دیتۆ، چەند سارەکی پێچوون، ڕەشید دەگە تاجیرەکی کورد ببوە شریك، خوای دەرکێ بەرەکەتێی بەسەدا کردنۆ، حیسابێ خۆی بزرکردن، وکی بە سەردان چۆ گوندی گۆتییە باب و برێیا خۆ وەرنە بەغدێیا، بابی دەگە نەهات، بەرا برێیاخۆی برد دەگە خۆی کردە شریك، وازیان لە تاجیرێ کوردیش هینا، بوونە ئێکەم توجارباشی لەو بەغدێیای ..

لە دوو داك و بابێ خۆی نارد و بە خۆ و بە ژنێ وێکڕان چوونە حەجێ، ئەمیش گەڕامۆ، کارەکم دڕا و چم پێ نەبڕا..

# خوێیاتی

هەبوو نەبوو کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لەپێغەمبەری خۆشەویستتر نەبوو، کەس لە عەبدی درۆزن ڕوو ڕەشتر نەبوو.

ئەگێڕنۆوە، زەمانی پێشدان، سۆفیەك هەبوو، هەتا برێی بە تەقواو عیبادەت بوو، شەیتانی شەرم لێکرد، هەندە بەدین بوو، ئێیانگۆ ئۆ لە خوای فەنا بووە، قسان دەگە خوێیا کا.

وارێن ڕۆژەکی سۆفییێ ڕوو دەقاپییێ باری تەعالان کرد، گۆتی خالیقی گەورە، حەزێ کەم، سارەکیم خوایەتییێ تەسمیل کەی.

باری تەعالان گۆتی سۆفی، خوایەتی گەلەك زەحمەتە، بەتوو ناکرێ.

گۆتی ئەتوو تەسمیلم کە، بزانە کووی بەڕێوابەم.

گەلەکی گۆ کوڕە سۆفی بارەکی گەلەگرانە بەتوو هەرناستی.

گۆتی باشە ئەتوو مانگەکیم تەجروبە بکە، ئەگە نەمتانی لێم وەگرۆ.

فەرمووی سۆفی مانگەك گەلەك زۆرە.

گۆتی با هەفتەك بی

فەرمووی گەلەك زۆرە

گۆتی با ڕۆژەك بی

فەرمووی سۆفی درت ناشکینم، بەرا ها ئۆ جامێ دنێیات دێخمە بە دەستی بزانە چا بی و چ نابی.

سۆفی وکی سەری بەسە جامێ دنیێیا داگرت، دیتــی ئــۆ شــوانێ گونــدی، بــە حسابان پیاوەکی بەدینە، سەری بچی نوێژی ناچن، ئۆ پڕبای کیژە بێرییەکی بــووە، ئیلا و بیلا ئەرێ دەبی ئیشێ خراپم دەگە بکەی.

کیژی خۆی لەبە دەستان ئەپوچکڕینتۆ، ئەیرێتێ مام شوان لەڕاهی ئەو خوێیــای وازم لێببینە، شوانی هە وازلێنایینی.

بە حیسابانیش بی ئۆ ئەو خوێیــا، وەلا هــەری کێشــا تــیرێ قــودرەتێ ویســتی باوێتە شوانی و سەکتی کا.

باری تەعالان گۆتێ، ئۆچاکەی سۆفی!؟

گۆتی وەلا ئەو مونافیقەیەتۆپیینم.

گۆتی سۆفی ئەدی کا ڕوحمت؟!

گۆتی خالیقی گەورە ئەدی نابینی ئــۆ هــاواری خوایــەکاتێ، ئــەو فاســیقە هــە گێشی ناداتێ.

فەرمووی کاخوە برەك لاکۆ، ئەجە باری تەعالان، کەسەکی ڕەوانــی ئــەو جێــی کرد، وکی شوانی دیتی ئۆ ئێکەك دێ، وازی لە کیژەکەی هینا.

سۆفی گۆ خوێیا بەوجارەی لێم وەرمەگرۆ، گۆتی ڕوحمێش دەگە بەکار دینم.

فەرمووی باشە با ئەوجارەی وەبی.

سۆفی وکی سەری بەسە جامێ دنیێیا داگرتۆ، دیتی ئاشەوانێ گوندی، پیاوەکی بە نوور و نەزەر، بە دین.. ئەیزانی نەخۆشە، دەستێ خۆی پانکردینۆ، ئەرێ خوێیــا کەسم نییە لەتوو زێتر، ئەتووش خوێیاکی بــەڕوحمی، بــەخۆ زانــی نەخۆشــم، چــەند ڕۆژە ئیشەك، کارەکم پێ نەکرێیا، مندارم وامرن لە برسان، گۆتی خوێیا خــۆ چ لــە خەزێنێ توو کم نابیتۆ، ڕوحمەکی بەو مار و مندارەی بکە.

وەلا سۆفی دەست لۆ خەزێنێ برد، چەنگێ لە زێــر و لــیران دە، بــاری تــەعالان

دەستی گرت، گۆتیێ، ئۆ چاکەی؟!

سۆفی گۆ، هەندەك لیرانییەدەمیێ.

کوڕە گۆتی سۆفی ئۆ کوو خوێیاتی وها بی.

گۆتی ئەدی نابی بە ڕوحم بم، ئەدی ئۆ دەستیێ خۆی لەمن پان نەکردیتۆ، ئەدی ئۆ ناریێ لەتووم زێتر چ کەسی دی نینە! ما ئەگە هەندەك لیرانی بدەمیێ، چ لە خەزێنیێ کمەکە!؟

فەرمووی سۆفی، ئەو پیاوە ئاشەوانە، باراشیێ چەند گوندانی دەملدا، ئەگە ئەتوو ئەو لیرانەی بدەییێ، کووەچتۆ سە ئاشی!؟، ئەدی ئەو هەموو خەرکە مەحتەل نابی!؟

گۆتی ئەدی مار و منداریێ وی؟!

فەرمووی، ئەتوو دەبی حسابیێ لۆ خەرکە زۆرەکەی بکەی، دەبی قالبەکی ساغی وێدەیۆ هەتا بچتۆ سە ئیشی، ئەجە بەرەکەتێشی لۆ باویێ ناو ڕسقی. ئەجە فەرمووی سۆفی لەسە جامی هەستە خوێیاتی بەتوو ناکریێ.

گۆتی بەس ئەوجارەشم لیێ مەستینۆ.

فەرمووی با ئەوجارەش وەبی.

سۆفی سەر بەسە دنێیا داگرتۆ، دیتی ئۆ بەزۆری خەرکەکە دوعێیانەکەن وارێن خوێیا بە گەورەییێ خۆ، تەخت و تاراجیێ ئەو پاشێیای وەرگێڕی، گەلەکن زوڵمیێ لێکە، پاشێیاکی خوا نەناسە، دوژمنیێ فەقیرییە. وکی تەماشیێ وەزعیێ خەرکەکە و وەزعیێ پاشای کرد، گۆتی ئۆکووەبی، گۆتی ئۆ کوو هەتا هەنکوەی لیێ قبوور کرێیا، ویستی تەختی لە پاشای وەرگێڕی، باری تەعالان فەرمووی، ها سۆفی ئۆ بەتەمای چی؟!

گۆتی خوێیا تەختی لیێ وەرەگێڕم، گۆتی ئەمن خوێیا ئەو فەقیرانەش نیمە؟

ئەدی نابی حیسابی لۆ خەرکە زۆرەکەی بکەم.

فەرمووی سۆفی وەرە چاودە و خەرکەی، وکی سۆفی تەماشە لێکرد، ئۆ پاشای بەسەرێ زاری بانگی ڕاهێشت گۆتی کێ پاشای دەوێ بابێتە فرانکە جێی پاشاش بە خۆ دێتە وێ.

سۆفی دیت ئۆ ئەوانی دوعێیانەکرد، لە هەموو خەرکی خراترن، هە بابێیا سۆلان بەسە پێی واکە و بەغاردانەچتە ئەو جێی، ئەوی لۆیان دیارکرێیا.

سۆفی گۆ خالیقی گەورە، ئەوانە ئۆلۆ وەدوو دەنگێ پاشای کەتینە، ئەدی تازە نێیانەگۆ، تەخت و تاراجن لۆ وەرگێڕن!؟

فەرمووی ئەو خەرکە ترسنۆکن، ئەوان پاشێیان ئەوهە بەخۆ فێرکردییە، چونکە ئیمانیان زەعیفە، هەندی لەپاشایەترسێن، هەندە لە خوای ناترسێن، پاشا هەچییان لێ بکە خۆی لەبە کرەکەن، دێیانوێ خوا پاشێیان لۆ لەناو با، بەرا ئەوان بەخۆ هەموو لەپاشای خراترن.

ئێ سۆفی گۆتییە خوای، وکی خڕ بوونۆ هەمان وێکڕان سەر و ژێرەکەم، ئەمە لۆ سەرێ خۆ بەو خەرکە خراپانە بێشینین.

خوای گەورە فەرمووی سۆفی، ئەگە وەبکەم وکی ئەتووەرێی، دەبوو حەفت زەمان با ئەمن دنیام سەر و ژێر کردبا، گۆتییێ ئۆ ئیشێ توو نییە سۆفی، ئەمن درم نەشکاندی.

سۆفی گۆتی: یا ڕەبی خوێیا، خوێیاتی هە قابیلی تووە. بۆ خۆ کارزانی.. بەس بەخۆ زانی چ بکەی.

دەنگۆش شەهادەکی بەهەق بینن

ئەشهەدو ئەن لا ئیلاهە ئیلەللا وە ئەشهەد و ئەننە محەممەدەن ڕەسول و للا.

# میرەسەن

هەقێیاتێ میرەسەنی، بە ڕاستییە[٩]، وارێن میر حەسەنەك لە شەقراوێ هەبوو، پێیانەگۆ میرەسەن، میرەسەنی قەوم و عەشیرەتەکی زۆری هەبوو، زۆریش بەدەستەرات بوو، کوڕەکی هەبوو، حەزی لە کیژە دیانەکییەکرد، ماریان لەو بانە نۆکەی بوو، نێزیك گۆڕە سیرێ، زوو زوو بە فێرێ ڕاوێ، یا لۆ ئەسپسوارییێ، دەهاتە دەوروبەرێ مارێ کیژە دیانێ، کیژە دیانیش حەفت برای هەبوون، گۆتیە برێیا خۆ، کوڕێ میرەسەنیم واز لێنایەنی، گۆتیانێ ئەتوو جوابی مەدۆ، ئەگە هە وازیشی لێ نەینای برێ نیوە شەوێ لۆت دێمە فرانە جێی بەرا با کەسن پێ نزانی.

برێیاکان کوو گۆ، ئەویش ئەوهە بە کوڕێ میرەسەنی گۆ.

کوڕ لە خۆشیان خەنی بوو، گۆتی ئاخیری دەستەمۆم کرد.

وکی شەو داهات، کوڕێ میرەسەنی بە دزی هاتە جێ ژوانێ، هە ئۆندەی زانی حەفت کەسی لێ ڕاپەڕین، فرسەتیان نەدا دەستوەکەریەکی بکا، تێی ڕووهاتن و هاویتیانە ناو تەندوورێ. ئەوان تەندووریان وکی جهەننەمێ گەرم کردبوو، کوڕێ میرەسەنی لەناو تەندوورێ تۆقولۆق هات.

قەومێ کیژێ ناریان بەرەواژی لەپێ وراغان دابوون، هە ئەو شەوی مەملەکەتیان بەجێ هێشت.

---

(٩) ئەو هەقایەتەم لە عەبدوڵڵا عەزیز تریانکەر وەرگرتووە.

ڕۆژێ پاشی، سبەینە درەنگ داهات ئەجە خەرکەکەی زانــی کــوڕێ میرەســەنی دیار نییە، بەرا ئێیانزانی لە دەورووبەرێ مــارە دیــانی ئەچــی و دێ، لــۆیێ چــوون گۆتیان بابزانین لەوێ نییە. وکی چوون ئەبینن چ مارەدیان لــەوێ نەماینــە، چــوون خەبەریاندا میرەسەنی، گۆتیان حار لێرە، حیساب لەوێ، گــۆتی شــوونیان هــەگرن. شوون هەرگریان بردن، شوون هەرگران فکر لــۆ هەنــدێ ناچــوو، کــاخوە ئــەوان نــار بەرەواژی لەوراغان قەیمکردینە، شوون هەرگرێ گەورە گۆ، ئەمن چ سەرەدەریێ لەو شوونانە دەرناکەم. ئێکەکی گۆ شوونێ ئەو وراغانە تازەنە، بەرا گۆتیان ئۆ ئەوانــە کێنە؟ لەکێ هاتینە، ئەدی کانن؟!!

بە حیسابان بی ئەوانە هێشتا لۆ چ لێیان نەڕۆیشــتینە. دەبــی هــە لــەو نــاوەی مابن.

ئەو دەور و بەرەی گەڕان، دیتیان ئۆ کــوڕێ میرەســەنی دە تەندوورێــدا بوویتــە ڕەژوو. میرەسەن لە تاوان شێت و هار بوو.

گۆتی بڕۆن لە بن عاردیش بن بیانهیننۆ.

ناچار لەشکر پەرت و براو بوو، مارە دیان هەراتبوونە خۆرانێ پشــت ســەفینی، لەوێ دەگە پیاوێ میرەسەنی لێك گیربوون، هەردوولێان زەلامیان لێك کوشتن. بــەرا ئاغێ وێندەر کەتە بەینێ، دیانەکان لە خۆران مانۆ و میرەسەنیش قەراتێ دیانــانی لە بانەنۆکی کاول کرد.

لە شەقراوێ، هەنکوەش بەو جێیەیەرێن، قەراتێ کاولان.

# خورشیدی خاوەر[١٠]

پیر و پێشینان گێڕایتیانۆ، هەتا گەیشتتە مە، وارێن پاشێیاك هەبووە لە مەملەکتی خاوەر زەمینی، ناوی عادل شا بووە، هە بەڕاستی پاشێیاکی بە عەدل و داد بووە، ساحێبی سەروەت و سامانەکی گەلەك زۆر بووە، خێر و بێری لە مەملەکەتی لەبن نەدەهات.

ڕۆژەکی دەلاك هات سەر و ڕدێنانی لۆ بتراشی، وکی عادل شای لە نەینۆکێی چاو سەر و ڕدێنیێ خۆ کەت، زەوقی تێکچوو، نەینۆکی تێ فڕەدا، گۆتییە دەلاکی شتوومەکێ خڕکۆ. لە وزیر و ڕدێن سپیان، کەس زاتی نەکرد برێ ئەرێ پاشا ئەتوو لۆ لەهیکڕا سەر و درت تێکچوون.

پاشای ئیزن خواست، چووە هۆدێ خۆ، جەماعەتی دیوەخانیان چۆل کرد.

وزیرەکی هەبوو زۆری خۆشدەویست، گۆتیان ئەتوو بمینێوە، ئەگە هەچی هەبوو ئەمەش ئاگادار کۆ.

(١٠) گێڕانەوەی (عەبدوڵڵا عەزیز تریانکەر، لەدایکبووی ١٩٤٢ی شاری شەقلاوە). ئەم حیکایەتە بە شیعر هۆنراوەتەوە، لەسەر نەفەقەی محمدأمین عصری خاوەنی کتێبخانەی ترقی لە کەرکووك لە دووتوێی نامیلکەیەکی (٨٨) لاپەڕیی لە ساڵی ١٩٧٣چاپکراوە، یەکێك لەو هەقایەتانە بووە، کە محەمەد میرزا (زەردان) لە کتێبدا خوێندوویەتیەوە، لە دەماودەم کردندا، شێوازی گێڕانەوەی وەرگرتووە، لە هەندێك شوێن گێڕەرەوە دێرە شیعرێکی بیرماوە و تێکەڵ بە گێڕانەوەی دەکات، (دکتۆر هێمن عومەر خۆشناو)یش، ئەم حیکایەتەی بە ناوی (خورشیدی خاوەرزەمین) لە سەرزاری (حەسەن حەمەدەمین خدر سکتانی) لە کتێبی کانی خومان)دا لە لاپەڕە (١٠٣)دا، بلاوکردۆتەوە، هەرچەندە هەمان ناوەرۆکی هەیە، بەلام شێوازی گێڕانەوە و کەم و زیادیی لەگەڵ ئەوەی ئێرەدا هەیە، بۆیە پێمانوابوو، تۆمارکردنی سوود بەخشترە لە تۆمار نەکردنی.

پاش دەمەکی پاشا هاتۆ دیوەخـانیێ، دیتـی بـەس وزیـریێ دەستەڕاسـتی لـەویێ میێیا، چ دەنگی نەکردن، نەیگۆ ئەریێ ئەو خەرکە چ لیێهات، وزیر لەبـەری هەسـتا، گۆتی پاشام خۆشبی، قەسەم بەخوای لیێرە ناڕۆم هەتا پیێم نـەریێی لـۆ لـە هیکـڕات سەر و در گیران.

گۆتی چت لیێ بشیێرمۆ وزیری دانا و بەفام، گۆتی ئەمن لە دارای دنیێیا لەچم کم نییە، بەرا وکی دوو داوە مووی سپیم دە ڕدیێنیێ خۆ دیتن، درم گیرا، نیشانیێ پیریـیێم لیێ وەدەرکەتن و هەتا هەنکوەش کوڕەکم نەبوو، پاشی مردنیێ جیێم بگریتۆ.

وزیری گۆ: پاشام خۆشبی، مردن بە عومر نییـە، خـوا بـەرقرارت کـا و عـومر دریێژت کا، ئەتوو پاشیێیا مەملەکەتیێ خاوەرزەمینیی، دەرکیێ خەزیێنان بکۆ، هـەتا خواش دەرکیێ خەزیێنیێ خۆت لیێبکاتۆ. گۆتی وەرە ئەتوو سـەروەت و سـامانیێ خـۆ بەسە فەقیر و موحتاجان ببەشۆ، ئـەوانی حـەپس و ئەسـیرن، بـەرەلیێیان کـە، دریێ خەرکیێ خۆ خۆش کە، ئەوانت دوعیێیا بەخیێر لۆکەن، ئەجە خوا کەریم و ڕەحیمە.

پاشای بەو تەکبیرەی دری خۆش بوو، ئەمری کرد گۆتی خەرکی مەملەکەتیێم لە مەیدانیێ لۆ خڕکەنۆ، ئەوی حەپس و ئەسیرە بەرەلای کەن.

وکی خەرك خڕبۆ، پاشا بەخۆیان هاتـە نـاو، هـە ئیێکـی بەقـەدەر حـاریێ خـۆ، خەراتیێ خۆی وەگرت، گەلەکییان دوعیێیا بەخیێر لۆ پاشای کردن.

بەینەکی پیێچوو، ژنیێ پاشای مندارەکی وەزگـی کـەت، نـۆ مـانگ و نـۆ ڕۆژیێ خۆی تەواو کردن.

خەبەریاندا پاشای گۆتیان کوڕەکت بووە. گەلەك شوکرانە بژیێری قاپییێ ڕەحمەتیێ خوای بوو، ئەمری کرد لەسەرتاسەری مەملەکەتیێ خاوەر زەمینیێ بووە شـایلۆغان، خواردن و خواردنەوە لە هەموو گەڕەکان ئەبەشراوە.

بانگی فەلەکناس و ئەستیێرەناسان کرا، لۆیان چاودا بەخت و تارحـان، گۆتیانـە پاشای ناوی (خورشیدی) لیێ نیێ.

خورشید زۆر بەناز و نیعمەت گەورەبوو، چ عالیمێ گەورە و زانا هەبوون، فێـرە عیلمیان کرد، چ سەرلەشکر و پارەوان هەبوون، فێری شەڕیان کـرد، خورشـید بـوە ئێکەم عالیم و پارەوانێ مەملەکەتێ، ڕۆژەکی گۆتییـە عـادل پاشـای بـابێ خـۆ، گۆتی پاشام خۆش بی ئەگە ئیزن بی، دەموێ دەگە بـرادەران بچـمە ڕاوێ، پاشـای گۆ چ قەیدییە، بانگی وزیری کرد گـۆتی ئەسـبابی ڕاوێ لـۆ شـازادەی حازرکـەن، ئەسپە کەحێلیان لۆ هینا، دەگە برادەران لەقەسـرێ هاتنـە دەرێ، لـەولای لـەولای ڕێی خەرك ڕاوەستابوون، لۆ دیتنێ خورشیدی هاتبوون.

لەناکاو دەرکەوت لە قەسری زەڕکار

شەوقی دایە ناو هەموو ئەهلی شار

گۆتیان یاڕەبی خوێیا ئۆ چییە ئەو نازدارە، ئەتـەگۆ لـەعلی درەخشـانە وهـەی شۆقەداوە.

خورشیدیان بەناودا تێپەڕی، سەلامی لێ کردن.

ڕووی دە دەشت و چیای کرد، لە ڕێی تووشی مام دەروێشەکی بوو، گۆتییە مام دەروێشی، وەرە بخوازە، چەندت دەوێ لـە درهـەم و دینـاران بـا بـت دەمـێ، مـا دەروێش بە بەژن و بارێیا خورشیدی خاوەرزەمینیدا، هەربرێ، گۆتی ئەمن حەوجێ دینار و درهەمان نیمە، ئەمن دیتنێ تووم پێ لە هەموو دینار و درهـەمێ دنیێیـا بەقیمەتترن. خورشیدی قسێ مـام دەروێشـی لـە قـالبی خـۆش دەهـات، گۆتییـە خورامەکی دەگە مام دەروێشی بگەڕێوە، بیبە دیوەخـانێ مـن، گەلـەکی خزمـەت کەن هەتا دێمۆ.

خورشیدی تا هێوارێ، دەگە برادەران کەیف و سەیفی کرد، وکی گەڕاوە قەسـرێ خۆ، گۆتی مام دەروێشم لۆ گازکەن. وکی مام دەروێش هات، گۆتی مـام دەروێـش ئەتوو سەراو و دەراوت گەلەك دیتینە، گەلەك شار و مەملەکەتان گەڕای، بـەحس

و بازاڕیٚ مەحبووبانت لەکنە، بەڕاستیم قسیٚ لۆبکە، کیت پیٚ هاوتێیا منە؟!

دەروێشی گۆ: ئەمن هەموو دنیێیا گەڕایمە، کەسم لە خەرامانیٚ چینیٚ زێتر پیٚ شك نێیا هاوتێیا تووبی.

گۆتی قسێم لۆبکە، ئەو خەرامانە کییە؟ کیژەکی کووە؟الەکێت دیتییە؟!

گۆتی: بە گۆتن وەسفی ناکریٚ، گۆتی ئەمن ڕێم کەتە وراتی چینیٚ، کوڕان بەکۆران، چینیٚ گەڕایمە، ڕۆژەکی شار خرۆشا، هەموو ڕیٚ و بانیان گوراو ڕشێن کردن، گۆتیان خەرامانی نازداریٚ چینی، ئەچتە ناو باغاتیٚ روح ئەفزێیا. گۆتی ئەمیش وکی ئەو خەرکەی لە لێیاکی ڕاوەستام هەتا خەرامان لە دەرکیٚ خاقانیٚ وەدەرکەت، خەرامان چ خەرامان، ئەگە دەتویٚ نەخشیٚ خوای ببینی، وەرە تەماشیٚ خەرامانیٚ بکە.

دەروێشی گۆ خەرامان ڕەت بوو، جەرگ و هەناویٚ ئەو خەرکەی هەموو بەرداوە، گۆتی تێفکریم گۆتم با بچمە کن ڕەسامەکی ڕسمەکی خەرامانێم لۆ بکێشی، ئەگەنا کەسم پیٚ باوڕ ناکا، گۆتی هەزا دیناری زێڕم دا ڕەسامی هەتا ڕسمیٚ خەرامانێی لۆ دروست کردم.

خورشیدی گۆ، ئەو ڕسمەم پێشاندە ئەمنت هەموو پارەکەی وێدەمۆ. وکی مام دەروێشی ڕسم لە باغەریٚ دەرینا، خوڕشیدی وکی چاو وێکەت، مەدهۆش بوو، وکی شێتانی لێهات، خەو و خۆراکی لیٚ حەرام بوو. خەبەریاندا عادل پاشای، گۆتیان حار و حسابیٚ خورشیدی بەو نەوعێیە. پاشا بە خۆ چووە قەسریٚ خورشیدی، وکی خورشیدی بەو نەوعەی دیت، گۆتی کوڕم چ زۆرە ژن زۆرە، ئەتوو لۆ وهەت لەخۆ کردییە، ئەتوو بەس دەست لەسەدانیٚ، کیژیٚ کیهە وزیر و پاشێیا مەملەکەتانت دەویٚ لۆتەخوازم، بەس واز لەو خەرامانەی بینە، گەلەك بە تەکەبور و بە دەعیێیە، گەلەکیش کەللە ڕەقە، بەکەس ڕازی نییە، گۆتی بێجگە لەهەندێش

خاقانی چینیٚ، پاشێیاکی بە غەزەبە، ڕێی چینێش زۆر خەتەرناکە، گۆتی کورم ئەمن بە هەزا دوعای خوای ئەتوو دایمیٚ، ئەتووش دەتویٚ، لەو ڕێیە و لۆ خەرامانی سەریٚ خۆ بە فەتارەت دەی؟!

گۆتی وەرە سە تەختیٚ مـن دانیشـە، ببـە پاشـێیا خـاوەرزەمینی، کیهـە کیـژ نازدارە لۆتەخوازم، بەس واز لەو خەرامانەی بینە.

گۆتی، بەو خوێیای بابۆ بیٚ خەرامانیٚ دنیا لەمن حەرامە، گۆتی سـەریٚ خۆشـم لەسە دانابی هەرەچم، ئەجە ئیزنم دە بابڕۆم.

گۆتی ئەزانم کوڕم دەردیٚ عیشقیٚ کووە، گـۆتی هـەڕوو، بـەس دەبـی  دووسـیٚ وزیرو،  سوپێیاکی گەورەت دەگە بنێرم، گۆتی پاشـام خـۆش بـی، ئەمنەچـمە ڕیٚ عەشقیٚ، ڕیٚ عەشقیٚ سوپا و لەشکری لۆ چییە.هەرچەندی دەگێیان گۆ، گـۆتی بـە کەلام کەسم دەگە نێیا.

خورشید سواری ئەسپیٚ کەحێل بوو، ملیٚ ڕێی گـرت. لـە مەملەکـەتیٚ وەدوور کەتۆ، کەتە دەشت و سەحڕێیان، گەلەکی چیا و چۆل بـڕین، ڕیٚ سـارەکی بڕیبـوو، گەیشتە دۆرەکی گەلەك حاسیٚ، جیٚ دێو و دڕندان بوو، پڕی باغ و باغات بوو، پڕی کانی و مێرگ و مێرغوزار بوو. خورشیدی لادا سە کانییەکی، تێری ئـاو خـواردۆ، سەری برند کرد شوکرانیٚ خوای کرد، دیتی ئۆ لەهەوای دێوەك دیٚ ئەسپێی لێببـا، غاریدا ك ئەسپیٚ، گۆتییە دێویٚ نەکەی، ئەگەنا هەلابەهەلاتەکەم.

دێویٚ گورزەکی هاویتە خوڕشیدی، خوڕشیدی خۆ لەبە لا نەدابا، هوردییەکرد.

ئەجە خوڕشیدی شیرەکی ڕاوەشاندە دێوی، دێوی کردە دوو کەرتك.

خورشید سواری ئەسپیٚ بوو، وە دۆریٚ هەرگەڕا، لـە پـێش دەرکـیٚ ئەشـکەفتیٚ گێی لە نرکە و نارە نـارەکی بـوو، سـەری بەسـە ئەشـکەفتیٚ داگـرت، گـۆتی ئـۆ کێیەتوو، دێوی بەشەری، ئەجندەی چی؟!

ئەوی ناو ئەشکەفتێش وکی زانی ئەوی دەرێ بەشەرە، هاواری کرد ئەی دەبەرت مرم، ئەتوو ئۆکوو لێرە پێیا بووی، وکی خورشیدی گێ لەدەنگێ بوو، دەنگێ ژنـان بوو، چووە ژۆرێ، دیتی ئۆ کیژەکی نـازدار دەسـت و پێـی بـە زنجـیران بەسـتراینۆ، گۆتی ئەتوو کێی ئۆلۆ لێرەی؟!

گۆتی جارێ زنجیرانم لێ بکۆ، هەنکوە دێو دێتۆ، لێرەت ببینی هەلابەهەلاتەکە.

گۆتی ئەتوو خەمێ دێوێت نەبی، ئەمن دێوم کردیتە دوو کەرتك، وکی دەست و پێی کردنۆ، گۆتی، دەستم لێ نەدەی، بەخوشکێ خۆم دانێ، ئەمن دەزگیراندارم.

خورشیدی گۆ: بە خوشکێ خۆم دانـای، بـەس ئـەتوو کێـی لـۆ لێـرەی؟ کیـت دەزگیرانە؟!

گۆتی ئەمن ناوم قەمەرنازە، کیژێ شارەخشێیا خەتا زەمینێمە، دەزگیرانێ شـا بەهرۆزی خوتەن زەمینێمە، گۆتی ئامۆزێیا خۆیتیشم.

خورشیدیش گـۆ، ئـەمیش خورشـیدم، کـورێ شـێیا خـاوەر زەمینـێم. گۆتیـە قەمەرنازی ئەتوو مەملەکەتێ خۆ پێزانیۆ؟

گۆتی هاوەلا، ئەمن ئۆ دووسارە لێرەم، دێوێ لەهەوای ڕا بە دوو ڕۆژانی ئەمن هینایتە ئێرە.

گۆتی وەرە لە پشتم سواربە.

قەمەرنازی گۆ خوڕشید، دێوێ زێڕ و یاقوتێ دنیێیای هینێیا لێرەی خڕکردیتۆ.

وەرە هەنەبی هەنـدەکی لەبـەڕێی دەگـەخۆ بینـە، بـا هـەوێن بـی. خوڕشـیدی توورەگەکی لێ پڕکرد، ئەجە کەتنە ڕێی.

ڕێ و ڕێ، خورشـیدی مەخسـەدێ درێ خـۆی لـۆ قەمـەرنازی بێیـان کـرد، قەمەرنازێ، گەلەکی دوعا لۆ کردن، لەبە خوای پاڕاوە گۆتی یارەبی بـرام خورشـید ڕێت ڕۆن بی، بە مەخسوود و مرازێ خۆ بگەی.

ئەگە مانگەك بوو، ئەگە زیاتر بــوو، ڕۆژەکــی ڕێیــان کەتــە بــەینی دوو چــیای گەورە، دیار بوو جیٚ دەعبا و دڕندان بــوو، لــە دووری ڕا ئــەژدیهێیاکیان لیٚ پێیــا بوو، خوڕشیدی ئەسپ لە پەنێیاکی بەستۆ، گۆتییە قەمەرنازی، خۆشکیٚ ئــەتووش لەکن ئەسپیٚ بە. ئەجە بەخۆ بەپیر ئەژدیهای وەچــوو، ســێرەی لێگــرت، دوو تــیری دەکەوانی نان، وکی هاویشتییٚ، هەتیرەکی لەچاوەکی دا، هەردوو چاوی کۆرەکردن، ئەژدیهای خۆ بەدار و بەردی دادا، لەتاو ژانــیٚ چــاویٚ، خــۆ بــەری بــەچ وە نــەما، خورشید و قەمەرناز سواری ئەسپیٚ بوونۆ، بە عەجەلە ئەوێیان بەجیٚ هێشت. وکی قەمەرنازی خورشیدی بەو نەوعەی دیت، گۆتی دەبەرت مرم برام، ڕۆســتەمی حــەد چییە بریٚ ئەمن خورشیدم.

چەند ڕۆژەکی دی ڕۆیشتن، قەسرەکی سپییان دیت ئەتەگۆ کافوورە، دەوروبــەری هەموو باغ و باغات بوو، خوڕشیدی گۆ قەمەر نــاز، ئــەتوو لەپشــت ئــەو گــردەی ئینتیزار کە، ئەمنەچم بزانم ئەو قەسرە، ئیٚ دێوانە، ئیٚ ئەجندانــە، ئــیٚ بەشــەرانە، ئیٚ چییە، گۆتی لەجیٚ خۆ نەبزووی هەتا دێمۆ دووت.

گۆتی باشە هەڕوو، ئەمن لێرە نابزووم هەتا ئەتوو دێیۆ.

وکی خورشید چوە ناو باغ و باغاتیٚ قەسریٚ، حەڕەسی هاتنــە بــەرابییٚ، تێیــان وەڕاخوڕیۆ، گۆتیان، کابرا کێیەتوو، لۆ هاتییە ناو ئەو باغ و باغاتەی؟!

خورشیدی گۆ برا ئەجە ئەو هەموو توڕەبوونــەی دەویٚ، ئــەنگۆ قــەت و مێــوان نەهاتینە، ئەوهە قەدریٚ مێوانانەگرن.

گۆتیانیٚ کاکە ئێرە قەسریٚ بەهرۆز پاشێیا، لەسبەینێوە چوویتە ڕاویٚ، هــەنکوە بێتۆ ئەتوو ببینی، لەمە تــووڕابی و ئەتووشــەکوژی، گۆتیــانیٚ هــەتا بــەهرۆز شــا نەهاتیتۆ، بەعەجەلە ئێرە بەجیٚ بێرە، گۆتیان پاشێیاکی گەلەك توند و بە غەزەبە. خوڕشیدی گۆ قەسەم بەخوای هەتا ئەو بەهرۆز شێیای نەبینم لێرە ناڕۆم، بــابزانم چ

پیاوەکە، دەو قسانەدا بوون وکی بەهرۆز شا هاتۆ، وکـی بـەهرۆزی زەینـیێ خـۆی دایێ، ئۆ سوارەك دەگە حەڕەسان کەتیتـە ڕکـە، بـە هـەمانیان پێیـان دەرنـاکریێ، بەهرۆزی هاوارکردە خوڕشیدی، گۆتی ئەتوکێی کابرا، هەری کێشـا شـیری، گـۆتی کوو وێرای بێیە ناو باغ و باغاتیێ من، مەگەر هەجەلت بەدەستیێ من هاتییە؟!

خورشیدی کەمەندی هاویتە بەهرۆزی و دە ناوقەدێی ئارا، وکی لە سە ئەسـپێی بەرداوە، بەهرۆزی شیر لەدەستی کەتـە خـواریێ، ئەجـە خوڕشـیدی چـۆکەك لەسـە سینگی دانا و هەریکێشا خەنجەریێ، بەهرۆزی فرمێسـك لەچـاوان هاتنـە خـواریێ، گۆتیە خوڕشیدی ئەمن غەرەت بووم، پیاوی مەرد بە، ئەوجارەم عەفوو بکە.

خورشید لەسە سینگی لاکەت، گۆتی ئۆ عەفووم کردی، وکی بەهرۆز هەستاوە، گۆتییە خوڕشیدی، ئەمن لەترسیێ کوشتنێم گریان نەهات، بەرا ئەمن دەزگیرانـەکم هێیە، ئۆ دووسارەبی دێویێ بردیە، دەشت و دەر نـەمێیا ئـەمن لـەدووی نەگـەڕێم، گۆتی لۆیێ گرییێم چونکە قەمەرنازی چاوی هە لەڕێیە بچم قورتاری کەم.

خوڕشیدیش لەتاو دەردیێ خۆ فرمێسکی لەچاوان هاتنە خواریێ، ئەجە گۆتی دوو کەسان بنێرە ئەمن ئێکەکم دەگە دێیا با بیهینن، لە فلانە جێی ئینتیزارەکە.

هەتا دووکەسەکە چوون، خوڕشیدی بە بەهرۆزی گۆ ئەمن قەمەرنازم لۆ هینایۆ، ئەجە مەسەلەکەی لۆ گێڕاوە، گۆتی هەنکوەش ئەمن بەخوشکیێ خۆم دانێیا.

لەو سەریش وکی قەمەرنازی دووکەس لیێ وەدەرکەتن زۆرترسا، بەرا ئـەوان زوو گۆ ئۆ ڕەفیقیێ توو ئەمەی ناردییە، قەمەرنازی گۆ، ئـەنگۆ کێنـە، لـۆ ئـەو بـەخۆ نەهات؟!

گۆتیان ئەو دەگە بەهرۆز شای دێیا.

گۆتی ئەنگۆ پیاویێ بەهرۆز شاینە؟!

گۆتیان بەریێ.

وکی قەمەرنازیان بردە کۆشکێ، بەهرۆز و قەمەرنازێ چاوییان وێك کەت، لۆ ئێکیان غاردا، دەمەکیان باوەش پێکدا کرد. ئەجە بەهرۆزی خەبەر لۆ شارەخشای بابێ قەمەرنازی نارد، ئەویش لە خوتەن زەمینێ ڕا بە خۆ و بە دار و دەستێ خۆ هاتن.

حەفت شەو و حەفت ڕۆژانیان دۆر و زوڕنا لە مەملەکەتێ کوتا.

خوڕشیدی گازکردە قەمەرنازی، گۆتی خوشکم، ئەلحەملای ئۆ ئەتوو بە دەزگیرانێ خۆ شاد بوویۆ، گۆتی ئیزنم لۆ شارەخشای وەگرە، با ئەمیش وەدوو ئیشێ خۆ ڕا بچم.

وکی قەمەرناز چووە کن بابێ خۆ، گۆتی پاشام خۆش بی، ئۆ خورشیدی خاوەر وارێ ئەگە ئیزن بی ئەمنە ڕۆم.

پاشای گۆ کێواچی؟!

ئەجە قەمەرنازی حار و مەسەلێ خوڕشیدی لۆ گێڕانۆ.

شارەخشا بەخۆ و بە بەهرۆز شای چوونە کن خوڕشیدی خاوەر، زۆریان در داوە، گۆتیان وەرە لە خەتازەمین و خوتەن زەمینێت کێ بەدرێیە لۆتەخوازین، گۆتیان بەس فکرێ خەرامانێ چینێ لە سەرێ خۆ باوێ دەرێ، گۆتیان خەرامان کیژەکی هەرەپاچە، زۆری ڕا لەخۆیە، کەس بە چ نزانی، هە خەریکی گەڕان و سەیرانێ ناو باغ و باغاتییە، هەندەی نایِنی ئەتوو ئەو هەموو ئەزیەتەت دایتە بەرەخۆ.

خوڕشیدی گۆ، ئەگە خوای مەیل لێ بی، دری لۆمن نەرمەبی.

وکی زانیان هەرەچی، بەهرۆزی گۆ ئەمیشت دەگە دێم.

خوڕشیدی گۆ، کاکۆ ئەتوو ئۆ پاش چەند ساران بە دەزگیرانێ خۆ شاد بوویۆ، لە چا گەڕێی لۆ خۆ ژنێ خۆ بگێزۆ.

گۆتی بەخوای هەتا خەرامانێ چینێت لۆ نەینم، قەمەرناز لەمن حەرام بی.

شارەخشای وکی چاری نەما، گۆتی باشە باش ئەنگۆ هەنکوە هەرەچنەچن، بەرا چوون وهە نابی؟

گۆتیان ئەدی کووە؟

گۆتی دەبی سوپێیاکی گەورە و دەگە بنێرم.

خورشیدی گۆ، ناوەلا ئەتوو ئشتەکی دین لۆبکە.

گۆتی هەرچییەتوەرێی.

گۆتی ئەمە وکی توجاران ئەچینە چینیێ، ئەجە چ کوتار و ئشتێ بەقیمەت هێیە، لۆن پێیاکە دەگەخۆبەین.

شارەخشای دەبارە کوتار و دور و یاقووت و خشر و گەوهەری لە هێستران لۆ بارکردن، لیباسەکی زێری دەبە خورشیدی و لیباسەکی زیوی دەبە بەهرۆزی کردن، گۆتی بەهرۆز دەبی ئەتوو وە پێشاندەی پیاوێ خورشیدی.

بەهرۆزی گۆ، هیچ خەمت نەبی پاشا، ئەمن خورامەتییێ خورشیدییەکەم.

کەتنەرێی، وکی دوو برێیان پێکوە رۆیشتن هەتا گەیشتنە جێیەکی.

گۆتیان ئێرە وراتی چینیێ یە.

بە پرسیاران چونە کاروان سەرای، کاروان سەرا جمەی دەهات لە توجاران، وکی چاویان وە خورشید و بەرهرۆزی کەتن، گۆتیان ئۆ دەبی توجارێ چ مەملەکەتەکی بن، ئەجە وکی بار و مەتاعیان دیتن، کورە گۆتیان بابە ئەو شتێ ئەنگۆ وێی توو، مەگە بە پاشا و وزیران بکرێ.

شەوێ خەرامانی خەونەك دیتبوو، سبەینێ بانگی پیرەژنێی کرد، ئەو پیرەژنە لەمنداری خەرامانی گەورە کردبوو، هەموو سر و تری لەکن ئەو پیرەژنەی بوون، گۆتییێ دایۆ، ئەمن ئەوشۆم خەونەکی گەلەك نەخۆش دیتیە.

پیرەژنێ گۆ خەونێ کوو؟

گۆتی وەمزانی خاقان بە عەجەلە هات گۆتی کیژم ئۆ پاشێیا خاوەرزەمینی لەشکری هینایتە سەرەمە، ئەگە ئەتوویان نەدەمیٚ، وراتن کاولەکا.

پیرەژنیٚ گۆ، بەو خوێیای خەرامان، کیژم ئەمیش ئەوشۆم ئەو خەونە دیتییە. بەرا لە بیرەخۆبۆ، خەون بەزۆری بەتارن. گۆتی ئەوڕۆچینە باغ و باغتیٚ روح ئەفزای.

خەرامانیٚ گۆتیە پیرەژنیٚ، دایۆ، ئەتوو سبەینیٚ هەندەك ڕسمیٚ من ببە بازاڕی بزانە کیٚ قیمەتیٚ پیٚدە، کیٚ تابیلە!

سبەینیٚ پیرەژنیٚ هەندەك رسمیٚ خەرامانێی لەسە سنیەکی دانان، لەبازاڕی گەڕا.

یەلا رسمیٚ خەرامانیٚ ، یەلا رسمیٚ خەرامانیٚ.

پیرەژن چووە کاروان سەرای، تەسادوف ئەودەمی خوڕشید لەویٚ نەبوو، بەرا بەهرۆز لەویٚ بوو، وکی چاوی وەڕسمیٚ خەرامانیٚ کەت گۆتییە پیرەژنیٚ، بزانم ئەو ڕسمانە چنە ویٚت، گۆتی ڕسمیٚ خەرامانی کیژیٚ خاقانی چینێیە، بەهرۆزی وکی چاو ویٚکەت، گۆتی بینە ئەمن ڕسمەکی لۆ خورشیدی خاوەر زەمینییەکڕم. ئەجە سنیی لۆ پیرەژنیٚ پڕی زیٚڕکرد.

پیرەژنیٚ گۆ خوڕشیدی خاوەر زەمین کیٚیە، گۆتی توجاڕباشییٚ منە، گۆتی ئەمن پیاویٚ ویمە.

وکی پیرەژن گەڕاوۆ کن خەرامانیٚ، ئەوی ڕووی دابوو، هوورد و درشتی لۆ خەرامانیٚ گیٚڕاوە، خەرامانیٚ دەدریٚ خۆدا گۆ، ئۆ خەونیٚ من بەوەی وەبوو.

ئەجە گۆتییە پیرەژنیٚ، بریٚ با لە هەموو شاری جاڕدەن، سبەی خەرامان ئەچتە باغاتیٚ روح ئەفزای، ئەوی حەزی لیٚیە ببینی با بیٚتە مەیدانیٚ شاری، خەرامان بەویٚدا تیٚپەڕی، ئەجە گۆتی بزانم ئەو عاشقە کیٚیە خۆی کردیتە توجاڕ.

سبەینێ بەر و ڕێیان هەموو گوراوڕشێن کـردن، خوڕشـیدی بـە بـەهرۆزی گـۆ، ئۆچییە ئەو مشەوەشییە؟!

گـۆتی خورشـید بـرام دوونـێ ئـەتوو لێـرە نـەبووی، پیرەژنـەکی ڕسمـێ خەرامانێیەفرۆتن، ئەمیش گۆتم ڕسمەکم دێ لۆ خورشیدی خـاوەر زەمینـی، گـۆتی سنیشم لۆ پیرەژنێ پڕی زێڕ کردن، خوڕشیدی گۆ ئیشەکی گەلەك باشت کردییە.

بەهرۆزی گۆ سبەینێ قەولە خـەرامان بچـتە بـاغ و باغـاتێ روح وەفـزای، بـە مەیدانێ دادێ، جاڕیان دێیا ئەوی عاشقێ خەرامانێیە بابێ لەوێ بیبینی.

ئەو شەوی خوڕشیدی خەو لێنەکەت، فکری هە لەکن خەرامانێ بوو، دەققـەکی پێ بەسارەکی بوو هەتا سبەینە داهات. سەبر سەبر خەرك لەمەیـدانێ خڕبـۆ، هـە ئێکی بە نەوعەکیی خۆ ڕازاندبۆ و جلکێ جوانیان دەبـەکردبوون. خوڕیـدیش خـۆی جوان شووشتبوو، جلکێ زێڕی دەبەکردن، بە خۆ و بە بەهرۆزی چوون لە ڕێزێ پێشۆ ڕاوەستان. هە ئۆندێیان زانی هات و هاوار و مشەوەشی پێیابوو، گۆتیان خـەرامان هات، خوڕشیدی قەرەم شکان، خەرامانێ چل کێرکەری دەگاڕۆیشـتن، ئێـك لێکـی جوانتر، دەسکە گورەکی دەدەستی گرتبوو، وکی گەیشتە کن خوڕشید و بـەهرۆزی، چاوی وە خوڕشیدی کەت، لۆی شێت بوو، بانگی پیرەژنێی کرد، گۆتی برۆ بـەو دوو تاجیرانە برێ هەچ بارەکییان وێیە با سبەینێی بیننە باغاتێ روح ئـەفزای، ئـەمن کڕیارم.

پیرەژنێ خۆ گێیاندە خوڕشید و بەهرۆزی، گۆتی سـبەی خـەرامان لـە باغـاتێ روح ئەفزای ئینتیازرووەکا، ئەرێ هەچ بارەکییان وێیە با بینن، ئـەمن لێیانـەکڕم، گۆتی بەرا نابی ئەو خەبەرە بگاتە خاقانی، خوڕشیدی لەخۆشیان، چـەنگە زێڕەکـی دە دەستێ پیرەژنێ کرد، گۆتی ئۆ لۆتوونە.

بەهرۆزی گۆتە خوڕشیدی دیدارێ خـەرامانێت پیرۆزبـی بـرام، درم زۆر خۆشـە.

خورشیدی گۆتیە بەهرۆزی، هەتا مایمە مـەمنوونی توومـە، ئـەوی ئـەتو لۆمنـت کردییە برا لۆبرای ناکا. بەرا خوابکە لە خاقانی ئاشکرا نەبین.

بەهرۆزی گۆ، خورشید ئەمە براینە، بەخوای ئەگە ڕوحیشت بویٚ لۆت فیداکەم، گۆتی خەمیٚ خاقانیت نەبی.

سبەینیٚ باریان تیٚکنان، چوونە باغی روحەفزای لۆ کن خەرامانیٚ.

باغ و باغـات، چ بـاغ و باغـات، پـڕی داریٚ برنـد برنـد، سـەریان گەیشـتیتە عاسمانیٚ، دەنگیٚ بلبلان، شوڕە شوڕیٚ ئاویٚ، ئەو هـەموو گـورە ڕەنگـاو ڕەنگانـە، ئەتگۆ بەهەشتە.

خەبەریان دا خەرامانیٚ گۆتیان ئۆ توجاڕ هاتینە. خەرامانیٚ خۆی ڕازاندبۆ بـۆنیٚ مسك و عەنبەرانی لەخۆ دابوو، بۆنی ڕۆژە ڕیٚیەکەڕۆیشت، چوو لەسە تـەختیٚ زیٚـڕ دانیشت، گۆتییە خورامان بیانهیننە ئیٚرە.

وکی چوون خەرامانیٚ گۆتنیٚ ئەنگۆ کیٚنە؟

خورشیدی گۆ ئەوە بەهرۆزشیٚیا، شیٚیا خەتا زەمینیٚ یە.

خەرامانیٚ گۆ، ئەریٚ بەهرۆزشا، ئەمن زانیتم قەمەرناز دیٚوان بردییە، چی بەسە هاتییە؟ ئەو قسە ڕاستە یان نا؟

بـەهرۆزی گـۆ، شـازادەی نـازدار، ڕاسـت بـوو، بـەرا خورشـیدی شـازادەی خاوەرزەمینی قەمەرناز لەدیٚوان قورتارکردیە.

وکی خەرامانی چاودا خوڕشیدی، خورشـید کـز و مـات بـوو، زانـی بەڕاسـتی عاشقی بووە، ئەجە خەرامانیٚ گۆ، بینن بابزانم چوو هینیٚیا. وکی ئەشییٚیان پیٚشان دا، ئەوی هەری بژارد هەری بژارد، ئەجە گۆتی هەق و چەندە با بوودەمیٚ.

خوڕشیدی درساف گۆتی هەموو بەقوربانی تـوو بـی، ئـەو ئشـتانە قیمـەتییان چییە لەبەرامبەری توو؟

خەرامان زۆر تووڕە بوو، ئشتەکانی فڕەدانۆ، گۆتی ئشتێ خۆ خڕکەنۆ و لێرە بڕۆنە دەرێ، هەستا بەجێی هێشتن.

خوڕشیدی هەناسە سارد، گۆتی ئەمن چی غەرەتم گۆ؟

ئشتیان پێچاوە، بە درشکایی گەڕانۆ، گەلەکی لۆمێ خۆ کرد، گۆتی ئەمن چ مەخسەدی خراپم نەبوون، ئەو بەچ تێگەیشت؟

بەهرۆزی گۆ خوڕشید چەندم پێ گۆتی ئاگات لە قسان بی، ئەتوو نزانی خەرامان چەند بە تەکەببور و کەللە ڕەقە، کیژێ خاقانی چینێی پێ ڕێن، چما ئەو موحتاجی ئەوێیە ئەتووی ئشتی بەلاش دەیێ؟!

خورشیدی گۆ ئەجە بەو نەوعەن دەرەکا؟

خەرامانی وکی بەو نەوعەی خوڕشید و بەهرۆز دەرکردن، زۆر پشێمان بۆ، گۆتی ئەمن قەباحەتەکی گەلەك گەورەکرد، گۆتییە پیرەژنێ قەرەم و قاقەزەکم لۆ بینە، قاقەزەکی لۆ خوڕشیدی نووسی، گۆتی نەفامی نەزان، ئەمن خەرامانی چینێم پێڕێن، سەت پاشا لۆمن شێت بووینە، ئەتوو کێی خۆت بینییە ڕێزە من، ئەوجارەش لێت خۆش بووم، بەرا لەو مەملەکەتەی بارکە و نەت بینمۆ، ئەجە قاقەزی مۆر کرد و بە پیرەژنێی نامە لۆ نارد.

وکی پیرەژنێ نامە وە خوڕشیدی داوە، خوڕشیدی دوو گۆلمە زێڕی وە پیرەژنێ دانۆ گۆتی ئۆلۆتوونە.

وکی نامەی خیندۆ، دری هەندەی دی توند بوو، دەدرێ خۆیدا گۆ دیارە ئەوی ئەمن هیچ خۆشناوێ، پیرەژنێ گۆ خورشید کوڕم، ئەمنت لۆخوای ئشتەکی پێڕێم، خەرامانیش عاشقی توو بووە، بەرا بڕەك کەللە ڕەقە. ئەجە خوڕشیدی دری بڕەك نەرم بۆ، جوابێ قاقەزێی داوە، لۆی نووسی، خەرامانی نازدار، شازادەی چینێ، ئەتوو لەناو مارێ خۆت درێ منت شکاند، لەباتی نانەکن دەیێ دەرت کردین، ما

ئەمن چم گۆت ئەتوو ئەوهە تووڕەبووی؟!ئەمە غەریب بووین، لەباتی درن بدەیۆ درت شکاندین.

نامەی وە پیرەژنیٚ داوە، گۆتی بە خەرامانیٚ بریٚ بڕەك لەخوای بترسیٚ، با کیژیٚ خاقانی چینیٚش بی، نابی بڕەك ڕوحمی دەدریٚ دابی؟

پیرەژنیٚ گۆ خەمت نەبی خورڕشید ئەمنی قسان دەگاکەم.

خورڕشیدی هەندەی دی پارە و زیٚر وە پیرەژنیٚ دانۆ.

پیرەژن چۆوە کن خەرامانیٚ، قاقەزیٚ خورڕشیدیی ویٚداوە، وکی خینیدۆ گۆتی ئەتوو چاریٚی دایۆ، کووە ئەگە خورڕشیدی دەعوەت کەم؟

پیرەژنیٚ گۆ ئیشەکی باشەکەی.

سبەینیٚ پیرەژن چۆوە کن خورڕشیدی، گۆتی خەرامان ئینتیزارتەکا، ئەریٚ بابیٚ دەعوەتیٚ من بی.

خورڕشیدی ئیزن لەبەهرۆزی خواست.

بەهرۆزی گۆ برام زوو هەڕوو، بەرا ئاگات لە حەڕەکات و سەکەناتیٚ خۆبی، قسیٚ ئەولا و ئەولا نەکەی.

گۆتی بەدەستەخۆم نییە وکی خەرامانیٚ بینم، چ ئاگام لەخۆ نامینیٚ.

گۆتی بڕۆ، بەتەمای خوای.

وکی خورڕشید چۆ قەسریٚ خەرامانیٚ، هەموو ڕازابۆ، جیٚیان لۆ حازر کردبوو، بەتەنیٚ دەگە خەرامانیٚ کەتنە قسە و بەحس و بازاڕیٚ ئاشقاتییٚ.

ئەمجا ووتی پیٚی غەریبی شاران
ڕازی دڵی خۆت بۆم بکە بەیان
توجاڕی سەر ڕووی کامە زەمینی
بۆچ ئاوا ویٚڵی بازاڕی چینی؟

خورشیدی گۆ، ئـەمن شـازادێ خاوەرزەمینیمـە، لـە بـە عەشـقی تـوو، وراتم بەجێهێشتییە و خۆم کردیتە توجار هەتا کەس چ شکانم لێ نەکا.

ئەجە خەرامانێ خەونێ خۆی لۆ گێڕاوە، گۆتی ئەمن لەو قەباحـەتێ کـردم زۆر پشـێمانم، خورشـیدی گـۆ ئـەتوو بشـمکوژی درم لـەتوو نێیاشـی، ئەجـە دەسـتێ خورشیدی گرت هینێیا تەنیشتە خۆ، لەبە کەیف و سەفێیا، ئاگێیان لە دەوروبـەرێ خۆ نەما.

شەوێ خورشیدی بەهرۆز وەبیرهاتۆ، گۆتی ئەمن لەبە کەیف و سەیفێ، بەهرۆزم هە وەبیر نەما، هەنکوە خوابزانی کو تەنگاو بووە. خەرامانی گۆ، چ بووە خورشـید لۆ لەهیکرا درت توند بوو؟!

گۆتی خەرامان ئەمن هە لەبیرم چوو جوابەکی لۆ بەهرۆزی بنێرمـۆ، خـوا زانـی هەنکوە کوو تەنگاوبووە، ئەمن نەچوویمۆ.

خەرامان چوو قاقەز و قـەرەمی لـۆ خورشـیدی هینـان، گـۆتی قاقـەزەکی لـۆ بنویسە، ئەمنی هە ئەوشۆ لۆ ڕەوانەکەم.

خورشیدی قاقەز لۆ بەهرۆزی نووسـی، گەلـەکی شـەرمەزاری پێشـاندا، گـۆتی ئەتوو لەبەمنت شار و مەملەکەت و قەمەرناز بەجێهێشتییە، ئەمیش لەبە کـەیف و سەیفێم هە لەبیرچوو خەبەرت دەمێ ئەوشۆ نێیامۆ.

وکی بەهرۆزی قاقەزێ خورشیدی پێگەیشت زۆری در خۆش بوو، ئەویش جـوابی داوۆ، نویسی، خوابکە ئەتوو بگێیە مەعشوقێ خۆ، ئەمن چم دەوێ، هـەتا مایـە خورامێ توومە، قەمەرنازیش کێرکەرێ تووە.

قاسیدی قاقەزێ بەهرۆزی هیناوە.

پیرەژنێ قاقەز هینا ژۆرێ، وە خورشیدی داوە.

خورشیدی دری بۆوە، ئەجە دەسـتیان بـە کـەیف و سـەیف و گـۆرانی گـۆتنێ کردۆ، تریقێ پێکەنینێیان ڕۆژە ڕێیەکەڕۆیی.

خاقانی خواجەی ناردبووە باغاتیٚ روح ئەفزێیا، بزانــی خــەرامانیٚ وەزع کــووە، بزانە چ ئیحتیاجیان نینە. وکی خواجە لە روح ئەفزێیا نێزیك بۆ، ئەبینی ئۆ کــەیف و سەیف و هەرا و گۆرانی گۆتنەکە نەسەری دیارە نــەبن، دیتــی ئــۆ توجــارِ لەســە تەختی لە کن خەرامانیٚ دانیشتییە، دەستیان دەملیٚ ئێك کردییە لــە ناوهــەناوانرِا تریقیٚ پێکەنینێیان دیٚ.

خواجە گەرِاوۆ کن خاقانی، حار و حیســابی بەزێــدەوە لــۆ گێرِانــۆ. خاقــان لــە حەیفان وکی بنیٚ مەنجــەریٚ رِەش داگــەرِا، هــە بــەو شــەوەی گۆتییــە فــەغفووری، فەغفوور بەخۆ و بە سەت کەســی هەرِوونــە ســە قەســریٚ خــەرامانیٚ، ســەریٚ ئــەو توجارِەم لۆ بینۆ.

فەغفوور ئێك پیٚ هەستا گۆتی فەرمانت بەجێیە.

فەغفوور بە خۆ و  بە ســەت ســواری چــوونە ســە قەســریٚ خــەرامانیٚ لــە روح ئەفزاییٚ، دەنگیٚ پــیٚ ئەســپان دنیــای خراپــەکرد، حەرِەســی غــاردا ژۆریٚ، گــۆتی خەبەرەکی بدەنە خەرامانیٚ ئۆ فەغفوور بەخۆ و بە سەت سواری دێنە سە قەســریٚ. وکی خەبەریان دا خەرامانیٚ، خەرامانی دەستی بە شین و گریانیٚ کرد.

خورِشیدی گۆ ئۆلۆ گرێیی خەرامان، ما ئەمنت لیٚ مردیمە؟!

گۆتی ئەمرکە با ئەسپابیٚ شەرِیم لۆ بینن، ئەسپە کــەحێلم لــۆزین کــەن، ئەجــە خورِشید چوو لەبەراییٚ فەغفووری دانیشت، تیری هاویتە کــەوانیٚ، بــەتیریٚ ئێکــەم دریٚ فەغفووری شەق کرد، ئەجە بەربووە ناو سواران، ئــەوی کــوژرا کــوژرا، ئــەوی هەرات هەرات.وکی خەرامانیٚ چــاو وە خورِشــدی کــەت، وەلا ســەدجار ئافــەرین، شێریٚ مەیدانیٚ. بەرا خەرامانیٚ دری تەنگ بوو.

خورِشیدی گۆ چییە خەرامان ئەرێیەترسێی؟

گۆتی ئەرێوەلا خورشید، ئەوانی هەراتن هەنکواچنۆ کن خاقانی، ئەجە ئــەویش سوپێیاکی زۆرت دینتە سەریٚ.

خورشیدی گۆ ئەگە ئەتووم ئیزن دەی ئەمن شەڕی دەگە خاقانییەکەم.
خاقانی وکی گێی لە قسێ ئەوانی هەراتی بوو، شێت و هار بوو، سەت قسەی پێگۆتن، گۆتی یەعنی ئەنگۆ بە سەت کەسی دەرەقەتی ئێك کەسی نەهاتن.
گۆتیان پاشا خۆش بی، ئشتێ وهەن بە حێیاتی بابێ خۆ نەدیتییە.
خاقانی دووهەزار سواری دیکەی ناردن.
سبەینێ بەهرۆزی خەبەرێ شەڕیی لە عالەمێ گێ لێ بوو، سوارچاکەکی بە زەبری پارەی ڕازی کرد، بە عەجەلە قاقەزەکی لۆ شارەخشای نووسی، دێیا دەست سوارەکەی. گۆتی زوون دەهانێیا وەرە، خورشیدی دەگە لەشکرێ خاقانێ چینێ لێ بوویتە شەڕ.
ئەجە بەهرۆز خۆی گێیاندە کن خورشیدی گۆتی چ خەمت نەبی، بە حەول و قووەتێ خوای ئەو سوپێیای تێکەشکینین و خاقانت لەسە تەختی لۆ فڕادەمە سە عاردی. بە دوان وەناو لەشکری کەتن، قڕانیان هاویشتە لەشکری، ئەو عاردوو بەردێیان دەخینێدا سۆرکرد، وکی خاقانی ئەوە زانیۆ، گۆتیە وزیران ئەو سفرە و خوانە و لێ حەرام بی، ئەوی چەند سارە لێ خۆن، گۆتی بەو هەموو لەشکرەی دەرەقەتی دوو توجاڕان نێیان کەس نزانی کێنە؟!
گۆتیان پاشا، ئشتێ وهە نییە، هە وکی مەکینەی ئەو خەرکەیەبڕنۆ.
پاشا تووڕەبوو، بەخۆ وەگە لەشکری کەت، وکی گەیشتنە نێزیك باغ و باغاتێ روح ئەفزێیا، تەپوتۆز لەڕێ خەتا زەمینێ برندەبۆ، گۆتیان ئۆ لەشکرە، بە هاوارێ توجاڕان وە هاتینە. وکی خورشیدی زانی هیمدادیان لۆ هات، گۆتی بەهرۆز بڕۆ پێشوازیێ لەشکری، وکی بەهرۆز چوو، شارەخشا بەخۆش هاتبوو، بەهرۆزی گۆ ئەتوو سەت کەسەکم دەگە بنێرە، سەت کەسی وەگەکەتن، بەناو لەشکرێ خاقانی وەربوون، کەس نەبووە برێیا کەس. شەڕیان بەتار کرد.

ئەجە شارەخشا هات، ناردییە دوو خاقانی، خاقان لەترسان چوو.

گـۆتیێ ئەمــە داخــوازییێ خــەرامانێت لێکــەین لــۆ خورشــیدی شــازادێ خاوەرزەمینی.

خاقانی چی دەمست نەمابوو، گۆتی خەرامان پێشکەشی خورشیدی بـی، هـەر ئەو دەمی بانگی مەلێیان کرد و خەرامانیان لە خورشیدی مارەکرد.

ئەجە گۆتیان تەدارەکێ بووك گواستنەوێ حازرکەن و لە سبەینێوە دۆر و زورنـا لە عموومی مەملەکەتێ بکوترێ.

خورشیدی گۆ، خوا ئێکە و نابیتە دوو، هەتا بەهرۆز بەمەرامێ درێ خـۆ نەگـە دەگە قەمەرنازی، چوونە کن خەرامانێ لەمن حەرامە.

ناچار گۆتیان ئەمە خـەرامانێ دەگـەخۆ بـەینۆ خـەتازەمینی، لەوێیـەگوازینۆ، ئەجە خاقانی سەت خورامی دانە خورشیدی و سەت کێرکەریشی دانـە خـەرامانی، دەگە دەبارە زێڕ و گەوهەران، ئەجە گۆتییە خورشیدی، خەرامان ئامانەتی تـووبی، لە غەریبیانی گەلەکی نازان هەگرە.

خورشیدی گۆتە خاقانی هەتا مایمە خورامکێ توومە، چ خـەمێ خەرامانێشـت نەبی، لەچاوێ خۆم زیاتر ئاگا لێبی.

ئەجە وەرێکەتن لۆ خەتازەمینێ.

وکی شارەخشا و لەشکر و خورشید و بەهرۆز گەڕانۆ، لـە خـەتا زەمینـێ بـووە شایلۆغان و دۆر و زورنا کوتینەك نەسەری دیاربی نەبن.

وکی قەمەرنازی خەبەرێ هاتنێ خەرامانێی گێ لێبوو، بە خۆو بە چل کێرکەری چووە کن خەرامانی، گەلەکی درخۆشی داوە، ئەجە چوەکن خورشیدی، گۆتی یاخوە بەخێربێیۆ، پیاوی مەرد، ئۆخخەی ئەوجارەشم چاو وێ کەتیۆ.

خەبەر گەیشتە خوتەن زەمینێش، هەر بابا بوو، غارییەدا خەتا زەمینی، بچـی خورشید و خەرامانێ ببینن.

ئێکـــدوو ڕۆژ بـــوو خورشـــید دەگـــە بـــەهرۆزی دەگـــە شاڕەخشـــای دابـــوو، شەرمیشیەکرد بریێ غەریبیێ خەرامانێم کردییە، فکری کردۆ گـۆتی بـا قاقـەزەکی لۆ بنویسم.

قەرەم و قاقەزیان لۆ هینـان، نویسـی خـەرامان، وەختـە لـە دووریانـت ئـاگرم تێبەربی، بەرا لە شەرمێ شاڕەخشای نەوێرم وەبرێم، ئەجە نامـەی لـۆ ڕازانـدۆ، وە بەهرۆزی داوە گۆتی بەرکی بە قەمەرنازیم ئەو قاقەزەی لۆ بگەینییە خەرامانێ.

وکی خەرامانێ چاو وە قاقەزی کەت، بەخۆ و بە قەمەرنازیان خیندۆ، هەنـدەی دی غەریبی هەستا، دەستی بەگریانێ کرد، قەمەرنازی قـەرەم و قاقـەزی هینـان، گۆتی خوشکم ئەتووش جوابی بدۆ خورشید گەلەك در بەخەمە.

خەرامانێش نووسی خورشید لەبە کەیف و سەیفێت چ بەر وەمن نەمێیا، گـۆتی ئەگە لەبە قەمەرنازێ نەبا، لەمێـژبوو لـەو غەریبیاتیـەی درم تـەقی بـوو، ئەجـە ئەویش قاقەزی بەقسێ دریێ خـۆ لـۆ ڕازانـدۆ، وە قەمـەرنازی داوە، گـۆتی ئەگـە ئیشەکی وەبکەی هە ئەورۆ ئەو قاقەزە بگاتۆ خورشیدی.

قەمەرنازی بە کێرکەرانی قاقەز لۆ بەهرۆزی ناردۆ، بـەهرۆزیش لـۆ خورشـیدی برد.

وکی خورشیدی چاو وە قاقەزێ خـەرامانی کـەت، ئـاگری تـێ بـەربوو، فکـری دەسەری نەما، مات و مەلوول بوو، وکی شاڕەخشای خورشیدی بەو نەوعەی دیت، زانی مەسەلە چیە، بانگی وزیری کرد، گۆتی لەسـبەینێوە تـەدارەکێ گواسـتنەوێ خەرامانێ لۆ خورشیدی تەواوکەن.

خورشیدی گۆ، شاڕەخشا، ئەمن شەرتم کردیە هەتا بەهرۆز بە قەمـەرنازی شـاد نەبی، چوونە کن خەرامانێ لەمن حەرامە.

شاڕەخشای گۆتـە وزیـری بنێـرە بـا مـەلێیاك بـێ، قەمـەرنازی لـە بـەهرۆزی

مارەکەن، وەبی تەدارەکێ هەردووکان سبەینێ تەواو کەین. بەهرۆز و خورشیدی لەخۆشیان، پێ عاردی ناگرتن.

پاش چەند ڕۆژەکی، خورشیدی گۆتە بەهرۆزی، دەموێ بچمۆ خاوەرزەمینێ کن داك و باب و مەملەکەتێ خۆ، بەهرۆزی وکی گێ لێ بوو، گۆتی خورشید ئەجە ئەمن کوو بێ توو ئەحەوێمۆ، خورشیدی گۆ ما ئەمن ئەتووم لەبیرەچی، بەس چ بکەم، هەنکوە داك و بابیشم لە تاوێ من ئاگێیان لەخۆ نەمێیا.

ئەجە چوونە کن شاڕەخشای، خورشیدی گۆ ئەگە ئیزن بی، ئەمنەگەڕێمۆ خاوەرزەمینی، شاڕەخشاش گەلەکی پێ نەخۆش بوو، بەرا گۆتی ئەمنت ڕێ گەڕانەوێ مەملەکەتێت لێ ناگرم، ئەجە ئەسپابێ سەفەرێی لۆ ڕێکهێخستن، سەت بارە زێڕ و گەوهەریشی بەدیاری لۆ شێیا خاوەر زەمینی دەگە ناردن.

لەڕێ گەڕانەوێ، خورشیدیی لایدا ئەو ئەشکەفتێ ئەوی دێوێ قەمەرنازی لێ زنجیر کردبوو، پێشانی خەرامانێی دا. ئەجە چوو، هەموو زێڕو دوڕ و گەوهەری بارکردن، هە لەوێ ی قاقەزەك لۆ بەهرۆزی نووسی، نوویسی: کەسی برای بەهرۆز، لەغەریبیانت وەختە شێت و هاربم، گەلەکن ڕۆژێ خۆش بەسەبردن، هەتا مایمە سەفەرێ چینێ لەبیر ناکەم، گۆتی گەلەکیش سەلامان لە قەمەرنازی بکە، برێ خورشید چۆوە ئەشکەفتێ دێوی، هەموو زێڕ و زیوەکەم برد، ئۆ دەبارێ هێسترانیش لۆ وی ئەنێرمۆ.

ئەجە خورشیدی دەبارە زێڕ و قاقەزی بەچەند سواران لۆ بەهرۆزی ڕەوان کردنۆ.

قاقەزەکیشی لۆ بابێ خۆ دە پێشدا نارد،خەبەرێ گەڕانەوێ خۆ و خەرامانێ چینێی دانێ. وکی خەبەر گەیشتە خاوەرزەمینێ، پاشای لەخۆشیان زێڕ و زیوی بەسە فەقیر و فەقاراتی بەشیۆ، خەرکی وکی خەبەرێ خورشیدی زانی هەموو خەنی بوون، لە خاوەرزەمینێ بووە شایی. وکی خورشید گەییۆ نێزیك خاوەرزەمینی،

دیتی خەرکەکی گەلەك زۆری هاتیتە پێشوازی، وکی گەیشتنە نێزیـك دیتـی پاشـا بەخۆش هاتیە دەگە وزیران هاتبوونە بەراییێ، ئەجە ئێکدیان دەئامێزێ گرت، تێـر گریان، ئەجە وکی چوونۆ، چل شەو و چـل ڕۆژی بـووە دۆر و زوڕنـا کوتـان، شـێیا خاوەرزەمینی قاسیدی ناردە کن شاڕەخشا و بـەهرۆز پاشـا و قەمـەرنازی، گـۆتی دەبی بێن سەرن لێدەن.

شاڕەخشا و بەهرۆز پاشا و قەمەرناز هاتنە وراتی خاوەرزەمینێ، زۆریـان قـەدر گـیرا، مـاوەکی بـاش لـەوێ بـوون، گەلـەك بەخۆشـیان ڕابـوارد، ئەجـە گـەڕانۆ مەملەکەتێ خۆ، عادل پاشێیا خاوەر زەمینێ هەزار بارە زێڕی دەگە ناردن.

ئەمیش کارەکم دڕا و چم پێ نەبڕا.

# قەبری کیژێ جووی

هەبوو نەبوو، کەس لەخوای گـەورەتر نـەبوو، کـەس لـە عەبـدی درۆزن ڕوو ڕەشترنەبوو، ئەگێڕنۆ وارێن کـوڕە موسـرمانەکی حـەزی لـە کیـژە جووەکییـەکرد، کیژەکە، کیژێ پیاوەکی دەورەمەندبوو، بەرا کوڕەکەی لەبـە دەورەمەنـدییێ نـەبوو، هە خۆشی دەویست، کیژەکەش کوڕەکەی خۆشدەویست.

کەس ئاگا لێنەبوون، بەرا لە بەینی خۆ، هەموو ئشتیان بڕاندبۆ.

بەسـەدا کیـژ نـەخۆش بـوو، نەخۆشییەکەشـی وەبـوو، چ عیلاجـی نـەبوون، سبەینەکی گۆتی لۆم بانگی فلان کوڕی کەن.

گەلەکیان پـێ عەنتیکـە بـوو، گۆتیـان دەبـی کیـژێ مـە چیشـی بـەو کـوڕە موسرمانەی بی، بەرا لەبە دریێ کیژێ خۆ، بانگی کوڕەکێیان کرد، گۆتیانێ فلانـی هەتا ماریێ مە وەرە.

کوڕەکە ترسا مەسەلێ حـەزلێکردنێی دەگـە کیـژێوان لێ ئاشـکرا ببـی، ترسـا ئشتەکی لێبکەن، بـەرا گـۆتی بشـمکوژن هەرەچـم، بـەرکی چاوەکیشـم وە کیـژێ وانەکەویتۆ..

وکی چوو، بردیانە کن کیژەکەی.

کیژەکەی گۆ بەتەنێن بەجێ بێرن.

چ عیلاجیان نەبوو، بەتەنێیان بەجێ هێشتن.

کیژەکەی گۆ، ئەمن ئەگە لۆتووش نەبووم، بەرا ئۆ بوویمە موسـرمان، لۆییێشـت

وەنارێمیٚ پاشی من چ فتنان پێیاکەی، با وکی جوانم دەقــەبری نــێن، بــەرا لۆییێــت وارێمیٚ، عادەتیٚ مە وێیە هەموو ئشتن دەگە دەقەبرییە نێن، وکی دەقــەبریان نــام، ئەتوو وەرە چ خشر و زێڕ هەبوو لۆخۆ دەرینە.

کوڕەکە گریا، گۆتی ڕەبی ئەمن پێشی توو بمرم، ئەگە ئەتوو بمری، ئەمن چ لــە خشرو زێڕان کەم.

گۆتی ئەدی ما لۆ دەبن ئەو عارد و بەردەیدابن.

هە ئەوڕۆژی لۆ نیوڕانیٚ خەبەر براو بۆ، گۆتیان کیژیٚ فلانە جووی مردیە.

خەرك چوونە سەقەبران، کیژیان وکی جــوان شــاردۆ، مــالمی بــە زمــانیٚ جــوانی هەندەك دوعای لەسە خیندن. کوڕەکەش بە دزی زۆری لۆ گریا، لــەتاوانی نــەخۆش بوو، کەتە ناوجێیان.

کیژەکەی هاتە خەونیٚ، گۆتی ما شەرت و قراریٚ مە وەبوو؟!

ئەدی ئەتوو هەموو جاریٚ وەناگۆ سەبرت هەبی، نەتەگۆ بەس خوا بــەخۆزانی چ لۆ عەبدی باشە؟!

گۆتی ئەتوو بەو نەوعەی ئەمن لەناو قەبری زۆر عەزابەدەی.

گۆتی بەدەستەخۆم نییە.

گۆتی وکی پێم گۆتی وەرە خشر و زێڕان دەرینە، بڕۆ ژنەکی لۆخۆ بینە.

گۆتی کچیٚ ئۆ کووم در دیٚ.

گۆتی ئەگە ئەمنت دەویٚ، چتەرێمیٚ وەبکە.

گۆتی باشە، واکەم.

وکی لەخەویٚ هەستا، فکری کردۆ گۆتی بەقسێی بکەم باشترە، گۆتی صــەددەق خوا بەخۆ لە هەمووکەس زاناترە.

لۆ شەوەکەی، بە دزی چووە زگ قەبرێ کیژەکەی، بە چاوێ بە گریان قەبری هەرداوە، چ ببینی؟!

گۆتی ئۆ خەونە، یا ئەمن تێکچوویمە!

دیتی ئۆ کابرێیاکی موسرمان لەجێ کیژێ جووی دەقەبری دا.

کابرێیاکەش عەینی ڕۆژ مردبوو.

سەرێ قەبرێ کیژەکەی قەپات کردۆ، گۆتی دەبابچم قەبرێ کابرای هەردەمۆ، وکی قەبرێ کابرای هەرداوە، دیتی ئۆ کیژە جوو دەناو قەبرێ پیاوەکەی دا، زۆری پێ عەنتیکە بوو. بەبێ دەنگی قەبری داپۆشتۆ. گۆتی یاڕەبی جێت بەهەشت بی، ئەجە لەخوای پاڕاوە گۆتی یاڕەبی لە بەهەشتێن پێك شاد کەیۆ.

زۆری پێنەچوو، کوڕەکەش مرد..

ئەمیش کارەکم دڕا و چم پێ نەبڕا.

# هەقێیاتی فەقێیان

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو، کەس لە پێغەمبەری خۆشەویستتر نەبوو، کەس لە شەیتانی ڕووڕەشتر نەبوو.

زەمانەکی سێ فەقێی زیرەك هەبوون، زۆر جێیان گەڕابوون، زۆریان سەراو و دەراو دیتبوون، فێرە زۆر ئشتی ببوون. ڕێیان کەتە گوندەکی کەون، هە ناوێران بجوولێنۆ ئێیان گۆ ئێرە پیاوچاکە، ئێرە ئەجندەی لێنە، نابی کەس بچتە ئێرە.

لە بەینی خۆیان گۆ، هەبی و نەبی سرڕەکی تێدا. لاو نیو سوئالیان لە پیر و پێشینانەکرد، ئێکییە گۆ لە فلانە جێی کەرەبابێ زێڕ دیترایتۆ، ئێکییە گۆ لە فیسارکە جێی کوپە زێڕ دیترایتۆ..

فەقێیەکان فێر ببوون بە شەوان ئەچوونە زگ جێیەکان.

ئەشکەفتەك هەبوو، کەس ناوێرا لێ نێزیك ببتۆ، ئێیانگۆ ئەوی بچی غەیبەبی.

دەرکێ ئەشکەفتێ گەلەك گچکە بوو، دەبا بە زگەخشکێ بچووبایە ژۆرێ. لە ژۆرێش ڕا، هەندی ژۆرەکی فەڕاحەبۆ. دیسان دەرکەکی دیکەی تەسك هەبوو، نەسەری دیاربوو نە بن. دووسێ شەوبوو فەقێ ئەچوون. شەوەکی گوریس و ئاگر و بێر و بارییان بردن، چوونە ناو ئەشکەفتێ. وەختی نوێژێ سبەینێ، کەس گێ لە دەنگێ کەبار و بانگی نەبوو، گۆتیان فەقێش بنیادەمن لەوانێیە دەخەو مابن، وکی خەرکەکە چوونە مزگەفتێ، چ فەقێ دیار نەبوون. هە ئێکی قسەکییەکرد ..

هەبی و نەبی چووینە جێ خەتەر. کێ وێری وەدوویان ڕاچی!؟ گۆتیان بـا ڕۆژ دابـێ سۆراغەکیانەکەین.

خەرك خڕبوونۆ، هە دوو دوو و سێ سێ چوونە لێیاکی، ئاخیری زانیـان چـووینە ناو ئەشکەفتێ. نیوڕان داهات نەهاتنۆ، شەو داهات هە نەهاتنۆ، حەفتەك پێچوو، کەسیان نەهاتۆ.. هەنکوەش دەگە دابی فەقێ نەهاتنۆ.

وێیانەگۆ پاش غەیب بوونێ فەقێیان هەتا قەدەر عێیامەکی، ناو بـەناو شـەوان شۆقەك لە چیای پێیابوو، ئێیـانگۆ لـەناو گونـدی دەنگـە دەنگـێ ئـێ لەمەچـێتر دەهات.

# ڕۆستەم و زۆراب[١١]

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو، کەس لە پێغەمبەری خۆشەویستتر نەبوو، کەس لە عەبدی درۆزن ڕوو ڕەشتر نەبوو.

کەس نییە گێی لە ناوبانگێ ڕۆستەمی نەبووبی، ڕۆژەکی ڕۆستەم، دری زۆر توند بوو، سواری ڕەخشێ خۆ بوو، ئەسپابێ ڕاوێی حازرکردن، بەتەنێ چووە ڕاوێ. چووە سە دۆرەکی، هەزاری بەر هەزاری، ڕەوێ بزنە کیویانی دیت، تیری دەکەوانێ نا، کیهە لە هەمان قەرەوتر بوو، سێرەی لێگرت، تیری لە ئەسکوردێ دا، بزنی هێخست، وەسە ڕاگەیی، چەقووی هاویشتە ملێ، بزنی کوشتۆ، هەندی دەمێی کەورکرد و کردییە بریانی. کەلەشێ بزنە کیوێی بەتەنێ لەگۆڕێ هەگرت، هەمووی قلووف کرد.

ئەجە مەیلێ نووستنێی کرد، ڕەخشی بەردا مێرغوزاری و بەخۆشی سەری وە گاشە بەردەکی کرد، خەوی لێکەت ..

ئەگەر سعاتەك بوو ئەگەر ڕۆژەك بوو، وکی لەخەوێ هەستا، چ ڕەخش لەوێ

(١١) ئەم هەقایەتە، یەکێکە لەو هەقایەتانەی کە بە هۆنراوە لە دووتوێی کتێبێکدا بوناوی (ڕۆستەم و زۆراب) لەلایەن (محمدأمین عصری) یەوە، لە ساڵی ١٩٥٥ چاپکراوە، هەقایەتێکی بلاۆە، پێش ئێمەش بلاۆکراوەتەوە، هەقایەتەکان لە ناوەرۆکدا هەمان بابەتن، بەلاّم لە وردەکارییەکاندا، لە هەقایەتخوانێکەوە بۆ هەقایەتخوانێکی دیکە، کەمی و زیادیی بەخۆیەوە بینیوە، جگە لەمە، لە شێوە ئاخاوتن و لە شێوازی گێڕانەوەدا لە یەکتری جیاوازن، بۆیە بە پێویستمان زانی، لە پاڵ هەقایەتەکانی دیکە، بەشێوەزاری خۆشناوەتیی ناوچەی شەقلاۆە، تۆماری بکەین.

نەمێیا.. بانگی کرد چ جواب نەبوون.. ئـەو دەور و بـەرەی گـەڕا، کەلەشـێ سـێ کەسانی لەوێ دیتۆ، زانی ڕەخشیان بردییە، گۆتی هەبی و نەبی ئەو سێ کەسانەش ڕەخشی بە سمکان کوشتینە.

ڕۆستەمی شوونپێ ڕەخش و سوارانی هەگرت و ڕێ و ڕێ بـەدوودا چـوو، هـەتا گەیشتە ئاواییەکی گەورە، گۆتیان ئۆ سەمەرقەندە. خۆ ڕۆستەم ناچی لـە خـەرکی هەرچی و پەرچی لە ڕەخشێ بپرسی، ئێکسەر ڕێ قەسرێ پاشای گرتەبەرێ.

وکی خەبەریان دا پاشای گۆتیان ڕۆستەم هاتیە، گۆتی ڕای مەگرن بـا ئێکسـەر بێتە ژۆرێ، وکی ڕۆستەم چـووە ژۆرێ، هـەمووی ئێـك پـێ لەبـە هەسـتان، هـەتا سەرینگانێیان برد، گەلەکیان بەخێرهینا، بەرا ڕۆستەم هە تووڕە دیـاربوو. پاشـای گۆتێ، خێرە ڕۆستەمی کوڕێ زاری بەتەنێییە، ئەدی لۆ بە پێیانت ئەو ڕێیـە دوورە بڕییە؟!

ڕۆستەمی بەتووڕەیی جواب دانۆ، گۆتی ئەمن ڕەخشم لێ دزرێیـا و هینایتیانـە وراتێ تو، هەنکوە ڕەخشـم لـۆ دەیننـۆ یـا مەملەکـەتێ و بەسـە ئێکـدا ژێـر و ژۆرکەم؟!

پاشا پیاوەکی ئاقر بوو، ئەیزانی ئەگـە ڕۆسـتەمی تووڕەکـەن، خراپیـان بەسـە دەینی، گۆتی ڕۆستەم قسێن لۆ بکە، ڕەخشێ توو کێ بردیە؟

ڕۆستەمی گۆ، هاتبوومە ڕاوێ، بزنە کیویەکم ڕاوکرد، کردمە بریانی و هەمووم خوارد، ئەجە مەیلی خەوێم کرد و لێ نووسـتم، وکـی هەسـتام ڕەخشـم بردرابـوو، ڕەخشێ سێ کەسی کوشتبوون، بەرا دیارە بەتـەکبیر ڕەخشـیان بردیـە، هـەنکوەش وەدووڕاهاتیمە، ڕەخشم لێرێیە، وێم دەنۆ با بگەڕێمۆ.

پاشای گۆتی ڕۆستەم، ئەتوو مێوانێ منی، ئەمنت شەوێ هە ئیزن نادەم، گۆتی ئەمن مار و تەخت و تارجی هەموو قوربانی تووەکەم، ڕەخش لەپـەڕێ عاسمـانێش بی لۆتە بینمۆ، بەسەتوو هەتا سبەینێم سەبرێ لێ بگرە.

ڕۆستەم برەك ساردبۆ.

شەویٚ گەلەکیان کەیف و سەیف کرد، بالینگانیان لۆ ڕۆستەمی ڕازاندنۆ، ژۆریان لۆ گوراو ڕشێن کرد، گۆتیان ئۆ هۆدەت حازرە هە وەختەکی خەوت هات برۆ بنوو.

ڕۆستەم لەڕێی ماندی ببوو، گۆتی وەختیتی، ئەگە ڕوخسەت بی ئەمنەچمەنووم.

پاشای کیژەك هەبوو، لە جوانیانی ناوبانگ دەرکردبوو، ئەتەگۆ مانگە، ناوی تەمینە بوو، نیوەشەویٚ وکی هەموو نووستبوون، بەدزی چووە هۆدیٚ ڕۆستەمی، وکی ڕۆستەمی چاو وە تەمینەی کەت، گۆتی ئەتوو حۆری یا بنیادەمی؟!

گۆتی ئەمن کیژیٚ پاشایمە، گۆتی ڕۆستەم ئەمن ڕەخشم لیٚ بردی، زانیم وەدووڕادێی، ئەمن لە ناو و ناوبانگیٚ توو، عاشقی توو بوویمە، ئەجە ئەگە سبەینیٚ لە پاشام بخوازی بمکەیە ژنیٚ خۆ.

ڕۆستەمی گۆ، ئەمن بە خەون و خێیارانیش ئشتیٚ وکی تووم نەدیتییە، گۆتی سبەینێت لەپاشایەخوازم. تەمینە ڕۆیی.

سبەینیٚ ڕۆستەمی گۆتە پاشای، پاشا ئەتوو گورەکت هێیە لە باخچیٚ خۆ، تابیلی ئەو گورەیمە، ئەگە بمدەییٚ، پاشا تێگەیی، گۆتی ئەجە کێم لەڕۆستەمی کوڕیٚ زاری پیاوتر وەدەستەکەوی.

مەلێیان بانگکرد، بە شەرعیٚ خوا و پێغەمبەران، تەمینێیان لە ڕۆستەمی مارەکرد.

ڕۆستەمی ئەو شەوی هەتا سبەینیٚ، دەگە تەمینێی کەیف و خۆشی کرد، سبەینیٚ پێشی بەجێی بێری، یاقووتەکی دەدەستی دابوو، لە دوڕ و گەوهەریٚ خەزێنیٚ کەیکاوسی بوو، لەدەستیٚ خۆی کردۆ، وە تەمینێی داوە، گۆتی ئەگە کوڕت بوو لە قۆری ببەستە، ئەگە کیژیش بوو، لە پەرچەمێی ببەستە.

تەمینێ تاقە گەوهەری لێ وەگرت. ئەجە ڕەخشیان لۆ ڕۆستەمی هیناوە، خـۆی توند کـردۆ دوعـا خـوازیی لـە پاشـای کـرد و نیوچـاوانێ تـەمینێی ماچـکرد و سەمەرقەندی بەجێ هێشت.

نۆ مانگ و نۆ ڕۆژی پێچوون، تەمینێ کوڕەك بوو، ناویان لێنـا زۆراب، زۆراب چ زۆراب، هەندی دوو منداران بوو. خەبەریان لۆ ڕوستەمی نـارد، ڕۆسـتەم خـەنی بوو، زێڕ و پارەکی زۆری بە دیاری لۆ ناردن، زۆراب ڕۆژ بەڕۆژ هەریەدا، لـە پێـنج ساری بوە ئێکەم پارەوان، کەسی دەرەقەت نەدەهات، ئێکی شان و سنگ پـانی لێ دەرچوو بوو، ئەتگۆ ڕۆستەمە.

ڕۆژەکی گۆتیان زۆراب با ئەتوو پارەوان و ئازاش بی، وکی نزانـی بابـت کییـە، فایدەی چییە.

زۆرابی زۆری شەرم لەخۆ کێشانۆ، بە تووڕەیی چۆوە کن داکێ خۆ، گۆتی قسـێم لۆ بکە ئەمن کوڕێ کێمە؟

گۆتی لۆ وارێی؟!

گۆتی مندارم وارێنێ کەس نزانی کوڕێ کێی.

گۆتی کوڕم ئەتوو کوڕێ رۆستەمی و نـەوێ زاری لـەو هـەموو دنیێیـای کـەس هێیە وکی توو. ئەجە بەحسی ڕۆستەم و زاری لـۆکرد. زۆرابـی وکـی زانـی کـوڕێ ڕۆستەمی زارە، هەندەی دی سینگ دەرپەڕاند، گۆتی دەبی ئێران و توورانان بێخمە بن دەستێ خۆ.

چاردەساری بوو، گۆتیە داکێ خۆ، ئەچم وراتـی ئێرانـێ گـرم، ئەجـە تەمینـەی ئاقووت دە باسکێ زۆرابی کرد، گۆتی ئۆ نیشانێ بابێ تووە، ئەجە چوو ڕەخشی لۆ زۆرابی هینا، گۆتی ئەو ڕەخشە لە ڕەخشێ رۆستەمییە، لە ماینێم چـاکردیە،ئەجە گۆتی ڕۆستەم لە وراتێ ئێرانێیە، دەگەری نەکەویە شـەڕی، ئـەوت زەفـەرێ پێبـە، گۆتی زووی خۆ لێ ئاشکراکە.

تەمینە چووە پاشای گۆتی زۆراب ڕاناوەستی ئەرێ ئەچم ئێران زەمینی دێخمە بن دەستێ خۆ، پاشای بانگی زۆرابی کرد، گۆتی کورم ئەتوو هێشتا منداری، ئەمە لە هیچن کم نییە، لێرەت ئاگا لەمەملەکەتێ خۆبی باشترە، زۆرابی گۆ پاشام خۆش بی سەرەکە و هینایتم، وکی زانی فایدەی نییە، گۆتی ئەوەش کوڕێ ڕۆستەمییە، ئەجە لەشکرەکی شێست هەزا کەسی وەگەدا، زۆراب وە پێشیان کەت. زۆرابی دەستێ داکێ خۆ ماچ کرد، گۆتی دوعێیانم لۆ بکە.

وکی خەبەر گەییە ئافراسیاوی پاشێیا توورانێ، گۆتیان زۆراب لە سەمەر قەندی ڕا بە خۆ و بە لەشکرەکی گەورە هاتیە دەیوێ ئێران و توورانان بێخیتە بن دەستێ خۆ، ئافراسیاوی بانگی هومان ی سەرلەشکر کرد، گۆتی بەخۆ زانی ئەمە چەند سارە دوژمنێ ڕۆستەمیینە، گۆتی ئەمنت لەشکرەکی گەورە وەگە دێخم بڕۆ سەڕێ زۆرابی، برێ ئەمەشت وەگا کەوین. بەس ئشتەکی وەبکە زۆراب و ڕۆستەم لێك ئاشکرانەبن، ئەوانە لێك ئاشکرابن، هەموو دنیێیا داگیرەکەن.

وکی هومان بەخۆ و بەلەشکری چوونە سەڕێ زۆرابی، خەبەریاندا زۆرابی گۆتیان لەشکرەکی گەورەن هاتیتە بەرایێ، گۆتی خەم و نەبی هەمان تەفروتووناکەین، هومان بە خۆ و بە چەند سووارەکی چووە کن زۆرابی، گۆتی ئافراسیاو پاشای تووران زەمینی، ئەمەی ناردییە بێینە بن ئارێیا لەشکرێ توو، گۆتی ئەمە خاکێ ئێرانێ بست بەبست شارەزاین.

زۆراب خەنی بوو، دەدرێ خۆیدا گۆ، خاکێ ئێرانێ دەتوورەگەیەکەم.

لەشکر تێکەربوون، کەتنۆ ڕێی، گەیشتنە قەراتەکی گەورە، قەراتێ (هیجر)ی کوڕێ گودرەزی کەوشاد بوو. هیجر بێ خەم لە قەراتێ خەریکی کەیف و سەیفێ بوو. خەبەریان دایێ گۆتیان لە جەیحوونێ هەتا سپی حەسارێ لەبە غارەغارێ ئەسپان دەتۆزێ وەرچووە. زۆراب ناوەك هاتییە، لەشکرەکی بێ شوماری دەگە دێیا.

بەحیساب هیجر پارەوانەکە نــەبیتۆ، ئەســپابی شــەڕی لــە خــۆدا، ســوار بــوو، بەتەنیٚ هاتە مەیدانیٚ.

وکی زۆرابی وهەی دیت، گۆتی دیارە ئەوە زۆر پارەوانــەکی بەناوبانگــە، لــۆییٚ وهە بیٚ منەت بەتەنیٚ هاتیتە مەیدانیٚ.

زۆراب لۆی چوو، گۆتی لۆ وهە بەتەنیٚ هاتیە مەیدانیٚ؟!

وکی هیجریش چاو وە قەرافەتیٚ زۆرابی کەت، وهە نەبوو وکی ئەو تێفکریبــوو، ترسەکی لیٚ نیشت، گۆتی ئەتوو کێی، ئابائو ئاژدات کینە؟!

گۆتی ئەتوو هەقت بە ئابائو ئاژدادیٚ مندا نەبی، ئەمن هێتیمچەکی بیٚ کەسم، هاتیمە تەختیٚ کەیکاوسی بینمە بن دەستیٚ خۆ.

هیجری گۆ، تەختیٚ کەیکاوسی وهە ئاسان نییە ئەوی ئەتووی لۆ هاتی، گــۆتی ئێران زەمین پڕی پارەوانە، گۆتی جاریٚ ئەتوو وەرە خۆ لەدەستەمن قورتارکە ئەجــە با ئەوانی دیت بێنە سە ڕیٚ.

وکی لۆ ئێکچوون، هە لەدووری زۆرابــی کەمەنــدەکی هاویشــتە هیجــری و لــە ئەسپێی بەرداوە، چۆکی هاویتــە ســە ســینگی، گــۆتی هــەتا ڕۆژت دیٚ، نــاتکوژم، دەست و پیٚ هیجریان بەستن و هاویتیانە قەفەزیٚ.

وکی خەبەر گەییۆ ماریٚ گــودرەزی بــابیٚ هیجــری، ســەریان لێشــێوا، هیجــری خوشکەك هەبوو ناوی سەمەنبۆ، ســەمەنبۆی گۆتــە بــابیٚ خــۆ ئەمنەچــمە شــەڕیٚ زۆرابی، گۆتی کیژم ئەتوویان بکەویتە بەدەستی هە بەجارەکێن حێیاچی.

گۆتی بابۆ ئەرێن هیجر ئێخسیرە، ئەترسێم  ئەو زۆرابە بیکوژی.

سەمەنبۆی دموچاویٚ خۆی پێچان، کەزیی لەبن دەمامکی شاردۆ، شیر و تــیری هەگرتن بەتەنیٚ چووە مەیدانیٚ، وکی زۆراب هات، هە لــەدووری شێســت و شــەش تیری ژەهراویی هاویتنە زۆرابی، وکــی تــیری ویٚ نــەمان، نۆبــەتیٚ زۆرابــی هــات،

کەمەندی هاویتیٚ و دەناوقەدێی کرد، ڕایکێشا، لە ئەسپێی هێخستە خواریٚ، دەدوو ڕەخشی هێخست، وکی لە دەست و پیٚ کەت، چووە سەسەری، چۆکی هاویتە سە سینگی، سەمەنبووی دەمامك فڕەدا، گۆتی ئەتوو چ پارەوانەکی، بەتەمای ژنەکی لەمەیدانیٚ بکوژی، گۆتی هەی نەفام، هەموو دنیات پیٚ پێکەنی.

ئەجە سەمنبۆی گۆتی تازە ئەمن ئەسیریٚ توومە، ڕیم بدە بچمۆ بیٚ شەڕ لەشکر و خەزێنیٚ دوڕ و گەوهەرانت تەسمیل کەم.

زۆرابی پیٚ بڕوا کرد، سەمەنبۆ چۆوە کن بابیٚ خۆ، گۆتی فایدەی نییە، ئەو زۆرابەی چ فەرقی نینە دەگە ڕۆستەمی، کەسی دەرەقەت نێیا، هەتا زووە با هەرێین، بچینە کن کەیکاوس پاشای.

زۆرابی زۆری ئینتیزاری سەمەنبۆی کرد، شەو داهات، کەس وەدەر نەکەت، گۆتی هەبی و نەبی، ئەو کیژەی خیانەتی دەگەمن کرد، گۆتی قەیدی نییە باسبەم لیٚ دابیٚ.

گودرەزی قاقەزەکی لۆ کەیکاوسی نووسی، بەحسی لەشکریٚ زۆرابیی لۆ کرد، گۆتی هیجری ئێخسیر کردییە، گۆتی ئۆ بە ڕۆستەمی نەبی تەمبیٚ ناکریٚ، ئەجە زوو دەهانێیان وەرە هەتا نەگەیشتیتە قەسریٚ توو.

وکی کەیکاوسی قاقەزی خیندۆ، بانگی سەرلەشکرانی کرد، بە حیساب ئێك لێکی پارەوانترە، گۆتی کیهە و ئەچنە بەراییٚ زۆرابی، کەس چ جواب نەدانۆ، کەیکاوس توڕەبوو، گۆتی یەعنی پیاوەکو تێدانیە غیرەتی هەبی بچتە شەڕیٚ مندارەکی چاردەساری؟!

ئێکی گۆ پاشام خۆش بی، وکی بەحسییەکەن، ئەوە بە ڕۆستەمی فیلەتەن نەبی، بەکەس تەمبیٚ ناکریٚ.

پاشای بانگی وزیری کرد، گۆتی قاقەزەکی لۆ زابلزەمینی بنێرە، لۆ ڕۆستەمی

زار، بــه باشــیی بلاوینــۆ، بــرێ ئەگــە بــە هیمــدادێن وەنــیێ، تــەخت و بــەختێ سەرنخوونەبی.

قاقەزیان وە گیوی دا، ئەویش هەندی دەمێ سـواربوو وکـی بـای غـارێ خـۆی گێیانده زابلزەمینی کن ڕۆستەمی، وکی ڕۆستەمی قاقەزی خیندۆ، گۆتییـە گیـوی ئەوشۆ مێـوانێ منـی، شـەوێ هـەتا سـبەینێ بـە کـەیف و شـەڕاب خواردنـەوێ مەشغوول بوون، سبەینێ دەخەومان، وکی هەستان، ڕۆستەمی گـۆ گیـو ئەوشـۆش لێرەبە سبەی دەگە گەردی سبەینێ وەڕێکەوین، گیوی خۆ کرکـرد، دیسـان شـەوێ بەزم و ڕەزمیان دەسـتپێکردۆ، هـە ئۆنـدێیان زانـی سـبەینە داهاتییـە، هەنـدیان شەڕاب خواردبۆ لاکێیان دەهات، وەرحاسر ئەورۆشیان فت. گیو زۆرەترسـا، گـۆتی ڕۆستەم چیدیم گیر مەکە، ئەگە دێی بابڕۆین ئەگەنا ئەمن ئیزن دە، ئـەمن نـەوێرم بچمۆ کن کەیکاوس شای.

کوڕە گۆتی کەیکاوس چییە، ئەگە ئەمن نەبم، گۆتی لێرەبە سبەی وێکڕاچین.

سبەینێ دەگە سەوگورگان کەتنە ڕێی، وکـی گەیشـتنە بارەگێیـا کەیکاوسـی، کەیکاوسی ڕەنگی دەبە نەمابوو، خۆی لە گیوی توڕەکرد گـۆتی لـۆ خـۆت هەنـدە گیرکردیە. ڕۆستەمی جواب داوە گۆتی ئەمن گیربوویمە، خەتای گیوی نییە.

کەیکاوسی خۆ لە ڕۆستەمیش تووڕەکرد، گۆتی وەت لێهات بەبای غارێ لەدوو دەنگێم نێی، گۆتی لێت بەسە ناچی.

ڕۆستەم لەوی تووڕەتر، گۆتی ئەوە گەز ئەوە مەیدان، وەرە بزانم چا کەی. ئەجـە ئەوێی بەجێهێشت بەتووڕەیی ڕۆیی.

ئەوانی وێ هەموو پسسابوون، گۆتیان پاشام خۆش بی، ئـۆ چـت کـرد ئـەتوو، وەختی ئەو قسەی نەبوو بەو دەمەی بە ڕۆستەمیت گۆ، ئاخر ڕۆستەمی لە سـەت شەڕی ئەتووی پاراستییە، ئەگە ڕۆسـتەمت نـەبا ئـەتوو پـێش دەسـاران تـەخت و بەختت وەرگەڕابوو.

پاشایەزانی هەقیتیان، ئەیزانی ئەو بە واستیٚ ڕۆستەمی وە میٚیا، هە لەبە ڕۆستەمیە کەس نەویٚرێیا لەشکری بینتە سەر.

ئەجە گۆتی بڕۆن بیهیننۆ.

گودرەز و گیوی و فەرەیدوون و فەرهاد و قوباد و شیدۆش و شاپوور و تۆس، بەهەمان چوونە بەراییٚ ڕۆستەمی گۆتیان گیٚ مەدە کەیکاوسی، ئەمە هەمووەزانین ئەوی ئەتوو لۆوت کردییە، بەمە بەهەمان نەکرێیا، هەنکوەش لەبەمەش نەبی، لەبە ناو و ناوبانگیٚ خۆ بگەڕێوە، با نەرێن ڕۆستەم لەبە مندارەکی چاردە ساری هەرات.

ڕۆستەمی در سارد بۆوە، گەڕاوۆ کن کەیکاوسی، کەیکاوس چوو دەستی دەملیٚ ڕۆستەمی کرد، گۆتی ئەشەدو بیللا تەخت و پاشێیاتییٚ من هونەر و ئازێیاتیا تووە، گۆتی لیٚم مەگرە، ئەمن خەمیٚ ئیٚران زەمینیتم بکەویتە دەست تورکان.

ڕۆستەمیش گۆتیە کەیکاوسی، ئەمن هەتا مایم خورامیٚ توومە، گۆتی هیچ خەمت نەبی، هەتا ئەمن مابم کەسەکی حەد نییە تەماحییٚ دە تەختیٚ کەیکاوسی بکا.

ئەجە ئەو شەوی کەیف و بەزمیان دەستپیٚکرد، سبەینیٚ لەو دەشتەی، هە سەر لەشکرە و لەشکریٚ خۆی حازکرد، هە ئیٚکی جیٚ خۆی بەجوودا لۆ دیار کرا و ڕەشماریٚ خۆی لیٚ هەردا.

خەبەریان دا زۆرابی گۆتیان، قیامەت هەستێیا، لەشکرەکی بیٚ شومار لەو دەشتەی وکی بەحریٚ شەپۆرانەدا، وکی زۆرابی چاو ویٚکەت، هە ڕەشمارە و عەلەمیٚ خۆی لەسەرە.

گۆتی هیجریم لۆ بینن، وکی هیجریان هینا، زۆرابی گۆتیٚ، ئەگە ڕاستییٚم دەگە

برێی، بە سەلامەتی ئەچیۆ ناو مار و منداریٚ خۆ، ئەگە نا، دنیات لـەپێش چـاوی تارییەکەم.

هیجری گۆ ئەتوو چارێی ئەمن واکەم.

ئەجە زۆرابی ڕەشمار بە ڕەشماری لە هیجری پرسی، ئەو ڕەشماریٚ فلانە عەلـەمی لەسەرە، ئیٚ کێیە؟

هیجری ئێك ئێکی جوابەداوۆ، ئەوە ئیٚ کەیکاوس شێیا، ئەوە ئیٚ گیویە، گۆتی گیو کێیە، گۆتی کوڕیٚ گودرەزییە و زاوێیا ڕۆستەمیە.

گۆتی ئەدی ئەویٚ دی، گۆتی ئیٚ فەرەیدوونی کوڕیٚ کەیکاوسیە.

ئەدی ئەوی دی؟

گۆتی ئیٚ بەهرامییە.

ئەوی دی ئیٚ بێژەنییە، کوڕیٚ کیژیٚ ڕۆستەمی.

بەو نەوعەی پێدا چوو، هەتا گەیشتنە ئیٚ ئاخیری، زۆرابی گۆ ئـەدی ئـەوە ئـیٚ کێیە؟

هیجری پیٚ نەگۆ، هیجری زانیبووی زۆراب کوڕیٚ ڕۆستەمییە، دەدریٚ خۆیدا گۆ ئەگە زۆراب بابیٚ خۆ بناستۆ، دەستی دەگە تێکەرەکە، دەست بەسە هەموو ئێـران زەمینی داگرن، گۆتی ئەمن کوڕیٚ گودرەزیمە، هەشتاوهەشت براو کـوڕەبرام هەنـە، ئەمن بکوژرێم باشترە، نەك زۆراب و ڕۆستەم هەمان بکوژن.

زۆرابی دیسان لیٚ پرسیۆ، گۆتی ئەو ڕەشمارە ئیٚ کێیە؟

گۆتی : نزانم، بەدرۆ گۆتی، ئۆ لە بوخارای هاتییە، ناوم وەبیرنێیاتۆ.

زۆرابی گۆ، بەڕاستیم پیٚ بریٚ ئۆ ڕۆستەمە یان نا؟

هیجری گۆ: ڕۆستەم چوویتە باغ و باغاتی سەد تەرز، گـۆتی ئـەو لـە کـەیف و سەیرانێیە، دیارە لە دوو دەنگیٚ کەیکاوسی نەهاتییە.

زۆرابی زانی هیجری درۆیانەکا، گۆتی ڕۆستەم پیاوێ شەڕییە، قەت مومکین نییە، شەڕ لەمەملەکەتێ هەبی و ڕۆستەم دەست لەکەیف و سەیرانێ بەر نەدا، گۆتی هیجری ئەتوو درۆی دەگەمنەکەی، کا هەنکوە کژێ سەیران و گەڕانانە؟!

زۆرابی در سارد بوو، گۆتی مخابن نەمزانی کیهە ڕۆستەمە، ئەترسێم دەگەری بکەومە شەڕی و ئێکدی نەناسینۆ.

لەسەرێ هیجری دا.

ئەو شەوی سەرکردێ هەردوولێیان، خەریکی شەڕاب نۆشین و بەزم و کەیفکردنێ بوون.

ڕۆستەمی خۆ دزیۆ، هات کەونە جلکەکی دەبەکردن، بەدزی چووە، بەرێ لای زۆرابی، دەیویست زۆرابی ببینی، بزانی ئێکی کووە. وکی لە حەڕەم سەرێیا نێزیك بۆ، زۆرابی دیت، هومانی لەدەستە ڕاست دانیشتییە، ئۆ شەڕابییەخۆنۆ، سەت زەلامی دەست لەسەخەنجەری لە خزمەت ڕاوەستاینە.ئەو دەمیش زۆابی فکر لە قسێ داکێ خۆی کردنۆ، گوتبوویێ کوڕم پێشی هەموو ئشتی ڕۆستەمێ بابێ خۆ ببینۆ، خۆی باوێ سە پێیان برێ ئەمن کوڕێ توومە، ئەجە هەستا بچی خۆ بگۆڕی بەدزی بچتە ناو لەشکرێ دوژمنی لە ڕۆستەمی بنۆڕی، وکی گەیشتە ناو دەرکەی، دیتی ئۆ ئێکەك خۆی دەپەنێیا نێیا، دەنگی دا، ویستی هەرێ، حەڕەسەکی لێ نێزیك بو، زۆرابی گۆتی بیگرە لەدەستت هەرنێ، ڕۆستەمی مستەك لە حەڕەسی دا، شیرێ مندارێیی لە دەوی هیناوە، هەتا ئەوانی ژۆرێ لەدوو دەنگە دەنگێ چوون، ڕۆستەم دەرباز ببوو.

وکی چوونە سە حەڕەسی، بەستەزمانەی مێشکی هەموو بەو گۆڕەی وەر ببوو.

زۆراب زۆر تووڕەبوو. جەماعەتی زۆرابیان هیناوۆ ژۆرێ، گۆتیان مادام بەخۆ سەلامەتی، گێ مەدێ سبەی تۆرێیان لێکەینۆ.

ڕۆستەمی وکی زۆرابی دیت، گۆتی لەشان و شەوکەتان ئەرێی ئەولادێ سامیە، لە بەژن و بارێیان ئەرێی زار و ئەرێی پووری کریمانە.

سبەی وکی چوونە مەیدانێ، زۆراب زۆر بێ ترس چووە پێش.

لەودیویش ڕا، بوە هەراو هۆریا، کەیکاوسی گۆتە ڕۆستەمی دەی فیلەتەن، ڕۆژ ڕۆژێ تووە.

ڕۆستەم چووە مەیدانێ، هاواری کرد، کێیە وێرێیا تەماحیێ دە تەختێ کەیکاوس و دە خاکێ ئێران زەمینێ بکە.

زۆراب و ڕۆستەم، زۆر بە فەن و فێر شەڕیانەکرد، چشتاق لا نەکەتنە ناو کەمندێ لێیاکەی دی، هەردووکان خۆیان لەزەبرێ گورزێ ئێکدییەپاراست.

ئاخیری ڕۆستەمی دەست لە نیتاقێ زۆرابی گیر بوو، هەرچەندی کردی زۆرابی لەسە ڕەخشی پێ نەجوولا.

جارێ پاشی فرسەت لۆ زۆرابی هات، گورزەکی لە قەلغانێ ڕۆستەمی دا، دنیا دەگە هەژا، ڕەخشێ ڕۆستەمی چۆکی بەعاردی دادان.

زۆرابی گۆ، ئەتوو ڕۆستەمی، ئەگە فیلەتەن نەبی، کووت خۆ دەبە ئەو گورزەی گرت، نە ئاخەکت کرد نە ئۆفەکت لێوەهات.

ڕۆستەمی گۆ ئەتوو هێشتا منداری، لۆهاتییە شەڕێ ئێرانیان، لۆ خۆ بەفەتارەتەدەی.

گۆتی وەرە لە ڕەخشی وەرەخوارێ. ئەجە لە عاردی ڕوو بوونە ئێکدی، هەتا هێوارێ بەسەرەنێزانیان زرێ لەبە ئێکدی هەروەشاندنۆ، قالبێ ئێکدیان پڕی برین کردن.

چەند جاری دی زۆرابی گۆ ئەگە ڕۆستەمی قسێم لۆبکە.

ڕۆستەم پێکەنی، گۆتی ڕۆستەمی ئۆ کوی بێزدێ دەگەتوو بێتە مەیدانێ.

ئەجە زۆراب توورەبوو، ڕووبووە ڕۆستەمی چەند جارەکی لەهەوای سووڕاندە سە ئێك و بەعاردیی دادا، چۆکی هاویتە سە سینگی، ویستی بە خەنجەرێ سینگی شەق کا، ڕۆستەمی گۆ ئەگە بەڕاستی خۆت پێ پارەوانە، عادەت وێیە ئێکەم جار پارەوان دوژمنێ خۆ ناکوژی، چونکە ئەگە پارەوانێ بەڕاستی بی دووەمجاریشی دێخی، ئێ بەرامبەریش ئەگە وێرا بێتۆ مەیدانێ، ئۆ منەتی ئەکەویتۆ سەرەخۆ.

زۆراب لەسە سینگی هەستا، گۆتی ئۆ ئەتووم بەخشی.

وکی زۆراب چۆوە ناو لەشکرێ خۆ، گۆتیان ئامان ئۆ چت کرد، ئۆلۆ نەتکوشت، هومانییە زانی ئۆ ڕۆستەمە، وەخت بوو لەخەمان شێت بی، گەلەکی دەگە زۆرابی گۆ، گۆتی کووت ئەو فرسەتە لەدەستەخۆدا.

زۆرابی گۆ، ئاخر گۆتی شەرتێ پارەوانان ئەوهێیە، نابی ئێکەمجار دوژمنێ خۆ بکوژی.

کوڕە گۆتیان ئۆ فێری لێکردی، شەرتێ چ و حارێ چ.

زۆرابی گۆ، هەنکووە چ بووە، ئەگە سبەی وێرا بێتۆ، شەرتبی بەڕوحێی بانگدەم.

زۆرابی دە درێ خۆ ئەیزانی ئۆ ڕۆستەمە، بەرا چ بکە، ئەوی هە ئیناکارییەکرد، هەندەك جاریشییە گۆ، خۆی لەبە شل نەکەم باشە، نەکو ڕۆستەمیش نەبی.

لەو بەریش، گۆتیان ڕۆستەم بە حیسابان ئەتوو ڕۆستەمی زاڵی، هەموو دنیات لەبەرەلەرزی، منداری ناو لانکان بەناو هینانێ توو کڕەکەنۆ، دەرەقەتی مندارەکی چاردەساری نەهاتی؟!

گۆتی قەسەم بەخوای، دەگە دێوانم شەڕکردییە، دەگە پرینگ و شێرانن پەلامارێ ئێکدی دێیا، لەشکر نەمێیا دەگەری نەجەنگم، لە حێیاتی خۆم ئشتێ وهە نەدیتییە.

گۆتی ئەوەبی سبەی پیستم کەورەکە.

سبەی وەختی شەڕی داهـاتۆ، زۆراب چـووە مەیـدانیٚ، دیتـی دیسـان عـەینی پارەوانیٚ دوونیٚ هاتۆ.

زۆرابی گۆ، دیارە وێرای بێیۆ، خۆ ئەوجارەش چ فرت و فێران ناکەی؟!

ڕۆستەمی گۆ، ئەوڕۆت دوونیٚ نییە. ئەوڕۆ نۆبیٚ منە. پێکەنی گۆتی بـەس لـۆ گۆلە خینەکی نەگرێی.

حەیف هەزار حەیف .. مار و مێـرووش فـەرخۆکیٚ خـۆ ناسـنۆ، وەرە بنیـادەم کوڕیٚ خۆ لە جەرگیٚ خۆت بی، نەیناسیۆ، وهە بەبیٚ زەمیری بتـویٚ سـینگی شـەق کەی.

ئەو ڕۆژیش هەتا هێواریٚ گەلەکیان ئێکدی بەولا و بـەولای دادا، سـەت سـەرە نێزیٚ ژەهراویان لێکدی دان، ئەوڕۆژیش زۆرابـی دووسـیٚ جـاری دی گـۆتیٚ، ئەگـە ڕۆستەمی خۆم لیٚ ئاشکراکە.

ڕۆستەمی لەبەرامبەر ئەو مندارەی، شەرمی پیٚ بوو خۆ بریٚ ڕۆستەمم.

ڕۆستەمی فرسەت لۆهات، ڕووبووە زۆرابی، وەهـەوای هێخسـت، چـەند جـاری سووڕاندە سەئێك، پشتی بـەعاردی دادا، ڕووبـووە خەنجـەریٚ، زۆرابـی گـۆ ئامـان نەکەی، ڕۆستەمی سینگی بەخەنجەریٚ شەق کرد.

زۆرابی بە هەناسە تەنگی گۆتی، ئۆ ئەمنت کوشت، بـەرا لەدەسـت بـابیٚ مـن کێواچی؟!

ڕۆستەمی گۆ بابیٚ تیوو کییە؟!

گۆتی ڕۆستەمی کوڕیٚ زاریە.

گۆتی بە چ بزانم کوڕیٚ ڕۆستەمی؟!

گۆتی ئاقووتیٚ ڕۆستەمیم دەباسکی دا.

وکی ڕۆستەمی چاو وە ئاقووتی کەت ناسیۆ، گۆتی ئەتوو کوڕێ تەمینێی؟!

گۆتی بەرێ، ئەجە ما ڕۆستەم وکی شێرێ بریندار بنەڕینی، گۆتی هەی هاوار هەی بەدەستێ خۆم سینگێ کوڕێ خۆ شەق کرد.

زۆرابی گۆ ئەتوو ڕۆستەمی ونییە، سەت جارم پێگۆتی ئەگە ڕۆستەمی پێم برێ، هە پێت نەگۆتم.

ئەو دەمی گیو گەیشتێ، ڕۆستەمی گۆ گیو خۆ بگەینە کەیکاوس پاشای حەکیمانم لۆ بنێرن، ئەمن سینگێ کوڕێ خۆیتم شەقم کردییە.

کوڕێ چ!!

گۆتی گیو وەختی پرسیاران نییە غاردە حەکیمەکم بگەیننێ.

گیو بەغرادان گەڕاوە ك کەیکاوسی، گۆتی بابۆ، ڕۆستەم ئۆ کوڕێ خۆیتی سینگی قەراشتیتۆ، ئەرێ حەکیمەکم لۆ بنێرن.

کەیکاوسی گۆ، نەکەن حەکیم و مەکیمانی لۆببەن، ئەمە ڕۆستەمن بەس نییە، ئەجە نۆبەتێ کوڕێیتی، گۆتی لێی گەڕێن بابری، ئۆ لۆ تەختی هاتییە، رۆستەمیش هەتا کوڕێ خۆی هەبی قەت شەڕی لۆماکا!!

ڕۆستەمی کەسی بەپیری وەنەچوو، کوڕەکەی گۆ، گێ مەدێ بابۆ، دیارە تەقدیرێ خوای وهە بووە، بەس ئیشەکم لۆ بکە، زوو خەبەرپکم لۆ بدۆ لەشکری با بگەڕێنۆ، دەنا هەمانەکوژن.

زۆراب ساردبۆ، حێیاتی دەبەناما. زۆرابی مەیتێ کوڕێ خۆی دەئامێزێ گرت، لەشکرێ کەیکاوسی سەریان دەدوو لەشکرێ زۆرابی نا.

وکی لەشکر گەیشتۆ سەمەر قەندی، خەبەریاندا تەمینەی گۆتیان زۆراب بەدەستێ ڕۆستەمی کوژرێیا. تەمینێ هەزا تووکی لە ڕۆستەمی کردن، گۆتیە پاشای دەبی لەشکرم دەگە بنێری ئەچمە تۆرێ زۆرابی.

وکی زاریٚ بابیٚ ڕۆستەمی ئەو خەبەری زانیۆ، گۆتی مەیتیٚ زۆرابیم لۆ بینن با ببینم.

وکی تابووتیان بردە پێش زاری، زار لەتاوان بەددانانی بزماریٚ تابووتی دەرکێشان، وکی چاوی وە زۆرابی کەت، گۆتی یاخوا ڕۆستەم شەرمەزاری دنیاو قیامەتان بی، هەی دڕندەی بیٚ ویزدان، ئۆکووت درهات سینگیٚ مندارەکی وەهە شەق کەی، با کوڕیٚ خۆشت نەبا، خۆ داکەك بابەکی هەبوو..

عیلاجیٚ مردنیٚ هەر شاردنەوێیە، زۆرابیان دەقەبری نا.

ئەگە مانگەك ئەگە دوومانگی پێچوون، تەمینە بەخۆ و بە لەشکری، گەییە زابل زەمینی، گۆتی ڕۆستەمم پێشاندەن.

خەبەرایان دا زار ی گۆتیان تەمینیٚ داکیٚ زۆرابی هاتیە ئۆ بەتەمێیا تۆریٚ لە ڕۆستەمیەکاتۆ، وکی زار چوو، دیتی تەمینەی خەنجەری برند کردیە دەسینگیٚ رۆستەمی بچەقینی، زار چوو، خەنجەری لەدەستیٚ تەمینەی دەرینا، سەری ماچ کرد، گۆتی کیژم ئەمن لۆ گۆلە خینەکت لیٚ ناپاڕێمۆ، بەرا ئەگە بشی کوژی تازە زۆراب هە ناگەڕێتۆ، ئەگە جەرگیٚ تو بوو، جەرگیٚ ڕۆستەمیش بوو، جەرگیٚ میش بوو.

ڕۆستەمی هاوارەکرد، ئەیگۆ ئەی زاری زەمانی لێی گەڕیٚ با دری داکەوی، لێی گەڕیٚ با لەباتی زۆرابی سینگم بقەرێشیتۆ.

زاری گۆ کوڕم، کیژم، ئەگە باوڕ و بە تەقدیراتیٚ خوێیا، نابی وهە لەخۆ بکەن، تەمینە بڕەك ساردبۆوە.

ئەجە زاری دەستیٚ هەردووکانی گرت و بردنیە ژۆریٚ.

گۆتی هێشتا خوای دەرکیٚ ڕەحمەتیٚ لەسەنگۆ قەپات نەکردییە، شەیتانی

بەنەعلەت کەن، ئەنگۆ ژن و مێردێ ئێکدینە، ئەگە خوای ئیزن لەسەبی مندارەکی دی و لۆ عەوێزەکاتۆ.

خوا لەکەس بەهەنجەت نییە، لە دەم و وەختێ خۆ خوای کوڕەك دانێ، لە زۆرابی نازدارتر، ناویان لێنا فەلامەرز. ئەجە شوکرانە بژێری خوای بوون و زێڕو خەراتــەکی زۆریان بەسە فەقیر و هێتیمان دابەشکرد.

ئەمیش هاتمۆ، کارەکم دڕا و چم پێ نەبڕا.

# ئێخسیرێ دێوی

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نـەبوو، کـەس لـە عەبـدی درۆزن ڕوو ڕەشتر نەبوو، کابرێیاکی دارکەر هەبوو، نـاوی حەسـەن بـوو، دوو کـەری هـەبوون، هەموو ڕۆژێ ئەچووە چیای دووبارە دارێ خۆی دەینان و لە بازاڕییە فرۆتن، رسـقێ مارومنداری خۆی بەونەوعەی پێیاکرد.

ڕۆژەکی وە دۆرەکی بە دار و بـار هەرگـەڕا، دوو بـارە دارێ خـۆی بـڕین و لـە کەرێی بارکردن.

لەسە هەردێرەکی بیور لەبارێ کەرەکی کەتە خوارێ. کابرا وەدوو بیورێ ڕاچوو، کەرەکان لەسە کابرای ڕانەوەستان، بەرەو مار بوونۆ.

وکی کەر گەیشتنۆ مارێ، گۆتیان هەبی و نەبی حەسەنی ئشتەك بەسە هاتییە، ژنێ دارکەری خەبەرێ خزم و کەسانی دا، گۆتی مێردم لە چیای نـەهاتتۆ، هـەبی و نەبی ئشتەکی بەسەهاتییە.

شەش حەفت زەلامی وەدووڕاچوون، ئەولا حەسەن ئەولا حەسەن، چ حەسەن دیار نەبوو، ئەو شەوی بە دەست بەتاری گەڕانۆ.

حەسەن وکی لـۆ بیـورێ چـووە خـوارێ، دیتـی بیـوری کەتیتـە پـێش دەرکـێ ئەشکەفتەکی، وکی حەسەن چوو بیوری هەگریتۆ، دێوەکی لێ هاتـە دەرێ، گـۆتی کابرا ئەتوو کێی؟!

گۆتی ئەمن حەسەنم، هەموو ڕۆژێ دێم دوو بارە دارانەبڕم رسقێ مارو منـدارانم لەسە هەندێیە.

گۆتی ئەتوو ڕۆژێ چەندی پێیاکەی؟!

گۆتی پێنج عانە بن شەش عانەبن.

دێویَ گۆ لۆ نێیای سارەکی دەگەمن ئیشی بکەی، ئەمنت ڕۆژێ دەقاتییە دەمێ.

گۆتی: ئەمن ڕازیمە، بەرا ئەدی نابی خەبەرەکی بدەمۆ مار و منداریێ خۆ.

گۆتی: ئەدی ئەمنت لۆ دەقاتی هەقییەدەمێ، نابی کەس بزانی، گۆتی ما سارەك چییە هەبەخۆڕوا.

گۆتی قیڕسی، سارەك، سارەك!.

دێو هەموو ڕۆژێ دەگە سەگوەڕی ئەچووە دەرێ هێواری وکی تاریکەکەتە گۆڕێ وەماریێ کەتۆ، زێڕی لە ڕووباری دەیناوە، ئۆندێ هەبا کابرای فێرکردبوو، کووی بتافینتۆ و بیانکاتە قالب.

شەوێ دێو وکی دەهاتۆ، قالبی لێ وەرەگرتن، لە هۆدەکی سەفتییەکردن و دەرکێ هۆدێی بە سحر کلیلەداوە.

مانگ ڕۆیین، سار نێزیك بۆ، دێویَ گۆتە دارکەری، ئەگە سارەکی دیشم دەگەدابی دووقاتی هەنکوەتەدەمێ.

کابرای گەلەکی غەریبییێ مار و منداریێ خۆ کردبوو، گۆتی: ناوەلا ئەچمۆ، ئۆندە بەسسە.

دارکەری وکی هەقێ خۆ وەگرت، دوعاخوازی لەدێویَ کرد.

دێویَ گۆتیێ، ئەجە ئشتەك هێیە پێتەرێم: گۆتی نابی لەك کەس بەحسی ئیشێ من بکەی، قەتیش فکر لەوەی نەکەیۆ بێیە زگ خەزێنیێ من، ئەگەنا لەدەستەمنت قورتار نابی، ئەجە نەرێی پێی نەگۆتم.

گۆتی: ئۆ کوو وارێم.

– خۆحافیز

– خۆحافیز

وکی کابرا چۆ ماریٚ، هەئیٚکی لەخۆشیان بەنەوعەکی تیٚ هەرکردە کلیلی و هات و هاواریٚ، خەرکیان لیٚ خڕبۆ .. دەنگودۆر براوبۆ، گۆتیان، حەسەن زندییە، ئۆ هاتیتۆ.

خزم و کەسیان بەسە وەربوون، گەلەکیان حەسەن بەخێرهیناوە.

ئەجە گۆتیان قسێن لۆ بکە، بزانین ئەتوو ئۆسارەکە لەکیٚ بووی؟

حەسەنی شەرتیٚ دێویٚ وەبیرهاتۆ، مەجبوور بوو درۆیەکی ڕێك هێخست.

وکی دەگە مار و منداری بەتەنیٚ مانۆ، گۆتی ئەنگۆ کوونە، کوو بەڕێواچوون؟!

گۆتیان وەلا زۆر خراپ بووین، بەرا کوڕەکی پارچەرەی هەبوو، ئەو ببووە شاگرد نەججارِ.

ئەجە وکی حەسەنی زێری وە ژنیٚ دانۆ، کوڕە گۆتی حەسەن ئۆ خەزێنیٚ کێت بڕیە؟

گۆتی: ژنیٚ ، خەزێنە بڕینیٚ چ، ئەمن ئیشم گەلەك باش بوو، ئەگە سارەکی دی لەویٚ مابام دووهەندێیان هەقەدامیٚ.

ژنیٚ گۆ لە ئەتوو ئیشت چ بوو، لۆ لێرەش ئەو ئیشی ناکەی؟! ئەو پارەش دەگە درۆییٚ حەسەنیی تێك ناکردۆ، لۆییٚ ژنیٚ وزاز لیٚ نەینا، هەتا حەسەنی حار و مەسەلیٚ دێویێ لۆ ژنیٚ گێڕانۆ، بەس گۆتی ژنیٚ لە ك کەس بەحس نەکەی.

گۆتی: نا نا ئۆکوو بەحسەکەم.

دوو ڕۆژی پیٚ نەچوون، وکی خزم و کەسان دەورە لە حەسەنی دا، گۆتیان، ئەتوو ئشتەکی وهە پیٚ زانی، ئۆلۆ قسێن لۆ ناکەی؟!

کوڕە گۆتی ئەمن شەرتم دەگە دێوی کردبوو، بەرا ڕویٚ ئەو ژنیٚ من ڕەش بی،

وکی ڕووڕەشی خوای کردم.

گۆتیان حەسەن، مادام هەندە لەخوایەترسێی، ئەدی ئەو درۆیە گەورە چ بوو دەگەمەت کرد. گۆتیان هەنکوە دەبی دەگەن بێی، ئەگە لە دێویێشە ترسێی، ئەمە زۆرین، دێو دەرەقەتێ مە نێیا.

وکی حەسەنی فکر کردۆ، گۆتی ئەگە ئەمە زۆربین، دێون دەرەقەت نێیا، گۆتی وەشناکەم بکەومە بە دەستێ دێوێ.

ناوێ خوێیان لێ هینا، نێزیکی پەنجا کەسەکە بوون، ئەسپابێ شەڕیان برد، جوار و تەریش و گوشیان دەگەخۆ بردن. حەسەنی ئەوانی بردنە جێ ئەشکەفتێ.

ئەولا ئەشکەفت، ئەولا ئەشکەفت، چ ئەشکەفت دیار نەبوون، مەزانە دێو ڕۆژەکی ئەچوو زێڕی بینی و ڕۆژەکی ئەو ئیشییەکردن، ئەوی حەسەنی لۆکرد، ئەجە دیار بوو ئەوڕۆژی سرێ مارێی بوو، وکی گێی لە دەنگێ پێیان بووە، دیتیتی ئۆ حەسەنی خەرك هینا هەتا خەزێنێی ببڕن، بەردەکی گەورەی بەدەرکێ ئەشکەفتێ وەنێیا و سحرەکی لێ خیندییە وەبی کەس نەبینتۆ، بە خۆش ئۆ لەدووری چاویانەداتێ.

ئەو خەرکێ دەگەی دابوون، گۆتییانە حەسەنی، هەندە ڕێیەت ئەمە هینایتە ئێرە، هەنکوەش دەتوێ درۆیەکی دیشن دەگە بکەی، ئەگە بەڕاستین جێ ئەشکەفتێ پێشان نەدەی، لێرەت هەندی کەرەکی تێهەرەدەین. ئەجە گۆتیان نە خۆ بە لێدان دە و نەئەمەش چیدی ماندی کە.

چەندی حەسەنی سوند و قورعان خواردن، فایدەی نەبوو، بەهەمانیان هەندی کەرەکی دە حەسەنی هەردا، کردیانە مەیت، لەوێشیان بەجێ هێشت.

وکی خەرك ڕۆیی، دێو سەبر سەبر لۆ حەسەنی هاتە خوارێ، حەسەنی دەبنکەوشێ نا، گۆتی ئەجە ئەمیشتەبەم لەو تیشەت داوێم.

حەسەنی گۆ بەس ئـەوجارەم عـەفو کـە، جـارەکی دی ئـەو غەرەتـەی ناکـەم، گەلەکی خوا هینا ڕجێیا، حار و مەسەلەی لۆ گێڕانۆ، وکـی دێـویٚ زانیـی خـەتای ژنێیتی، گۆتی باشە حەسەن، ئەوجارەت عافوەکەم، بەس دەبی سارەکە دیم ئیشـی دەگە بکەی.

حەسەن ڕازی بوو. سارەکی دیشی لەویٚ ڕاکێشا، ئەجە گۆتییە دێویٚ ئەگە ئیـزن بی ئەمنەچمۆ.

گۆتی بەشەرتەکی، کێواچی هەڕوو، بەس نابی بچیۆ نـاو مـار و منـداریٚ خـۆ. گۆتی ئەگەنا بکەویۆ بەدەستانم، ئەوجارەی لێت خۆش نابم.

گۆتی: باشە.

گۆتی: ئەگە چوویە چ لای دیش بەحسی ئیشـیٚ مـن لۆکـەس نەکـەی و جێشـم پێشانی کەس نەدەی، دەنا لەدەستم قورتاریت نابی.

گۆتی: باشە، ئەجە هەقیٚ خۆی لە دێوی وەگرت و چووە مەملەکەتکی دی.

حەسەنی ئۆندە پاریٚ وێی بوو، گۆتی لۆ خۆ کار و کەسابەتەکی کەم، وکی زێڕی برد لۆ خۆ بکاتۆ پارە، گۆتیانیٚ ئۆ ئەو زێڕەت لەکیٚ هینێیـا، گـۆتی ئـیٚ خـۆیتم، هەقیٚ ئیشییە وەرم گرتییە.

چوون خەبـەریٚ دارودەسـتیٚ ئـەو شـاریان دا، گۆتیـان کابرێیـاك هاتیـە، بـەو نەوعێیە. جەندرمە هاتن کابرێیان گرت، گۆتیان ئەو زێـڕەت لـەکیٚ هینێیـا، هـە ئەیگۆ هەقیٚ ئیشییە وەرم گرتییە.

گۆتیان ئیٚ باشە باش هەقیٚ چ ئیشەکییە، کیٚ ئەو زێڕەی لەباتی هەقی دێیا.

حەسەنی ناوێرا، ڕاستییٚ بریٚ، هەجاریٚ قسەکییەکرد.

گۆتیان هەبی و نەبی ئەتوو پیاو خراپی، خوازانی کیٚ ئەتووی ناردیتە ناوەمە.

حەسەنیان بردە ك وزیری.

وزیری گۆ: حەسەن هەتا ڕاستییێن پێ نەرێی نەجاتت نابی، ئەجە خۆش بەهیلاك مەدە و ئەمەش ماندی مەکە.

حەسەنی لەترسێ جارێ دی، ناوێرا قسێ بکە، بەرا هەندیان ئەزیەت دا، دەدرێ خۆیدا گۆ، دێو بمکوژی لەو حارەی خۆشترە، فەقیرەی مەجبوور بوو هەموو ئشتی گۆ. ئێ گۆتیان ئەجە دەبی دەگەرن بێی جێن پێشان دەی.

گۆتی جێ و پێشانەدەم، بەرا ئەمن نێیام.

گۆتیانێ ئشتێ وهە نییە، دەبی بەخۆن دەگە بێی، سێ چا ڕۆژانیشی بەو دەردەی بردە سەرێ، ئاخیری گۆتی هە دێوم لەسە تیشی فڕەدا چاترە، هەنەبی زوو ڕوحێ دەم. وەگەریان کەت.

وزیری لەشکرەکی گەورەی دەگە حەسەنی نارد، وکی چوونە جێ ئەشکەفتێ، وکی جارێ بەرۆ، چ دەرکێیان نەدیتنۆ.

گۆتیانە حەسەنی، ئەمەت هەندە ڕێیە هینایتەئێرە، لێرەش بەتەمای دەستخەرۆن دەی؟

گۆتیان خوا زانی هەنکوە ئەشکەفتێ پێشان نەدەی، هەموو قالبت هووردەکەین. چەندی گەڕان و سووڕان، ئەشکەفتیان نەدیتنۆ. بە هەمان وەرگەڕانە حەسەنی شل و کوتیان کرد، کردیانە مەیت، ئەجە لەوێیان بەجێ هێشت. وکی لەشکر ڕۆیی، دێو هاتە سە سەرێ حەسەنی، گۆتی ها حەسەن ئەوجارەم کوو لەبەدەستی قورتارەبی!؟

دێوێ دیت وکی بەهەمانیان لە حەسەنییەدا، وکی چاویدا حەسەنی بە حاستەمی هەناسە دەهات، چ ئاگای لەخۆ نەبوون، دێویش بەو دوو سارانە شارەزای حەسەنی ببوو، ئەیزانی پیاوەکی بێ غەل و غەشە، لۆیێ دەبن کەوشێی نا و بردیۆ ئەشکەفتێ، هەموو قالبی چەورکرد، دەناو پیستێ گای وەرپێچا. دوو ڕۆژ بوو لەبە حەسەنی نەچووبووە ئیشی.

وکی حەسەن وەخۆ هاتۆ، دێویٚ هەندەك نیسکی بەسەدەوی وەکرد. حەسەنی دەست بەگریانیٚ کرد، گۆتییە دێویٚ، ئەگە بشمکوژی هەقیٚ خۆیتت، بەس گۆتی بەخوای زۆریان ئەزیەت دام، ئەمنیش گۆتم هەنەبی دێو بەڕوحم ترە، ئەگە بشمکوژی هەندەم ئەزیەت نادە.

دێویٚ گۆ: حەسەن ئەمن دەبی هە بتکوژم، چونکە ئەگە پاش سارەکی دیش بی، ئەتوو جارەکی دیش عەینی شت دەگەمنەکەیۆ.

حەسەنی گۆ، بەس ئەتوو مەمکوژە، شەرت بی، هەتا مایمە لە کنەتووەمینێمۆ، ناچمە چ لێیان، گۆتی چ پارە و هەقیشم لیٚ ناوێی، خزمەتیٚ تووبکەم باشترە.

دێویٚ گۆ ئەگە ئەوەم دەگە بکەی، ئەمیش ناتکوژم. حەسەن و دێوی دەست بە ئیشی کردۆ.

ئەگە سارەك، ئەگە دەسار، ڕۆژەکی دێو نەخۆش بوو، حەسەنی چەندی دەگەری حەولدا، دێو ڕۆژ بەڕۆژ خراترەبوو. ڕۆژەکی دێویٚ بانگی حەسەنی کرد، گۆتی حەسەن ئەمنەمرم، بەرا دوو قسانت پیٚ ڕێم.

حەسەنی گۆ هەرچی ئەتووبرێی.

گۆتی: حەسەن ئەمن ئەوزێڕانەم لۆ هەندیٚ بوون، بەتەمای کیژیٚ شای پەریان بووم، ئەویش دەعوای سەت بارە هێسترانی زێڕی لێکردم، ئۆ وامرم بەرا ئەو سەت بارە زێڕەم پیٚ خڕ نەبۆ.

قسیٚ دویٚ: گۆتی ئەمن حەفت کوڕم هەنە، لەفلانە کێوی، ئەتوو ئەو زێڕانێیان وکی ئێك بەسە دابەش کە، ئەجە لە فلانە جێش ئەمن هەموو ڕۆژیٚ هەقیٚ تووم دە جوارەکی کردییە، ئەتووش هەقیٚ هەگرۆ و لۆ خۆ کێواچی هەڕوو.

حەسەنی گۆ ئەمنت هەموو حەولەکی لۆدەم، بەرکی خوا ڕوحمیٚ کە چاکەبیۆ. بەرا لۆ شەویٚ پاشی دێویٚ روح دا.

حەسەنی گەلەك لۆ گریا، ئەجە هەستا قەبرەكی گەورەی لێدا، دێوی شاردۆ.

ئەجە هەستا هەموو زێڕێ دێوێی هینا و کردییە حەفت پشی وکی ئێك، هە ئێکی دەبارە هێسترە بوو. وکی چوو چاویدا ئێ خۆش، ئێخۆشی بارەكی هێسترێ بوو.

ئەجە هەستا، خواردنێ سێ مانگانی پێچاوە.

شەیتانی گۆ حەسەن، ئۆ بەتەمای چی، قاتی نارێی ئەچمە دوو کوڕێ دێوی. گۆتی ئەوان لەکێ زانن بابیان چی هەبووە، ئەگە بشزانن، ئەوان چسوانن ئەتوو هە کێشی؟! لۆخۆ ئەو حەفتا بارە زێڕەی لۆ خۆببە، وکی پاشێیانەژی.

حەسەنی گۆ شەیتان بەنەعلەت بی، ئەمن بە خەونێ شەوانیشم بارە هێسترەك زێر نەدیتییە، ئەمن کوو خیلافی وەعدی دەگە ئەو دێوەیەکەم.

ملی دەبە ڕێی نا، ڕۆیی، هە ڕۆیی، هەتا گەیشتە کێوێ ئەوی کوڕێ دێوی لێنە.

گەیشتە سەکانییەكی ئاوەكی خواردۆ، نان و ماستاوەكی خوارد، لەسە کانییێ خەو لێکەت. ئەگە سعاتەك بوو، ئەگە دانە ڕۆژەك بوو، وکی هەستا ڕۆژ لەسە ئاوابوونێ بوو. گۆتی وە باشە لەسە ئەو کانی و ئاوەی لاکەوم، نەکو شەوێ دڕ و جانەوەر لۆ ئاو خواردنەوێ بێن.

لەو نێزیکان، چووە سەدارەکی، ئەو شەوی چ خەو لێنەکەت، بەرەبەری سبەینەکەی، دیتی دێوەك هاتە سە کانییێ دوو کوندەی پڕی ئاو کردن، هە ئێکی هەردا سەر پیلەكی.

کوڕەکەی لێ هاتە خوارێ، گۆتی ئەمن فلان کەسم، لەکن فلان دێوی هاتیمە، لە کوڕێ ویی گەڕێم.

ئەو دێوێ حەسەنی دیتبووی، کوڕێ کچکێ ئەو دێوی بوو، بەرا خۆی لێ

ئاشكرا نەكرد، گۆتی ئەتوو چیشت بەوانە؟ گۆتی ئەمن بەس بەوانەرێم.

گۆتی دەگەمن وەرە، ئەمنیان پێ زانم.

دێویٚ حەسەن دەگەخۆ برد، ئەجە گۆتی ئەتوو لێرە دانیشە، هەتا ئەمنت دێمۆ دویٚ. وکی برێیا کچکە چووە کن شەش برێیادی، گۆتی بنیادەمەکی بەو نەوعەی هاتییە، ئەریٚ ئەمن لەکن

فلانە دێوی هاتیمە، مەخسەدی بابیٚ مێییە.

ئیٚ گۆتیان بڕۆ بیهینە.

دێو هاتۆ دوو حەسەنی، گۆتی وەگەرم کەوە.

حەسەن وەگە دێویٚ کەت، هەتا چوونە ناو ئەشکەفتەکی، دیتی ئۆ شەشبرا لەویٚ دانیشتینە. وکی سەلامی کرد، سەلامیان جواب داوۆ، گۆتیان ئەتوو لەچاگەڕێی؟! وکی حەسەنی زانی ئۆ کوڕیٚ دێوێنە، هەموو ئشتی لۆ گێڕانۆ، ئەجە گۆتی ئەنگۆ هەنکوە، هە ئێکی دە بارە هێستر زێڕو هەنە، وەرن لۆ خۆ بیننۆ. هەر حەفت برای وەگە کەتن، بەرا حەسەنی نێیەتانی بەپیٚ وان بڕوا، هەجاری ئێکی حەسەن لەس ملیٚ خۆ دانا، هەتا گەیشتنۆ جێی. ئەجە وکی حەسەنی هە ئێکی دەبارە هێستریٚ وانی تەسمیل کردن، بارە هێستریٚ خۆشی جودا کردۆ. شەویٚ گۆتییە حەفت برێیاکان، ئەنگۆ لۆ پیاوەتییەکم دەگە ناکەن؟!

گۆتیان: پیاوەتییٚ کوو؟!

گۆتی: ئەنگۆ لێرەبن، هەتا چم ژن و منداریٚ خۆ دینم، وەبی ئەمنیش لۆ خۆ بچمە مەملەکەتەکی دی؟

گۆتیان ئەمەت بەس هەتا شەوەکی دی ئینتیزارەکەین.

گۆتی: باشە، هێشتا شەو زۆری مێیا. بە غارەغار بەرەو مار بۆوە. بەرەبەری سبەینیٚ بوو، وکی چۆماریٚ، بەعەجەلەی ژن و منداریٚ خۆ هەستاندن، گۆتی زووبن بابڕۆین، پێشی کەسن تیٚ بگە.

حەسەنی هەندەك برِو بوجگرِ لە هەردوو کەران بارکرد، هەتا حەسەنی ئەو سەین و بەینە کرد، ژنی بە دزی چووە مارێ برێیاخۆ، گۆتی ئۆ ئەمە دەگە حەسەنییە رِۆین، بەس با ئەو نەزانی ئەمن هاتیمە پێم گۆتینە.

برێاکەش هە بەو سبەینەی چوو خەبەرێ برێکانی دیکەی دا، هەمان بەدزی خۆ حازر کرد، وە دوو حەسەنی رِاچوون. وکی حەسەن گەیشتۆ ئەشکەفتێ، بەرەبەری نیورِانێ بوو، دێوان وکی چاو وەو تێلەگە مندارەی کەتن، گۆتیان حەسەن، ئەمەت هە ئێکی بارە زێرِەکت لێ خۆ دەینێ، یەعنی ئێ حەسەنیش بوونە هەشت بارە زێرِ. وکی حەسەنی دێو وەرێ کردن، قەومێ گوندی هاتنە سە حەسەنی، هە ئێکی رِوو بووە فەردە زێرِەکی، وکی حەسەنی هاواری دێوانی کرد، لەو شاخی لۆ ئەو شاخی لەو دۆری لۆ ئەودۆری هاوارێ حەسەنی دەنگی داوۆ، هەتا دێوان گێ لێ بوو، بەغار گەرِانۆ. دێوان سەرادوو قەومێ گوندی نا، کەس نەبووە برێیا کەس. ئەجە گۆتیان حەسەن ئەمەت بەجێ نێیارین، برِۆ دە هێستری باش بکرِە، زێرِ و مارێ خۆ لێ بارکە.

حەسەن چوو دە هێستری کرِین، زێرِ و مار و منداری خۆی هە ئێکی لە هێسترەکی بارکرد، ئەجە دێوێ گەورە، دوو داوەمووی لە سینگێ خۆ دەرینان، وە حەسەنی دانۆ، گۆتی هە وەختەکی ئەو دوو مووانە لێك بخشینی، ئەمەت لەك حازرەبین.

- بەدووعا.
- بەدووعا.

حەسەن بە خۆ و بە مار و منداری هە رِۆیشتن هەتا گەیینە شارەکی گەورە، پێشی هەموو ئشتی چوو خانییەکی گەورەی گرت، گێی نەدا پارەی، چەندیان گۆ، گۆتی باشە.

ئەجە خانی و ڕێزە تکانەکی کرِی، گۆتی هەتا قەسرەکی دروستەکەم، خـۆ لێـرە کرِەکەین. چوو لەلاپەرِگەکی شاری، گردەکی کرِی، دەسـتی بەقەسـر دروسـتکردنیٚ کرد. قەسر چ قەسر، ئەتگۆ قەسریٚ حەمەقەدۆیە.

وکی قەسر تەواو بوو، ماریان گواستۆ ناویٚ، لەهەموو شاری ئێکەم قەسر بـوو، گۆتیان ئۆ توجارِەکی گەلەك گەورێیە.

لەو شاریش، تاقمە دزەك هەبوون، کێیان ویستبا دزیان لیٚ کرد، کەسیش ناوێرا فزەی لێوەبیٚ. شەوەکی گۆتیان بـا بەسـە مـاریٚ حەسـەن توجـارِی دادەیـن، ئـەو قەحپەشیرەی وێچی گەلەکی زێرِ و پارە هەبن. چل دزی بەتێن و پیتۆر چوون، هەتا چوونە سەسەریان ئاگێیان لیٚ نەبوون، گۆتیان کلیلیٚ قاسێن وێدە.

حەسەنی گۆ، ئەنگۆ کوو هاتینە ژۆریٚ، ئەدی ئـەو حەرِەسـانە ئیشـیان چـییە؟ دزەکان پێکەنین، گۆتیان وەلا ئەمە چ حەرِەسن نەدیتن.

بەخۆش حەسەنی چ حەرِەس نەبوون بەقەستیی وەگۆت.

دزەکی خەنجەر دە هـەوکیٚ حەسـەنی وەرینـا، گـۆتی هـەنکوە کلیلـیٚ قاسـێن تەسمیلەکەی یا سەرت لیٚ کەمۆ؟!

حەسەنی گۆ برا، ئەو خەنجەرەی لۆ چییە، واچم کلیلیٚ و لۆ دینم و جیٚ قاسـەش و پێشانەدەم، وکی حەسەنیان بەردا، چوو لـەناو قۆدییـەکی، دوو مووەکـەی لێـك خشاندن، هە ئۆندەی زانی، هەر حەفت دێو ئێك ئێك وەژۆریٚ کەتن.

حەسەنی گۆ ئەودزانەم لۆ تەمبیٚ بکەن، وەبی جارەکی دی ئەو ڕێیـەی غـەرەت نەکەن.

دێو وەناو دزان کەتن، هە ئێکی لۆ لێیاکی هەرات، لە چلی چار کـەس دەربـاز نەبوون، هەموویان شل و کوت کردن، ئەجە حەسەنی گۆ، پیاوبن ئەو جارەی وەرنۆ، لێناگەرِێم کەسو بەروح دەرچی.

دەنگودۆرێ دزیێ شەوێ لە شاری براو بۆ، کورە گۆتیان حەسەن توجاڕی حەڕەسێ دێو هەنە.. ماکەسەوێرا لەدووریش بە پێش قەسرێدا بڕوا..

حەسەن وکی پاشێیان لۆ خۆ ژیا، ئەجە بزانە ئەگە پیاو بێ غەل وغەش بی، چاکەی لەمست بێ، وکی حەسەنی چاکەی دێتۆ ڕێ..

# ڕاستی و درۆ

هەبوو نەبوو کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، کەس لە پێغەمبەری نازدار تـر نەبوو، کەس لە شەیتانی ڕووڕەشتر نەبوو.

ئێکەمجار وکی درۆ و ڕاستی هاتنە سە عاردی، هە ئێکی لە لێیاکی هاتن.

درۆ ئێکی بێزەلەتی نەتەچاو بوو. پـووزە و پـیس، کـەس بێـزی ناهـات خـۆی تێبگەینی. بەرا ڕاستی عەکسی وی، وکی وەدەرەکەت جێیان لـە سـەرینگانیێ لـۆ کردۆ.

درۆی زۆر جاری لە خەرکی گێ لێ ببوو وکی دەگە شەیتانیان بـە نەعلەتـەکرد. گۆتی ئەمن بچمە ك شەیتانی بزانم ئەو دە چ حار دێیا.

وکی شەیتانی چاو وە درۆی کەت، خەنی بوو، گۆتی چما ئـەتووش هاتیـە سـە عاردی؟

گۆتی ئۆ وام بینی؟

گۆتی کوڕە ئەتوو گەلەك بەکەلکەمن هاتی، ئەگە ئـەتوو نـەبای ئـەمن کـووم ئادەم و حەوا لە بەهەشتێ بەدەرکردنەدان.

گۆتی فایدەی چ، هەموو خەرکم بێزێ لێکاتۆ. گۆتی لە تاوێ ڕاستییێش وەختـە بتەقم. هەندی خۆ پێ بە دەعیێیە، وکی ئەچتە جێیان لۆ سەرینگانێیەبەن.

شەیتانی گۆ، ئەگە ئەمن و توو ئێك بین، وەت لێکەم، لەبەتوو کەس ئاوڕێ لـە ڕاستییێ نەداتۆ.

گۆتی کوو؟

گۆتی چم گۆ بەقسێ من بکە، زەرەرێ ناکەی.

گۆتی ئەگە وەبی، ئەتوو چ برێی لە قسێ توو ناچمە دەرێ.

گۆتی دە جارێ بڕۆ ئاوەکی بەخۆ داکە، بۆنێ سەی تۆپیت لێدێ.

درۆ چوو ئاوەکی بەخۆ داکرد و هاتۆ ك شەیتانی.

شەیتانی گۆ هەتیم هەند نەتەچاوی وەختە ئەمیشت لەبە هەرێم. گۆتی وەرە ڕاستێم پێشاندە با بزانم ئەو کووە.

درۆی شەیتانی دەگەخۆ بردە جێ ڕاستییێ.

شەیتانی گۆ وەرە دانیشە با بڕەکت دمو لووتان لۆ جوان کەم.

ئەجە جلکەکی وکی ئێ ڕاستییێی لۆ دروستکرد، گۆتی کاخوە هەنکوە هەڕوە ناو خەرکی بزانم کووی. ئەجە شەیتان ڕۆیی.

درۆ گەڕا.. سووڕا، کەس نەگۆ بارت بە چەندی. بەرا وکی پێشانیشی هەموو خەرکی لەبە هەرنەدەهات.

شەوێ چۆوە ك شەیتانی.

شەیتانی گۆ: ها؟ کوو بووی!؟

گۆتی: کەس خۆ تێنە گێیاندم، بەس گۆتی هەموو نەوعە خەرکەکیش بەچاوێ جارانیان تەماشێ ناکردم.

ئێ گۆتی گەلەك باشە. گۆتی لۆ سبەی هەندەك شەکرۆکە و مەکرۆکانت وێدەم بدە خەرکی.

گۆتی بە بەلاش؟!

گۆتی ئەدی خۆ بەپارەش نا، گۆتی مەمنوون بەلێت وەگرن.

سبەی درۆ چۆ بازاڕی، شەکرۆکەیەدانە خەرکی، بەرا تاك و تووك، دەنا کەس لێ وەرناگرت.

شەویٚ چۆوە ك شەیتانی.

شەیتانی گۆ سـبەت مـار و پـارەت ویٚـدەم. ئەجـە هەنـدەك قسـە و مسەشـی فیٚرکردن، گۆتی ئیشیٚ خۆ پیٚ برِازینۆ.

درۆ چۆوە ناو خەرکی، مار و پارەی ئەدا خەرکی، هەندەك لەوانی پیٚشتری وکـی دەریانەکرد، لیٚی هاتنە پیٚش، گۆتیانیٚ ئۆ چنە ویٚت، گۆتی ئەمن زۆرم ئەو ئشـتانە هەنە، گۆتم با هەندەکی لۆ برادەران بینم.

هەندەکان لیٚ وەگرت، هەندەکان لیٚ وەرنەگرت.

شەویٚ شەیتانی گۆ سبەی زیاترانت ویٚدەم.

بەو نەوعەی رۆژ بەرۆژ درۆی خەرکی لە خۆ خرِەکردۆ.

وەی لیٚهات ئەگە رِۆژەکی دیار نەبا، خەرکی بەخۆی تاقیبەکرد.

درۆ فیٚرە قسان ببوو، قسیٚ بەدریٚ خەرکییەکردن، هەنـد نەرمۆکـە بـوو، دەگـە هەموو نەوعە تەبیعاتەکییە گونجا.

سەر و نیٚشینم دەستی لە رِاستییٚ ستاند.

وەیلیٚهات تاکو توك نەبی کەس ئیش بـە رِاسـتییٚ نـەما، چـونکە هەنـد رِەق و هیشك بوو، بەس بە قسیٚ خۆیەکرد، ئەگە گۆتبای سپییە، دەبـا خـەرکیش گۆتبـا سپی، ئەگە گۆتبای رِەش، دەبو خەرکیش گۆتبا رِەش. بەرا درۆ وەنەبوو، خەرکی چ پیٚ خۆش با ئەیگۆ ئەوهیٚیە.

رۆژ هاتن رۆژ چوون، جارەکی لە رِیٚیەکی رِاستی و درۆ گەییـنە ئیٚك، هـەردووك لۆ ئاواییەکی تازا چوون.

درۆی بەدرۆ خۆ دەگە رِاستییٚ کردە برادەر. گۆتییٚ لۆ نیٚیای وکـی بریٚیـان بـین، چیدی رِکابەرییٚ ئیٚکدی نەکەین.

رِاستییٚ گۆ کوو؟

گۆتی وکی چووینە ناو خەرکی، با کەسن هەق بەسە وی دی دا نەبی. خەرك بەپیر کیهەوەی وەهاتن ئەوی دین بکشێتۆ.

ڕاستی چاو ترسای ببوو، درۆی لە هەموو جێیان خەرکی لە ڕاستییێ وە دوور هێخستبۆ، دە درێ خۆیدا گۆتی ئەگە ئەو ئیشی لەمن تێك نەدا، ئەمیش چ هەقم بەویدا نابی. گۆتی ئەمن لەو ململانێیەی گەلەکم زەرەر کردییە.

ڕاستیێ گۆتی باشە.

وکی چوونە ناو خەرکی، خەرك لە سەرۆڕا گەلەکیان ڕاستی بە خێر هینا، کەس خۆ دە درۆی نەگێیاند.

بەرا هەندیان پێ عەنتیکە بوو، ئۆکو درۆ و ڕاستی وهە برادەرن.

ئەو ڕۆژی درۆی بەسە خۆی نەینا، لە پێش ڕاستییێ چ بە خەرکی نەگۆ، وهەی پێشاندا زۆر برادەرێ ڕاستییێیە. ڕاستیش وکی دیتی ئۆ خەرك و درۆ وهەی ڕێز لێنێن، زۆری لە قالبی خۆش بوو.

ڕاستی هەند گران و گەست و بێ منەت بوو، لۆ کەسی دانایینا. حسابی لۆ پاشێیانیش ناکرد، وزیر و گزیری لە کن وکی ئێك بوون.

لۆ سبەینێ درۆی ئیزن لە ڕاستییێ خواست گۆتی ئەمن سەرەکی لە بازاڕیەدەم.

ئێ گۆتی دەبڕۆ، بەس شەرتێ خۆت وەبیربی.

گۆتی: وەبیریتم.

درۆ لە ترسێ ڕاستییێ نەوێرا بەتەنێ ئیشێ خۆ بکە، چوە کن فێری، گۆتی دەگەم وەرە بچینە بازاڕی.

وکی درۆ دەگە فێری چووە بازاڕی، ئەچوونە کن هە تکاندارەکی ئێیانگۆ ئیش و کووە، هەمانەگۆ لە خوای بەزیاد بی، چ عەیبی نییە.

گەیینە ئێکەکی، گۆتی ئیشم باش نییە.

درۆی گۆ لۆ؟

گۆتی برێم چ.

گۆتی ده برەك جێمن که با ئەمنت ئشتی لۆ بفرۆشم.

درۆی بانك ڕاهێشت گۆتی: وەرنێ .. وەرنێ کارێیا چینێ، ئاورپیشمێ هیندستانێ.

خەرکی لێ خڕبۆ، گۆتیان به چەندی؟

پارەکی زۆری گۆ.

گۆتیان کاکه ئۆ گەلەك زۆره.

گۆتی ئشتێ باش گرانه، گۆتی قەسەم به خوای بەس ئێك عانەی لۆمن تێدا.

گۆتیان ئەگه وەبی دەینی. به سعاتەکی ئیشێ مانگەکی لۆ کابرای کرد.

کابرای تەعەجوبی مابوو، گۆتی پەکوو مارت کاول بی درۆ، ئەو هەموو بلعاتەت له کێ هینان. گۆتی ئەتوو هەموو ئشتت بەدەقات فرۆت، ئەشته گۆ ئێك عانەی لۆمن تێدا.

گۆتی له ك ڕاستێت شکێیاتی لێکەم.

فێر وەجواب هات، گۆتی هەنکوه ئەتوو بستانڕنی یا کارەك خۆر.

گۆتی وەلا کارەك خۆر.

ئێ گۆتی خۆ چ خیلافی نەگۆتیه، ئەتوو ئێك عانەی بدەوی، ئەتوو چت لەسه نامینێ، ئەوی گۆت لۆمن عانەکی تێدا خۆ نەیگۆ لۆتوو.

کابرای تکاندار گۆتی وەلا خۆ وێیه. عانەکی دا درۆی و پارێدیشی به حەراری هاویته تەنگێ باغەرێ.

لۆ شەوێ درۆی گۆته فێری بابچینه مارێ ماست فرۆشی، گۆتیان ئیش و کارت کووه؟

گۆتی وەلا ماست هەند زۆر بووە، بای ئالیکێ ماراتی پارەی ناکا.

درۆی گۆ کاخوە بینە، شیرێ مەڕێ کم بوو، شیرێ بزنانیش گەلەك زۆر بوو.

درۆی گۆ ئۆ کوو ئەفرۆشی.

گۆتی ماستێ بزنێ جێی بە عانەکی و ماستێ مەڕیش بە سێ عانان.

ئێ گۆتی وەرە شیرێ بزن و مەڕان تێکەر کە.

کوڕە گۆتی ئۆ کوو واکەم. حەرامە بی.

فێری گۆ لۆ حەرامەبی، ئەتووە برێ ماستێ مەڕ و بزنانە. خۆ نارێی ئێ مەڕیە بەتەنێ، بەسێ عانانیشی مەدە بە دوو عانان دە.

کابرای گۆ خۆ وێیە. لۆ سبەینێی قازانجەکی باشی کرد.

بەو نەوعەی درۆ و فێر هە ڕۆژێ ئەچوونە ك ئێکەکی، وەی لێهات ئەگەتکاندری فێری نەکردبان، خەرکیش چ لێناکڕی.

درۆ چۆوە ك ڕاستی، گۆتی لۆ نێیای سەرەکی لەبازاڕی بدەینۆ.

گۆتی دەبا بچین. درۆی خۆی گۆڕی جلکەکی وکی ڕاستییێ دەبەکرد.

هەردووك چوونە بازاڕی، خەرك بە پیریان وەهات..

وکی ڕاستییێ هەمەتی لێدا، خەرك بە عەکسی جاران زێتر خۆ لە درۆی نێویکەکەنۆ و ڕا وتەکبیرانی پێکەن.

ئەویش بە گفت و لفتەکی شیرن قسانیان دەگا کە.

ڕاستی توڕە بوو، لە پێش خەرکی چ قسە ڕەق بوون بە درۆی دادا.

درۆ بیژی بوو، لە پێش خەرکی هەندەی دیی خۆ شیرن کرد، درۆیەکی دەجێ درۆیەکیدییەنا، مەحتەل نابوو.

ڕاستی لە خەرکەکەش تووڕە بوو، گۆتی ئەنگۆ دووڕوو نە.

کوڕە گۆتیان بابە ئەتوو چت لۆمەکردیە، هەندەن منەتان لەساکەی.

گۆتیان ئەگە ئەو برادەرەت نەبا، ئەمە چ بازاڕن نەمابوو.
ڕاستی لەوێش خۆی دە ژۆرێ نا، تاك و تووك نەبی هە کەسی پێوە نەما.
درۆش ڕۆژ بەڕۆژ پەڕۆکی لەبە دەردەینا.
وەیلێهات ئەوی درۆزن نەبا جێی لەچ جێیان نابۆ.
خەرك بە جەماعەتێ ڕاستیێ پێکەنین، ئێیانگۆ چ غەریبۆکە و نەزانن.

# زمانیٚ حەیواناتی[١٢]

وارێن لە سەردەمی موسا پێغەمبەری، کابرێیاك ئەچێتە کن حەزرەتی موسای، واریٚ ئەتو دەگە خوای قسانەکەی، دەبی لۆم وەبرێیە خوای فێری زمانیٚ حەیواناتیم کا. موسا پێغەمبەریش وێیەرێتیٚ، ئەتوو چیشت بەزمانیٚ حەیواناتییە؟

کابرا واریٚ، هە حەزم لێیە بزانم حەیوانات لەبەینی خۆ بەحسی چاکەن.

موسای گۆ: ئۆ ئیشیٚ توو نییە، ئەگە ئیستیفادەکی هەبا، خوای بەخۆ وێیەکرد بەشەر دە قسیٚ حەیواناتی بگا.

گۆتی: ئەتوو لۆم وەبریٚ خوای.

گۆتی: بەخوای کاکە چ پێویست بەوەی ناکە، ئەگە ئشتەکی باشترت دەویٚ هەتا لۆت وەبرێمیٚ.

گۆتی: ئۆندەم لۆبکە ئەمن چیدیم ناویٚ.

موسای گۆ: ئاخر پشێمانەبیۆ.

گۆتی :ئەتوو هەقت نەبی.

گۆتی: ئەتو کو فێری قسیٚ ئەو هەموو حەیواناتەیەبی.

گۆتی: لۆ؟!

گۆتی: لۆ ما ئەتوو قسیٚ هەموو نەوعە بەشەرەکییەزانی، هەتا فێری قسیٚ هەموو حەیواناتی بی؟

(١٢) ئەم هەقایەتە، لە کتێبی مەسنەویی مەعنەویی، مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی دا، هەیە، وەك پەند، دەماو دەم گێڕدراوەتەوە.

گۆتی کاکە هەنکوە با فێری قسێ کەرەبا بو کسۆکی بم.

حەزرەتی موسای گۆ: کاکێ من، شەیتانی بەنەعلەت کە، وەرە بەقسێ من کە، زەرەرێ ناکەی، واز لەو ئشتەی بینە، چیشت بە کەرەباب و کسۆکانە کاخوە چارێن.

کابرای گۆ: هەنکوە موسا دەبی ئۆندەم هە لۆبکەی.

حەزرەتی موسای گۆ: ئۆ بارت بەملێ خۆ، ئەگە پشێمان بوویۆ، ئەمن چم پێناکرێ.

گۆتی: ئەتوو خەمت نەبی.

حەزرەتی موسای وکی قسێ خۆ دەگەخوای کردن، گۆتی فلانە کەسیش دەعوێیاکی وهەی ڕاسپاردیمە.

خوای تەعالان فەرمووی: موسا، هەرۆ پێی برێ، زەرەرێ کە، با واز لەو فکرەی بینی، ئەگە باش با ئەمن بەخۆم خەرك فێرەکرد.

موسای گۆ: ئەمیش زۆرم دەگە گۆ، بەرا فایدەی نییە، ئەجە ئەمر ئەمرێ توە.

سبەینەکی کابرا لە خەوێ هەستا، چوو خواردنێ لۆ حەیواناتێ خۆ ببا، وکی گەیشتە حەوشێ، پارچە نانەکی لێ بەربۆ، کەرەباب دە پارچە نانی ڕووبوو، کسۆکی گۆتە کەرەبابی، بینە ئەو پارچە نانەی بدە من، ئشتێ دی لۆ توو زۆرە، ئەمن هە ئەو پارچە نانەی شکەبەم.

کابرای وکی گێ لەقسێ کسۆکی بوو، خەنی بوو، گۆتی دیارە موسای لۆ بەخوای گۆتیمە.

کەرەبابی جوابداوۆ، گۆتی لۆ نەکم نزانی ئەورۆ هێسترنەمری، وکی فڕێیاندا بڕۆ تێری گۆشتی بخۆ، هەندەکیش لۆخۆ هەگرە.

وکی کابرای زانی ئەورۆ هێستری لێ مری، بانگی خورامەکی کرد، گۆتی بڕۆ

ئەو هێسترەم لۆ بفرۆشە. هێستر بەرای لێ نەبوو، لەبازاڕی پارەکی باشیان پێدا.

کابرا خەنی بوو، گـۆتی زمـانێ حـەیواناتی لـۆ خراپـە بنیـادەم بزانـی، ئەگـە نەمزانیبا ئەو زەرەرم لێکەت.

پاش چەند ڕۆژەکی کابرای دیسان وکی خواردن لـۆ حـەیواناتی بـرد، کـەرەبابی پڕداوۆ نانی، کسۆك تورەبـوو، گۆتییـە کـەرەبابی، ئـۆ برادەراتـی کـوو ئـەوهابی، ئەتووەزانی ئەمن بەس نانی شکەبەم، بەرا ئەتوو سەت ئشت هێیە بخۆی.

کەرەبابی گۆ، ئەدی ئەوڕۆ کەرن لێ ناتۆپی، لۆخۆ تێری گۆشتی بخۆ.

کسۆکی گۆ: ئەزانم ئەوڕۆ کەرن لێ تۆپی، بەرا ترسێم وکی هەسپێ کابرا ئەویش بفرۆشی.

وکی کابرای گێ لێ بوو، بانگی خورامیی کرد، گـۆتی بـڕۆ ئـەو کـەرەم لۆببـە بازاڕی بیفرۆشە.

کەر بەرای لێ نەبوو، ساغ و سەلیم، پارەکی باشی کـرد. کـابرای ئـەو پارەشـی هاویتە تەنگێ باغەرێ، گۆتی ئاخر موسا لۆ خراپە؟!

ئێك دوو ڕۆژی پێچوون، کەرەبابی پڕداوە نـانی، کسـۆك زۆر تورەبـوو، گـۆتی: ئەرێ کەرەباب، ئەتوو چ زەمیرت نییە، ئاخر نزانـی ئـەمن وەختـە لەبرسـان بمـرم، چەند ڕۆژە ئشتەکی وهەم وەهەناوان نەکەتییە.

کەرەبابی گۆ، خەمت نەبی ئەوڕۆ هەرچار مـەڕێ کابرایەمرن.

کسۆکی گۆ بەمن چ، ئەگە کابرا بیانفرۆشی.

کابرای زوو بانگی خورامی کرد، کوڕە گۆتی زوو برۆ ئەو چار مەڕانـە بفرۆشـە. مەڕ قەرەو و جوان چ عەیبیان نەبوو، پارەکی باشیان پێدابوون، کابرای گۆ ئەی لەو نیعمەتەی، گۆتی بزانە ئەمن چ قازانجەکم لە زمانێ حەیواناتی کردییە.

ڕۆژێ پاشی کەرەبابی دیسان ڕووبووە پارچە نانێ کسۆکی. کسۆکی گـۆ شـەرت

بی ئەوڕۆت لێ ناگەڕێم ئەو نانەی ببەی، کەرەبابی گۆ ڕاوەستە کسۆك، ئەدی نەتزانییە ئەوڕۆ ساحێبنەمری، ئەجە شیو و گۆشت زۆرەبی، سێ ڕۆژان پێپانە لۆخۆ هێسکان بڕووچینۆ.

وکی کابرای گێ لێ بوو، گۆتی ئۆچارێنەوانە؟!! زراوی چوو.

غاریدا ك موسای، کوڕە گۆتی قوربانت بم کووم عیلاجەکی لێکەی.

موسای گۆ: داخوە قسێم لۆ بکە.

وکی کابرای حار و مەسەلەی لۆ مووسا گێڕانۆ، مووسای گۆ کاکێ خۆم، ئەتوو هەندەك مارێ حەرامت تێکەری مارێ بوە، ئەجە خوای ویست بای ئەو پارەی زەرەرەکت لێبدە و مارەکەت لۆ خاوینکاتۆ، بەرا ئەتوو ڕێت لەو زەرەرەی گرت، بێجگە لە هەندێ ئەتوو ئەشتزانی ئەو حەیواناتانامرن، ئەجە چووشی فرۆتت، پارەکەشت هاویتە باغەرێ و هەندەی دیت مارێ خۆ حەرام کرد، ئەتوو ئەو ئشتانەی بەراگێڕت بوون، نەتهێشتن، ئەجە ئەو جارەی سرێ خۆت هاتییە، هەنکوەش چ بەمن ناکرێ.

کابرا هەترەی چووبوو، گۆتی هەنکوە عیلاج؟!

موسای گۆ: ئەمن چم دەگە کارێ خوای پێناکرێ.

کوڕە گۆتی موسا ئەتوو پێغەمبەری، هە ڕێیەکم پێشاندە کاخوە ئەمن چ بکەم؟!

موسای گۆ: هەرۆ کن ئەوانەی مەڕ و کەر و هەسپت داینێ، برۆ پارێیان وێدۆ و گەردەنێ خۆشیان پێ ئازاکە.

کابرا بە عەجەلە چوو بانگی خورامی کرد. گۆتی وەرە دونێت ئەو مەڕانە داینەکێ؟

خورامی کابرا بردە کن ئەوێ مەڕی کڕیبوون.

کابرای گۆ، برام ئەمن دوونێ چارمەڕم فرۆتنە توو، ئەشمزانی ئەمرن، ئەجە ها ئۆ پارەکەت وێ دەمۆ و گەردنێم ئازاکە.

کابرای گۆ: ئەرێ وەڵا هەرچار مەڕم لێ مردن، بەرا بەخوای باش بوو، گۆتی ئەگە نەمردبان هەنکوە ئەوسەرە بەو کەلەشەی وەنەمابوو.

ئێ گۆتی ها با پارەکەت وێ دەمۆ.

گۆتی: کوڕە پارێ چ، ئەگە ئەتوو هەقت پێ کمە، با ئەمنت زێتری بدەمێ.

کابرای دەدرێ خۆ گۆ، دەگەوەم چ پێ ناکرێ، گۆتییە خورامی وەرەبزانم کەرت دا کێ؟!

بەهەزا حاری هەتا کابرێیان دیتۆ.

کابرای گۆ: برام ئەمە پێش دووسێ ڕۆژانن کەرەت فرۆتە توو، ئەمە ئەنزانی کەرەمری، لۆیێ هاتیمە هەقەکەت لۆ بگەڕینمۆ و ئەتووشم گەردەنێ ئازابکەی.

کابرای گۆ: گەردەنت خۆش و ئازابی، بەرا ئەمن هەقم ناوێتۆ، چونکە کەرێ توو بەرێیاکی گەلەك گەورەی لەسە لابردم، گۆتی ئەمن کەرم کڕی هەتا دەگە برادەران بچمە کاروانێ، بەرا وکی کەرم لێ تۆپی، ئەوان بەجێیان هێشتم، شەوێ ڕێگریان هاتبوونە سەڕێی، ڕوتییان کردبوونۆ. ئەگە ئەمنیشیان دەگە دابام، هەنکوە ساحێبێ عانەکی نابووم.

کابرای گۆ: هەنکوە ئەتوو پارەکەم لێ وەربگرۆ.

کوڕە گۆتی ئەمن هەزاجار مەمنوونی خوایمە، بەو پارە کمەی سەروەت و سامانم لە قیس نەچوو، گۆتی ئەگە ئەتوو، هەقت پێ کمە با زێترت بدەمێ.

کابرای دەدرێ خۆ گۆ، دەگەوەش چ ناکرێ.

گۆتییە خورامی وەرە بزانم هەسپت فرۆتیتە کێ.

خورام وەپێش کابرای کەت، بردیە کن ئەوی هەسپی کڕیبوو.

سەلامیان کرد، گۆتی برام چت لێ بشێرمۆ، ئەمە دونێن هەسپەك فرۆتـە تـوو، ئەنزانیەمری، هەنکوەش هاتینە پارەکەت وێ بدەینۆ و ئەتووشم گەردەنێ ئازاکەی.

کابرای گۆ: ئەرێ وەلا هە ئـەورۆژی لـۆ عەسـرێ هەسـپ کەلـەواژی بـۆ، بـەرا خێرەکی گەورەی تێدابوو.

گۆتی: کوو؟

گۆتی: برام ئۆ دەگە برادەران بەتەمای ڕاوێ بووین، ئـەمیش هەسـپم نـەمابوو، گۆتم با هەسپەکی باش بکڕم، ئەمیشیان دەگە بچم، بـەرا وکـی هەسـپۆکە تـۆپی، ئەمن نەچووم، ئـەوان لـەو دەشـت و دەرەی، تووشـی ڕەوە گورگەکییـە بـن، دوو هەلەوێ تەواوەبن، ئـەوانی دیـش هـەموو بەبرینـداری هـاتینۆ، ئەگـە ئەمیشـیان دەگەدابام، خوازانی ئەگە نەشمردبام، هەنکوە دەناو جێیان دابووم.

کابرای گۆ: با هەقت وێ بدەمۆ.

گۆتی: برام یاخوە عافیەتت بی، ئەمن چاوم لەدوو نییە، ئەگە ئـەتووش هـەقت پێ کمە یا چاوت لەدوو هەسپێ خۆیە، با ئەمنت هەقەکی زیاتر بدەمێ.

کابرا بەدر ساردی گەڕاوۆ مارێ، چووە دیار کەرەباب و کسۆکی، لرخە لرخـەکی لێوەهات و کەتە گۆڕێ.

ئەمیش کارەکم دڕا و چم پێ نەبڕا.

# کوڕێ پیرەژنێ [13]

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو، کەس لە عەبدی درۆزن ڕووڕەشتر نەبوو.

وارێن جارەکی پیرەژنەك هەبوو، کوڕەکی جوان و جحێری هەبوو، ئەو کوڕەی چیشی نزانین، پیرەژنێش شەنگ و تاقەتێ جارانی نەمابوو، چەندییەگۆتە کوڕێ خۆ دە هەڕوو ئیشەکی بکە دوو قڕانان پێیاکە، کوڕەی هەرەگۆ ما چیش بکەم؟

لەو مەملەکەتەی حەکیم و لوقمانەك هەبوو، گەلەك بەناوبانگ و دەورەمەند بوو، پیرەژنی چووە کنێ، گۆتی کوڕەکی بێ ئیش و بێ کارم هێیە، ئەگە دەگەخۆی ئیش پێ بکەی.

حەکیمی گۆ: چ قەیدییە، بەرا ئەمن شەرتەکم هێیە!

گۆتی چییە؟

گۆتی هە دەمەکی کوڕێ توو وەپێشەمن کەتۆ، ئەمنییە کوژم.

پیرەژنێ دەدرێ خۆیدا گۆ، کەنگی کوڕێ من وەی لێدێ دەپێش ئەو حەکیمەی کاتۆ، بە حێیاتی وەی لێنێیا.

پیرەژنێ گۆتە حەکیمی: ئەمن ڕازیمە.

---

(١٣) سامان لەتیف گێڕایەوە، ئەویش لە باپیرییەوە گوێبیستی بووە.

ئێ گۆتی با لەسبەینێوە بێ.

سبەینێ پیرەژنێ کوڕی ناردە کن حەکیم و لوقمانی.

ئەگە سارەك بوو، ئەگە دە سار بوو، ڕۆژەکی حەکیمی نەخۆشەکی هاتە کنێ، قەپێلکێ سەری هەگرت، دیتی ئۆ کرمەك لەناو سەرێ کابرێیا، حەکیمی ویستی بە مووکێشەکی کرمەکەی دەرینی، کۆڕەکەی گۆ: نەکەی!؟

حەکیمی تەعەجوب ما، گۆتی لۆ؟!

گۆتی هەنکوە ئەگە کرمەکەی ڕاکێشی، خۆ دە مێشکییەگری، مێشکی تێکەدە، گۆتی شیشەکی داغکە، پێی وەنێ هەتا مری، ئەجە دەری بینە.

وکی حەکیمی ئیشێ خۆ تەواو کرد، گۆتیە کوڕەکەی وکی چویۆ بە داکێ خۆ برێ، شەرتی هەرات.

وکی کوڕ چۆ ك داکێ خۆ، گۆتی دایۆ، ئەوڕۆ حەکیمی گۆ بەداکێ خۆ برێ شەرتی هەرات.

ئەی گۆتی کوڕم ئەتوو چت کردییە؟!

گۆتی لۆ وارێی؟

گۆتی کوڕم حار و مەسەلە وهێیە، ئەو ئەتوو بەژەهرییەکوژی.

گۆتی دایۆ چ خەمت نەبی، ئەمن هە لەبۆنێ هەموو ژەهرانەناسمۆ، گۆتی هەژەکرم لۆ بگریتۆ، ئەمن تریاقێ (١٤) وییەگرمۆ.

کوڕ وکی سبەی چۆوە ك حەکیمی، دیتی ئۆ حەکیم ژەهرییەگریتۆ، هە لەبۆنێ ی ڕا زانی ئۆ چ نەوع ژەهرەکە.

چوو هەندی دەمێ تریاقی لۆ گرتۆ، چوو وەداکێ خۆی داوە، گۆتی دایۆ وکی حەکیمی ژەهر دامێ، ئەتوو زووم ئەو تریاقەی بگەینێ.

---

(١٤) تریاق: دژە ژەهر.

گۆتی باشه.

وکی پیرەژن هاتە ك حەکیمی، حەکیمی گۆتە پیرەژنێ، ئەمن ئەو ژەهرەیەدەمـە کورێ توو.پیرەژنی گەلەك لەبە پاڕاوه، فایدەی نەبوو.

وکی حەکیمی بانگی کوڕەی کرد، گـۆتی وەرە ئـەو بادییـە دەرمانـەی بخـۆوه. کوڕەکەش چاوەك دا داکێ خۆ، ئەجە بادیە ژەهرەکەی وەسە دەوی کرد.

پیرەژنـێ غـاردا تریاقەکـەی وە کـوڕی داتـۆ. لـۆ لـە پەلەپـەلییان پێـی تێکناران؟!شوشێ تریاقی لە دەست بەربۆ، قەترێ تریاقی دەشووشـەی نـەما.کوڕێ ڕەنگ ڕەش و شین هەرگەڕا، حێیاتی لێ بڕا..

ئەجە ماوە پیرەژن، بەستەزمانێ نێیەزانی قوڕێ کێندەر وەسەرێ خۆ کا..

# کیژێ دارکەری

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو، کەس لە پێغەمبەری خۆشەویستتر نەبوو، کەس لەعەبدی درۆزن ڕووڕەشتر نەبوو.

جارەکی پیاوەك هەبوو، ژنی مردبوو، سێ کیژی هەبوون، لەبە کیژەکانی ژن نەیناوە، گۆتی با بەدەستێ زرڕداکێ فەقیرانە بەڕەزالەت نەچن.

هەموو ڕۆژێ ئەچووە داران، ئەگە بارەك با ئەگە زیاتربا، کۆلك و چیلکی خڕەکردنۆ، لۆو کیژانەی بە نان و جلکەدا..

ڕۆژەکی دارکەر لە دۆرەکی حاسێ، سەرە بەنەکی دیتۆ، وەدوو ڕاچوو، بەنی خڕکردۆ، هەتا گەییە بەر دەرکێ ئەشکەفتێ، گۆتی دەبی ئەو ئەشکەفتەی چ تێدابی!؟

هە ئۆندەی زانی دێوی لێ هات دەرێ، کابرای گرت، بردییە ژۆرێ، کابرای زندەق چوو، گۆتی ڕۆژێ پێ بچم ئەوڕیە.

دێوێ گۆ: لە چاگەڕێی؟!

پیاوەکەی گۆ، ئەمن پیاوەکی فەقیرم، ڕۆژێ بارەدارەك بی زیاتربی، ئەبەمۆ فرۆشم.

گۆتی: ئەتو تازە ئێخسیرێ منی.

دارکەری گۆ: بەقوربانتبم، ئەمن سێ کیژۆرەم هەنە، داکیشیان نەمێیا، ئەگە

ئەتوو وێخسیرم کەی کەس نییە نانەکیان لۆ پێیاکە.

گۆتی: دە مادام وێیە، دەبی کیژێ گەورەم بدەییێ.

دارکەری گۆ: ئشتێ وهە نابی.

گۆتی، دە نابی نابی، تازە ئەتوو هەرەکوژم.

گۆتی: دەباشە ئەمنت کیژێ خۆدەمێ.

دارکەری سبەینێ کیژێ گەورەی دەگەخۆ لۆ دێوی هینا.

دێوێ بە کیژەکەی گۆ دەبی ئەتووم مێردی پێ بکەی.

کیژەکەی گۆتە دێوی، ما بشمکوژی مێردت پێکەم؟!

ئێ گۆتی دەمادام وێیە، مێردم پێ مەکە.

دێوێ سبەینێ بەنی ڕاکردۆ.

سبەی دیسان دارکەری تۆپە بەن هەرکردۆ، وکی گەیشتۆ دەرکێ ئەشکەفتێ، دێوی لێ هاتە دەرێ، گۆتی کیژت ئەوشۆ هەگرییێیا، وارێ ئەمن بەبێ خوشکێ ناوەنجی ناحەوێمۆ. ئەجە دەبی ئەویشن لۆ بینی.

دارکەری گۆ: ئەتوو ئێکت بردییە بەسە.

گۆتی: ئەگە ئەویدیم لۆ نەینی ئەوەشەکوژم.

گۆتی: باشە لۆت دەینم.

دارکەری لۆ سبەینێ کیژێ ناوەنجیشی لۆ دێوێ هینا.

دێوێ بەویشی گۆ.

ئەویش وکی خوشکێ گەورە، گۆتی: ما بشمرم مێردی بەتووەکەم؟!

دێوێ لۆ سبەینێی بەن ڕێیاخستۆ.

وکی دارکەری سەرەێ بەنێی دیتۆ، دیسان وەدوو ڕاچۆ، هەتا گەیشتۆ دەرکێ ئەشکەفتێ.

وکی دێو هاتە دەرێ، گۆتییە دارەوانی ئەوشۆ بەهەرددوکان هە گریاینە، وارێن ئەمە بێ کیژێ کچکە ناحەوێینۆ.

گۆتی دێوێ چم دەگاکەی بکە، بەس کیژێ کچکەم لێ مەستینە.

گۆتی: دەنا ئەمن دوێدیت لێ کوژم.

گۆتی مێیان کوژە، قیڕسی ئەویشت لۆ دینم.

دارکەری سبەینێ کیژێ سێیەمیشی لۆ هینا.

کیژێ کچکە لۆحارێ خۆ شەیتان بوو، وکی دێوێ پێ گۆت، گۆتییە دێوێ ئەجە ئەمن کێم لەتوو جواتر دەدەستەکەوی، گۆتی ئەمنت پێ ڕازیمە.

ئۆ ئێکەم کیژ بوو، بەحێیاتی خۆ بەدێوێ بڕێ ئەمنت پێ ڕازیمە، لۆیێ لە خۆشیانی خەنی بوو، ئەجە گۆتییە کیژێ کچکە، درت چا خوازی ئەتوو بەس لەزارت بێتەدەرێ.

دێو عاشقی کیژەکەی بوو، شەوێ دێوێ خەولێکەتبوو، کیژەکەی بەدزی بەری و باغەری کۆرینۆ، تۆپە کلیلەکی دیتنۆ، بە دزی ئێك کلیلی لێ کردۆ.

لۆ سبەی وکی دێو چووە دەرێ، کیژەکە کون و قوژبنێ ئەشکەفتێ گەڕا، دەرکەکی دیتۆ، بەس کلیلەکە ئێ ئەودەرکی نەبوو، وەرحاسر ئەوڕۆژی زۆری دەرکە دیتنۆ، کلیلی هاویتە دەرکەکی، دەرکە بۆوە، وکی چووە ژۆرێ، دیتی ئۆ هەموو ژنن بە مەمکان بەدارێ وەکراینە، لەجێ خۆ هیشك بووینە، وێچوو قەدیم بن. ئەجە گۆتی هەبی و نەبی دوو خوشکێ دیم کاخوا لەچ ژۆرەکی دینە. دەرکەی گارەداوۆ و کلیلی هاویتە باغەرێ خۆ.

شەوێ وکی دێو هاتۆ، کیژەکەی گەلەکی بەخێرهیناوە، ئەجە نانەکی گەرمی لەبەرێ دانا، دێو خەنی بوو، تێری خوارد. شەوێی وکی خەو لێکەتۆ، کیژەکەی تۆپێ کلیلانی لە باغەرێ دێوێ دەرینا، کلیلەکی نویی پێوەبوو، دەدرێ خۆیدا گۆ،

هەبی و نەبی ئەو کلیلە ئیٚ ژۆریٚ نوییە. کلیلیٚ قەدیمی پیٚوەکرد ۆ و ئەو کلیلی لیٚ کردۆ.

سبەی وکی دیٚو ڕۆیشت، چوو دەرکە دەرکەی کلیل هاویتیٚ، هەتا دەرکەك بۆوە، وکی دیتی ئەو ژۆرەش هەندەك ژنی پیٚوەکراینە، دوو خوشکیٚ ویش لەویٚ بوون، هەردووکی هینانە خواریٚ، بەرا دیٚویٚ هەردووکی کوشتبوون.

وکی هیٚواریٚ دیٚو هاتۆ، هە لەدووری زانی دەرکە کرایتۆ، ئیٚك بەخۆی قیژاند، کیژەکە زۆر دووریش چوو بوو، بەرا گیٚی لە قیژیٚ دیٚویٚ بوو، لەو چیێیای دەنگییەداوە. گاشەبەرد دەگە غلۆرەبوونۆ.

کیژەکەی زیاتر پیٚ بەغاریٚ وەنا، پاش بەینەکی چ تاقەتی دەبە نەما، دنیاش تاریکدا هاتبوو، هەستا لەسەڕیٚی ئاگرەکی گەورەی کردۆ، ئەجە جلکیٚ خۆی لەویٚ لە ك ئاگرەکەی لەسە بەردەکی دانان.

دیسانی دەست بەغاریٚ کردۆ، لەدووریی ڕوناکییەك دیت، گۆتی بەرکی ئاوەدانی بی، بابچمە ویٚ.

وکی چوو، دیتی ئۆ گوندیٚ دیٚوانە، ئۆ دوومەنجەری گەوریٚیان وەسە ناینە، هەندەی دیی زراو چوو.

وکی دیٚو گەیشتە ئاگری، جلکیٚ کیژەکەی لەویٚ دیتن، وەخت بوو شیٚت و هاربی، ئەو ناوەی هەموو نۆڕی کەسی نەدیتۆ، دەمەکی خۆش لەویٚ گیر بوو، ئەجە ڕیٚ و ڕیٚ بە دوو بۆنیٚی دا هات، وکی دیٚو گەیشتە نیٚزیك گوندی، دیتی ئۆ دوو مەنجەری گەوریٚیان وەسە ناینە، دەدریٚ خۆیدا گۆتی هەبی و نەبی، ئۆ ئەو کیژیٚیان کوشیتیتۆ ئۆ لیٚیەنیٚن.

دیٚو لۆ گوندی شۆڕبۆ، وکی گەیشتە ك مەنجەران، چاویدایی، ئۆ دەست و پیٚ و کەلەشیٚ بەشەرییە وەسەندراینە. دەگەی کردنە شەڕ گۆتی ئەنگۆ ژنیٚ من و

کوشتیتۆ، گۆتیان ژنیٚ توو نییە، ئەمە لۆخۆن بەخۆ پێیا کردیە، بەرا ئەوی هەرەگۆ ئۆ کەلەشیٚ ژنیٚ منە.

زۆریان بە خوترمە و بە گاشە بەردان لێکدا، دێویان بەهەمان بەقوربانی مردنیٚ کرد. وکی کیژەکەی زانی دێوی لەدوو بوویتۆ، چووە دەو ڕووبارەکی، لە پەنیٚ دارەکیی خۆ وێك هینا، هەتا سبەینە داهات.

ئاگرەکی لۆخۆ کردۆ، هە ئۆندەی زانی، توولە و تاژییٚ ڕاوچیان پێیابوون، دەورێیان لێدا، دەستیان بە حەپەحەپیٚ کرد، کیژەکەی هەندەك پووش وپەراش دەخۆ وەرپێچا، وکی ڕاوچیی گەیینە سەریٚ، ئێکەکی هاوارکرد، گۆتی شازادەم خۆش بی، ئۆ کیژە لێرە. وکی شازادە هات، تەعەجووبی ما، گۆتی ئەتۆ بەو سبەینەی و بەو نەعەی چاکەی لێرە.

ئەجە ئەویش هەموو ئشت لۆ شازادەی گێڕانۆ.

شازادەی ئەمرکرد گۆتی: ئەو کیژەم لۆ ببەنۆ قەسریٚ، هەتا دێمۆ بەباشیی خزمەتیٚ بکەن.

شازادە وکی هێواریٚ هاتۆ، بانگی کیژەی کرد، کیژیٚ گۆ ئەمن ماریٚ بابم لە فلان گوندییە، ئەجە شازادەی گۆ خەمت نەبی، لەدوو بابتەنێرم.

لۆ سبەینیٚ شازادەی دوو کەس ناردنە دوو بابیٚ کیژەکەی. وکی چوونە گوندی سوئالیان لە دارکەری کرد، گۆتیان دارکەری فەقیر لەتاویٚ کیژانی وەزگدێیا.

ئۆکەنگی؟

گۆتیان ئۆ سێیەم ڕۆژە.

دووکەسەکە لەوسەری گەڕانۆ، خەبەریان داوە شازادەی، شازادەم خۆش بی، دارکەری لە تاویٚ کیژانی وەزگدێیا.

شازادەی گۆ: ئەجە ئەمە هەنکوە چ بەو کیژەی بڕێین، گۆتی وەباشە، ئیزنی چ لێیانی نەدەم.

دووسێ ڕۆژی پێچوون، شازادەی بانگی کیژێ دارکەری کرد، گۆتی ئەمن دوو کەسم ناردنە دوو بابێ توو، بەرا وەدیارە بابێ توو، عومرێ خۆی تەواو کردبوو. کیژەکە تێ نەگەیی، گۆتی یەعنی کوو؟!

گۆتی: ئەمرێ خوای کردییە.

ئەجە کیژەکە لەوێ لەخۆ چوو. هەندەك ئاویان هینا بە دموچاوانیان داکرد، کیژ وەخۆ هاتۆ، نێیەزانی نە خەونە نە بەڕاستییە.

گۆتی ئەمن لەکێمە؟!

شازادەی خورامەکی بە عومری هەبوو، گۆتییە کیژێ دارکەری، کیژم سەبرت هەبی، هەموو هەرەمرین.

ئەتوو لە گوندی مامەك خارەك ئامۆزێیاکت نییە؟

کیژەکەی گۆ: ناوەلا ئەمن کەسم نییە.

شازادەی بانگی دوو کێرکەرانی کرد، گۆتی هۆدەکی لۆ ئەو کیژەی خاوین کەنۆ، خزمەتەکی باشی بکەن، لێنەگەڕێن گەلەك خەمان بخوە.

شازادەی گەلەکی حەز چووبووە کیژێ دارکەری، ئەگە ڕۆژەکی کیژ نەدیتبا، وێیەزانی دە حەپسێ دا، چ جێی پێ جێ نەبوون، هەتا بەنەوعەکی خۆیەگەیاندێ.

نەوێرا وەبرێتە داك و بابێ خۆ، ڕۆژ بەڕۆژ شازادە لەکورتییێیەدا، نان و ئاوی لە گەرووی ڕووناچوو، هەتا وەی لێهات، کەتە ناو جێیان. وکی کیژێ دارکەریش دیتی چەند ڕۆژە شازادە دیار نییە وکی شێت و هارانی لێهاتبوو، دەمەکی قوونی لە جێیەکی تۆتکەی ناگرت، هەرەچوو و دەهات، شەرمیشییەکرد لەکەس بپرسی، هەتا گێی لێ بوو دوو خورامان لەبەینی خۆ پێکیانەگۆ، وارێن شازادە گەلەك نەخۆشە.

ئەوی دی گۆ چ حەکیمان سەر لێ دەرناچی کاخوە چیتی!.

کیژێ دارکەری لەتاوان خۆی وەبیر نەما، چووە کن قەسرێ شازادەی. حەڕەسان گۆ کێواچی؟!

گۆتی ئەچمە کن شازادەی.

گۆتیان لۆ نزانی شازادە نەخۆشە؟!

گۆتی تازەم زانییە، ئەچم سەری لێدەم.

حەڕەسان گۆ نابی.

لەو دەمی پاشا و شاژن دەهاتنە قەسرێ شازادەی، حەڕەسەکان هە بە پارانیان کیژ لە پێش دەرکەی لابرد و وە پەنێیان نا، ئۆ پاشاش لەدووری چاو لێیە.

وکی پاشا گەیشتە ك دەرکەی، گۆتی ئەو کیژەم لۆ بینن.

وکی حەڕەسان کیژیان هینا، لە ترسان وکی بیێ ناو ئاوێ لەرزی.

پاشای گۆ چ کارەی؟

کیژەکەی لە ترسان و لەشەرمان چ جواب پێ نەدرانۆ، دەستی بەگریانێ کرد، چۆکی شکان، کەتە سە عاردی.

پاشا چووە ژۆرێ، وزیرەکی کامرە پیاوی هەبوو، گۆتی بڕۆ بزانە مەسەلێو کیژەی چنە.

وزیر هاتۆ دەرێ گۆتییە کیژەکەی دەگەمن وەرە، وکی لێی پرسی گۆتی ئەتوو چاکەی لەبەدەرکێ قەسرێ شازادەی؟!

کیژێ دارکەریش هەندە بێ دەستەرات و نەزان نەبوو، بەرا ئەو دەمی گەلەك شێوابوو، گۆتیە وزیری شازادەی ئەمنی لەدەست دێوان قورتارکردیە، گۆتی وکی زانیم نەخۆشە، هاتم سەرەکی لێبدەم.

پاشا و وزیری فکریان لۆ ئشتێ خراپ چوو بوو، ترسابوون نەکو ئێکەکی ناردبی ژەهرەك مەهرەکی دەرخواردی شازادەی دا.

وزیر پیاوەکی دنیادیتە بوو، کیژی دەگەخۆ بردە ك شازادەی، وکی شازادەی چاو

وەکیژێ دارکەری کەت، ئێکسەر ڕەنگ و ڕووی گۆڕان، وزیری زوو زانی مەسەلە چییە، وکی چاویدایێ، حارێ کیژێش لەحارێ شازادەی باشتر نەبوو.

وزیر وکی چۆوە ك پاشای، گۆتی پاشام خۆش بی، شازادەی چ تابیلی حەکیم و لوقمانان نینە، دەردێ شازادەی دەردێ عیشقێیە.

پاشای گۆ: ئێ عاشقی کێ بووە لۆی دەینین.

وزیری گۆ: ئەو کیژێ لەپێش دەرکەی بوو، عاشقی وی بووە.

پاشای گۆ: ئەجە ئۆ کیژێ چشتاق وزیران نەبوو.

ئەجە وزیری چ لە کیژەکەی گێ لێ ببوو، هەمووی لۆ پاشای گێڕاوە.

پاشای گۆ: ئەجە کیژەك چ کەسی نەبن، کیژێ دارکەرەکی بێ دەستەرات بووبی، ئێ هەندێیە لۆ شازادەی بینین!؟

وزیری گۆ: ئەمر ئەمرێ پاشێیا، بەسەمنەرێم، با کیژێ عموومی مەملەکەتێ تەجروبە بکەین، بزانین کێ بەڕاستی شازادەی دەوێ.

گۆتی: کوو؟!

گۆتی: پاشام خۆش بی، خەرکی هەموو مەملەکەتێ زانی شازادە نەخۆشە، ئەمارێین حەکیمی گۆتییە، دەبی شازادەی ببەنە چۆلییەکی، نابی چ پیاویشی دەگەدابن، بەرا هە کیژەکی دەگە بچی، دەبی لێی مارەبکرێ، بەرا ئەویش تووشی عەینی دەردەبی. ئەجە گۆتی بابزانین کێ شازادەی دەوێ، کێش مرك و سامانێ شازادەی دەوێ.

پاشای گۆ: بانگی ڕابێرە.

دەنگ و دۆر لەمەملەکەتێ براو بۆ، هەموو عالەمێ ئاگا لێ بوو، کیژێ دارکەری نەبی، ئەویش لەتاو شازادەی کەتبووە سەجێی، بەرا کێ بەکێیە، نە داکەك نە بابەك، کێ نازێ زەعیفەکی بێ کەسەکێشی..

ئەو کیژە وزیرێ خۆیان لە شازادەی خۆش کردبوو، گۆتیان ئەمە شازادەن لەناو

قەسر و لۆ خۆ هەرکێشانێ دەوێ، ئەمە چ مەجبوورین خۆ تووشی دەرد و عیللەتان بکەین، لە کێش لە چۆل و چییێیان!!

کیژێ فەقیر و فەقاریش، دەعوێیا پارەکی زۆریانەکرد، هە دیاربوو، لەبەخاتری شازادێیان نییە. وزیری تەعەجووب ما، گۆتی ئۆکووە کیژێ دارکەری دیارنییە، گۆتی دەبی ئەمن بەسەهوو چووبم.

وکی تەعقیبی کرد، ئۆ کیژێ دارکەری چەند ڕۆژە کەتیتە ناو جێیان، کەسەکی نیە سەرەکی بەسەدابگری. وزیری بە تەکبیر ئێکی ناردە کنێ، لاونیو مەسەلێ شازادەی پێ گۆ. کیژێ بەستەزمان، هە گێی لێ بوو، غاریدا کن وزیری، گۆتی ئەمنی مێردی پێ کەم، کووش حەکیمی گۆتییە، ئەمن واکەم. وزیری کیژ بردە کن پاشای، لە ك پاشای پرسیارێ خۆی لێکردن. گۆتی ئەمە ئۆچەند ڕۆژە ئەو خەبەرەن براو کردیتۆ، ئەتوو لۆ هەندە درەنگ هاتی؟!

گۆتی: ئەمن تازەم زانییە، هەزانیم هاتم.

گۆتی: حەکیم وارێن شەرت نییە شازادە چابیتۆ، ئەوی دەگەشییەچی، ئەویش ئەو عیللەتییەگری.

گۆتی: قەیدی نییە.

وزیری گۆ: ئاخر کیژم، لەوانێیە مانگەکی دی نەبە، هەردووکو بمرن.

گۆتی: قەیدی نییە.

گۆتی: ئاخر دەبی هەموو ڕۆژێ لوقمە گۆشتەکی لە ڕانێ خۆ لێبکەیۆ دەرخواردی شازادەی دەی.

گۆتی: لێکەمۆ.

وزیری چاوەکی لە پاشای قوچاند، کیژی بردە دەرێ، گۆتی کیژم ئەتوو کیژەکی گەلەك باش دیاری، لۆ نێیای مێردی بەکوڕێ من کەی، لێناگەڕێم لە هیچوو کم بی. لۆ وەگە کەسەکی نەخۆشەکەوی هەمووی مانگەکی دەعومری نەمێیا. لۆ

خۆفەوتینی، خۆ ئەو تازە شازادە نەمێیا.

گۆتی: ئەمن ئەو مانگەم بەو نەوعەی لەسەت ساری پاشێیاتییێ پیێ خۆشترە.

وکی وزیر چۆ ژۆرێ، گۆتییە پاشای، شازادەی ناهەق نییە، ئەوی ئەو کیژە دارکەرەی لەکنیتی، لەك چ کیژە وزیر و توجاڕان نییە.

پاشای گۆ: چییە؟!

گۆتی: درەکی هێیە بیێ غەل و غەش. ئەجە گۆتی بەقسێمنەکەی چیدی شازادەش عەزاب مەدە، هەتا زووە، بینە لیێکیان مارەکە.

هە ئەو دەمی، بانگی قازی و مەلێیانیان کرد، کیژێ دارکەریان بە شەرعێ خواو پیێغەمبەران، لە کوڕێ پاشای مارەکرد.

کوڕی ئێك و ئێك فەرق کرد، ئەجە گۆتی برسیتم، پاشا خەنی بوو، لە خۆشیانی بەدەستیێ خۆ، سنییێ نانی لۆ کوڕێ خۆ هینا.

حەفت شەو و حەفت ڕۆژانیان دۆر و زوڕنا کوتا.

وزیر هاتنە ك پاشای گۆتیان، کا ئۆلۆ شازادەی نابەنە چۆلی؟! ئەدی حەکیمان نەگۆ نابی لیێرە بمینێتۆ، نەکو خەرکیش عیلەتێی لیێ گریتۆ.

پاشا زۆریان لیێ تووڕەبوو، گۆتی ئۆ قسیێ خۆیتو یا قسیێ ژن و کیژانیتوو؟

ئەجە پاشای ئەمر کرد گۆتی: ئەو وزیرانە بە مار و مندارۆ بەتای کراسی بەرەلای چۆل و چییێیان کەن.

هەندی پاڕانۆ فایدەی نەبوو، لیێنەگەڕان چشتاق فلسەکی سۆتای دەگەخۆببەن، زێڕو ماریێ وانیان، هەموو دا فەقیر و هێتیمان.

ئەجە شازادەو کیژێ دارکەری پیێك شادبوون، خوای تۆرێ هەموو نەخۆشیانی لۆ کیژێ دارکەری کردنۆ..

ئەمیش لەوسەری ڕا هاتمۆوە، کارەکم دڕا و چم پیێ نەبڕا.

# چل تووتی[١٥]

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو، کەس لە خۆشەویستی نـازدارتر نەبوو، کەس لە عەبدی درۆزن ڕووڕەشتر نەبوو.

وارێن زەمانی خۆی لەو هیندستانەی توجاڕەك هەبووە، خواجـە خودادیـان پـێ گۆتییە، ئەو خواجە خودادادە، ئێکەم توجاڕێ مەنتیقەی بووە، مار و مرکی لەحەد بەدەر بووە، ئەرێن بـەس زراوی لـەژنهینانێ چـووبوو، بەکـەس ڕازی نـابوو. وکـی دۆستەك ناسیارەکیشی واگۆتیێ لۆ ژنێ، ئەیگۆ ئەوی ئەمنەرێم پیێیا نابی.

ڕۆژەکی پیرەژنەك چووە کن توجاڕی، گۆتی ئەرێ ئەتوو لۆ وهەت ژن لێ بوویتـە ئاگر، بزانم ژنێ ئەتوو دەتوێ چ نەوعە ژنەکە.

توجاڕی گۆ، ئەو ژنێ دەفکرێ مندا، پیێیا نابی.

گۆتی کوڕێ من، دە ئەتوو قسێ لۆ داپیرۆکێ خۆ بکە، ئەمن گەلـەکم سـەراو و دەراو دیتینە، ئاگام لە بەحس و بازاڕێ هەموو دنیێیا، ئەتوو بـەس قسـێم لۆبکـە بزانم ئەو ژنێ دەفکرێ توودا کووە.

گۆتی هەنکوە لۆ لێم ناگەڕێی پیرەژن، وهەم سەر ئیسڕاحەتە، لەچم کم نییە، لۆ خەمێ ژنێ لەخۆ بارکەم.

پیرەژنێ گۆ، کوو لەچت کم نییە، ئەدی ئەتوو ئەو هەربەز دابـەزەت لـۆ کێیـە، پاش بەینەکی دی پیرەبی، کێت ئیشوکارێ توجاڕەتێ لۆ بەرێوابە.

گۆتی با پاشی من لۆکسۆکان بی.

---

(١٥) عەبدوڵلا عەزیز تریانکەر بۆی گێڕاینەوە.

پیرەژنێ گۆ، هەنکوەت قسە هە لۆ نەکردم، کەیفێ خۆیتت.

گۆتی دەباشە پیرەداك، با لە دریێت نەبیتە کەسەر، ئەمن ئێکەکم دەوێ لە دارێ دنییێیا کەسی نەبی، کیـژەك بـی، دەرێـی نـەدیتبی، دەگـە کـەس هەرنەسـتابی و دانەنیشتبی، وکی هینام کەسی نەبی بەسەری وەبێ، ئەمن تاقەتێ بینـە و بـەردێ کەسم نییە، ئۆ برێیا ئۆ خوشکە..

پیرەژنێ گۆ، بەخوای ڕۆرە ئەمن ئێکی وهەم پێ شك دێ. کیژەکە شەڕی دەگـە مانگییەکا، بێ داك و بێ باب، نە برا نە خوشك، هە کەسی نییە، بە تـاقی تـەنێ خزمەتێ ژنەکییەکا.

گۆتی باشە بەشەرتەکی نابی ئەو ژنەشی هاتوچۆیێ بکا.

گۆتی ئەمنیان پێ ڕێم، با ئەویشی بەسە وەنێ.

پیرەژن چووە بن بارێ کیژ و ژنەکەی گۆتیە ژنەکەی گۆتی ئەتوو چـەندت زێـر و پارە دەوێ بەدرێ خۆ بخوازە، گۆتییە کیژەکەش ئەتوو ئەکـەویۆ زگـێ داکـێ خـۆ، توجاڕەکی هەند دەورەمەند نییە کەس بزانی.

ژنەکەی گۆ، ئەمن هەزا دیناری زێڕم دەوێ، بە حێیاتیش سەری لێنادەم.

کیژەکەش خوا خوای بوو بچتە مار و مێردێ خۆ.

پیرەژن گەڕاوۆ ك توجاڕی، گۆتی، هەمووشت بە درێ توە.

توجاڕی گۆ ئەمیش ڕازیمە.

ئەجـە تـەدارەکێ بووکگواسـتنەوێی ڕێکهێخسـت و چ توجـاڕ و دەورەمەنـدێ هیندستانێ هەبوو دەعوەتی کردن، ئەو شاییێ و ڕەشبەرەکێ لـۆ توجـاڕی کـرا، لـۆ کەس نەکرێیا.

توجاڕی قەسرەکی لە ئاقارێ شـاری هـەبوو، مـاری گواسـتۆ وێ، گـۆتی ئێـرە باشترە، کەسن بەسە وەنێیا.

ژن و مێرد زۆر بەکەیفخۆشییەژیان، ڕۆژ و شەویان تێکەر کردبوون، پاشی توجارڕ چۆوە زگ ئیشیٚ توجارەتیٚ، سبەینیٚ تا هێواریٚ ئەو ژنە لەکوونیٚ ژۆریٚ وکی ئێخسیران لە ناو چار تاقان، بەتاقی تەنیٚ نێیەزانی چ بکا، ڕۆژ بەڕۆژ وەڕزترەبوو، ڕۆژەکی توجارڕی گۆتیٚ، ئەریٚ ژنیٚ ئۆلۆ ئەو ماوەی وهە بیٚ زەوقی؟!

گۆتی برێم چ، وکی ئەتوو لێرەنی بەتەنیٚ لەماریٚ وەڕزەبم، کەسەك نییە قسەکی دەگە بکەم، نشزانم خۆ بە چ بخافرینم.

گۆتی ئەگە پێتخۆشە جۆتە تووتیەکت لۆ کڕم، سەبرت پێوە دێن.

گۆتی ئەریٚ وەلا فکرەکی باشە.

هێوارٚ وکی توجارڕ هاتۆ، جۆتە تووتییەکی دەگەخۆ هینانۆ، تووتیی لۆ دە قەفەزیٚ زێڕ نان، ئەجە گۆتی چیدی بەتەنیٚ وەڕز نابی.

ژن بە تووتیان خەنی بوو، تووتیان بەحس و بازاڕیٚ دنێیا لەکن بوو، دەگە ئێك لێڕاهاتن، نێیانەزانی کوویان وەخت لیٚ ڕوا.

وکی کابرای وەزعیٚ ماریٚ خۆی بەو نەوعەی دیت، گۆتی ئەجە با ئەمن سەفەرەکی بکەم.

ژنەکەی گۆ ئەجە ئەمن کوو لەدووری توەحەوێمۆ؟

گۆتی دەگە تووتیان وەڕز نابی، ئەمیش گەلەك خۆ گیرناکەم.

هەستا چوو هە چ لەماریٚ پێویستە، پشیٚ سیٚ مانگانی لۆ ژنیٚ هینا، گۆتی ئەتوو چت پێویست بە دەریٚ نییە، هەتا دێمۆ پشێتەکا.

خواجە پشی بە تووتیان خۆش بوو، گۆتی وکی هاتمۆ قسێم لۆکەن، بزانم ئەو ژنە ئەو ماوەی چاکە و چ ناکا.

ژنەکەی نان و پێخۆری لۆ مێردیٚ خۆ دانان، سبەینیٚ خواجە، بەرە و مەملەکەتان کەتە ڕیٚ.

چەند ڕۆژەكی پێچوون، ژن بەتەنێ وەڕز بوو، لۆی نەبوو لە دەركێ مـارێ بێتـە دەرێ، گۆتی هەنەبی بابچمە سەبانی بڕەك هەتاوم لێبدە.

سوتفە وكی ژن گەیشتە سەبانی، دیتی ئۆ كوڕەكی بـەژن و بـارا برنـد، ئـەتگۆ شازادێیە، ژنێ در كەتە تەپەتەپێ، هات بەوێدا تێپـەڕی، وكـی گەیشـتە ڕاسـتی مارێ خواجەی، سەری برند كرد، ئەویش وكی چـاو وەژنـێ خواجـەی كـەتن لەسـە بانی، لۆی شێت بوو. بەرا شەرمی كرد ڕانەوەستا، وكی چۆ مارێ، كوڕەكـەی هـە فكری لەكن ئەو ژنەی بوون. ژنێ خواجەش فكـر و هۆشـی دەسـەری نـەمان، هـە ئەیگۆ ئۆ چ بوو بەوەدەمەی تێپەڕی.

كوڕ ڕۆژ بەڕۆژ بێ تاقەت ترەبوو، ڕەنگی زەرد هەرگەڕا، خەو و خۆراكی نـەما. حەكیم و لۆقمان نەمان نەیهیننە سەرێ، چ فایدەی نەبوو، گۆتی عیلاجـێ مـن لـە كن حەكیمان نییە، ڕۆژەكی پیرەژنەكیان هاتە مارێ، هەر ئەو پیرەژنـە بـوو ئـەوی چووبووە كن توجاڕی و ژنی لۆ هینا، وكی چـاوی وە كـوڕەی كـەت، گـۆتی كـوڕم دەردێ توو دەردێ عشقێیە، گۆتی بە پلكێ خۆ برێ، فكرو خێیـارت لـەكن كێنـە، گۆتی هە كێی بی لەمن حاسێ نابی لۆت دینم.

كوڕەكەی وكی وەسفی لۆ كرد ژنێ خواجـە خـوداداڵی توجـاڕ بـوو. گـۆتی ئـۆ خەمێ من. كوڕەكەش كوڕە توجاڕبوو، هەبووی بوون، پارەكی باشی دا پیرەژنێ.

پیرەژن هەستا پێشی بچتۆ كاولێ خۆ، چووە مارێ خواجەی، وكی لەدەركەی دا، ژنەكەی گۆ ئەتوو كێی؟

پیرەژنێ گۆ ئەمنم كیژم دەركەم لێبكۆ.

ژنەكەی دەنگی ناسیۆ، بەعەجەلەی دەركە لێكـردۆ، گـۆتی وەختـەكی گەلـەك باش پێیا بووی.

پیرەژنێ خۆی خەشـیم كردبـوو، گـۆتی چ بـووە، گـۆتی هـەنكوە كـووی دەگـە خواجەی.

گۆتی وەلا خواجەم گەلەك دەگە باشە، بەرا ئێو دەپازدە ڕۆژە لەمارێ نییە، چوویتە توجارەتێ، بەرا گۆتی ئەمن خەمێ هەندێم نییە، ئەمن کەتیمە داوێ کوڕەکی، عەجمانم نەمێیا، هەموو ڕۆژێ چمە سەبانی، نێیاتۆ و نێیاتۆ.

گۆتی ئەتوو وەسفێم لۆ بکە ئەمنت لۆ بینمۆ.

گۆتی کوو وێیە؟

گۆتی چ لە داکێ توو حاسێ نابی.

وکی ژنەکەی وەسفەکرد، هە ئەو کوڕەبوو ئەوی ئەو لۆهاتیە.

گۆتی هیچ خەمت نەبی، هەتا نەیبینمۆ نێیامۆ.

ژنێ توجاڕی گۆلمە پارەکی زێڕی دانێ، گۆتی دەستوبردەکم لۆ بکە ئەمن چ تەحەمملم نەمێیا.

پیرەژن هەستا گۆتی خەمت نەبی، لەسە هەوریش بی لۆت دینمە خوارێ.

پیرەژن، ڕۆژێ پاشی چۆوە کن کوڕەکەی، گۆتی بەهەزا تکا و ڕجا هەتا ڕازیم کردییە، گۆتی ئەجە سبەی لۆت دینمە ئێرە.

کوڕەکەی لەخۆشیان دوو هەندی جارێ پێشیی پارە دەکۆشێ پیرەژنێ کردن.

پیرەژن سبەینێ زوو چۆوە کن ژنێ توجاڕی.

ژنە بەپیری وەچوو، گۆتی بەقوربانت بم چت کرد، لۆت دیتمۆ.

گۆتی ئەرێوەلا لۆم دیتیۆ و هەندیشم بەحسی جوانییێ توو لۆکردیە، لۆت شێت و هاربووە، دەجە هەستە خۆ بگۆڕە با بتبەمەکنەوی.

گۆتی ئەتوو دانیشە هەتاچم خۆگۆڕم.

چوو خۆی گۆڕی، سۆراو و سپیاوی لە دموچاوێ خۆدا، گوراوی بەخۆ داکرد، چووە کن تووتیان، گۆتی ئەمن دەگە ئەو پیرەژنەی ئەچم هەندەك ئیشم هێیە، هەتا دێمۆ ئاگاو لەمارێ بی.

توتییێ نێره گۆتی، ما نزانم له چا گـهڕێی، گـۆتی شـهرت بـی خواجـه بێتـۆ پێیەرێم، ژنەکه توڕەبوو، گۆتی چی پێ رێی، لۆ ئەمن لەچاگەڕێم؟!

توتییێ گۆ دەتوێ بچی حێیا خواجەی ببەی. گۆتی ئەگە ئازای بڕۆ.

ژنەکەی تووتی له قەفەزێ دەرینا، لێیان بووه شـەڕ، ژنـێ دەسـتی دا چـەقوێ، تووتیی کوشتۆ.

وکی ئیشەکەی کرد، زۆر پشێمانبۆ، گۆتی ئیشەکی خراپم کرد، دەدرێ خۆی گۆ ئەجه خواجه بێتۆ ئەمنی چ برێمێ.

گۆتییه پیرەژنێ، ئەوڕۆ له به کەسەرێ توتییێ، چ مەیلم لێ نەما، گـۆتی بـەس سبەی وەرۆ، ئەچین.

پیرەژن ئەو ڕۆژی ڕۆیشت، چووه کن کوڕەکەی، گۆتی بەس ئەگە ئەتـدیت چـەند به کەیفخۆشی خۆی لۆ ڕازاندبوویۆ، ویستن بێین لەدەرکـەی تووشـی مێوانـان بـوو، لەبەوان گەڕاوۆ، بەرا سبەی دێین. کوڕەکـەی گـۆ ئەجـه ئـەمن هـەتا سـبەی کـوو تەحەمولەکەم.

پیرەژنێ گۆ، زۆر چوو کم مێیا، ئەگە نەمرین سبەش دادێ.

سبەی پیرەژن چۆوه، لەدەرکەی دا گۆتی هەسته بابڕۆین.

گۆتی ئەتوو دانیشه، هەتاچم خۆ حازرەکەم.

وکی خۆی حازرکرد، چووه کن تووتییێ مێیه، گۆتی ئـەمن دوونـێ تووڕەبـووم، لۆییێم نێره لێ کوشتی، بەرا شەرت بی نێرەکی جوانترت لۆ دەینمۆ، بەس ئیـزنم ده بچمه کن یارێ خۆ، وەخته لۆی شێت بم.

تووتی ئاقر بوو، گۆتی ئەگه برێم مەچوو، ئـەمیش بـەدەردێ نێرەیەبـە، گـۆتی قوربانت بم هەڕوو، ئەمنەزانم دەردێ بێ یارییێ چ گرانه.

ژنەکەی لەخۆشیان تووتیی له قەفەزێ دەرینا ماچی کرد، گـۆتی خـەمت نـەبی نێرەکی ده هەندی ئێخۆت جوان لۆ دینم.

ئەجە تووتییێ گۆتە ژنێ توجارِی، ئەگە ئەچی هەڕوو، بەسەترسێم وکـی پاشـێیا یەمەنێ پشێمان بیۆ.

ژنەکەی گۆ لۆ پاشێیا یەمەنێ چی کردبوو؟!

گۆتی دانیشە با لۆت بگێڕمۆ.

ژنەکە دانیشت و تووتیش دەستی بە هەڤێیاتێ پاشێیا یەمەنێ کرد:

گـۆتی لـەوراتی یەمـەنێ پاشـێیاك هـەبوو، بـازەکی هـەبوو، ئـەو بـازەی زۆر خۆشدەویست، شەو و ڕۆژ لەخۆی جودا ناکردۆ، لۆ هەرکێندەریش بچـووبا، پاشـای باز دەگەخۆبرد، باز دە نـاز و نیعمەتانـدا بـوو، پاشـای بەدەسـتێ خـۆ خـواردن و ئاوییەدایێ.

ڕۆژەکی پاشا دەگە دار و دەستێ خۆ، چووە ڕاوێ، بازیشی دەگەخۆ برد.

لە و کێو و هەردانە، دەستیان بەڕاوێ کرد، هـە ئێکـی چـوونە لێیـاکی، وکـی وەختی جەمێ داهات، پاشای گۆ کـەبابی لێـدەن، تێریـان نـان و کـەباب خـوارد، پاشای داوێیا ئاوێ کرد، گۆتیان پاشام خۆشبی، ئەو دەور وبەرەی چ کانی و ئاو لێ نیینە.

پاشا بەخۆ کێلبـۆ، بـازی لەسەشـانی دانـا، بـە خـۆ لـەدوو ئـاوێ گـەڕا، لـە هەردێرەکی تەڕاتیەکی دیت دەوری هەموو ناسکە گیا بـوو، گـۆتی هـەبی و نـەبی کانییە.

شۆڕی کردۆ، وکی گەییە سە تەڕاتییێ، دیتـی میزەئـاوەکی زەرد، لـە جۆگەلـە شاخەکی دێتە خوارێ، بادی لەبە ڕاگرت هەتا پڕ بـوو، ویسـتی بـادی بەسـە دەوی وەکە، باز ی خۆ لە بادییێ دا ئاوەکەی لێ ڕێشت.

پاشا تورەبوو، بەردەکی هاویتە بازی، باز هەرات.

جارێ دووەمی بادی پڕکردۆ، باز پێیابۆ، ویستی بخواتـۆ دیسـان بـازی شـاپەڕی لێدا، بادی دەگۆڕێ کرد.

پاشا لە تێنان زۆر تووڕەببوو، بازی گرت و بە شاخی دادا.

بازی بەستەزمان لە حەولاوێ ڕوحێ بوو، ئاوڕەکی لە پاشای داوە، وکی پاشا چووە سەری هەری گرتۆ، بازی ڕوح دابوو.

پاشا زۆر پشێمان بۆ. گۆتی هەبی و نەبی بازی بێ سەبەب خۆ بەو بادیە ئاوانە دانادا.

وەدوو چۆڕە ئاوێ داچوو، دیتی ئۆ ئەژدیهێیاك خۆی لەدەو کانییێ لوولدێیا، ژەهری دە کانییێکا، وکی تەیر و توار دێن لێ خۆنۆ، ئێکسەر پێ مرن، ئەجە ئەژدیها لۆخۆ ئێیان خوا.

پاشای هەندی کوڕەکی خۆی سووی لە بازی بوونۆ، ئەجە هە لەوێی قەبرەك لۆ لێدا و دەناوی نا.

بەو تێنیەتییەی هەوراز چۆ کن جەماعەتی. دیتیان پاشا زۆر عێدزە، گۆتیان پاشام خۆش بی، لۆوهە عێدزی.

ئەویش حار و مەسەلێ کانی و بازی لۆ گێڕانۆ، ئێك دوو سوار چوون، گۆتیا ئەمە ئەو مارەیەکوژین، ئەجە ئەوێیان بەجێهێشت و ڕێ و ڕێ بەرەو مار بوونۆ.

هەتا تووتییێ ئەو هقێیاتە لۆ ژنێ توجاڕی کرد، عەسر داهات، ژنەکە چووە کن پیرەژنێ، گۆتی ئەوڕۆ درەنگن لێداهات، ئەتوو بڕۆ، سبەی بڕەك بەوەختەچین.

پیرەژن لە حەیفێ تووتی وەخت بوو شێت بی، بەس ناشوێرا، بەسە خۆ بینی.

پیرەژن هەستا چووە کن کوڕەکەی گەلەکی درخۆشی داوە، گۆتی ئەویش ئۆ لۆت شێتەبی، بەس چ بکا مێوانی دێن. گۆتی خەمت نەبی سبەی پێشی وەختی مێوانانی ئەمنەچمە دووێ.

وکی سبەی پیرەژن چۆوە گۆتی ئەوڕۆ چ هەنجەتان مەبینۆ، زوو خۆبگۆڕە بابڕۆین.

گۆتی ئەتوو دانیشە هەنکوە خۆ حازرەکەم.

چوو خۆی ڕازاندۆ، گوراوی لەخۆدا، چووە کن توتییێ گـۆتی ئـەمن واچـمە کـن مەحبووبێ دریێ خۆ، ئۆ دوو ڕۆژە چاوی لەڕێیە.

توتی گۆ، ئەمنەزانم دەردێ عەشقێ کووە، پێمخۆشە ئەتوو بچی، بەرا ئەترسێم وکی ئەو پاشێیای پشێمان بیۆ ئەوی بەقسێ کوڕێ خۆی نەکرد.

گۆتی لۆ کوڕێ وی چی پێ گۆتبوو؟!

گۆتی دانیشە بالۆت بگێڕمۆ.

گۆتی باشە لۆم بگێڕۆ بەس زووبە.

توتی گۆ:

وارێن پاشێیاك هەبوو، زۆر بێ منەت. خۆی گەلەك پێ گـەورە و بەدەسـتەرات بوو، ڕەعیەتیشی پێ وکی پووشکی بوو. چ حیسابی لۆ کەس ناکردن.

ڕۆژەکی کوڕەکەی گۆتییێ هۆبـاب، ئـەو وزیـر و دارو دەسـتە گەلـەگ غـەدر و زولمێ لەو ڕەعیەتەیەکەن، ئەگە حەد و حـدوودەکیان لـۆ دانـەنێی، ئـەو فـەقیر و فەقارە لێن هەرەگەڕێنۆ.

کوڕم گۆتی فەقیر و فەقار چییە، خۆی چییە، هەرگەڕانەوەی چییە، ئەمن ئەگـە ئەو وزیر و دار و دەستەم نەبی، ئەو هەموو سەروەت و سامانەی بـەکێ خڕکـەمۆ، کێ ئەمپارێزی؟! گۆتی لەخوای بەزیاد بی کوڕم، هەتا حەفت پشـتانن داری لەسـە بەردی دانەنێ، وکی پاشێیان ئەو مرك و مارێیان پشێ کە.

خەرکە ڕەش و ڕووت و بێچارەکەش مارویران و کز ببوو، خەمێ گەورێیان پـارە نانەنەك بوو، کو لۆ سەبیلۆکانی پێیاکەن.

ڕۆژ هاتن ڕۆژ چوون، ئەرێن زولم پەتکی لە ئەستوورێی پسێ، بەرا وێیە، خەرك لەتاو حارێ خۆ لە پاشای هەر گەڕانۆ، گۆتیان ئەمە چ حارن نەمێیا، ناوەلا مـردن چێترە لەو چەرمەسەرییەی.

ئەو دار و دەستێ پاشای پشت پێ قەیم بوون، هە بابابوو، پشتی دەپاشای کرد و دەستی لە چ گیربا، دەگەخۆیە بردو، مەملەکەتی بەجێ دەهێشت، ما پاشا بە خۆ و بە کوڕی.

گۆتی کوڕم وەرە چارەکی لەو ڕەعیەتەی بکە، وکی کسۆکێ هاریان لێهاتییە، گۆتی بابۆ، ئەو وەختی چارەی هەبوو وکی لێتەپاڕامۆ، هەنکووە بەتەنێ بەمن چاکرێ، وکی بابی بەدر شکایی ڕۆیی، کوڕەکەی زۆری زگ بەبابێ خۆ سۆتاوە، لە تاوان چوو، دەستی دا شیری، وەناو خەرکی کەت، ڕاست و چۆپی، شیر ڕاوەشاند، گەلەکی لێ کوشتن، ئاخیری شیری لێ شکا، کەتە بەدەستێ خەرکی.

گۆتی بەس مەنکوژن، ئەمە خەزێنێ خۆ و هەموویەدەینێ، ئەگە بن کوژن کەس نییە قاسان و پێشاندا.

وەلا گۆتیان وێیە. گۆتیان وەعد ئەگە ئەنگۆ قاسە و خەزێنێ خۆن پێشاندەن، ئەمە ناو کوژین. کوڕەکە چۆ ك بابێ خۆ، گۆتی هەستە بابۆ هەتا نێیان کوشتینە، با مەملەکەتێ بەجێبێرین، گۆتی دەرکێ قاسە و خەزێنان لۆ و خەرکەی بکۆ.

پاشای گۆ ئەمن کوو دەرکێ قاسەو خەزێنانیان لۆ بکەمۆ؟!

گۆتی ئەمن مار و منداریێ خۆ هەرەگرم و ئەڕۆم، ئەتووش کەیفێ خۆیتت، گۆتی ئەتوو هەنکوەشم هە بەگێ ناکەی؟!گۆتی ئەمن واڕۆم، ئەگە قاسە و خەزێنانیان پێشاندەی ناتکوژن.

کوڕی باب بەجێهێشت و بە مار و مندارۆوە، ملی لە دەشت و دەری نا.

پاش چەند شەو و چەند ڕۆژان ڕێیان کەتە شارەکی، چوونە مێوانخانێ پاشای، شەوێ لەوێ بوون، وکی سبەینە داهات، کوڕەکە چووە کن پاشای، حار و مەسەلێ مەملەکەتێ خۆی هەموو لۆ پاشای گێڕاوۆ.

پاشای گۆ، مادام وێیە، مارت مارێ خۆیە، هەتا ئەنگۆ بەمە ڕازی بن، ئەمەو

لەسە چاوێ خۆ دانێین.

کوڕەکە وکی لە مار و منداری تەئمین بوو، گۆتی ئەگە ئیزن بی، ئەمنەچم سەر و سۆراغەکی بابێ خۆ کەم.

گۆتی بڕۆ، خەمێ مار و مندارانت نەبی.

کوڕ سواری ئەسپێ خۆ بوو، شاری بەجێهێشت، نا بەلەد، نەشارەزا، ملێ ڕێی گرتەبەرێ.

دوور بەدووری سوارەکی دیت لۆلای وی دەهات.

وکی گەیشتنە ئێکدی سەلامیان لێك کرد، کابرای پرسی، کەسی برای ئۆ کێواچی؟

کوڕێ پاشای گۆ، وەلا بەخۆش نزانم، سەرم لێ شێویا.

گۆتی پیاوی باش لۆ دەگەمن نێیای

گۆتی لۆ ئەتوو کێواچی؟

گۆتی پاشای ناردیمە باج و سەرانێ ئەو مەملەکەتەی لۆخۆ بستینم.

گۆتی ئەگە دەگەم بێی شەرت بی لە شەرتێ پیاوان وکی برێیانی بەنیواکەینۆ.گۆتی ئەوەش قاقەزێ پاشای، ها با هە لەکنەتووبی، ئەتوو برا گەورە، ئەمن برا گچکە.

قاقەزی لێ وەرگرت و هاویتیە باغەرێ.

ڕێ و ڕێ بەحس و بازاڕێ دنیێیانەکرد، لە هیکوبەرۆ گەردەلوولەکی هەرکرد، دنیای دە تۆزێ وەردا، چاو چاوی نادیت، هەموو ئشتی لوولدا سە ئێك، ئەو دوو سوارە هە ئێکی بەری کەتە لێیاکی، وەرحاسر لێك بزر بوون.

کوڕێ پاشای زۆری خەم لۆ برادەرەکەی خواردن، گۆتی بزانە ئەوی قاقەز وەمن داوە، بەخۆی بێ قاقەز چ پێ ناکرێ، گۆتی ئەجە ئەمن لەکێی ببینمۆ، هە قسەی

دەبەخۆدا کردن، گەییە سە کانیەکی، چووە سەکانییێ خۆی شۆڕکردۆ ئاوەکی بخواتۆ، قاقەزی لە باغەریێ کەتە خواریێ، وکی هەری گرتۆ، گۆتی دەبا بخینمۆ بزانم باج و سەرانیێ کێندەر بستینم.

کوڕە وکی قاقەزی خیندۆ چ ببینی، باج و سەرانیێ چ، ئۆ نویسرێیا، وکی هەرگری نامە گەیشتەجێی، ئێکسەر بیکوژن.

پەکوو گۆتی چانەبوو، خیندمۆ! هە لەوێی قاقەز جڕبەجڕکرد.

ڕۆیی هەڕۆیی گەیشتە شارەکی، تاقەکی برند لە دەرییێ شاری هەبوو، بەڕێزەی سەریێ بیێ قالبی پێوە هەرواسرابوون.

گۆتی ئەو هەموو سەرکەی!؟

لە ئێکەکی پرسی گۆتی ئەریێ ئەو هەموو سەرکانە ئیێ کێنە، هەندەك بووینە هێسك، هەندەك لەجیێ خۆ هیشك بووینە، هەندەك هەندە قەدیم نینە!!؟

گۆتیانیێ کەسی برای هە مەپرسە، ئۆ ئیشیێ فشەی نییە، گۆتیان ئۆ هەموو سەرکیێ کوڕە پاشا و کوڕە وزیر و توجاڕانن.

گۆتی ئەجە لۆ وهە لەقالبی جوداکراینۆ؟!

گۆتیانیێ، کیژیێ پاشێیا مە گەلەك جوان و نازدارە، ناوبانگی دە دنێیا گەڕێیا، پاشا و شازادیێ دنییێیای لۆ شێت بووینە، ئۆ هەمووی هاتینە داخوازییێ، ئەو چ گیێ ناداتە دەورەمەندییێ و جوانییێ، ئەو حەزیێ کە مێرد بە کوڕەکی ئاقر و زانا بکە. گۆتیان ئەو هەندەك هەتەرۆکی هەنە، ئەوی زانی مێردی پێکا، ئەوی نەیزانی ئەوهەی سەری لێکاتۆ و بەو تاقەی واکەن.

گۆتی پرسیارەکان چنە؟!

پێی پێکەنین، گۆتیان ئەرێی بەتەمای بچی جواب دەیۆ؟! گۆتیان گێلە ئەگە کەس بەسەلامەتی هاتبا دەریێ، ئۆ شازادەی ماراکرد و کۆتایی پیێ دەهات، ئەوی

ئاگێیان لێ بوو، زۆری پێ پێکەنین، گۆتیان ئەشەدو بیللا لۆتو باشە، گۆتیان وە شازادانیشەچی!!

لە شەرمەزاریان ئەوێی بەجێهێشت.

دەدرێ خۆیداگۆت، چارێ ئەو کیژەی لە نیوچاوانێ من نوسرێیا، لۆیێ هەتا هەنکوە هەتەرۆکێ وی بەکەس جواب نەدراینۆ.

نەچوە چ لێیان ئێکسەر چووە پێش دەرییێ قەسرێ پاشای، گۆتییە حەڕەسان بە شازادەی برێن، ئێکەك هاتییەئەرێ هاتیمە گرێ بەختێ شازادەیەکەمۆ، برێن هاتیە جوابێ هەتەرۆکانتەداتۆ.

حەڕەس چوونە کن شازادەی گۆتیان، شازادە پیاوەك لەبە دەرکێیە وە شازادانەچی، ئەرێ هاتیمە گرێ بەختێ شازادەی بکەمۆ، هاتیە جوابێ پرسیارانت بداتۆ.

گۆتی بڕۆن شەرت و شڕوتێ منی پێ برێن، لۆی ڕۆن کەنۆ، ئەگە ئێك هەتەرۆکیش هەرنەینی، بە دۆڕای حسێبە.

دەو سەین و بەینەی دابوون، وکی پاشا هاتە دەرێ، چاوی وە کوڕەکەی کەت، گەلەکی کەتە بە درێ، گۆتی ها لاوۆ لۆ لێرەی؟!

حەڕەسی نەهێشت کوڕەکە جواب داتۆ، گۆتی پاشام خۆش بی، ئۆ هاتیە هەتەرۆکێ شازادە مەلەکەی هەرینی.

پاشای دەدرێ خۆ گۆت، مخابن، ئەو چەتیمە، ئەوەش بە دەردێ وانی دییەبا.

پاشا دەگژ ئەو فکرانە ڕاچووبو، وکی ئێکەك هات، گۆتی پاشام خۆش بی، ئەو جارەی دوو دێو هاتینە، وەنا و مەڕو ماراتی کەتییە، چیان لێ نەهێشتینە.

پاشای گۆ بەعەجەلە لۆم بانگی سەرلەشکری کەن با سەت کەسەکی ئازا و بەجەرگ حازرکە.

بە کوڕەکەشی گۆ، ئەتووشن دەگە وەرە.

کوڕەکەی گۆ ئەمر ئەمرێ پاشێیا، ئەجە تەدارەکێ شـەڕیان وێـدان، ئەویشـیان دەگە چوو.

پاشای وکی چاو وەدێوان کەت، زراوی چوو، پێشی هەمان هەرات، ئەجە سـەت کەسەکە لەدوو پاشای هەراتن، ماوە کوڕەکە بەتـەنێ، گـۆتی وەلاهـی وە بللاهـی پارچەپارچەشم کەن ئەمن هەرنێیام، گۆتی ئەورۆ ڕۆژێ مێرخاسییێیە.

خەنجەری لە کالانی هەرکێشا، بەبای غارێی خەنجەری لە ملێ دێوێ ئێکەم گـیر کرد، قرقرتارۆکی بڕی، دێوێ لرخە لرخ وێکەت، کەتە حارو حەلوەلێیا ڕوحدانێ.

دێوێ دی لە تاوان شێت و هار بوو، دەنگییەگەیۆ ئاوایێ، خـەرك لـەناو شـاری دەگە دەنگێ زراوڕێژ ببوون.

ماوەکی باشی ئەوسەر و ئەوسەر بەدێوێ کرد، هەناسەی تەنگ ببوو، کەفی لـە دەو و لە کونەکەپوان دەرەدا، ڕمبوهۆڕی دری دەهات، ئاخیری دێـو کەتـە گـۆڕێ. کوڕەکەی خۆ هەردا سەرێ و دەست و پێ دێوی بەستن و دەدوو ئەسـپی هێخسـت، سەرێ ئێدیشی لێ کردۆ، بە پرچێی دەدەستی گرت و چۆوە ناو شاری.

وکی خەرکەکەکەی بەو نەوعەی دیت، هەمووی وەگە کەتن، وکی لـە قەسـرێ پاشای نێزیك بۆ، پاشـا بـەخۆی هاتـە پێشـوازیێ، مەلەکـەش کیـژێ پاشـای لـە هەیوانێ تەماشێ کردێ.

پاشای گۆ، ئەمنت مەلەکەی پێشکێشەکەم، کێن لـەتوو چـێتر و چـەلەنگ تـر وەدەستەکەوی.

مەلەکەش لۆی شێت ببوو، بەرا وکی زانیۆ بابێ وی بێـی وی ئـەوی پێشـکێش کردیەو ئەویش بەو نەوعەی ڕازی بووە، گۆتی ئـەمن مێـردی بـە ئێکـەکی ناکـەم ئەگە هەموو هتەرۆکانم هەرنەینی.

پاشای گۆ مەلەکە، کیژم، ئەمن هەرێم دایتێ، توڕەبوو، گۆتی یەعنی حیسـاب لۆ قسێ من ناکەی؟

کوڕەکەی گۆ، پاشام خۆش بی، ئـەمن ڕازیمـە بـا هەتـەرۆکێ خـۆ بـرێ، ئەگـە نەمزانی، با سەرکێ منیش دەگە سەرکێ وانیدی هەرواسی.

ئەجە مەلەکە هات گۆتی:

ئەو یەکە چییە نابیتە دوو؟!

گۆتی: خوێیا، ئێکە و قەت نابیتە دوو.

گۆتی: ئەدی ئەو دووە چییە قەت نابیتە سێ؟

گۆتی: ئەوانە ڕۆژ و شەون.

گۆتی: ئەدی ئەو سێیە چنە قەت نابنە چار؟!

گۆتی: تەراقن، سێنە و نابنە چار.

گۆتی: ئەدی ئەو چار کەسە کێنە، هە زندینە؟!

گۆتی: خدر و ئەلیاس و ئیدریس و عیسان

گۆتی: ئەدی ئەو دوانەی نان و ئاویان نەخوارد؟!

گۆتی: دارێ موسا پێغەمبەری و مەڕێ ئیبڕاهیم پێغەمبەری.

گۆتی: ئەدی ئەو دوانە کێنە، بێ داك و بێ باب پێیابوون؟!

گۆتی: ئادەم و حەوان.

گۆتی: ئەدی ئەوە چییە، بـێ پـێ و بـێ بـارە، ئـەو وەختـی ئـەمری گۆشـتی حەرارە؟!

گۆتی: ئۆ ماسیە.

گۆتی: ئەو ڕەحمەتە چییە، هەموو عالەمی لەبە هەردێ.

گۆتی: ئەوەش بارانە، لەترسێ تەڕبوونێ خەرکی لەبە هەردێ.

ئەجە گۆتی سەت ئافەرین، ئەمن چ قسەم نەمان، تازە ئەمن بوویمە ئێتوو.

گۆتی: ئەدی ئەبی ئەمیش هەترۆکەکی لۆتوو هەردەم؟!

گۆتی: چت هێیە برێ.

گۆتی: ئەو کەسە کیە لە مردنێ ئێکەم بەکەلی هات تووشی مردنێ دووەم بوو، لەوی بەکەلی هات تووشی سێیەم بوو لەویش خەلاس بوو؟!

مەلەکەی چەندی هیناو برد، سەرەدەریی نەکرد، زۆری شەرم لەخۆ کێشانۆ، گۆتی نزانم.

کچێ گۆتی ئۆ ئەمنم، کەتمە دەست ڕەعیەتێ، لەبە سەروەت و سامانی بەریان دام، قاقەزێ پاشام هاتە باغەرێ، بە خیندنەوێ قاقەزی قورتار بوو، هاتم عاشقی توو بووم، ئەلحەملای ئۆ لە سەربڕینێش قورتارم بوو. هەموو عالەمێ لۆ ئەو کوڕێیان پێ خۆش بوو، پاشای لەهەمان زیاتر پێ خۆش بوو.

پاش بەینەکی، ئیزنی لەپاشای خواست، گۆتی ئەمن ژن و مندارم لەکن فرانکە پاشاینە، ئەچم ئەوانیشە بەمۆ، ئەچم تەختێ خۆ لە مەملەکەتی ئەستینمۆ.

بە هەردوو پاشێیانیان لەشکرەکی گەورە لۆ پێکهینا، ئەجە چۆوە مەملەکەتێ خۆ، تەختێ پاشێیاتییێ وەگرتۆ، گەلەکی خزمەتێ ڕەعیەتی و فەقیر و فەقارییەکرد.

هەتا تووتیێ ئەو حەقێیاتە لۆ ژنێ خواجەی گێڕاوە، عەسری بەسەداهات، گۆتییە پیرەژنێ، ئەوڕۆشن درەنگ بەسەداهات، بڕۆ سبەینێ وەرۆ.

پیرەژن بەبێ دەنگی ڕۆیی، دەدرێ خۆی گۆ، ئەمنت سبەینێ عیلاجەکەم، هەی تووتی زۆربرێ.

پەککوو ئەو هەموو زۆڕەوییە چییە، خوا چ قوەتێت نەدا، ئەگە نەمرم ئەزانم کووت سبەینێ بێدەنگەکەم.

چووە کن کوڕەکەی، گۆتی چت لێ بشێرمۆ کوڕم، ئەو ژنەی تووتییەك هێیە، وکی ئەمە دەنوێ بێینە دەرێ، ئەو تووتییە ناجسنە دەست بە هەقێیات گێرانەوێ کا، ئەو ژنەش گێیەداتێ، هەتا هەقێیات تەواوەبی، عەسرن بەسەدادێ، ناعیلاج

دێخیته سبەینێ، بەرا گۆتی ئەتوو خەمت نەبی ئەمنـەزانم کـوو سـبەینێ لەهـەق تووتییێ دێم.

پیرەژنێ شەوێ هەندەك ژەهری لۆ تووتییێ دە لوقمی هەرسوی.

سبەینێ لوقمی لۆ تووتییێ بردن، پیرەژنێ گۆتییە ژنێ خواجەی، گـۆتی دوونـێم لەبازاڕی لوقم لۆ تووتییێ کڕینە بیدێ بابخوە.

ژنەکەی گەلەك کەیف پێ هات، گۆتییە تووتییێ بزانە، ئـەو داکـە باشـەی، بـە قاسیدی لوقمی لۆتوو هینایینە، تووتییێ گۆ ناخۆم.

گۆتی هە ئێکەکی لە بە خاتری وی بخۆ هەندە ڕێیەی لۆ هینای.

گۆتی ئۆ ژەهری پێوەر کردییە.

گۆتی ژەهرێ چ؟

گۆتی دەبڕۆ هەنددوکەکی بدە مریشکەکی بزانە سندانییەگاتێ یان نا.

وەلا وکی چوو پارچەکی دا مریشـکێ، مریشـکێ بەسـتەزمان دووجـار سـووڕا سەئێك، دەمودەست مردار بوو.

ئەجە تووتییێ گۆ، ئەگە دەگە ئەو پیرەژنە فێربازەی ئەچی هەڕوو، ئـەمن هـەقم چییە، بەس لەبە تووی تم، ئەزانم ئاخیری وکی پاشای سێ ژن، هـەموو ئشـتت لـۆ ڕۆنەبیتۆ.

گۆتی ئشتێ کوو؟!

گۆتی ئۆ لۆتەگێڕمۆ:

گۆتی پاشێیاك هەبوو، سێ ژنی هەبوون، هەموو مەیلێ خۆی دابـوە، دوو ژنـێ کچکە، ئێ گەورەی ئەگە کوو، ئەگەنا کوو ژنی نەبی ئەوهەبوو دەگەری.

دووژنێ کچکەش، هەنـدیان خـۆ لـەکن پاشـای خۆشەویسـت کردبـوو، هەچـی گۆتبێیان پاشای پێ باوڕەکرن، هەچی ویستباشیان لۆیەکردن.

ڕۆژەکی بە خۆ و بەژنیٚ ناوەنجی لەسە حەوزیٚ دانیشتبوون، حەوزیٚ چەند ماسییەکی گەورەی تیٚدابوون، ژنەکەی گۆتە پاشای، پاشام خۆش بی، وکی بەتەنیٚ دیٚمە سە حەوزیٚ ئەو ماسیانە زۆر بەچاو حیزی تەماشیٚمەکەن.

پاشای هەندەی دی ئەو ژنەی لەکن گران و گەست بوو، گۆتی ئەوە ژنە، بزانە کوو پاریٚزیٚ لە ماسیانیشەگری. ئەجە ئەمری کرد ماسییەکانیان هەموو لە حەوزیٚ دەرینان.

ئەو شەوی سرِیٚ ویش نەبوو، بەرا هەندی کەیف پیٚ هاتبوو لەکنی ببوە حۆری، هیٚواریٚ لیٚی وەژۆریٚ کەت، گۆتی ئەوشۆت میٚوانەبم، ژنەکەی هیچ بەسەخۆ نەینا، ئەی گۆتی یاخوە بەخیٚر بیٚی، ئاوەدانت کردۆ. شەویٚ پاشای خۆ هیناو برد، ژنیٚ گۆتە پاشای سەبرەکم لیٚ بگرە، هەتا سەرشۆرکیٚ چم و دیٚمۆ.

پاشای دەدریٚ خۆ گۆ، بەو دەمەی چیش بەسەرشۆرکیٚیە؟! وکی بەدزی لەدووی چوو، دیتی ژن نەچووە لای سەرشۆرکیٚ، چووە هۆدیٚ قوولە ڕەشی، دەرکیٚیان گارە دا، پاشای گیٚ قوراغکردن، ئۆ گیٚی لیٚیە، قولەڕەشی بە ژنیٚ ریٚ، ماکەر ئۆلۆوهە تاخیر بووی، ئەمنت ئۆ لە هیٚواریٚوە ئینتیزارەکەم، ئۆ وەختە ئەتوو دیٚی؟

کوڕە گۆتی بەقوربانت بم خۆ تووڕە مەکە، ئەوشۆ پاشا لە هۆدیٚ منە، گۆتی دەبی زوو بگەڕیٚمۆ.

پاشا، بەبیٚ دەنگی چۆوە بن جیٚی، وکی ژن هاتۆ، گۆتی گەلەکت پیٚ چوو.

گۆتی لەڕووت بە شەکربی، سەروو درم تیٚکچوون، گەلەك ڕشامۆ، هە وەخت بوو بمرم، گۆتی ئەدی هەنکووە کووی، گۆتی بەسەری توو پاشا، هەنکوەشم زگ هە دیٚشی.

پاشای خۆ لیٚ کرِ کرد، گۆتی دە مادام ویٚیە، لۆ خۆ بنوو.

سبەینیٚ چووە کن ژنیٚ کچکە، ئەویش ئەوشۆی سرِە نەبوو.

وکی پاشای لێ وەژۆرێ کەت، گۆتی پاشام خۆش بی، شەوێدیت سڕە بوو، ئۆ لۆ نەهاتی؟!

گۆتی ئۆ ئەوشۆت لەباتی هاتیمە کنێ.

ژنێ هە زوو پاشای دەناو نوینان نا، ئەجە خەوی لەخۆ هێخست، پاشای دەدرێ خۆی گۆ ئەلحەمدولیلا ئەوە ساغ دەرچوو، پاشای لەتاو ژنێ ناوەنجی خەو لێناکەت، بەرا خۆی کڕکردبوو، حەڕەکەی لەخۆ بڕیبوو، وەبی خەوێ لە ژنێ کچکە تێك نەدە، لە ژنێش وابی ئۆ پاشای خەو لێکەتییە، سەبر سەبرە، خۆی لەبن جێیان هینا دەرێ، لەسە سمکانەڕۆیشت وەبی دەنگێ پێیانی نێ، پاشا واگانێ، پاشاش ئۆ ئاگا لێیە، وکی ژنەکە چووە دەرێ، پاشاشی بەدزی بەدوودا چوو، وکی دیتی ئۆ ژنەچتە هۆدێ خورامێ خۆ.

وکی دەرکێیان پێوەدا، پاشای گێ قوراغکردن، ئۆ ئەو خورامکە پیسەی خۆ لە شاژنێ توڕاکرد، ئەیگۆتێ، بێ ناموس، مەعنای چییە سێ سعاتە ئەمنت ئینتیزارەکەم، گۆتی بڕۆ دەرێ نامەوێ جارەکی دی بێیۆ کنە من.

پاشای دەبەرەخۆدا گۆ، هەی گوو بەناموست بی ژن، دیاربوو کەتبووە سە دەست و پێ خورامی ماچییەکردن، ئەیگۆ بەس خۆ هەندە تووڕە مەکە، ئەوشۆم پاشا لەکن بوو، لۆیێ هەتا نەنووست نەمتانی بێمە دەرێ.

پاشا بەبێ دەنگی هاتۆ ناو جێیان و ئەو شەویشی چ قسە دەگە ژنێ کچکە نەکردن.

شەوێ پاشی، بە دزیی دەرکێ ژنێ سێیەم کردۆ، دیتی ژن لەسە دووگردێییە، چ ئاگای لێ نییە پاشا هاتیتە ژۆرێ، وکی سەلامی دانۆ، دەستێ خۆی لەبەخوای پان کردنۆ، دووعای لۆ داك و بابێ خۆکردن، پێشی دووعێیان لۆخۆ و لۆ منداڕێ خۆ بکا، دووعای لۆ پاشای کردن، گۆتی یاڕەبی خوێیا، پاشان لۆ سەلامەت کەی، لە

دەرد و بەراو نسیبەتانی وەدوور بێخیۆ، گۆتی خوێیا کاری ڕاست بینی، تەخت و بەختی لێ وەرنەگێڕی، ئەجە دووعای لۆ منداریێ کردن، ئەجە گۆتی خوێیا لەمنیش خۆش بە، ئەو ژیانەم لێ تێك نەدەی، گۆتی یاخوە مەرگێ من وەپێش مەرگێ هەمانیان بێخی.

وکی لەسە دووگردێ هەستا، پاشا چوو، سەری ماچ کرد، گۆتی ڕەبی ژنێ ڕووت سپی بی، گۆتی ئەمن گەلەکم غەدر لەتوو کردییە، ئەجە گۆتی گەردەنێم ئازاکە.

وکی ڕۆژ داهات، پاشای بانگی هەردوو ژنێ کچکە و بانگی قولڕەش و خورامی کردن، ئەجە گۆتی لۆم بانگی جەللادی کەن، لەخوا و لە پاشا و لەوچارانە بترازێ کەس نزانی مەسەلە چییە.

پاشای ئەمرکرد گۆتییە جەلادی سەرێ هەرچارانم لۆ پەلدە.

جەلادی چ پێ برێن ئا و نای لەك نییە، شیری هەرکێشا، ئێك ئێکی سەری پەلدان، کەس نەوێرا برێ ئۆلۆ؟!

ئەجە گۆتی هەڕوون لەسە گووفەکیان دەبن گری نێن.

پاشای خوو بە ژنێ گەورەگرت، هەتا مرد بەخۆشی ژیان.

دیسان هەتا توتییێ ئەو هەقێیاتەی لۆ گێڕاوۆ، عەسری بەسەدا هات، ئەو ڕۆژەشی گۆتە پیرەژنێ، وەخت درەنگە ئەتوو برۆ سبەینێ زوو وەرۆ.

پیرەژن لە شەرمەزاریان ئەوڕۆژی نەچۆوە کن کوڕەی.

سبەی وکی پیرەژن هاتۆ، گۆتی ئەوڕۆش وکی ڕۆژان مەکە، خۆ بەقسێ حەلەق و مەلەق مەخافرینە، ئەو کوڕەت کوشت.

گۆتی واکەم، دانیشە هەتا خۆ حازرکەم.

ژن چوو خۆی ڕازاندۆ، وکی حازر بوو پیرەژنێ دەستڕاکێشا گۆتی واز لەتووتییێ بینە.

توتیێ گۆ، ما ئەمن هەقم چییە، ئەگە دێ بابێ پرسێ با هەبەمنیش نەکا، ما ئەمن چمە، گۆتی بەسەمنەزانم، ئەتووش ئاخیری وکی سەلیمی بابێ گورچەهرەی پشێمانی دنیاو قیامەتانەبی.

ژن گەڕاوۆ، گۆتی گورچەهرەکێیە.

گۆتی دەزگیرانێ میرشوجاعی.

گۆتی میرشوجاع کێیە؟

ئەجە تووتییێ گۆ:

سالم و سەلیم، برێیا ئێکدی بوون، زۆر دەورەمەندبوون، لۆ ئێکدی ببوونە پشت و پەنا، هەتابرێی کۆك و تەبابوون، خوای کوڕەکی دا سالمی ناویان لێنا میرشوجاع، کیژەکیشی دا سەلیمی، ناویان لێنا گورچەهرە.

سالم و سەلیمی گۆ، ئۆ ئامۆزێیا ئێکدین، لۆ ئێکدی باشن، هەبەمنداری لێکیان مارەکردن.

پاش بەینەکی، سالمی ئەمرێ هەقی بەجێهینا. سەلیم لۆ میرشوجاعی جێ بابیشی گرتۆ.

سار هاتن سارچوون، میرشوجاع و گورچەهرە جوان و جحێر بوون، دریان لۆ ئێکدی لێدا.

ڕۆژەکی میرشوجاع چووە کن مامێ خۆ، گۆتی مامۆ بەخۆزانی ئەمنەتووم لەجێ بابێ خۆ دانێیا، گۆتی گورچەهرە مارەبڕێ خۆیتم، ئامۆزێیا خۆیتم، گۆتی ئەگە ئیزنت لەسەبی، ئەمن دەموێ بیگێزمۆ.

مامی گۆ، میر شوجاع، ئۆ ئیشێ ژنانە، برۆ لۆخۆ بە مامۆژنێ خۆ برێ.

میرشوجاع چووە ك مامۆژنێ، گۆتی مامۆژن ئەرێم ئەگە ئەتوو ئیزنت لەسەبی، حەزێکەم گورچەهرەی لۆخۆ بگێزمۆ.

مامۆژنێ نەیدەویست گورچەهرەی بداتـە میرشـوجاعی، لێشییەترسـان چـونکە گەلەك پارەوان و ئازابوو، ئەجە بەهانەی پێگرتن، گۆتی ئەجە چییە کـورِم حـەرارێ خۆیتت، بەسەمن سەت تۆپە قوماش و هەزا دیناری زێرِم دەوێ.

میرشوجاعییەزانی ئەوبارە بارێ وی نییە، بەرا گۆتی دەهەندەش برێی ئەمن لـە گورچەهرەم چاو نییە.

گورچەهرەش ئۆ گێ لێیە.

وکی میرشوجاع رِۆیی، گورچەهرەی دەست بەگریانێ کرد، گـۆتی توخـوا ئـۆدە، سەت تۆپە قووماشت لۆچییە؟! پێمنارێی میر شوجاع هەزادیناری زێرِ لەکێ بینی؟

داکێی گۆتێ، برِۆ چەتیمی سەربەهەش، ئەتو هەقت نەبی، ئەجە لاسای کـردۆ، میر شجاع هەزا دیناری زێر لەکێ بینی؟!

میرشوجاعیش رِێ و رِێ فکرییەکردۆ، سەت تۆپە قوماش و هەزا دینـاری زێـر، کوو پێیاکە.

خورامەکی هەبوو ناوی بەشارەت بوو، بەناو خورام بوو، ئەگەنا ئەتگۆ برانە.

بەشارەتی گۆ میرشوجاع گەلەك عێدز دیاری، چت زانییە؟

گۆتی برێم چ بەشارەت، ئەورِۆ چوومە کن مامی گـۆتم ئەگـە ئیزنـت لەسـەبی، گورچرەیەگوازمۆ، حەرارێ خۆیتم، گۆتی هەرِوە ك مامۆژنێ، چوومە ك مـامۆژنێ گۆتم ئەگە لێم پشێمان نەبووینۆ گورچەهرەم دەنێ لۆخۆیەگێزمۆ، گۆتی سەت تۆپـە قوماش و هەزا دیناری زێرِم لێ دەوێی. ئەجە مێشکم بەهەندێ مەشـغوولە، نـزانم سەت تۆپە قوماش و هەزا دیناری زێرِی لەکێ لۆ پێیاکەم.

بەشارەتی گۆ، میرشوجاع ئەدی موسلیم پاشێیا هیندستانێ خـارێ تـوو نییـە، گۆتی لەوی بخوازە.

کورِە گۆتی بەشارەت، ما ئەمن بەحێیاتی خارێ خـۆم دیتییـە، کـێ وارێ ئـەو هەرەزانی ئەمن هە هەشم.

گۆتی ئەجە با نەشزانی، وکی زانی ئەتوو خوارزێیاوی، کووت بەهانێیا وەنێیـا، چما ئۆندە لۆ پاشێیاکی چییە، پووشکەکیش نییە.

گـۆتی بـەخوای بەشـارەت ئـەمن ڕووم نییـە لۆهەنـدێی بچـمە کنـیٚ، بـەرا قاقەزەکییەنووسم، ئەتووی لۆببە، ئەگە وکییەتووەرێی بەقاقەزیش بی هەرەنێری.

گۆتی باشە ئەمنت قاقەزی لۆبەم.

دەڕۆژ پێچوو، مانگەك پێچوو، چ بەشارەت دیار نـەبوو، میرشـوجاع لـەتاوانی وەخت بوو شێتبی، گۆتی هەبی و نەبی تووشی موشکیلەکی بووە. ئەگەنا هەنـدەی گیر نابوو.

میرشوجاعی وەدووڕاچوو. وکی گەیشـتە هیندسـتانیٚ، دیتـی تـەپۆتۆزیٚ دنیـا خراکردییە، وکی لیٚ نێزیك بۆ دیتی شەڕە، گۆتی ئۆچییە ئەو شەڕە؟!

گۆتیان وەلا ئۆ مزەفەر پاشای هێرش هینایەتە سـە موسـلیم پاشـای هەنـدەی نەمێیا تەختی لیٚ وەرگێری.

میرشـوجاعی مشـکیی دەمامـك دا، هـەری کێشـا شـیری وەنـاو لەشـکریٚ مزەفەرشای کەت، ڕاست و چۆپی لیٚ بەرەدانۆ، پەکوو گۆتیان ئـۆ چ بـوو پێیـابوو، هەرەدرووێتۆ، ئەوی هەرات هەرات، ئەوی کەتەبەریٚ دەربازی نەبوو. وکی مەیـدان ساردبۆ، موسلیم شای گۆ، ئەو سوارە کیٚ بوو، لۆم بیـنن هـەتا نیوچـاوانێی مـاچ کەم.

وکی سواریان هینا کن موسلیم پاشـای، موسـلیم پاشـای گـۆ دەمـامکیٚ خـۆ وەکۆ، بابت بینم بزانم ئەتوو کێی.

وکی دەمامکی کـردۆ، گـۆتی ئـەمن میرشـوجاعی خورازێیـا توومـە، ئەجـە دەئامێزی گرت، گۆتی ئۆ کووم دەهانێیا وەهاتی؟!

گۆتی ئەدی ئەمن پێش قەدەرەکم  قاقەزەك بە خورامەکی لۆ نەناردی؟

گۆتی خورامیێ چ و قاقەزێ چ؟

گۆتی یەعنی بەشارەتت نەهاتیتە کنیێ.

گۆتی ناوەلا میرشوجاع کەسم بەوناوەی نەهاتیتە کنیێ.

میر شوجاع گەلەك بەخەم بوو.

موسلیم پاشای گۆ خەمت نەبی ئەگە بەرەو ئێرەهاتبی سەرو سۆراغەکی هەرەکەین.

شەوێ لە دیوەخانێ بووە کەیف و بەزم، موسلیم پاشا لەبە میرشوجاعی بەخۆش حازر ببوو، گۆتییە میر شوجاعی خوای ئەتووی لۆمە نارد، ئەگەنا خوازانی هەنکوە مابووین یا کوژرابووین.

لە دیوەخانێ مزەفەر شای هەموو بەسەرشۆڕی لە بەرامبەر پاشای ڕاوەستابوون، کەس حەدی نەبوو دانیشی، گۆتیان پاشام خۆش بی، هەندەی نەمابوو قەسرێ بگرین، نەنزانی ئۆ کێ بوو لەکێ پێیابوو، هە هەندەن زانی قڕانی هێخستە لەشکری.

وزیرەکی ئاقری هەبوو، گۆتی پاشا شەڕێ ئەو پارەوانەی بە قووەت ناکرێ، دەبی بە ئاقر ئشتەکی بکەین.

پاشاش گەلەکی پشت بەو وزیرەی قەیم بوو، گۆتی چت بەفکریدادێ؟!

گۆتی پاشام خۆش بی، شەو تاریکە، ئەمنەرێم قۆرتەکی گەورە لە مەیدانێ لێ بدەن و سەری بە تەنکە خۆرەکی بگرن، سبەی وکی ئەو سوارە دێتە مەیدانێ ئەکەویتە ناوێ، ئەجە هەندەك پیاوان حازرەکەین، هەندی دەمێ زنجیری باوێنە دەستو پێیان و ئێخسیری کەن.

گۆتی ئەوە تەکبیرە، هە بەو شەوەی هەتا سبەینێ ئیشێ خۆیان کرد.

سبەینێ وکی لەشکر هاتنۆ بەرامبەر ئێکدی، سەرلەشکرێ مزەفەر پاشای هاتە

پێش، گۆتی کێ بوو دوونێ خۆی پێ پارەوان بوو، ئەگە ئازێیا بابێتە بەرامبەری من.

میر شوجاع هاتە پێش، گۆتیێ دیارە گەلەك لۆمەرگێ خۆ بەعەجەلەی، ئەجە ئەسپی تاودا و لەبای غارێ بوو وکی کەتە قۆرتێ، ئەسپێ هەردوو پەلێ پێشۆی شکان. میر شوجاعیش گێژ و هێڕ بوو.

هەندی دەمێ زنجیریان هاویتنە دەست و پێیان و ئێخسیریان کرد.

پاشای ئەمر کرد گۆتی بڕۆن تەسمیلی جەلادی بکەن با سەرەکەم لۆ بینتۆ.

وکی میر شوجاعیان بردە ك جەلادی، گۆتیان سەری لۆ پاشای ببۆ.

جەلادی هەرکێشا شیری، لەسەری دە، نەیناسیۆ چونکە میر شوجاعی دەمامکی دابوو، میر شوجاعیش چاوی نەدا جەلادی بزانی کییە.

گۆتیە جەلادی توخوا مەمکوژە.

جەلادی زۆری پێ عەنتیکە بوو، گۆتی ئەتوو زۆر نامەرد دیاری، گۆتی ئەتوو لە دوونێوە سەرێ هەزا کەست پەلدێیا، هەنکوە لۆ سەرێ خۆ پاڕێیۆ.

گۆتی خوازانی لۆ سەرێ خۆ ناپاڕێمۆ، بەرا ئەمن وەدوو برادەرەکی ڕا هاتیمە، بەس بزانم چی بەسە هاتییە، ئەجە هەنگی حەزێ کەی بە زندیێ چاوان پارچە پارچەم کە.

گۆتی ئەو برادەرت ناوی چییە.

گۆتی ناوی بەشارەتە.

جەلادی دەمامك لەسە لابرد، دیتی ئۆ میر شوجاعە، وکی میرشوجاعیش جەلاد دیت، دیتی ئۆ بەشارەتە.

بەشارەتی گۆ خۆ کڕکە، با کەسن پێ نەزانی، ئەجە چوو لەدەرێی حەڕەسەك هینا، سەرێ وی لەباتی پەلدا و لۆ مزەفەر پاشای برد و میر شوجاعی لەهۆدێ خۆ شاردۆ.

مەزانە بەشارەت وکی هاتبوو، ڕێی غەرەت کردبوو، لەباتی بچتە لای موسلیم پاشای، چووبووە لای مزەفەر پاشای، ئەویش گۆتبووی وەرە لەکنەخۆتەکەمە جەلاد، چونکە بەشارەت ئێکی بە باسك و قەرافەت بوو.

ئەو ڕۆژی لەشکرێ موسلیم پاشای، خراپی بەسەهات، گۆتیان سبەینێ تەواو، هەموو ئشت بە ئێکجارییە بڕێتۆ.

شەوێ بەشارەت و میرشوجاع بەدزی چوون سەرێ مزەفەر پاشێیان لە خەوێ پەلدا، هە بەوشەوی خۆیان گەیاندۆ ك موسلیم پاشای.

وکی موسلیم پاشای چاو وەمیر شوجاعی کەتۆ، لەخۆشیانی چ جێ پێ جێ نەبوون، ئەجە وکی میرشوجاعی سەرکێ مزەفەر پاشای دیت، گۆتی ئۆ کووت تانییە خۆی بگەینییێ، ئەمە گۆتن هەنکوە ئەوی سەرێ توو پەلدێیا.

ئەجە میرشوجاعی مەسەلێ بەشارەتی لۆ گێڕانۆ، گوتی ئەوەش بەشارەتە دەگەرمدێیا.

سبەینێ میرشوجاع چۆ مەیدانێ، سەرێ مزەفەر پاشای بەس شیری وەکردبوو، گۆتی ئەکشێنۆ یا سەرێ هەمانوو وهە پەلدەم.

لەشکری وکی سەرکێ پاشێیاخۆیان دیت، زندەقیان چوو، هە ئێکی لۆ لێیاکی هەرات.

ئەجە موسلیم پاشای لە سەرتاسەری هیندستانێ، حەفت شەو و حەفت ڕۆژانی کردە شایی و هەرپەڕین.

ئەجە میرشوجاعی مەسەلێ خۆ بەخارێ خۆ گۆ، موسلیم پاشاش هەموو ئشتی دووقات لۆ دانا، دەستیان دەملێ ئێك کرد و دوعا خوازیان لێك کرد.

پیرەژنێ گۆتە ژنێ خواجەی دەهەستە بەسسە.

ژنێ ویستی هەستی، توتیێ گۆ ئەدی ئەوی بەسە گورچەهرەی هات!

گۆتی چی بەسە هات ئەدی میر شوجاعی قوماش و زێڕ بە دووقات نەبرد؟!

کچێ گۆتی هەقێیات لێرە دەستپێکە.

گۆتی کو؟

ئەجە هاتۆ سە مەسەلێ گورچەهرەی:

وکی میر شوجاع ڕۆیی بوو، مەلیك موحسین مەلیکێ شامێ، دێتە داخوازیێ گورچەهرەی، سەلیمیش ئێکسەر پێشکەشییەکا.

گور چەهرەی گۆتی بابۆ، دایۆ، ئەدی ئەمن لە میرشوجاعی مارە نەکرایمە، ئەدی ئۆ ئەو نەچووە، تۆپە قوماش و دیناریێ زێڕ و لۆ بینی؟!

گۆتیان میرشوجاعی ئەو قوماش و پارەی لەکێ پێ پێیابی، گۆتیان مەلیکێ شامێ لەکێ و میرشوجاع لەکێ.

گورچەهرەی چەندی هیناو برد، چ فایدەی نەبوو.

نا عیلاج وەگە مەلیك موحسینی کەت، دەگەی چووە وراتی شامێ، بەرا ئەنگوستیلێ خۆی وە کێرکەری داوە، گۆتی ئەگە میرشوجاع هاتۆ ئەو ئەنگوستیلەی بە نیشانە وێ دۆ، برێ گورچەهرەت لە وراتی شامێ ئینتیزارەکە، باخۆ گیر نەکا، زووم وەدووڕابێ.

میرشوجاع بەخۆ و بە دووسەت تۆپە قوماش و دووهەزار دیناریێ زێڕ هاتۆ، چووە ماریێ مامی، گۆتی مامۆژن، ئەوی ئەتوو گۆتبوو، ئەمن هەمووم دووقات لۆ هینای.

ئەجە مامۆژنێ بە قەستی دەستی بە فنکەفنکێ کرد، گۆتی ئەدی گورچەهرەن لێ نەمرد؟!

کچێ مامۆژن ئۆ ئەتوو چاریێ؟!

میرشوجاع لەتاوان لەخۆ چوو.

وکی وەخۆیان هیناوە، تاقەتێ چ قسانی نەمابوو، گۆتییە بەشارەتی بمگەینۆ مارێ. لەمارێ وەختبوو بمری، بەشارەتی هاتە کنێ گۆتی ئۆ کێرکەرێ گورچەهرەی هاتیە ئەرێ ئیشم بە میرشوجاعییە.

گۆتی بابێ. وکی کێرکەری بەو نەوعەی میرشوجاع دی، گۆتی ئۆلۆوهەت لەخۆ کردییە، خۆ گورچەهرە نەمردییە.

گۆتی کوو نەمردیە؟

گۆتی ئۆ داك بو بابی خەبەرێ گورچەهرەت لێ شێرنۆ، گۆتی گورچەهرێیان بەمێرد دێیا.

میرشوجاع وکی شێرەکی بریندار، لەجێ خۆ دەرپەڕی، گۆتی دایتیانەکێ؟

ئەجە کێرکەری ئەنگوستیلێ گورچەهرەی بە نیشان وە میرشوجاعی داوە، گۆتی خۆ گیرمەکە، ئۆ لە وراتی شامێ چاوی لەڕێ تووە، گۆتی دایتیانە موحسین پاشێیا شامێ.

میرشوجاع بە خەنجەرێی تاودا مارێ مامی، لەترسانیان دەرکە لەسەخۆ گارەدا، هەزا جوونی دانێ، گۆتی ئەمن میرشوجاع نەبم، ئەگە بەدەستێ خۆ و پارچە پارچە نەکەم، ئۆ ئیشە ئەنگۆ دەگەمنوو کردییە، بەس گۆتی بابچم سەرێ میر موحسینی و لۆ بینمۆ، ئەجە سرێ نگۆش دادێ.

بەخۆ و بەبەشارەتی ملێ ڕێیان گرت، پارە و زێڕەکی باشیشیان دەگە خۆ برد.

لەو دەشت وسەحرێیای بەتاقی تەنێ دەرێی دابوون، نێیانەزانی چەندی چووینە چەندییان مێیا، ئەوان فکریان هە لەکن گورچەهرە و موحسین پاشای بوو، زەینیان لە دەوروبەرێ خۆ نەبوو، هە ئۆندێیان زانی، ڕێگران دەورگرتن.

ئەوانیش هەند ماندی بوون، چ تاقەتیان دەبە نەمابوو، وەر حاسر باری ڕێگرەکانیان نەبرد، هەموو قالبیان کردنە برین، دەناو خینێ خۆیان گەوزاندن،

ئەجە هەردووکیان لەو سەحرێیای بەجێ هێشتن و هەموو زێڕو پارەو ئەسپ و سیلاحیان بردن.

ئەگە ڕۆژەك بوو ئەگە دوو ڕۆژ بوو، کەلەشیان لەوێ کەتبوو، بە ئەمرێ خوای موحسین پاشا ئەو ڕۆژی لۆ ڕاوێ هاتبووەوێ، وکی لەدووری دوو کەلەشی دیتن، گۆتی دەبی ئۆ چ بن، وکی چوو دیتی ئۆ دوو زەلامن، وەیزانی مردینە، بەرا وکی هەریانگرتنۆ، زانیان ڕوحیان دەبە مێیا.

موحسین پاشای گۆ بیانبەنۆ، حەکیمانیان بیننە سەرێ.

وکی هێوارێ چۆوە، گۆتیە گور چەهرەی، ئەورۆ دوو زەلامی بریندارن لە سەحرای دیتینۆ، ئەجە بەخۆ خواردن و ئاوێیان لۆ حازرکە.

گۆتی باشە.

هەموو ڕۆژێ گورچەهرە سێ جەمەی نان لۆ حازرەکردن، بەخورامانی لۆ ناردن.

مانگەکیان پێچوو، ئەجە وکی چابوونۆ، لە خورامەکێیان پرسی، گۆتیان ئەرێ ئەو پیاوە کییە، هەندەی خزمەتێمەکردیە، نەیهێشت ئەمە بمرین؟!

گۆتی ئۆ موحسین پاشێیا، پاشێیا وراتی شامێیە، ئۆ مانگەکیشە گورچەهرە سێ جەمە بەخۆ و نان و لۆ حازرەکە. ئەجە میرشوجاعی گۆ، ئەمە ئۆ گەیشتینە، مەخسەدێ خۆ، بەس کوویان خۆ لێ ئشکراکەین؟!!

بەشارەتی گۆ، ئەدی ئەتو ئەنگوستیلێ گورچەهرەت وێ نییە؟

گۆتی ئەجە چییە؟

گۆتی وکی ئەو جارەی نانیان هینا، ئەنگوستیلەی لۆ دەبن سێنییەکی بنێ، وکی گورچەهرەی ئەنگوستیلەی دیتۆ، ئەزانی ئەتوو لێرەی.

وکی ئەوڕۆژی نانیان لۆهات، میرشوجاعی ئەنگوستیلەی لۆ لەبن سێنییەکی دانا.

وکــی گورچــەهرە چــووە زگ ســنییێ خــواردنێ، ئەنگوســتیلێ خــۆی ناســیۆ، لەخۆشیانی ئاگا لێنەبوو، چیڕژنی لێوەهات.

پاشای غاردا، گۆتی چت لێهات  گورچەهرە؟

گۆتی چم لێنەهات، ئۆ لەخۆشیانم چیڕژن لێدا، گـۆتی ئـۆ ئەنگوسـتیلێ منـە، پێشی دەگەتوو بێم لۆم بەجێ هێشت، هەتا وەدووم ڕابێ.

گۆتی مەخسەدت چییە؟

گۆتی ئێك لەو دووانە میر شوجاعە.

گۆتی وهە نابی، گۆتی ئەمنەچم لێیان وێکەوم، نەکو ئەوانە ئەنگوستیلێیان لـە میرشوجاعی بردبی.

ئەجە پاشا بەخۆیان چووە کنێ، بە پێکەنینی گۆتنێ، ئەلحەملای ئۆ چـابووینۆ، ئەجە نۆبەتێ قسێ خۆشە.

پاشای تێری قسێ خۆش دەگە کردن، ئاخیری گۆتی، ئەنگۆ کێنە، لەچاگەڕێن؟

میرشوجاعی گۆتی ئەمن وەدوو دەزگیرانێ خـۆ ڕا هاتیمـە، ئـەوەش بەشـارەتە خورامێ منە، بەرا لەبرێیاکی لەپێشترە.

موحسین شای گۆ، دەزگیرانێ توو کییە؟

گۆتی ناوی گورچەهرێیە.

موحسین پاشای گۆ یاخوە بـەخێر بێـی مـیر شـوجاع، گورچـەهرە لەکنەمنـە، بەخوشکێ خۆم حسێب کردیە.

گۆتی کوو وێیە، ئەدی ئەتوو نەتخواستییە؟!

گۆتی روێ سەلیمی ڕەش بی، وکی ئەمنی چـوومە داخـوازیێ کیـژێی، نـەیگۆ دەزگیراندارە، هە ئێکسەر پێشکێشی کردم، وکی گواستمۆ، گورچەهرە، گریا گۆتی دەستم لێ مەدە ئەمن دەزگیراندارم، گۆتی ئەمیش لە هەنگیوە، بە خوشـکێ خـۆم

دانێیا،هەنکوەش ئەمن گورچەهرەت لۆ تەراقەدەم، ئەتوو دەزگیرانیٚ خۆ ببۆ.

میرشوجاعی گۆتە موحسین پاشای، گۆتی ئەشەدوبیللا ئەتوو لەمن پیاوتری، گورچەهرە قابیلی تووە، سیٚ بەسیٚ گورچەهرەی لۆ موحسین پاشای تەراقدا، گۆتی ئیٚ ئەتوو لۆ گورچەهرەی پیٚ کریٚ، بەمن ناکریٚ، ئەمن سوندم خواردییە، دەبی بچمۆ داك و بابانی پارچە پارچە کەم، ئەجە گورچەهرە کوەتانی دەگە قاتیلیٚ داك و بابیٚ خۆ بە درەکی خۆش بژی.

بە خۆ بە بەشارەتی گەڕانۆ.

میرشوجاعی دنیا لەبەچاوی تاریك بوو، وکی لە مەملەکەتیٚ خۆ نزیك بوونۆ، لێیاندا سە کانی و ئاوەکی. میر شوجاعی دەستنوێژەکی هەگرت، دوو رکاتە نوێژی کردن، لە خوای پاڕاوە، گۆتی یاڕەبی، لۆخاتری گەورەییٚ خۆ، لۆخۆم بەیۆ، گۆتی با دەستم بە خینیٚ مام و مامۆژنیٚ خۆ سۆرنەبی، گۆتی تازە ئەمن چ درم بە دنێیا وە نەمێیا، ئەجە گۆتی خوێیا بەس ئەو دوعێیام لیٚ قبوورکەی هەنکوەم لۆخۆببەیۆ.

دووعای قبوور بوو، میر شوجاع لەسە نوێژیٚ کەلەواژی بۆ.

هەتا بەشارەتی غاردایی، روحی دابوو.

ئەجە ما بەشارەت، خۆریٚ بەسەخۆ داکە، لەتاو میرشوجاعی، هەندی لەخۆدا، هەموو سەرو گێلاکی دەخینیٚ وەرچوون، ئەجە هەستا، میرشوجاعی شووشت و کفنی کرد، قەبری لۆ لێدا و شاردیۆ.

سیٚ شەو و سیٚ ڕۆژانی لەسەقەبری بوو.

ئاخیری خەبەر گەیۆ سەلیمی، گۆتیان میر شوجاع مردییە و قەبری لەفلانە جێیە، ئەجە وکی سەلیم چوو، بەشارەتی هەموو ئشت لۆ گێڕاوۆ، سەلیم لە شەرمەزاریانی سەت تف لەخۆکرد.

هەند پشێمان نەبۆ کەس بزانی، ئەجە سالمی برێیاخۆی وەبیرهاتۆ، ما شینیٚ لۆ

سالمی و لۆ میرشوجاعی بکا، گۆتی ئەجە ئەمن بەچ چاو و ڕووەکی بچمۆ ناو خەرکی، گۆتی بەچ چاو و ڕووەکی لە حزوور خوای ڕاوەستم، چ جوابیٚ سالمی برا بدەمۆ.. وکی شێتانی لێهات.

هەتا هەقێیات تەواو بوو، دیسانیان درەنگ لێداهات، دیسان پیرەژن بەهەناسە ساردی چۆوە.

بەو نەوعەی تووتییٚ چل ڕۆژی ژنیٚ خواجەی بە هەقێیاتان ڕاگرت.

ڕۆژیٚ چل و ئێکی، ژنەکەی دیسان چارۆگ هاویتۆ سەرەخۆ، وەگە پیرەژنیٚ بکەوی، تووتییٚ گۆ، ئەمن ئۆ چل ڕۆژە هەقێیات نەما لۆت نەکەم، ئەتوو لەوگێت نەچووەو گێی؟

لیٚ فێرە بڕەکی ئاقری نەبووی؟

گۆتی هەنکوەش هە دەتویٚ وەگە ئەو پیرەژنە توڕەهاتەی کەوی، گۆتی ئەگە خەمیٚ حێیا خۆت نییە، بڕەکت خەمیٚ حێیا مێردیٚ خۆ بی ..

پیرەژنیٚ دەستیٚ ژنیٚ ڕاکێشا، گۆتی وەرە گێی مەدیٚ.

لەدەرکیٚ تووشی توجاڕی بوون، گۆتی ئۆ کێواچن؟!

دەویان تێکارا، گەڕانۆ ژۆریٚ.

توجاڕی گۆ قسێم لۆبکەن.

تووتییٚ گۆ ئەمنت قسیٚ لۆکەم، ئەجە هوورد و درشتی لۆ توجاڕی گێڕانۆ، گۆتی ئۆ ئەمن چل ڕۆژیم ڕاگرتییە، هەنکوەش ئەتوو کەیفیٚ خۆیتت.

توجاڕی چ لەژنیٚ و لە پیرەژنیٚ نەپرسی، هەری کێشا خەنجەریٚ و هەردووکی کوشتن. ئەجە چوو نێرەکی لۆ تووتییٚ کڕیۆ، هەتا مرد ژنی نەینانۆ.

ئەمیش لەوسەری هاتمۆ، کارەکم دڕاو چم پیٚ نەبڕا.

# دەرکا ڕەحمەتآ

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو، کەس لە خۆشەویستی نازدارتر نەبوو.

وارێن زەمانەکی زوو بێوەژنەك هەبوو، سێ کیژۆرەی پارچەرەی هەبوون، ئێ گەورەی هەشت نۆ سارییەبوو. ژنێ بەستەزمان چەندییەکرد و ئەکۆشا وەبە ڕاناگەیشت، بە زگەکی تێر بە دووان برسی، ڕووت و ڕەجار، وەرحاسر گەلەك فەقیر و بێکەس بوون. ئەو ژنەی بەس ئێك دواعەیەکرد، هە ئەیگۆ خوێیا دەرکەکی ڕەحەتێن لێ بکەیۆ.

ڕۆژەکی کیژێ گەورە گۆتییە داکێ خۆ، ئەتوون هەندەك بەنی لۆ پێیاکە، ئەمەت لۆکەینە بەڕ.

بەهەر نەوعەکی بوو داکەکەی هەندەك بەنی لۆ کیژەکان پێیاکرد، ئەوانیش بە دووسێ ڕۆژان لۆیان کردە بەڕەکی جوان، ئەجە گۆتیان هەندەك بەنن لۆ پێبکرۆ، ئەوی ماوە لۆن بە دۆشاودە.

داکەکەی وکی بەڕی بردە بازاڕی، هەندیان پێ جوان بوو، هەندی دەمێی فرۆت. چوو هەندەك بەنی ڕەنگاوڕەنی پێکڕی، بۆندێ ماوەش چوو، کوندە دۆشاوەکی گچکەی پێ کڕی و چۆوە مارێ.

بەو نەوعەی هەموو چار پێنج ڕۆژ جارەکی، بەڕەکییانەفرۆت، بڕەك حاریان باشتر بوو، کیژەکانیش هەر جاری بەڕەکی جوانتریان دروستەکرد. وەیلێهات عالەمەکە بەعەزرەت بوو هەتا بەڕ دەهاتە بازاڕی، لە هەوای هەرەگیرا.

توجارەکی جوولەکە هەبوو، فکری کـردۆ گـۆتی بەهـەر نەوعـەکی بـی ئـەمن خۆبگەینمە ئەو کیژانە باشە.

ڕۆژەکی وکی ژنەکە لەبازاڕی گەڕاوۆ ماریێ، کابرای جوولەکەی وەدووڕاچوو.

لەدەرکەیدا، گۆتی لەنۆپاش ئەنگۆ ئەو بەڕانە مەبەنە بازاڕی، ئەمنوو دوقات و هەقییەدەمیێ. بەس گۆتی دەبی ماریێ خۆ لێرەبارکەن وەبی کەس و نێتە سە سەری لۆ بەڕو مەڕان.

ژنەکەی گۆ بچینە کێندەر.

کابرای جوو گۆ ئەمن خانییەکی بەتارم هێیە، گەلەك لێرە خۆشتر و گەورەترە.

کیژەکان خەنی بوون، گۆتیانە داکێ خۆ ئەجە چییە با ماریێ خۆ بارکەین.

ماریان گواستۆ و بەڕیان بەس لۆ جووی دروستەکردن. جووش وکی دە پازدە بەڕ خڕەبوونۆ، ئەچوو لە مەملەکەتانی بە پارەکی گەلەك زۆر ئەفرۆت.

لە مەلەکەتەکی پاشای بانگی جووی کرد، گۆتی ئەو تەونکەرانەم لۆبینـە ئێـرە با مافوورەکی ئێك بە قەسرێم لۆ دروستکەن، جووی چەندی بردی و هینای، پاشای گۆ چەندی برێی ئەتدەمیێ. جوو لەخۆشییێ پـارەی چـۆوە کـن داك و کیـژان، حـارو مەسەلەی لۆ گێرانۆ. کیژەکان خەنی بوون، گۆتیانە داکێ خۆ ئەتووشن دەگە وەرە.

چوون لە قەسرێ بە هەمانیان مل دەبە مافووری نا.

خواردنەکی باشیانەدانیێ، پاگژ و خـاوین ببونـۆ، کیـژەکان ئێـك لێکـی جـوانتر ببوون. خوای دەرکێ ڕەحمەتێ لێکردبوونـۆ، کـوڕێ پاشـای تـەماحی چـووە کیـژێ ناوەنجی، دوێدیش هە ئێکی ئاشقی کوڕە وزیرەکی ببوون.

هێشـتا مـافوور تـەواو نـەببوو وکـی داخوازیکـەرێ هەرسـێکان هـاتن. بـە هەرسێکانیان مافوور بەتەمای داکێ بەجێهێشت ..

جووش لۆ پاریێ خۆ هە دەهاتوە چوو.

ئەمیش کارەکم دڕا و چم پێنەبڕا.

# موبارەك

هـەبوو نـەبوو کـەس لـەخوای گـەورەتر نـەبوو، کـەس لـە پێغەمبـەری خۆشەویستتر نەبوو، ئەگێڕنۆوەرێن، کـوڕەکی جـوان و جحێـر هـەبوو، لـۆ خـۆ لـە ئیشییەگەڕا.

پیاوەکی دەورەمەندی لیٚ ڕاست هات، گۆتی ئەتوو ناوت چییە؟

گۆتی ناوم موبارەکە.

گۆتی لە دموچاوانڕا موبارەك دیاری، گۆتی ئەگە پێتخۆش بی، وەرە لەکنەمن خزمەتیٚ ڕەز و باخچێم لۆ بکە.

موبارەکی گۆ مەمنونیشم.

وکی کابرای دەورەمەند باخچەی پێشانی موبارەکی دا، گـۆتی ئیشـت ئەوێیـە، دار و باری خاوین کەیۆ، بنیان بکێری و ئاویان دەی، وەرحاسـر گـۆتی بـەجوانییان خزمەتیٚ بکە.

موبارەکی گۆ: خەمت نەبی، بەباشیان خزمەتیێەکەم.

ئەو بەروباخچە، بەدەستیٚ موبارەکی بەرەکەتی کەتیٚ، ڕسـقەکی گەلـەك زۆر و گەلەك جوانی هەبوو، کابرای دەورەمەند گەلەکی کەیف بە باخچیٚ خۆ دەهات.

موبارەکیش ئەنواع و ئەشکال بنەداری لیێچاندبوو.

ڕۆژەکی کابرای دەورەمەنـد مێـوانی هـاتن، بـانگی موبـارەکی کـرد، وەختـی هەناران بوو، گۆتی موبارەك کوڕم بڕۆ هەندەك هەناری جوانن لـۆ بینـە. موبـارەك

چوو، کیهە هەنار جوان بوو لێیکردنۆ، بردی لە پێش مێوانانی دانان.
کابرای گۆتە مێوانان بسمیللای لێبکەن.
هە ئێکی دەستیدا هەنارەکی، وکی ئێك دوو دنکیان خواردن، ئێهەندەکان شیرن و ئێهەندەکان ترش دەرچوون، کابرای بانگی موبارەکی کردۆ، گۆتی کورم موبارەك هەندەك هەناری شیرنن لۆ بینە، لۆ خواردنێیتن، ئەتوو کیهە هەنار ترشە ئەوت لۆمە هینایینە.
موبارەك ئەو جارەی کۆمەرە هەنارەکی دیکەی هینان، عەینی شت، کەس نازانی کیهە شیرنە، کیهە ترش. نێیانەزانی دەست لۆکیهەی ببەن.
کابرا توورەبوو، گۆتی کورم ئەتوو هەناریٚ ترش و هەناریٚ شیرن لێك ناکەیۆ، گۆتی ئۆ سیٚ سارە دەو باخچەی دای، هێشتا نزانی کیهە بنی هەنار شیرنن.
موبارەکی گۆ، نا بەخوای نزانم. کابرای موبارەکی زۆر خۆشدەیست، ئەیزانی کورەکی نەرمۆکێیە، ئەشیزانی بەقەستی وەناکە، گۆتی کورم ئەدی ئەتوو چاکەی لەناو ئەوباخچیٚ من؟!
موبارەکی گۆ: وکی ئەتوو ئەمنت هیناو باخچەت تەسلیم کردم، گۆتت، دار و باری خاوین کۆ، بنیان بکێرە، ئاویان دە، بەس نەتگۆ، ئەگە لێشت خوارد گەردەنت ئازابی.
گۆتی یەعنی ئەتوو هەتا هەنکوە، سیٚ سارە، هەنارەکت نەخواردییە؟!
گۆتی هەنارم خواردیە، بەس هەناریٚ باخچیٚ تووم نەخواردییە.
گۆتی: ئۆ مەعنای چییە؟
گۆتی وکی درمەچووە هەناریٚ، بە پاریٚ خۆ هەنارم لە باخچیٚ جیرانییەکرین.
کابرای دەورەمەند لەپێش جیرانان گەلەك بەسەخۆ داشکاوە، ئەجە گۆتی کورم ئۆ ئیشە ئەتوو کردیتت، با ئەمیش وەنەگۆتبا، ما ئەگە خواردبات، ئەمن

چمەگۆتییێ، خۆم لێ توڕاکردی؟ دەرمەکردی!؟.

موبارەکی گۆ: خۆ ئەمن لەترسێ تووە نییە نەمخواردیە، ئەمن لەترسێ خوای نەوێرایمە دەست لۆ دنکە هەنارەکیش بەم.

کابرای گەلەکی شەرم لەخۆ کێشانۆ..

ئەوانی لەوێ مێوان بوون، ئەی گۆتیان یاڕەبی شیرێ داکێ خۆت لێ حەرار بی پیاو، چما ئەو نەوعە کەسانە ماینە؟!

وکی موبارەك چووە دەرێ، لە وانی وێندەر، هەندەکی زۆر دەورەمەندییان تێدابوون، ئەویە گۆتە کابرای دەبی موبارەکی بدەیە من، ئێدییەگۆ ناوەلا دەبی بیدێیە من.. کابرای هەندەی دیی در پێ خۆش ببوو، گۆتی: ئەجە لۆچییەدەمەنگۆ.

کابرای دەورەمەند وکی مێوانی ڕۆیشتن، بانگی موبارەکی کردۆ، گۆتی: موبارەك کوڕم ئەتوو ئۆلۆ لەك مێوانانت ئەمن دەشەرم وەبردۆ؟!

موبارەکی گۆ: مەخسەدم ئەتوو نەبوو، بەرا ئیشەکە ئوهەبوو.

گۆتی: ئەزانی ئەو مێوانانە کێ بوون؟

گۆتی: ناوەلا نەمزانی.

گۆتی: ئەدی نەتزانی لۆ چ هاتبوون؟

گۆتی: ناوەللا.

گۆتی: ئۆ هاتبوونە داخوازیێ کیژێ من.

ئێ گۆتی چ قەیدییە، خوا ڕێی ڕۆن کا.

گۆتی: موبارەك ئەتوو مادام سێ سارە، لەترسێ خوات دەست لۆ هەنارەکی نەبردییە، لەترسێ ئەو خوێیاش قسەکی ڕاستم لۆ بکە، بزانم کیژێ خۆیان بدەمێ یان نا.

گۆتی: وەلاهی ئەوی ئەمن لیێ بزانم، جووان چاو لە مـار و پارێیـە وکـی کیـژیێ بەمێردەدەن، دیانـان مەخسـەدیان جوانییـە، عارەبـانیش مـەراقیان عەشـیرەت و حەسەب و نەسەبە، بەرا ئەگە پیاو موسرمانەکی ڕاست بی و مەخسەدی خوا بـی، چاوی لە کەسەکی بە دین و بە تەقوێیا.

کابرای گۆ: ئەلحەملای ئەمەش موسرمانین، مەخسەدیشم خوێیـا، لـۆییێ ئـەمن کیژیێ خۆ دەمە ئێکی بەدین و بە تەقوا.

موبارەکی گۆ: مادام وێیە لێیان سوئال کە ئەگە کوڕەکە بە دین و بە تـەقوابوو بیان دیێ.

گۆتی: ناوەلا سـوئالی نـاویێ، ئـەمن لـەتووم بـە تـەقواتر و بـەدینتر وەدەسـت ناکەوی، ئەمنت کیژیێ خۆ پێشکێشەکەم.

موبارەکی لەشەرمانی سەر دەبەخۆ ناوە، گۆتی: پیاوی چابە، ئەمن چمە، ئەمن خورامەکی توومە، ئەتوو پیاوەکی دەورەمەند، ئەمن چم هێیە؟

کوڕە گۆتی ئەدی تازەت بە خۆ نەگۆ، موسرمانی چاو لـە دەورەمەنـدییێ و لـە حەسەب و نەسەبی نییە!؟

گۆتی: بەریێ وەللا.

گۆتییێ : موبارەك، قسیێ تووم گەلەك ڕالێیە، دەورەمەندی ئیمتیحانیێ خوێیـا و جوانی هەتا سـەری لۆکـەس نییـە،  حەسـەب و نەسـەبیش بـە ئشـتەکی گچـکە پیسەبی، ئەوی ئەمینێتۆ دینە، دەجە ناویێ خوای لێبینە و چیدی خۆ مەگرخینە..

موبارەکی بی، موبارەکی کیژیێ کابرای مارەکرد..

ئەوی لەخوای خافرە، کافرە..

# هەقیێاتیێ کورە کەچەری

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو، کەس لە پێغەمبەری نـازدارتر نەبوو، کەس لە عەبدی درۆزن ڕووڕەشتر نەبوو.

ئەگێڕنۆ، زەمانەکی زوو، کابرێیاکی جۆرا هەبوو، لە داری دنێیا تاقـە کـورەکی هەبوو، ئەویش کەچەر بوو. جۆرای کورەکە دەگەخۆ ئیش پێ کـرد، بـەرا چ خێـری نەبوو، بابی کوویەگۆ، ئەوی بە عەکسی وییەکرد.

پاش بەینەکی ئەگە لە حەیفێ کوڕی بوو، ئەگە بەمردنێ خۆ بوو، کابرای جۆرا، ئەمرێ هەقی بەجێهینا.

کـــورە کەچـــەری داری لەســـە بـــەردی دانانـــا، پـــاش بەینـــەکی، داکیشـــی بەخەمانوەکوشت.

کورە کەچەر بەرەلای ئەو دنێیای بوو، لەو شاری لۆو شاری، لەو مەملەکەتی لۆ و مەملەکەتی.

کـــورە کەچـــەری فەرخـــە مەیموونـــەکی لـــەو هیندســـتانەی دەگـــەخۆ هینـــابوو، تیرەمارەکی بۆرەشی هەموو دەمێی دەباغەرێ دابوو.

ڕۆژەکی ڕێی کەتە وراتەکی، دیتی ئۆ خەرك خـڕ بوویتـۆ، دەنگـو دۆر لێـدرێ، وارێن پاشای ئەنگوستیلەکی لێ بزر بووە، ئەوی دیتیۆ، پاشا خەراتییەکە.

کورە کەچەری کەیفی بـەو حـارەی دەهـات، گـۆتی هـەتا ئـەو ئەنگوسـتیلەی نەبینمۆ ئێرە بەجێ نێیارم.

وکی شەو داهات، مەیموونی ناردە لێیاکی و ماریشی ناردە لێیـاکی و بـەخۆش

چووە لێیاکی، هەئێکی بەجوودای لە ئەنگوستیلێ نۆڕی. چەند ڕۆژان بەو نەوعــەی گەڕان چ فایدەی نەبوو.

کوڕە کەچەری گۆتە مەیموون و ماری، ئەنگوستیلێ پاشای بزر نەبووە، هــەبی و نەبی دزرێیا.

گۆتیان ئەجە کوو بزانین کێ دزییە؟

مەیموونەکەی گۆ ئەمنەچمۆ مەیموونێ هیندستانێ هەمان دەینم.

ماریش گۆ ئەمیشەچم چ مار هەنە هەمان دەینم.

وکی مەیموون و مار خڕ بوونۆ، کوڕەکەچەری هــەئێکی ناردنــە جێیــەکی، مــار نەما مارەك و مەیموونەکی وەبە نەکەوی.

کون و قوژبن، بوخچە و تێلەگە نەمان نەکۆرنۆ.

مەیموونەك بە هانەهان هات، گۆتییە کوڕە کەچەری ئەمن ئەنگوستیلەم دیتۆ.

گۆتی لە کێندەرە؟!

گۆتی لە فلان ماری کابرێیاك ئەنگوستیلەی دەناو کونە کەپوێ خۆ نێیا.

کوڕە کەچەری وکی مارەکەی دیتۆ، گۆتیە مەیموون و ماران، ئەنگۆ هــە ئێکــی بگەڕێتۆ مەملەکەتێ خۆ.

ئەجە گۆتییە مەیموون و مارێ خۆ، هەستن بابچینە مارێ کابرای.

وکی چوون، دیتیان کابرا لە ژۆرێ خۆ گۆڕی، وکی کراوی لەسەری نا، کابرا بــزر بوو، هە ئۆندێیان دیت دەرکە کراوە و پێوە دراوە. چیدیان نەدیت.

کوڕە کەچەری گۆتە مەیموون و ماری، لێرە نارۆین هەتا کابرا دێتۆ.

هە ئۆندێیان زانی دەرکە بۆوە و پێوەدراوە، ئەجە چاویاندایێ کابرای کراو دەنــاو باولی ناوە، ئەنگوستیلەی بادا، دێوەك پێیابوو. کابرای گۆتە دێوێ سنیە کەبابــەکم لۆ بینە، دەگە دەسمەنجەرە دۆیەکی.

دێویٚ هەندی دەمیٚ سنییە کەباب و دەسمەنجەریٚ دۆی لە پێش کابرای دانا.

کوڕە کەچەر لۆ کەبابی شێت بوو، هەندی برسی بوو، بەرا خۆی کڕ کرد، هەتا کابرا وەختی خەوێی هات، ئەنگوستیلەی دە کونە کەپویٚ خۆ نا. وکی پرخە پرخی وێکەت، کوڕە کەچەری پێشی هەموو ئشتی کراوی لیٚ دزی لەسەریٚ خۆی نا، ئەجە دەستی لۆ کونە کەپویٚ کابرای برد، ئەنگوستیلیٚ دەرینی، کابرا واگا هات، بەرا کەسی نەدیت، دەستی دەکوونە کەپویٚ خۆ نا، ئەنگوستیلە مابوو، خەوی لیٚ کەتۆ.

ماری گۆتە کوڕە کەچەری ئەنگۆ هەڕوونە دەریٚ، ئەمن ئەنگوستیلێی لە کەپووی دەردینم.

ماری لیٚ چووە پێش، کلکیٚ خۆی بردە ناو کونە کەپویٚ کابرای دە ئەنگوستیلیٚ نا، کابرا پیرکژی، دەگە پیرکژینیٚ کابرای، ئەنگوستیلە هتا ناوقەدیٚ ماری گیر نەبوو. مار خشی و لەبن دەرکەی ئاودیو بوو.

وکی کابرای زانی ئەنگوستیلەی لیٚ دزرا، لە ناو نوینان ڕاپەڕی. کەچەری زوو پڕدا ماری و بە ئەنگوستیلۆوە، دەباغەرێی نا.

کوڕە کەچەر هەرات، وکی کابرا هاتە دەریٚ، دیتی ئۆ مەیموونەك هەردیٚ، ئەوی لەبە کراوی کوڕە کەچەر نادیت. هەندی سەرادووی نا، نەگەیشتۆ مەیموونیٚ.

وکی وەدوور کەتنۆ، کوڕە کەچەری هەندی برسی بوو، گۆتی با پێشی هەموو ئشتی سنییە کەبابەکی بە دێویٚ بینم، ئەنگوستیلەی بادا، دێو پێیابوو، کوڕە کەچەری گۆ سنییە کەبابەك و دەسمەنجەرە دۆیەکم لۆ بینە. دێویٚ هەق نییە، کیٚ واریٚ و چییەرێنیٚ، چیان پێگۆ، ئەو ئەوهاکە. نەیگۆ ئەدی تازەم سنییە کەباب و دەسمەنحەرە دۆ نەینێیا. هەندی دەمێی سنیە کەباب و دەسمەنحەرە دۆی لەبەریٚ کوڕەکەچەری دانا.

بە خۆ و بە مەیموون و ماری کەتنە سە کەبابی، هەتا تێر و پڕیان خوارد.

ئەجە گۆتی با ئەنگوستیلێ لۆ پاشی ببەمۆ.

وکی گەیشتنە قەسرێ پاشای ڕۆژ هەراتبوو. کەچەری گۆتە مەیموونی ئەتوو لەدەرێم ئینتیزار کە. بەخۆش ماری دەباغەرێ نا، چووە ك حەڕەسان، گۆتی ئەمنەزانم ئەنگوستیلێ پاشای لەکێیە.

حەڕەسان گۆ بەمە برێ، ئەمە بە پاشێیارێن.

کەچەری گۆ: ئەمن بە پاشای نەبی بەکەس نارێم، ئەگە ڕێشم نادەن هەتا بگەڕێمۆ.

کوڕە گۆتیان گەڕانەوێ چ، ما پاشا بزانیتۆ بە زندیێ چاوانن کەور ناکە، بەس گۆتیان لە خەراتێ وەرەگری چاوەکیشت لەمەبی.

گۆتی: خەموو نەبی.

لە ژۆرێ وزیر و گزیرانیش هە ئێکی ئەگۆ بە مەبرێ ئەمە بە پاشایەرێن، کەچەریشە گۆ، بەپاشای نەبی بەکەس نارێم.

مەجبوور بوون بردیانە ك پاشای، وکی پاشا لە هۆدێ خۆ هاتە دەرێ، چاوی وەکەچەری کەت، وە چ ناچوو، گۆتی ئەگە جێ ئەنگوستیلێم پێشاندەی بە ماری دنیێیات خەنییەکەم.

کەچەری ئەنگوستیلەی لەبەریێ دەرینا، گۆتی ئۆتتە ئەنگوستیلێ توو.

وکی پاشای چاو وە ئەنگوستیلێ کەت، خەنی بوو، گۆتی بیبەنە ك وزیری، گۆتی، ئەو کوڕەی چەندی ویست بیدەنێ.

وکی پاشای خۆ گۆڕی، هاتە دیوەخانێ، وزیری کەچەر دەگە خۆ برد، لە ك پێراوانیان ڕاگرت، وزیر چوو سەری دەبن گێ پاشای نا، هەندەك پستە پستی دەگە کرد، ئەجە پاشای بانگی جەللادی کرد، گۆتی سەرێ ئەو مندارەم لۆ پەلدەن.

جەلاد ڕوو بووە بن هەنگرێ کەچەری، ڕایکێشا دەرێ، مار لە باغەرێ کەچەری هاتە دەرێ خۆی دەملێ جەللادی وەرینا، جەللادی لە ترسان دەستی لە کەچەری بەردان، کەچەری کراو لەباغەرێ دەرینا، لەسەری نا، ئەجە ماری دەباغەرێ نا، کەس نەزانی کەچەر کێوە چوو.

جەللاد لەترسێ پاشای نەوێرا قسێ بکە، پاش دەمەکی هاتۆ ك پاشای، گۆتی پاشام خۆش بی، ئەمرم بە جێ هینای، بێ خەم بە.

کەچەر بە غاردان لە قەسرێ هاتە دەرێ، ئەولا مەیموون ئەولا مەیموون، مەیموون دیار نەیوو.

هەتا هێوارێیان لە مەیموونی نۆڕی، چ سەر و سۆراغیان نەزانین. پاش دوو ڕۆژان، کوڕە گۆتیان ئەمە هەموو شاری گەڕاین، فکرن لۆ ماریێ کابرای دز نەچووە. وکی چوون کابرای ئۆ مەیموونی لەدارەکی بەستیتۆ، هەموو قالبی داغ کردییە. کابرا هەرەرێ کا ئەنگوستیلە، مەیموونیش دەنگێ ناکا.

کەچەری کراوی لەسەری نا، دەستی دا داغی و داغەکی بەچاوێ کابرای وەنا، کابرای دز لە تاوێ چاوێ خۆ، ئاگا لە چ نەما، کەچەری مەیموونی لە دارێ کردۆ، هاویتییە سەپشتێ خۆ، لە کاولە خانییەکی مانۆ هەتا مەیموون چا بۆ.

گۆتی ئەجە تەکبیر چنە، ئەمە کوو تۆرێ خۆ لە پاشای بکەینۆ؟!

کەچەری گۆتە مەیموونێ، ئەمن بەخۆ و بەمارییە چمۆ قەسرێ، دەبی ئەتوو لەدەرێن ئینیزار کەی.

مەیموونی گۆ ئەمیش دێم.

ئەبی .. نابی ئاخیری کەچەری گۆ باشە بەس دەبی لەپشت دەرکەی بچیە سەدارەکی، هەتا ئەمە دێنۆ بانگتەکەین.

گۆتی: باشە.

کەچەری کراو لەسەری نا، دەستێ مەیموونێشی گرتبوو، هەتا قافلێ توجارەکی هات، وکی دەرکێیان کردۆ، خۆیان وەگە قافلەی نا، حەرەسان وێیانزانی مەیموون دەگە قافلەی دێیا، خۆیان تێ نەگێیاند.

ئەجە کەچەری دارەك پێشانی مەیموونێ دا، گۆتی برۆ سە ئەو دارەی، هەتا ئەمە نێینۆ، لەجێ خۆ نەبزووی.

کەچەر چۆ پێش هۆدێ پاشای، دەستی دا دەرکەی، دەرکە قەپات بوو، ئەولا پاشا ئەولا پاشا، پاشا دەگە دار ودەستێ خۆ چووبووە ڕاوێ.

کەچەری گۆ مادام هەوێیە، لۆخۆ برەکی تەماشێ قەسرێ بکەم، ئەگە ئشتەکیشم کەتە بەدەستی ببەم، خۆ ئەمە چ پارەن وێنییە، مردین هەندی هیشکە نانان بدزین.

کەچەری سەر بەسە هۆدەکی داگرت، دیتی ئۆ کۆمەرە کێرکەرەك دەوریان لە کیژێ پاشای دێیا، ئێك پرچی دادینی، ئێك نینۆکانی سبووغەکا، ئێك جلکانی لە پێش ڕاگری، چسوانم.. کەچەری حەزی چووە مەجریسێ وان، چوو لە نێزیکیان دانیشت، ماریش وکی چاوی وە و هەموو کیژانە کەت، ئەویش عاشق بوو، لە باغەرێ کەچەری هاتە دەرێ. وکی کیژان چاو وە ماری کەت کردیانە ئێك چیڕ و هۆڕ هەموو قەسرییان وەسەخۆ گێڕا..

کەچەری پڕدا ماری و دەباغەرێی ناوە، نێیانەزانی لەکێ ڕا هەرێن، خۆیان دەپشت کیژێ پاشای نا، حەرەسەکی گۆ، جارێ شازادە و کێرکەران ببەنە دەرێ، کەچەریش دەگەوان خۆ قورتار کرد. ئەوڕۆژی لەترسان گۆتیان با هەبگەرێینۆ باشترە.

چوونۆ، مەیموونیشیان دەگە خۆ بردۆ.

سێ چا ڕۆژانیان نۆبەت لە قەسرێ گرت، هەتا هێوارەکی پاشا هاتۆ. بە

دەستووریٚ جاران، وکی دەرکە کراوە، خۆیان وەگە خەرکی نا، حەڕەسەکی مـەیموون گرت، گۆتی ئەو مەیموونە دەگە کیٚ دا، کەس جواب نەداوە، هەمان گۆ ئیٚمە نییە. دارەك لەویٚ بوو، کەچەری دارەك لە دەستیٚ حەڕەسی دا، مەیموونی لەدەست بەرەلا بوو، مەیموون هەرات، شەو بوو، زووی خۆ بزر کرد، چـوو لەسـە عـەینی دار خـۆی شاردۆ.

کەچەر چۆوە پیٚش دەرکیٚ پاشـای، ڕاوەسـتا هـەتا خورامـەکی دەرکـە کـردۆ، دەگەوی چوونە هۆدیٚ پاشای.

خورامی چ میوە و تەڕە هەنـە لـە سـەنییەکی گـەورەی ڕازانـدبۆ، لـۆ پاشـای هینابوو، پاشا بەس بەخۆ و بەژنیٚ بوون.

پاشای ئەنگوستیلە دەئەنگوستیٚ دابوو، بەس دەبوو شـەوان لـە دەسـتی بکـا، نەکوو لە نوینان بخشیٚ و شەویٚ دیٚویان لیٚ بیٚتە دەریٚ.

کەچەری لە قوژبنەکیی خۆ مات کردبوو، هەتا وەختی نووستنیٚ داهات، پاشای ئەنگوستیلەی لەدەستی کـرد، لـەبن بـالیفیٚ خـۆی دەنـاو قۆدیـەکی نـا و سـەری وەبالیفیٚ کرد.

کەچەر بیژمۆت بوو، چوو بوو ئەنگوستیلەکی وکی ئیٚ پاشای لە تکانـەکی دزی بوو، دەگە خۆی بردبوو. وکی پاشای خەو لیٚکـەت، کەچـەری دەسـتەك وە شـان و ملیٚ شاژنیٚ دا هینان، لە شاژنیٚ وابی ئۆ پاشیٚیا، ئەویش دەستی هاویتنە سە شـان و ملیٚ پاشای، وکی پاشاش دیتی ئۆ شاژن دەستانەبزیٚوی، خۆی لیٚ نیٚزیـك کـردۆ. پاشـای سـەر لەسـە بـالیفیٚ خـۆ گواسـتۆ، کـوڕە کەچـەری قۆدیلـەی دەرینـا، ئەنگوستیلەی دەرینا و ئەنگوستیلیٚ دیی دەجیٚ نا، پاشای گیٚ لـە دەنگـیٚ قـۆدییٚ بوو، بە عەجەلە هەستا لالەی پیٚکرد، دیتی ئۆ قۆدی کەتیتە خواریٚ، کوتـە کـوتیٚ وە دری کەت، بەرا وکی چاوی وە ئەنگوستیلیٚ کەت، دری داکەت، قۆدیلەی دەبـن بالیفیٚ ناوە.

کەچەری هەتا سبەینەی لێداهات، وەخت بوو دری شەق با.

پاشای ئەنگوستیلە دە ئەنگوستێ کردۆ، ئەنگوستیلە بە ئاسانی چوو، وکی جاران پڕ بە ئەنگوستێ نەبوو، بەرا گیریش بوو.

وکی دەرکێ هۆدێ کراوە، کەچەریش دەگە پاشای چووە دەرێ، ئەجە پێی بەغارێ وەنا، بانگی مەیموونێی کرد، بە هەر نەوعەکی هەبوو، لە قەسرێ هاتنە دەرێ. ئەجە چوونۆ کاولێ خۆ، کەچەری ئەنگوستیلە بادا، دێو پێیابوو، کەچەری گۆتێ کێندەر لەو دنێیای لە هەموو جێیان خۆشترە، لەوێم قەسرەکی لۆ دروست کە، هەتا هەنکوە کەس بە خەونیش نەدیتبی، دێو پاش سێ ڕۆژان هاتۆ، گۆتی کووت گۆت ئەوهەم دروست کرد. ئەجە گۆتی بڕۆ حدوودی پێنجسەت خانییەکیشم لۆ دروستکە، هەندەك گەورە، هەندەك ناوەنجی، هەندەکیش کچکە. پاش سێ ڕۆژان دێو هاتۆ گۆتی کووت گۆ ئەوهەم دروست کردییە. ئەجە گۆتی هەڕوو بازاڕ و مەیدانەکی لێ دروست کە، مەیدانێ چ مەملەکەتان هەندە گەورە و ڕێك و پێك نەبی.

پاش سێ ڕۆژان دێو هاتۆ، گۆتی چت گۆت، ئەو هەم کردییە.

ئەجە گۆتی دە بنبە وێ، هەندی چاوی قەپات کەی و بکەیۆ، کەچەر بە خۆ و بە مەیموون و بە ماری خۆیان لە ناو قەسرێ دیتۆ. ئەجە کەچەری گۆ، بڕۆ کێ ساحێب سنعەت و کارزانە لە هەر نەوعەکی هەبوو، بە مار و مندارۆی بینە ئێرە. دێو چوو، بە شەو و ڕۆژەکی پێنجسەت مارەکی هینا. کەچەریش خۆ کردبووە پاشا، چووە ناویان گۆتی هە ئێکی لەقەدەر حارێ خۆ خانییەکییەدرێتێ، ئەجە لە چ و کم بوو وەمەرێنێ.

کەچەری وزیر و گزیری دامەزراندن، کاروبارێ قەسرێی ڕێك هێخستن. چ وەستا

و سنعەت کار هەبوون، لەو مەملەکەتەی خڕ بوونـۆ. ئەجـە قافلـە لـەدوو قـافلیٚ توجاڕان پیٚیابوون، ناوبانگیٚ مەملەکەتی دەدنیٚیا گەڕا.

ئەجە وزیر و دۆست و برادەران گۆتە پاشای، ئەتوو لە چت کم نییە، لـە ژنـەکی جوان نەبی. کەچەری گەلەکی حەز چووبووە، کیژێ پاشای، گۆتییە وزیران، سبەینیٚ خۆ حازرکەن، ئەچینە داخوازییٚ کیژێ فلان پاشای.

ئەجە کەچەری ئەنگوستیلە بادا، گۆتی چ جلك جوانە، چ ئەسپ و ماین جوان و بەرچاوە، چ چەك و تفاقەك تازە بابەتە، لۆ پیٚنجسەت کەسەکی بینـە، ئـیٚ وزیـران نەوعەك، ئیٚ خورامان نەوعەك، ئیٚ لەشکری نەوعەك. وکی دیٚـویٚ هـەموو ئشـت هینا، ئەجە گۆتی  دە سندووقانم لە چ گەوهەر و دوڕ و مرواری جوانە لۆ داگرە.

حدوودی پیٚنجسەت کەسەك وەڕیٚ کەتن، بە هەرکیٚندەریٚـدا ڕۆیشـتن، خـەرکیان دەهاتە تەماشیٚیا. وکی گەیشتنە مەملەکەتیٚ پاشای، قاسـیدیان دە پیٚشـدا نـارد، گۆتیان پاشیٚیا فلان جیٚت هاتیتە میٚوانییٚ.

پاشا بە خۆ و بەسیٚ چا وزیران چوونە پیٚشوازییٚ، وکی کاروانیٚ پاشـیٚیان دیـت، زۆریان خۆ بە کم هاتە پـیٚش چـاوی. کەچـەری دە سـندووقە دوڕ و گەوهـەری بـە هەدیە دانە پاشای. پاش سیٚ ڕۆژان، کەچەری گۆ ئەمن هاتیمە کیژێ خۆم دەییٚ..

پاشای گۆ، ئەجە ئەمن لە تووم لایقتر کیٚیە کیژی بدەمیٚ، بەس گۆتی ئـەمیش داخوازییٚ خۆم هیٚیە.

گۆتی: ئەمرکە.

گۆتی: ئەمن ئەنگوستیلیٚ سحراویم دەویٚ.

کەچەری خۆ غەشیم کرد، گۆتی چ نەوعە ئەنگوستیلیٚیە؟

پاشای شەرمییەکرد، بریٚ کوە، گۆتی هە پیٚیەریٚن ئەنگوستیلیٚ سحراوی.

کەچەری گۆ، ئەمن گیٚم لەو نەوعە ئەنگوستیلەی نەبووە، بەس ئەگە بیٚ ئەدەبی نەبی، ئەتوو ئەمرکە بکڕن، هەقەکەی عایدی من با هەدییٚ من بی.

پاشای هەرچی کرد، باری کەچەری نەبرد، شەرمی کرد چیدیی دەگە ویٚڕاچی، مەجبوور بوو، کیژی داییٚ. کەچەری ژن دەگەخۆ بردۆ، ئەجە لە ڕیٚی ئەنگوستیلەی هاویتە ناو بەحریٚ.

ئەمیش کارەکم دڕا و چم پیٚ نەبڕا.

# پیرەژنی ماماں

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو، کەس لە پێغەمبەری نازدارتر نەبوو، کەس لە عەبدی درۆزن ڕووڕەشتر نەبوو.

جارەکی پیرەژنۆکەك هەبوو، مامان بوو، پشتی کوورِ ببۆ، بەرا مارە پاشاو وزیرانیش لۆ مندالبوونێ لەدوویانەنارد.

پیرەژن، شەو با نیوە شەوبا، لەکنی وکی نوێژێ نیوڕانێ بوو، قەت نەیەگۆ ئۆلۆ بەو دەمەی هاتینە دووم، هەکێش چووبا، بەبێ سێ و دوو لێکردن وەگەرییەکەت.

شەوەکی هەویەشەو، لە دەرکێ مارێ پیرەژنێ درا، گۆتیان هاتینە دوو مامانی، دەبی بەعەجەلەن دەگەبێ.

پیرەژنێ بوخچێ ئشتوومەکێ خۆ هەگرت، وەگەریان کەت. دوو کەس بوون، ژنەك و پیاوەك، پیاوەکەی بوخچە لە پیرەژنێ وەگرت، هە ئێیانگۆ پیرەداك بڕەك پێ خۆ هەرینە[١٦]، پیرەژنێشەگۆ، بەخوای ڕۆرە لۆندەم زێتر لینگ لەدوونێیان، بە هەر نەوعەکی بوو، پیرەژنیان بردە دەرێی ئاوایێ.

پیرەژنێ گۆ، ئۆ کیموابەن؟! ما چ مار لەو ئاقارەی هەنە؟!

گۆتیان، ئەدی پیرەداك، زۆرن نەما ئۆ گەیشتینێ.

وکی چوون، پیرەژن چ ببینی، ئەو هەموو عالەمە لەو دەشت و دەرەی، ئەرێی نوێژێ نیوڕانێیە.

---

(١٦) پێ خۆ هەرینە: خێراتر برۆ

پیرەژنیٚ گۆتنیٚ ئەنگۆ چ کەسن؟ ئەمن بە حیٚیاتی ئیٚرەم نەدیتییە.

گۆتیان: پیرەداك جاریٚ وەختی ئەو قسانە نییە، زوو وەرە ئیشیٚ خۆ بکە.

پیرەژنیان بردە ك ژنەکی زگی لەسە دەوی بوو[(١٧)]، پیرەژنیٚ هەندی دەمیٚ ناوکیٚ منداریی بڕی. ئشتەکیان لۆ دەدوڕ بوخچیٚ نا، ئەجە گۆتییان پیرەداك، ها ئۆ هەقیٚ توو، ئەتوو خوات دەگەبی. دوو کەسی هەتا نیٚزیك ئاواییٚ دەگەهاتن.

وکی پیرەژن گەیشتۆ ماریٚ، بەرەبەری نویٚژیٚ سبەینیٚ داهاتبوو، بوخچەی کردۆ، دیتی ئۆ پیٚنج پاریٚ زیٚڕیان لۆ دەبوخچیٚ نانە. وەختی مەلیٚیا سبەینیٚ بانگدا، بانگی کوڕ و بووکیٚ خۆی کرد. وکی نویٚژیٚ خۆیان کرد، پیرەژنیٚ گۆتنیٚ: ڕۆرە چوو لیٚ بشیٚرمۆ، ئەوشۆ ئەمنیان بردە جیٚیەکی ئۆ عومرم حەفتا سارە، ئەو جیٚیەم نەدیتییە، ئەتگۆ نویٚژیٚ نیوڕانیٚیە، ئەو هەموو عالەمەی لەویٚ چاکرد، تیٚنەگەیشتم.

ئەمن وکی گەییمیٚ ژنەکە لەسەر منداربوونیٚ بوو، وکی لەخۆ بوومۆ، ئەو پارانیٚیان لۆ دەبوخچەی نام، بەرا ئەمن هەتا هەنکوە، چ مارە پاشاو وزیر و توجاڕان، هەندیٚیان پارە نەدایمیٚ.

وکی کوڕ و بووکان چاو وەلیریٚ زیٚڕ کەت، گۆتیان دایۆ ئەو جیٚیەی پیٚزانیۆ ئەگە بچین؟!

گۆتی: ئەدی کوو.

کوڕ و بووکان گۆ: دایۆ قسیٚ لۆکەس نەکەی، بەس هەستە وەپیٚشن کەوە بنبە ئەو جیٚی.

چەندی پیرەژنیٚ خۆ هیناوبرد، گۆتی گەلەك ماندیمە، لاقان نادەم، ئەوشۆ چ نەنووستیمە.. فایدەی نەبوو، پیرەژنیان هەرپیٚچا.

---

(١٧) کاتی منداڵبوونی بوو.

هەڕۆیشتن ڕۆیشتن، هەتا لە ئاوەدانییێ چوونە دەرێ، پیرەژنیێ گۆ ئێرە هەوە.

کچێ گۆتیان پیرەژن، ئۆ شێت بووی، یا ناتویێ جێیەکەی پێشانی مە بدەی؟!

گۆتیان ما ئێرە کەسی لێیە؟!

گۆتی بەخوای ڕۆرە ئێرە هەوە، شەرت بەو شەرتەی کەلەشە حەیوانەکیان بەو دارەی وەکردبوو.

وکی چوونە بن دارێ، وەلا گۆتیان خۆ جێ خینێ دیارە.

پیرەژنێ گۆتە کوڕ و بووکێ خۆ، گۆتی ڕۆرە با بەڕێ خۆدا بگەڕێینۆ، ئەوانە ئێ لەمە چێتر بووینە، هەتا دەستەکیان لە ئێکی نەوەشاندییە، با شەیتانی بەنەعلەت کەین، بگەڕێینۆ.

هەمان ترس لێ غارب بوو، بەعەجەلە گەڕانۆ.

کوڕەکەی فکر ئارۆزبوون، چ بکە، چ نەکا، کوویان ببینی؟!

شەوێ فکری کردۆ، گۆتی وکی هەموو نووستن، ئەمن بەدزی ئەچمۆ وێندەر.

شەوێ بەقەستی خۆی نواند هەتا هەموو نووستن، ئەجە کوڕەکە، لە ناوجێیان هاتە دەرێ، لیرەکیشی دەگەخۆ برد.

نیوە شەوێ بەدزی چۆوە جێ جاران، دنیا چۆل و هۆل بوو، خۆی گێیاندە پشت دارتوەکەی، ئەوی کەلەشە حەیوانی لێ بەدارێ وەکرابوو، ئەجە لیرێ زێڕی فڕەدا ئەو گۆڕی. وکی لیرە وەعاردی کەت، عالەمەکەی هەموو لێ وەدیار کەت، ئەو هەموو خەرکە هەتا هەنکوە لەکێ بوون، ئۆلۆ دیارنەبوون. لەترسانی وەخت بوو هەترەی بچی. ئەیگۆ دەبی کەسەکی نەدیتبم؟! لە ترسانی خۆ بەدارێ وەنووساند، خوا خوای بوو، دنیا وکی خۆ لێ بێتۆ و هەرێ.

وکی دیتی ئۆ دووکەس لۆ ك دار تویێ دێن، قەرەمی شکان، بەرا وکی ئێکەکی لەوان چاو وەلیرێ زێڕ کەت، بێ دی گۆ: ئۆ لیرێ خەزێنێ پاشای لێرە چاکە، وکی

چاوی دایێ، گۆتی با ببەینۆ سە خەزێنێ.

کوڕەکەی لەپشت دارێ، چاودانێ بزانی لیرەی ئەبەنە کیهەلای.

دیتی دوو کەسەکە چوونە بن دار تاوکەکی، لەسە کانییەکی کچکە بوو، تاتە بەردەك لە تەنشت کانیێ هەبوو، دیتی بە هەردوانیان تاتە بەرد هەرداوە و لیرێیان هاویتە بن تاتی.

کوڕێ مامانی لەجێ خۆ نەبزافت، هەتا بانگێ سبەینێی بەسەداهات، دیتی سەبر سەبرە خەرکەکە غەیب بوون.

کوڕەکەی شەهادەکی بەهەقی هینا، ئەجە چۆوە ماریێ.

ئەورۆژی تا نیوڕانێ هەزا نەوعە فکری لۆ هات، گۆتی بەتەنێ بچمەزگێ؟! ئێکی دەگەخۆببەم؟ بەژنێ خۆ بریێم؟! پێی نەریێم!!. بچم؟، نەچم؟!

هەندەك جارییەگۆ، ئۆ ئیشێ تاقە کەسەکی نییە.

هەندەك جارییەگۆ، بەتاقی تەنێ بچم، باشترە، کەس لەخۆ دەنگ نەدەم.

پاش نانێ نیوڕانێ، قازمە و بێری هەگرتن، کەری وە پێشەخۆ دا.

ژنێ گۆتێ ئۆ کێواچی؟!

گۆتی ئەچم هەندەك خۆرێ دینم.

ژنێیەزانی بەتەمای چییە، گۆتی دنیا هەموو خۆر نییە.

گۆتی ژنێ ئەو خۆرێ ئەمنەرێم لێرە نییە.

لۆ گۆتی ئەو خۆرێ ئەتوو دەتوێ زێڕە؟

گۆتی هەنگوە لەوچە لەوچێ مەکە، بەتوو چ؟! لێیدا ڕۆیی.

لەڕێی گەیشتە ئێکدوو برادەران، ها گۆتیان ئۆ کێواچی!؟

ئەویشەگۆ، ئەچم خۆرێ دەینم.

ئەجە ئێیانگۆ، دنیا هەموو خۆرنییە، پێیدەوێ هەندە دوورەچی؟

ئەویش هەجارێ نەوعە جوابەکییەداوە.

وکی گەیشتە سە کانییێ، کەری لە دار تاوکێ بەستۆ، چووە زگ تاتە بەردی، بە هەنەوعەکی بوو، ئەو تاتە بەردەی هەرداوە، بەرا چ زێڕ و لیرەی نەدیتن. دەستی دا قازمە و بێران، هە هەری کۆری، هەری کۆری، چی نەدیتۆ، گۆتی قەسەم بەخوای ئەورۆ ئشتەکی بە ئشتەکی نەکەم، ئیشمەبتە فشە.

هەند ماندی ببوو، گۆتی تف لە تەماحییێ، بزانە شەنگ و تاقەتم دەبە نەما، ئۆ ئیشێ تاقە نەفەریە؟!

وەنەبوو ئامۆزێیاکی دەگەخۆ بینم، لۆخۆن لەبەینێ خۆ بەشەکرد.

عەسری بەسەداهات، چی بەچ نەکردبوو، بەرەبەری مەغریبێ، گەیشتە سەرێ قاسەی، وکی قاسەی هەرداوە، پڕی زێڕ و لیرە بوو، بە پەلە پەل نیو گوشەکی داگرت، گۆتی هەنکوە شەودابێ، ئەوانم لێ پێیابن، دەستم لێ وەشینن، ئەجە گۆتی با ئۆندەی ببەم و بڕۆم، گۆتی سبەی دێمۆ ئۆندێ دییەبەم.

وەلا شەیتانی وەسوەسە هێخستە درێ ، کوڕە گۆتی ئەتوو ئەوجارەی گەیشتییە سە خەزێنێ، قەت جارەکی دیت ئەوهە لۆ نێیا، ئۆندە چییە، هەنەبی نیو گوشەکی دیش داگرە.

بانگێ مەغریبێ بەسەدا هات، نیو گوشی دیکەشی داگرت، بە هەزا حاریی پێ لەکەرێ بارکران، ئەجە گۆتی کوو ئەو هەمووەی بەجێبێرم، گۆتی هەنەبی با بەری و باغەرانیش پڕکەم..

دنیا تاریك داهات ..

وکی بەری و باغەریشی پڕکردن، کەری وەپێشەخۆ دا، دنیا تەواو تاریك داهات، لە پشتەوی، غەربە غەرب پێیابوو، تەمامەکی وەدوور کەتبۆ.

هە ئۆندەی زانی ئۆ چەند کەسەکی وەدوو کەتینە، لەترسانی لاق لەدوو نەدەهاتن، کەرێ ساحێب بەجێ هێشت..

کابرا لەو گۆڕەی کەتبوو، هە ئۆنـدەی زانـی دووکەسـی ڕووبوونـە بـن پـیلان و لەدوو خۆیان کێشا، بردیان لە پێش پاشێیان بەعاردی دادا.

پاشای گۆ: بەڕاستیم قسیٚ لۆبکە، کووت زانی خەزێنیٚ من لێرێیـە؟ کـیٚ قسـە لۆکردی، بە قسیٚ کێت بڕییە؟!

گۆتی: بە قسیٚ کەس.

گۆتی: ئەگە پێم برێی کیٚ پێشاندای، ئەتوو عەفوەکەم، چونکە دەبـی ئێکـەکی لەمە جیٚ پێشاندابی، ئۆ لە فکریٚ بنیادەمی دا نییە.

گۆتی بەخوای کەس پێشان نەدایمە.

گۆتی ئەدی کووت جیٚ خەزێنیٚ دیتۆ؟!

ئێکسەر قسیٚ ژنیٚ خۆی وەبیر هاتۆ، گۆتی: ئەمن هاتبووم خـۆریٚ لۆخـۆ ببـەم، بەرا وکی عاردم هەرکۆری، ئەو لیرە و زێڕانەم دیتنۆ، نەشـم زانـی خـەزێنیٚ کـەس بی، دەنا نەمەبرد.

پاشا توڕەبوو، گۆتی ئاخر بنیـادەمی لیٚـت نـاگیریٚ، دەنـا کـەس خـۆریٚ لـەبن تاتەبەردییەبا؟!.ئەدی گۆتی کانن چت لەو لیرانەکردن؟.

ئەی گۆتی وەلا کەر ڕۆییە، ئەگە کەس لەڕێی نەیگربیتۆ.

پاشا تەنگاوبوو، ئەجندەکی دەگە بای غاریٚ وەدووکەریٚ ڕانارد، کەر گەیشـتبۆ ماریٚ. وکی هاتۆ، گۆتی پاشام خۆش بی، کەر گەیشتبۆ ماریٚ، پێم نەگڕاوۆ.

وکی پاشای زانی کارلەکارترازا، بانگی میرغەزەبانی کرد، گۆتی وەرن بەڕوحێی بانگدەن.

میرغـەزەب هاتن، ئشتەکی وکی ڕوحەتییێیان ویٚ بوو، دە کـونیٚ گـیٚ کابرائێیـان نا، وکی ئێکەکی پف لیٚ کرد، کابرای ئێك هاوار لیٚ هەستا، داکێی لەماریٚ ڕا گیٚ لیٚ بوو، لە جیٚ خۆ ڕاچـەنی، وکـی هاتـە دەریٚ، چـاوی وە کـەریٚ کـەت بەتـەنیٚ

هاتیتۆ، زراوی چوو، وکی چاویدا باریٚ کەری، زانی ئشتەکی خراپ قەمیٚیا، پیرەژنیٚ کەر وەپیٚشەخۆدا، کەر چۆوە جیٚ خەزیٚنیٚ.

وکی پیرەژن گەیشتەویٚ، دیتی عالەمیٚ دەورە لە ئشتەکی دیٚیا، وکی چوو دیتی ئۆ کوڕیٚ ویە، پاشاش لە سەرینگانیٚ دانیشتییە.

پیرەژنیٚ گۆ، ئەی خوا غەزەبیٚت لیٚ بگری، لەقسان ئەتوو پاشای، ئۆ چاکیٚیە وەمنەدەیۆ، ئەمن کوڕەکم لۆتوو هینا سەدنیٚیا، ئەتوو کوڕم لەبەزگی هەرەگری؟!

پاشای وکی مامانی ناسیۆ، گۆتی پیرەداك دوعیٚیانن لیٚ مەکە، ئۆ کوڕیٚ تووە؟ ئۆ ئەتوو جیٚ مەت پیٚشانی کوڕیٚ خۆ دیٚیا، ئۆ ئەتوو ناردیتت بیٚ خەزیٚنیٚ من بدزی؟

پیرەژنیٚ گۆ خەزیٚنیٚ چ؟

گۆتی لە کوڕیٚ خۆ پرسە.

وکی کوڕەکەی چاو وە داکیٚ خۆ کەت و چاوی وەکەریٚ کەت، خەنی بوو، گۆتی دایۆ باریٚ کەریٚیان ویٚدۆ.

باریان لەکەریٚ هینا خواریٚ و بە حیساب و بە ژمار پارەکیٚیان هاویتۆ ناو خەزیٚنیٚ، گۆتیان تەواو نیە، ئەجە ئۆندیٚ دە بەری و باغەرانیشی کردبوو، ئەویشیان لیٚ ستاندنۆ، وکی حسابیان کرد، گۆتیان لیرەك زیادە، مەزانە ئەو لیریٚ شەویٚ دیی فڕە دابوو، ئەویش وەگە کەتبۆ.

پاشای ئەمر کرد لیرەکیٚیان ویٚدانۆ.

وکی پاشا گەیشتۆ پاریٚ خۆ، بڕەکی در نەرم بوو.

پیرەژنیش وکی زانیی کوڕیٚی چ کەتنەك کردییە، گەلەکی خۆ دەخالەتی پاشای کرد، گۆتی هەنەبی لەبەخاتری شەویٚ دی، کوو ئەمن و بەهانیٚیاوەهاتم، ئەتووشم ئەوشۆ دەهانیٚیا وەرە. ئەجە پاشای گۆتییە پرەژنیٚ، پیرەداك ئۆ لەبەخاتری توو

ئەوجارەی ئێخسیری خۆی ناکەین[١٨]، بەرا جارەکی دی ئەو غەرەتەی بکاتۆ، خاتر و ماتریٚ کەس ناخوە.

پیرەژنیٚ گۆ مارت ئاوابی.

هەندیان بەڕوحیٚ بانگ دابوو، کوڕ کەتبوە ئەو گۆڕەی، پیرەژنیٚ گۆ: بەخێراخۆم کوڕیٚ لۆ باوێنە سە پشتیٚ کەریٚ .

بەدوو کەسانیان کور هاویتە سەر پشتیٚ کەریٚ. پیرەژنیٚ کەر وەپێشەخۆدا و گەڕانۆ ماریٚ.

ئەمیش هاتمۆ، کارەکم دڕا و چم پیٚ نەبڕا.

---

(١٨) مەبەست ئەوەیە: شێتی ناکەن.

# قسمەتی خوای

هەبوو نەبوو کەس لەخوای گەورەتر نەبوو. کەس لە پێغەمبەری خۆشەویستتر نەبوو.

زەمانەکی مارە توجارەك هەبوون، هەتا برێی دەورەمەند بوون، بەر و خانی و قەسر و قسووریان نەسەری دیاربوو، نەبن. چاردەورێ قەسرێ هەموو باغ و باغات بوو، هەموو دەمێ دەکەیف و سەفێیادابوون.

لە خوارەوانیش داکەهێتیمەك بە خۆ و بە دوو منداری پارچەرە لە کۆریتۆکی ئەژیان.

چ حاریان نەبوو، هەتا برێی برسی و بێ جلك بوون. بێ کەس و غەریب بوون.

لە مارێ توجاری هەموو ڕۆژێ بۆنێ گۆشتبرژاندنێ و بۆنێ خواردنێ خۆشیان لۆ دەهات. جارەکی لەجاران هەردوو منداران جەنێیان لە گۆشتێ برژایدا، ئیللا و بیللا، ئەمەش گۆشتن دەوێ.

داکەکەی شەرمییەکرد بچتە مارێ توجاری، هە ئەشترسا بچی، نەکو دەریکەن.

لەمارێ چوە دەرێ، گۆتی خوێیا بەتەمای توو.

چوە کن سێ چا قەسابان، شتاقان گۆشتیان بەقەرد نەدێیا.

لەهاتنەوێ چاوی وە کەرەکی تۆپی کەت، گۆتی وەللاهی برەکی لەگۆشتێ ئەو کەرەی ببەم بدەمە منداران باشە.

چۆوە مارێ کێردەکیان هەبوو هینای، پشێ منداران گۆشت لە ڕانێ کەرێ کردۆ.

دەستی بە گۆشت برژاندنێ کرد.

گۆشتی هە کەف دەرەدا، بەرا منداری خەنی ببوون و لەدەورێ گۆشتی هەرەپەڕین.

بۆنێ گۆشتی گەیشتبووە مارێ توجاڕی.

ژنێ توجاڕی ئەتگۆ بە حێیاتی گۆشتێ برژای نەخواردییە، گۆتیە مێردێ خۆ، ئەتوو هەتا هەنکوەت گۆشتەکی ئەوهە نەینێیا، گۆتی ئەگە هەنکوەم لەو گۆشتەی لۆنەینی لۆ مرم.

کابرا بەقسێ ژنێ چووە مارێ جیرانی، مار چ مار؟!

لە بەردەرکێ کۆریتێ، سەلامەکی کرد

داك هێتیمی سەلامی جوابداوە، گۆتی فەرموو برام چت دەوێ؟

کابرای توجار گۆ: وەللاهی خوشکم برێم چ، ئۆ ژنێ من دەگە بۆنێ ئەو گۆشتەی وەختە وەزگدە، ئەجە ئەگە ئەوجێم پێشاندەی ئەوی ئەو گۆشتەت لێکرپیە، وەبی ئەمنیش بچم بکڕم.

ژنەکەی گەلەکی حەولدا، گۆتی برام ئەو گۆشتە بەکەلکەنگۆ نێیا.

کابرای گۆ ئەتوو هەقت نەبی، ئەتو بەس جێیەکەم پێشاندە، ئەمن ئەگە ئەو گۆشتەی لۆ ژنێ خۆ نەبەمۆ توڕابی.

ژنەکەی دەستی بەگریانێ کرد، گۆتی برام چت لێ بشێرمۆ، منداریمنیش لەبە بۆنێ گۆشتێنگۆ مەجبووریان کردم بچم ئۆندە گۆشتەی لەکەرەکی تۆپی لێبکەمۆ..

کابرای تەعەجوب ما، گۆتی کەرێ کوو؟! یەعنی ئۆ گۆشتێ کەرێ تۆپییە ئەتو ئەدێیە منداری خۆ؟!

ژنەکەی گۆ: ئەدی چ بکەم برام، ترسام مندارم وەزگدەن.

گۆتی :خوشکم ڕاوەستە هەنکواچم هەندەك گۆشت و لۆ دینم، بەس دەبی ئەمن ئەو گۆشتێ نگۆ لۆ ژنێ خۆ هەببەمۆ، چونکە سوندی دایمە.

کابرای توجار ڕۆیی، پاش بەینەکی چارپێنج هۆقە گۆشتێ بەرخێی لۆ هینابوون، گۆتی ها ئەتوو ئەوەی بدە منداران. ئەجە گۆشتێ کەرەکەی لە ژنەکەی وەگرت و چۆوە مارێ.

وکی چۆوە دیتی خورام و کێرکەر مشەوەشن، گۆتی چ بووە؟

گۆتیان وەللا ژنت ئۆ بەڕوحێ وێیە.

غاریدا ك ژنێ، گۆتی ئۆ گۆشتکەم لۆ هینای.

ژنەکەی هە ئۆندەی پێکرا چاوەکی دا مێردێ خۆ و بڕەك گرژیۆ و ڕوحیدا.

کابرای گەلەکی خەمپێخوارد .. وەیزانی ئەوی گۆشتەکە تاخیرکردییە.

بەینەك پێچوو تازی و مازی لەگۆڕێ هەرگیران، کابرای تاجر مارێ بێوەژنێی وەبیرهاتنۆ، گۆتی دەبا سەرەکی لەوانبدەم بزانم وەزعییان کوە!؟

وکی چوو مارەکە لەوێ نەمابوون، ئەوانیش وێیانزانیبوو ژنەکە بەگۆشتەکەی مردییە، لەترسان هەراتبوون.

ئەگە مانگەك بوو ئەگە سارەك بوو، شەوەکی کابرای توجاڕ، ژنێ خۆی هاتە خەونێ، گۆتی ئەرێ ئەو گۆشتە چ بوو لۆمنت هینابوو، پێکەتیمە ئیسڕاحەتێ، گۆتی دەبی بچی هەندەکیدیشم لۆ بینی.

کابرا وکی لەخەوێ ڕاپەڕی، گەلەك مشەوەش ببوو، هەتا سبەینێی خەو لێنەکەتۆ.

وەدوو سۆراغێ مارە جیرانی ڕاچوو..

دیتی ئۆ لە کاولە کۆریتەکی خۆیان وێکهینێیا، کافران زگ پێسۆتێن.

کابرای گۆ: ئەمن ئۆ چەند ڕۆژە دنیا نەمێیا لەنگۆنەکەم! ئۆ چاکەن لێرە؟!

ژنەکەی زراو چوو، وەیزانی هاتیە تۆریێ ژنێ خۆ بکاتۆ، گۆتی: بەخوای بەرام ئەمە چ گونەحن نینە.

کابرای تەعەجووب ما، گۆتی گونەحێ چ خوشکم؟!

گۆتی ئەدی ژنێ توو بە گۆشتەکەی نەمرد؟!

کابرای زۆر زگ بە غەریبیێ ژنەکەی سۆتاوە، گۆتی ئۆ لەبە هەندێو مارێ خۆ بەجێهێشتییە؟

ژنەکەی گۆ: ئەمە بێکەس و غەریبین، هەموو کەسن پێوێری.

کابرای گۆ دەبی بێنۆ مارێ خۆ. ئەجە چوو هەرچی نوقسان بوو لۆی کڕین.

شەوێ ژنی هاتۆ خەونێ، گەلەك بەکەیف بوو، گۆتی ئەوڕۆت قەسرەکی گەلەك جوان لۆ کڕیمە، بەس ئشتەك مێیا لۆم بکەی. گۆتی چییە؟

وێڕانەگەیشت بزانی چییە واگاهات.

کابرا مەراق بوو، گۆتی وەباشە بچم خانییەکیان لۆ بکڕم.

سبەینێ چوو خانییەکی لەو نزیکان لۆ کڕین، گۆتی وەرن ئۆ ئەو خانیەم لۆنگۆ کڕیە. ژنەکەی گەلەکی دوعا لۆکردن، گۆتی ئەتوو هەندە خۆ لۆمە ماندی مەکە, ئەمە ئۆندەن لێ سەروزیادە.

شەوێ ژنی هاتۆ خەونێ، گۆتی ئەوڕۆت ئێك تانج لەسەر نایمە، چ پاشێیان لەسە ژنێ خۆ نەنێیا، بەرا ئشتەکی کمە. گوتیێ چییە هەتا لۆتبکەم؟!

وێڕانەگەیی بزانی چییە، واگا هات.

کابرا هەرچییەکرد، ژنی دەهاتۆ خەونێ، هەموو جارێش ئەیگۆ بەرا ئشتەك مێیا.

کابرای دری زۆر توندبوو، گۆتی ئەمن پرسێ مەلێیاکی بکەم باشترە.

چووە کن مەلێیاکی، حارو مەسەلێ خەونان و مارە جیرانێی هەموو لۆ گێڕانۆ.

مەلای گۆ برام، ئەتوو ئەو ئەو داکهێتیمەی بخوازە و ئەو مندارانە وکی منداریێ خۆ گەورەکە.

گۆتی کوو وابی؟

گۆتی وەللا ئەوهێیە وکی ئەمنەرێم.

ئێ گۆتی مادام وێیە، هە بەخۆم ئیشەکەی لۆ بپـەڕینۆ، گۆلمـە لیرەکیشـی دوڕ دەستێ مەلای نان. ئیشەکە بەسەهلی ڕێککەت.

ئەوەش قسمەتێ خوای.

## بەردەشیو

وارێن  کابرێیاك هـەبوو زۆر ڕەزیـل بـوو، زراوی لـە مێوانانەچـوو، بـەویبا کۆرەبا بەس کەسەکی نەگۆتبا سەلاموعەلێك، نەکو دەعوای ئشتکی لێبکا.

جارەکی ڕێبوارەکی ڕێ کەتـە ئـەو ئـاوایێ کـابرای ڕەزیلـی لێبـوو، کـابرا زۆر لەبلەبان بوو، بەقسانی مەجریس کردبووە ئێ خۆ. قسەهاتن قسـە چـوون, بـەحس هاتە سە بەحسی ڕەزیلیێ، وەلا گۆتیان دەنا لە ئاوایێ مەش کەسـەك هێیـە شـتێ وهە نییە، کابرای ڕێبوار گۆ کا ئەدی ئۆ لەکێیە؟

گۆتیان لەترسێ توو نەهاتییە، نەخۆ دەگەری بچیۆ ماریێ.

گۆتی لۆمنی لێگەڕێن.

کوڕە گۆتیان چت پێ دەگە ناکرێ.

گۆتی ئەنگۆ هەنکوە ناووێ ئەوشۆ مێوانی بم و شیوەکیشی لەك بخۆم؟!

هەمان دەستبەپێکەنینێ کرد، کوڕە گۆتیان ئشتێ وهە قەت ڕونادا، ئـۆ مـار و منداریێ خۆشی هەموو لەبرسان گوشتینە.

گۆتی ئەجا بیننۆ.

بەرەبەری مەغریبێ کابرا لۆ نوێژێ هاتە مزگەفتێ.

خەرکەکە خەریکی دەستنوێژێ بوون، ئیشارەتەکیان دا کابرای ڕێبوار گۆتیان ئۆ هات.

کابرای ڕێبوار پشتی دە ڕەزیلی دابوو، چ ئاوڕی نەدانۆ، دەگە جەملعەتی کەتە بەحسی بەردە شیوێ، گۆتی ئەمن بەردەکم هێیە، بەس وەسە ئـاگری نێـی، ئەبتـە خۆشترین شیو.

گۆتیانێ ئۆ چ بەردە؟

گۆتی ئۆ لەباب و باپیرانم لۆ مایتۆ، گۆتی ئەمن رسقێ خۆم دەگـەخۆدا، بچـمە هەر مارەکی مارەکەش خەنییەبن. ئۆ کابرای ڕەزیلیش گێ لێیە.

دەو قسـانەدا بـوون مـەلای بانگـدا، خەرکەکـە چـوونە ژۆرێ، کـابرای ڕێبـوار بەردەکی لە حەوشێ مزگەفتێ هەگرتۆ دەبەرییێی نا.

کابرای ڕەزیل لێی ببوە مـەراق دەبـی ئـەو بـەردە کـوو بـی، نـەیزانی کـووی نوێژکرد.

وکی لە نوێژێ بوونۆ، هە بابا بوو ئەیگۆتە کابرای ڕێبوار دەبی دەگەمن بێیۆ.

کابرای ڕەزیلیش مەراقی لەو بـەردەی دابـوو، فکریـەکردۆ، ئـەیگۆ مـا ئەگـە خواردنێ خۆی وێ بی، پارچە بەڕەکیش هەرەبی، وەللاهی گۆتی ئەمنیشی وارێمـێ بەرکی دەگەمن بێ.

وکی کابرای ڕەزیلیش گۆ برا حەزم لێیە دەگەمن بێیۆ، هـەمان زانـی مەسـەلە چییە، هە ئێکی بە نەوعەکی خۆ بزرکرد, مانۆ کابرای ڕەزیل و ڕێبوار.

کابرای ڕێبوار ڕێوڕێ بەحسی بەردە شیوی لۆ کابرای ڕەزیلەکرد، هەنـدەی دیـی مەراق کردبوو.

وکی گەیشتنۆ مارێ، ئەجە گۆتییە کابرای ڕەزیل بینە با مەنجـەرێ وەسـەنێین.

کابرای ڕەزیل لە خەنی و خۆشیانی وکی سووکەرەکی بەردەستییێ مێوانییەکرد.

مەنجەرە ئاوەکی وەسەنا، گۆتی لێگەڕی بـا مێـروولان بکـا، لـەدیار مەنجـەرێ دانیشتن، کابرای ڕێبوار گۆتیە ساحێب ماری، دەبی هەندووکە ڕوونە و نەبی؟

گۆتی بەدی کوو

ئیَ گۆتی هەندەك ڕوونم لۆ بینە.

کابرای ڕەزیل بەسریَ مراکێی هەندەك ڕوون هینا. وکی کابرای مێوان چاوی وە ڕوونی کەت، دەدرێخۆیدا گۆ پەکوو، کوڕە خۆ ئەو نەوع نییە، کوڕە گۆتی ئەو هەموو ڕوونە لۆ چییە برا ئەمن بەس بەردەکەی پیَ چەورەکەم، بە حاستەمی پلەك گێیاندیَ، گۆتی ئۆندە بەسسە، ئەوی دی ببۆ.

کابرای ڕەزیل هەندەی دی دری خۆش بوو، دەدرێخۆیدا گۆ، دەبی هەرکووەکی بی ئەو بەردەی لەو کابرێیای بستینم.

ئاویَ مێرولاکردن، کابرای ڕێبوار بەردی لەبەرییَ دەرینا و هەندەك ئاوی پێداکرد و هاویتیە مەنجەریَ، ئەسکووی تێگێڕا، ناو بەناو هەندەك ئاویشی تامەکرد. لە مەتحیَ بەردی نابۆ، گۆتییە کابرای مێوان دەبی خیَ و نەبی؟

گۆتی بەدی کو.

ئیَ گۆتی دە هەندەك خێی بینە بەرا هەندبی.

کوڕە گۆتی چ زۆرە خیَ زۆرە.

خێی هینا و دەمەنجەرێیان کرد.

بگێڕە، بگێڕە، ئەسکووی دەناو بگێڕە و ناو بەناو بڕەکی تامکە. دەستی بە سەربوردە گێڕانەویَ کردبوو، گۆتی ئۆ جارەکی مێوانیَ ئاغیَ فلان گوندیمە، مەنجەرم وەسە نێیا، ئەمنەرێم سەت، ئەتوو بریَ دووسەت زەلامم لەسەسەری ڕاوەستێیا. هەر بابێیا قاپیَ خۆ ڕەپێشەکە.

بێوەی چاوداتە کابرای ساحێب مار، گۆتی بڕۆ بڕەك نیسکیَ بینە.

کابرای ڕەزیلیش هەند بە قۆری چووبوە ناو مەوزوعی، ئێکپیَ هەستا چوو توورەگیَ نیسکێی هینا.

کابرای ڕێبوار دوو چەنگە نیسکی مستەهەقی دەمەنجەرێ کردن.
ئەسکووی بگێڕە، بگێڕە و بەحس و بازاڕێ مارێ ئاغەی گەرم کە.
هەر هەندێیان دیت شیو وێڕاگەیشت.
ئەجە گۆتی بڕۆ لەگەنەکی بینە.
نیسکی ڕووکردە لەگەنێ و بەردێ خۆی ئاوەك لێکرد و دەبەرێی ناوە.
ئەجە گۆتی بانگی ئەو سەبیلۆکانەش کە بابێن.

کابرای ڕەزیل بانگی مندارانی کرد، هەمان دەورە لە لەگەنێ دا، ئەجە گۆتییە ساحێب ماری بە براژنێ برێ با ئێکدوو نانی ڕەق بینی لۆ مندارۆکانەی تێبگوشی.

کابرا لەمنداران خراتربوو، وکی شێتانییەخوار، ئەتگۆ بەحێیاتی خۆی نان نەخواردییە.

ژنێ کابرای کابان بوو، ئەیزانی مەسەلە چییە، کەتە سە مەتحێ شیوێ، گۆتیە کابرای مێوان، هەق وێیە ئەو بەردەی بدێیە مە!.

کابراش زانیی ژنەکە زۆرزانە، دەیوێ بە فێرێ بەردی لە نۆپاش بێ شەڕ و شۆڕ شیوەکی لۆ و مندارانە لێنێ. گۆتی براژن ئەمن ئەو بەردەم لە باب و باپیران لۆ مایتۆ، ئەمن ئەو بەردەم هەبی خەمێ هیچم نییە، بەس ئەو بەردەی عادەتەك هێیە؟

کابرای ڕەزیل لەباتی ژنێ وەجواب هات: عادەتێ کوو؟
گۆتی دەبی هەموو شەوێ، بکرێتە شیو، ئەگەنا لە ئیشەکەوی.
کابرای ڕەزیل خەنی بوو، کوڕە گۆتی ئەمن زراوم چوو .

کابرای بەرد دانێ، گۆتی براژن ئەگە ناو بەناو چەنگە ساوارەك بی، گەنمە کوتێیاك بی ماشەك بی، هەرچی هەبی، دەبەکە هە لۆ تامێ.

ژنیش خەنی ببوو، گۆتی خوا خێرت بنووسی برام ئەتو خدری زیندەبووی لۆمــە پێیابووی.

ئەمیش کارەکم دڕا و چم پیێ نەبڕا.

# حەفترۆح

هــەبوو نــەبوو  کــەس لــەخوای گــەورەتر نــەبوو، کــەس لــە پێغەمبــەری خۆشەویستتر نەبوو، کەس لە شەیتانی ڕووڕەشتر نەبوو.

زەمانەکی حەفت ڕوحەك هەبوو، بــەتاقی تــەنێ لۆخــۆ لــە ئەشــکەفتەکییەژیا. ڕوحەکان گەلەك دەگە ئێك خراپ بوون، هە ئێکی لە ئاوازەکییە خینــد. حــەفترۆح گەلەکیان لەدەست وەڕز ببوو, بەرا چی پێ دەگە ناکران, ڕوحێ خۆی بوون.

ڕۆژەکی گۆتی ئەمن تەکبیرەکی لەو ڕوحانــە نەکــەم فشــێیە. بەقەســتی خــۆی نەخۆش کرد، بانگی ڕوحەکانی کرد، گۆتی ئەمن دەردەکی گەلەك پیســم گرتییــە، ئەگە ئەنگۆ حەولەکی نەدەن، ئەمن حارم شڕە.

ڕوحەکان مشەوەش بوون، دەدرێ خۆیان گــۆ ئەگــە وهــە بــی ئەمــەش تێچــین، گۆتیانە حەفترۆحی چار چییە، چ بەماکرێ لۆت بکەین؟!

حەفترۆحی گۆتنێ کەیفێ خۆیتو، ئەمن چ حارێ پرس و ڕێیانم نەمێیا.

ڕوحــەکان  هــەتا هــەنکوە لەبــە بێعــاریێ بــەریان وە چ نــەبوو، لەبــەینی خــۆ تەنگاوبوون، سەریان لە چ دەرناچوو.

گۆتیانە ڕوحێ درێژ ئەتوون تەکبیرەکی لێ بکە.

گۆتی ئەمن ئەگە چ تەکبیرم هەبن لۆخۆکەم,

ئۆ حەفت ڕوحیش چاویانەداتێ. زگیشی پێسۆتێن. بەس گۆتی با جــارێ خۆیــان لێ کرکەم، بزانم چا کەن!

ڕوحەك دەرپەڕی گۆتی ئینتیزارکردن فایدەی نییە.

ئێکی هاوارکرد گۆتیێ ڕاوەستە ئەمیشت دەگە دێم.

گۆتی کەس دەگەمن نێ. بەتاقی تەنێ ڕۆیی.

ڕوحەکان ئێك ئێك چوونە دەرێ.. ئێ لەهەمان کورتتر ماوە، حەفتڕوحی گۆتیێ ئەتووم بەجێ مێرە. ئەو ڕوحی لە ك ماوۆ.

ڕوحێ ئێکەم چووە بن عاردی، هە ڕۆیی هە ڕۆیی، حەفت تەبەقەی بڕین، هەتا گەیشتە بنی. دیتی ئۆ دنیا لەسە پشتێ گێیاکییە، گاش لەسە پشتێ ماسییێیە، ماسیش لەسە برقەئاوەکی ڕاوەستێیا، بە عەجەلە گەڕاوۆ گۆتی هەتا برقە ئاو نەتەقییە.

ڕوحێ دووەم چووە عاسمانێ، هەر ۆیی هە ڕۆیی، حەفت تەبەقەی بڕین. ڕێی لێ بزریوو، گەیشتە جهەننەمێ، زراوی چوو، بەغاردان گەڕاوۆ.

ڕوحێ سێیەم چووە ناو ئاوێ، هە ڕۆیی هەڕۆیی بن ئاوێ هەند تاریك بوو چاو چاوی نادیت، زراوڕێژ بوو، گۆتی هەتا شێتیش نەیووسمە بابگەڕێمۆ.

ڕوحێ چارەم سواری بای بوو، هەندی پێخۆش یوو، خۆی لەبیرکرد، هەتا کەتە دەشت و سەحرێیان، با وکی شێتان پێکەت، خۆی دەولا و دەولایەکوتان، دار و بەردی لەبەرەلەرزین. ڕوحێ زراو چوو، گۆتی ڕۆژێ پێبچم ئەوڕۆیە.

بە هەزا حاری خۆی قورتار کرد.

ڕوحێ پێنجەم ئێ لەهەمان نەرمۆکەتر و بەڕوحمتر بوو، وکی هاتە دەرێ تەسادوفی مەلایکەتەکی کرد ئەچۆ عاسمانێ، حار و مەسەلێ حەفتڕوحیی لۆ مەلایکەتی گێڕانۆ، مەلایکەتی گۆ دەگە من وەرە.

ڕوحەکە وکی گەیشتە عاسمانی، جێیەکی هەند خۆشی دیت، خالیقی گەورە گۆتی ئۆ کێندەرە ئێرە؟ گۆتی ئۆ خەونە؟!

مەلایکەتی گۆ خەون نییە، ئۆ بەهەشتە.

هەنکوەش دەگەدابی ڕوحی خۆ لەوێ لەبیرکردیە.

ڕوحێ شەشەم هە لە پێش دەرکەی گەیشتە شەیتانی، شەیتانی گۆتێ ئۆ لەچاگەڕێی؟

گۆتی وەلا حەفتڕوح گەلەك نەخۆشە، واچم بزانم چ حەولم پێنادرێن؟

شەیتانی گۆتێ ئەمیشت دەگە دێم، ئەمن برادەرم زۆرن.

گۆتی وەلا مەمنوونیشم. ئەجە بوونە برادەر.

چ جێی خۆش نەمان شەیتان نەیبا، حەفتڕوحی هە وەبیر نەما، تێر ڕابواردن نەبوو.

گۆتیە شەیتانی، ئەمن تازە بێ توو ناژیم.

شەیتانی گۆ، ئەمیش ئەتووم زۆر کەتیتە بە درێ، گۆتیێ ئەگە گەڕایۆ، دەبی ئەمیش دەگەخۆ ببێیە ناو قالبێ حەفتڕوحی.

گۆتی چ قەیدیە، گۆتی حەفتڕوح پیاوەکی باشە.

شەیتانی گۆ ناوەلا نابی حەفتڕوحی ئاگا بی دەنا لێناگەڕێ.

گۆتی باشە وکی نووست هەنگیت ئەبەم.

شەیتان خەنی بوو، گۆتی ئەمن ماندی بووم بابگەڕێینۆ، بەرکی حەفتڕوح نووستبی بچین لۆخۆ بڕەکی پاردەینۆ.

ڕوحەکەی گۆ ئەمیش ماندی بوویمە. ئەجە گەڕانۆ.

وکی چوونۆ، حەفتڕوح نووستبوو، ڕوحەکەی بەبێ دەنگی شەیتانی بردە ژۆرێ.

شەیتان چوو لەناو درێ حەفتڕوحی لێی پارداوە.

ڕوحەکان ئێك ئێك گەڕانۆ، هەمان هەترەچووبوو. ڕوحێ پێنجەم نەهاتۆ، شەیتانی گۆتە ڕوحەکان هەتا ڕوحێ پێنجەم دێتۆ ئەمنو لەکنەبم. گۆتیان مەمنوونیشتەبین. جێ ڕوجێ پێنجەمیان پێشاندا، گۆتیان ئەوەش جێتوو.

پێشی حەفتڕوح لە خەوێ هەستی، شەیتانی جلکێ ڕوحێ پێنجەمی دەبەکردن.

وکی حەفتڕوح لە خەوێ هەستا، ڕوحەکان زراو ڕێژ ببوون، نقێیان لەخۆ بڕیبوو.

حەفتڕوح خەنی بوو گۆتی دیارە ئاقر بووینە.

شەیتانی ڕۆژ بەڕۆژ دەرسی ئەدا ڕوحەکان، چ ئشت قۆڕە فێریەکردن، بەرا هەند جوانی لۆ ئەڕازاندنۆ هەمووی بە ئاسانی فێرەبوون.

ئەجە ما حەفتڕوح وەدوو ئاقرێ ڕوحەکان بکەوی. چ ئیش قۆڕ بە حەفتڕوحیانەکرد.

حەفتڕوحی فەقیر ئاگای لە شەیتانی نییە ئۆ لەناو قالبێ ویە.

مانگ هاتن ڕۆژ چوون، حەفتڕوح وکی شێتانی لێهاتبوو، دەبەخۆی قساکردن، لە ختوخۆڕایی هاوارییەکرد، هەندەك جار پێکەت .. گۆتیان حەفتڕوح شێت بووە.

شێخ و مەلا و پیاو چاك نەمان نەیبەنە سەرێ.

هەندی سوڕەت و ئایەتانی لەسە بخینن، شەیتان هار ببوو، لەتاوەخۆ هەجاری ڕوحەکییە خنکاند.

ڕوحەکی ئاقریان تێدابوو، شەوەکی بەدزی هاتە دەرێ، خۆی لەپشت سەرێ حەفتڕوحی شاردۆ.

وکی شەیتانی هەموو ڕوحەکانی دی خنکاندن، چ عیلاجی نەما لە قالبێ حەفتڕوحی دەرپەڕییە دەرێ.

وەلا گۆتیان حەفتڕوح مرد.

ڕوحێ ئەوی خۆی شاردبۆ، وکی زانیی شەیتان دەرپەڕییە، چۆوە ناو قالبێ حەفتڕوحی.. وەلا گۆتیان حەفتڕوح زیندی بۆ.

حەفتڕوح چابۆ، بەرای وێ نەما. ڕوحەکەش داکەسا و لۆ خوای سولْحا. ئۆندە عومرێ مێیانبوو، وکی خەرکی لۆخۆ ژیان.

# فەرهەنگۆك

دانانی

سەربەست مەجید خۆشناو

## ـ ئـ ـ

ئاراوی: ئاوی جل شووشتن، هەندێك كەفی پێوە ماوە، پەڕۆ كۆنەی پێ دەشۆردرێ.

ئارمووش: ئاورِیشم..

ئاروو: خەیار.

ئارۆز: ئاڵۆز.

ئارینۆك: لەتە نۆك.

ئازووقە: زەخیرە.

ئاشاك: دوور لەتۆ. جگە لەتۆ.

ئاگرو دوو: ئیدیۆم، واتە بوونی ماڵێكی سەربەخۆ.

ئامان: قاپ و قاچاخ. ن: تێلێ ئامانان. سەویێ ئامانان (تێلێ قاپان).

ئاودز: برینی هەوكردوو.

ئاورِۆنكەرە: مێشوولەیەكە بەسەر ئاوەوە دەفڕێ.

ئاوقات: پارێزەر.

ئشتاق: هیچ كام. ن: ئشتاق هەونەبوون.

ئشتۆ: چ جۆر. ن: ئشتۆ قەسری هێیە! ( چ جۆرە كۆشكێكی هەیە!).

ئەدەبخانە: ئاودەست.

ئەز: من.

ئەزیەت: زەحمەت، ئازار.

ئەژدیها: جۆرە مارێكی ئەفسانەییە.

ئەسپاب: حاجەت، پێداویستی. كەلوپەل. ن:ئەسپابێ شەڕییان وێدا.

ئەسپەرە: پارچەدارێكە دەخرێتە سەر پێمەڕە، بۆ پێ خستنە سەر.

ئەسپێ كوژە: پەنجەی گەورەی دەست.

ئەسپێ: مشەخۆرێكی بچووكە دەكەوێتە لەش.

ئەستری: دڕك، خار.

ئەستوورك: كولێرە.

ئەستوورکە هەنجیر: هەنجیری گەییو لەپاڵ یەكدی لەسەر بنی دەفرێك پان دەكەنەوە،

كە وشك بۆوە، شێوەی كولێرە وەردەگرێ.
ئەستووركەگەراز: نانەگەراز
ئەستووندەكە: ئەستووندە، ئەستووندەك، كۆڵەگە
ئەستێڕك: سەكۆی لەگڵ دروستكراو بۆ كەلوپەل لەسەر دانان:
ئەسكەناس: پارەی كاغەز
ئەسكورد: مل.
ئەشرەفی: جۆرە گوڵێكی سوورە، سكە زێڕی وردیلە بۆ خشڵ بەكارهاتوو.
ئەغرەب: زۆربەی
ئەلمۆدە: مۆدێرن
ئەلئان: ئێستا
ئەلئانەكینێ: هەر ئێستا
ئەنگوست: پەنجە، پل.
ئەنگۆرە: جۆرە قوماشێكی ئێرانیی ڕەنگاوڕەنگە.
ئۆتتە: ئەمەتە، ئاماژەیە بۆ نزیك.
ئۆتتێهێ: ئاماژەیە بۆ دوور. ئەوەتە.
ئۆدێ: ئۆدە، دایە، دایكە.
ئۆمەر: هۆمەر، عومەر، پیاوێك لە ژنەكەی بترسێ.
ئۆین: نۆرە.
ئۆینباز: فێڵباز، تەڵەكەباز، مەكرباز.
ئیختیار: پیر.
ئێرووكانە: ئێرە. زۆر نزیک.
ئیزن: مۆڵەت، ڕوخسەت.
ئیسحال: سكچوو.
ئیشتیا: ئارەزووی خوادن.
ئێقە: یاخە.
ئێلدە: یەڵدا.

## - ب -

با: بەڵێ.

باب: باوك.

بابانە: نێر. ن: کێشکێ بابانە (چۆڵەکەی نێر).

بابۆرە: پاروەنان

باپشکێو: ئەو دۆمەڵەی لە پێڵووی چاو دروست دەبێت.

باخچە: باخ

بادی: جام

بار: باڵ، کۆڵ.

بارانبڕ: باڵندەیەکی کۆچکەرە، لە وەرزی باران بڕان دێنە ناوچەی شەقڵاوە.

بارگە: ئەو کەلوپەلانەی لەگەڵ بووك دەبردرێنە ماڵی زاوا.

بارگیر: ئەو وڵاغەی باری لێ بندرێت.

باڕەکە: مریشکی یەك ساڵە.

باریە: ئامێرێکە لە ئاسن دروست دەکرێت، بۆ کونکردنی دیوار بەکاردێت.

باسك: قۆڵ

باغەر: باخەڵ

باق و بریق: ڕەونەق

باقۆ: بەری تازەی دار هەنجیر.

بالۆرە: بەیت

بالیف: سەرین

باول: سندووقی لە تەنەکە، یا لە پلێت دروستکراو.

باوی: بادام

بچم: چەهرە

برامێز: باوەش، ئامێز

برژانەوە: سووژانەوەی برین لەکاتی تیمارکردن. ن: وکی مەرحەمی تێ هەرەسوی. گەلەکییە برژاوە.

برق: بڵق

بڕك: شەتڵ.

بڕمان: دەنکەهەناری وشککراو، لەناو سرکەی هەنارگەش دەکرێتەوە.

بریا: خزگە

برێشکە: گوڵەبەڕۆژە

بریقە: بریسکە

بزۆت: داری گڕگرتوو. بووبێتە پەنگر.

بژوون: خاوێن

بسمیلکردن: ئاوپێداکردن، غوسل لێ دەرکردن، ناوهێنانی خوا بۆ دەستپێکردنی خواردن.

بلاروك: میوەیەکی کێوییە، لە گروپی گێوژە.

بلوور: ئامێری بلوێر، ئەو قامیشەی لە ناو بێشکە بۆ میزکردنی منداڵ دادەنرێت.

بن کەوش: بن هەنگڵ

بنار: جۆرە گریانێکە، هەناسەی تێدا دەوەستێ، زیاتر لەمنداڵ ڕوودەدات.

بنکراس: ئاوەڵکراس

بنەبان: لای ژێری ژێرەوەی کۆڕی دانیشتن.

بنیشتەتار: بنێشتە تاڵ

بەتاقەت: بە توانا، بەهێز

بەتاقی تەنێ: بەتەنیا.

بەچاوقوچانەکی: هێندەی چاو لێك بنێی، مەبەست لە کورتیی ماوەکەیەتی.

بەچرك: بەقرێژ

بەخۆ: بەتەنیا

بەدووعا: خواحافیز

بەدی کوو: ئەی چۆن.

بەدی: بەڵێ.

بەرا: بەڵام، .بەڵا.

بەڕادان دان: بەکردن دان، ن: ڕانك وچۆغەرەکم بەڕادان دێیا. (ڕانك و چۆغەیەکم بە کردن داوە).

بەربەر: سەرتاش.

بەربەرۆچك: شوێنی ڕوو لەڕۆژ، گۆڕەپانێکی بەر ڕۆژ، کە خەڵکی تێدا دادەنیشێ.

بەربووك: ئەوەی کاروباری بووك ڕادەپەڕێنێ.

بەردەباز: ئەوبەردەی لە ڕووبار و جۆگەکاندا بازی بەسەردا دەدەن بە مەبەستی پەڕینەوە.

بەردەتات: ئەو بەردەی نوێژی لەسەر بکرێ.

بەرشەق: سێرە.

بەرغ: کلسی نیشتووی دوای کوڵانی ئاو

بەرەواژی: ئاوەژوو. هەڵگێڕدراوە. ن: کراسی بەرەواژی دەبە کردبوو.

بەری: بەرك، گیرفان.

بەژن: باڵا ، پیاوی بە ژن.

بەشکم: بەڵکۆ. ن: بەشکم بێ! (بەڵکو بێ!).

بەشووش: دەم بە پێکەنین.

بەعەزرەت: بەهیوا.

بەفرخۆرکە: وەك گلێرە وایە، دەکەوێتە سەر بەفر و دەیتاوێنێتەوە.

بەقەدەر: هێندەی.

بەکەلام: بۆ سوێند پێ خواردن، مەبەست قورئانە.

بەکەلی هاتن: لێك بوونەوە.

بەکوتەکی: بە تۆبزی، بە خورتی.

بەگوریزە: گوروازە.

بەشەر: ئادەمیزاد، مرۆڤ.

بەلبوون: هەڵاوسان:

بەوەج: بە تاقەت، بەهێز. قەبە

بوار، بوهار: بەهار ن: بواری هینا چۆکان (بەهاری هێنایە ئەژنۆ).

بوجگڕ: کۆنه شتی نیوه کەلك.

بۆ: ڕیزی شینایی چاندن

بۆتکه: خانووی لەدار و تەنەکه دروستکراو.

بۆرژان: باوێشك دان.

بۆرەپیاو: پیاوی بێکەلك.

بۆز: ڕەنگێکی خۆڵەمێشیی تەڵخ.

بۆگه: بۆنگرتوو، زیاتر بۆ گیا بەکاردێت.

بۆگەنی: گەنیو.

بێ خێر: بێ هێز و لاواز. بێ کەلك

بێزەلەت: پیس و پۆخڵ.

بێ فایده: بێ سوود، بێ کەلك

بێ ودم: شووم

بێر: خاکەناس

بێرایی: بەردەرگا.

بیرازه: پانتایی گۆڕ.

بێزەلەت: پیس، ناحەز.

بیژمۆت: بیژی، زۆڵ.

بێن: پشوو. ن: بێنەکی دایێ (پشوویەکی دا).

## - پ -

پار: پاروو، پارەنان، ساڵی ڕابردوو.

پاره پاره: پارچەپارچه، لەت لەت.

پاردانەوه: پاڵکەوتن، حەسانەوه

پاز: باز(بازدان).

پاشەبەرە: دواهەمین منداڵی خێزان.

پدوو: پووك.

پراوپارزن: وەك لەگەن وایە، کون کونە، پڵاوی پێ دەپارزنن.

پڕبای بوو: پەلاماری دا.

پڕپۆرە: تۆپەڵە هەویری زۆر ورد، کە بۆ جووجکەی تازەبوو، لە ئارد و ئاو دروست دەکرێت.

پڕپینە: جۆرە گیایەکە، بۆ خواردن و بۆ دەرمان بەکاردێت.

پرتك: بەشێکی بچووکتر لە پشك.

پڕدان: پەلاماردان.

پزدۆل : پۆرگ.

پسپسۆك: داوێك بەئاسانی، یان زوو بپسێت.

پش: بەش.

پشك: لوقمە.

پشی: بێن، پشوو.

پف: فوو.

پفدران: هەڵاوسان

پفکە: پۆرگ.

پلووچ: پلووچکردن، کەوڵ لەبەر داماڵین.

پنك: پنت. ماك.

پنی: پینە.

پووزە: سیس و لاواز.

پەتك: گوریس

پەڕاوی: کاغەزی جگەرە پێچانەوە.

پەڕپوت: کەسێك هیچی دەباڵاندا نەبێ.

پەڕگە: لابەلا. لاپەڕگە.

پەڕە: شیکردنەوەی لۆکە.

پەڕەتیر: شتێك زۆر تەنك بێت، بەكەمیش دێت (پەڕەتیرەكی لۆمن تێدانییە).
پەرۆس: پیس و پەرۆس.
پەسیو:هەلامەت.
پەز: مەڕ.
پەككو: دەربڕینێكە بۆ سەرسوڕمان.
پەلار: توانج
پەنگر: پشكۆ.
پەنگركێش: ماشە.
پەقرەج: سەتڵ.
پێچك: پەلی ئاژەڵ. ن: پێچك چارە، بە ژمارە.
پێچكە: تایەی عەرەبانە و ئۆتۆمبێل.
پیخلە: پیاوی نابووت و وردیلە.
پێخواست: پێخاوس، كەسی بێ پێڵاو.
پێخۆر: هەر شتێک کە لەگەڵ نان بوخرێت.
پێخەو: هەر شتێک لەناویدا بخەوی.
پیركژین: پژمین.
پیسک: پیسكە، ڕژد، ڕەزیل.
پیفۆك: گیایەكی بەهارییە، سەڵكەكەی بۆ خواردن دەشێت.
پیك: ئەو بەشەی لە دووزەللە و زوڕنا، دەنگ دروست دەكات. ن: بەرێ پیكێی خۆشە. واتا(قسەی بەدڵی خۆی دەكات).
پێگۆڕ: بەهەڵە دەپێكردنی پێڵاو.
پیل: شان، قۆڵ.

## - ت -

تات: پانتاییەکە لەبەرد ڕێکدەخرێت بۆ نوێژ لەسەرکردن.

تاتێ سەری: پاتەسەر، تەپڵی سەر.

تاران: تاڵان

تازی: پرسە

تاژی: سەگی ڕاو، جۆرە سەگێکی ناوقەد باریکە.

تاس و حەمام: ئیدیۆم، واتە هەمان شت.

تاکەوتاك: دەپێکردنی سۆل، یان گۆرەوی، هەر تاکەی لە جۆرێك.

تامیسکە: جۆرە حەساسیەتێکە لە دەوری دەم و لێو دەردەکەن.

تاقیب: چاودێری.

تاو: هەتاو.

تاوەباران: ڕێژنە باران.

تخووب: سنوور

تڕاندی: فێڵی لێکرد، زەرەری لێدا.

ترش: شلە، مەرەگە.

تریقە: قاقا

تکان: دوکان، پارچە زەوییەك تۆوی شینایی تێدا چێندرابێ، ن: تکانە بیبەرەکم کردییە.

تلك: ئەنگوست

تلی: تلیە ترێ.

تەپۆ: جۆرە پێشکەیەکە.

تەجار: دەججال.

تەخت: زەوییەکی ڕاست، ن: دەگە عاردیی تەخت کرد.

تەڕاد: ئەو تەبەقە گۆشتەی سکی ئاژەڵی دروستکردووە.

تەڕاش: قۆپەنی دار چروو.

تەربیشە: گڵ بەسەرداکردنی شەتڵی تەماتە و شینابییەکانی دیکە.

تەڕدەستی: کاری خێرا و سەرپێیی.
تەڕەساز: جۆرە تورشیاتێکە لە شێلم و خەرتەلە و هەویر سازدەکرێت.
تەڕوهیشکانێ: بەردێکی پان و بچووك دێنن، لایەکی بە تف تەڕدەکەن، هەڵدەدرێ، بۆ ئەوەی بزانن بەکامە ڕوودا دەکەوێت. بۆ دەسپێکردنی یاری ئەنجام دەدرێت.
تەرۆك: تەنیشت.
تەریش: ئەو پارچانەی لە ئەنجامی تاشین دروستدەبن، ن: تەریشەدار، تەریشەبەرد.
تەزی: سڕ. ن: ئاوێ تەزی. دەستم تەزی. (ئاوی سارد. دەستم سڕبوو)
تەشقەرە: بیانوو.
تەقاویت: خانەنشین.
تەقەت: شاراوە. ن: پارەکەم لە جێیەکی تەقەت دانێیا.
تەقەتکردن، شاردنەوە. ن: لەترسانی خۆ تەقەت کرد.
تەلان: گرد. باسك.
تەما (بەتەما): بەهیوا، بەنیاز.
تەنکێش: تەنیشت، لاتەنیشت.
تەنگاو: تەنگ پێ هەڵچنراو
تەنی: ئەو ڕەشییەی لە ئەنجامی دوکەڵ لە شت دەنیشێ.
توار: تەیر و توار
تورخانەوە: کاتێك میوەی گەییو لە دار دەکەوێتە خوارەوە، دەتورخێتەوە.
توور: توورەگە. ن: نانێ شوانی چ دەتووری چ دە هووری.
تووڕەق: تووی وشك کراوە.
توورەگە: توور.
تووك: دوعای خراپ.
تۆچا: دەرمان چا.
تۆران: زیزبوون.
تۆرە: تۆڵە.
تۆڕی: تۆڕی وتار، بەڕەڵا، سەرسەری.

تۆزیله: تێلێکی بازنەییه، منداڵ یاریی پێدەکەن.

تۆشکه: کرێشك

تۆقیٚ سەری: بانی سەر. ن: له تۆقیٚ سەری هەتا بنی پێی تەزی.

تیٚ ڕووهات: پەلاماری داو بردی

تیٚ هەرەنگوفت: بەرەوڕووی بوو.

تیٚ وەرچوون: تێوەگلان

تیتك: مووی تێکئالاْوی قژ. ن: تیتك بەگوو.(جوێنێکه به کچان دەدرێت).

تیتیلەو بیبیله: شتی ڕازاندنەوه.

تیر: نۆره، تیری کەوان، چڕ، ن:(ماستاوەکی تیر)

تیراوه: نەخۆشییەکه. برینی پیس بوو.

تیسمار: پارچەیەکی باریك و درێژ، بۆ قوماش و بۆ زەوی بەکاردێت. ن: تیسماره عاردەکی ده دوو من هاتییه.

تێکئاران: لەیەکدی ئالاْن، دەمەقاڵی.

تێلەگه: هەرشتێك بۆ هەڵگرتن پێچرابێتەوه.

تیەچاو: سەیرکردن به گۆشەی چاو.

## - ج -

جاجم: لەخوری دەچندریٚ، هێندەی بەتانییەک دەبێت.

جاجک: بنێشت.

جام: شووشه.

جاشک: جاش، بەچکەی کەر و ماین.

جاده: شەقام.

جرت و فرت: هاتوچۆ.

جزمه: چەکمه.

جەنگەر: جەنگەڵ، دارستانی چڕ.

جەنه: پێداگری.

جوو: جوولەکە.
جووجیلە: جووجەڵە.
جووڕی: بەڕەڵا، تۆڕی کراو.
جوون: جوێن.
جۆبڕکە: ناوی گیانداریکە بڕکە جۆ و شیناوی دەبڕێت.
جۆت: جووت(پێچەوانەی تاک)، جووتکردن، زەوی کێڵان.
جووجکە: جوجەڵە.
جۆڕك: جەواڵ.
جەوی: کەتیرە.
جیفرقانە: هاتنە دەرەوەی هەناو(الاحشاء)، ن: جیفرقانەی لێ دەرینا.
جینجڕۆك: چڕنووك، ڕنۆك.

## - چ -

چاتی: شێوازێکی دروستکردنی بانی خانووە.
چاپەست: چادان
چار: چوار، چاڵ"
چارە: چارەسەر.
چارشەو: چوارشێو.
چارەبەفر: چاڵەبەفر، ئەو چاڵەی لە وەرزی زستان، بەفری تێدا عەمبار دەکرا، بۆ وەرزی هاوین.
چاوبەرەژێر: چاوشۆڕ.
چاولێکەری: لاسایی کردنەوە.
چترووك: چەڵتووکی برنج.
چروو: گەڵا و چڵی دار مازی و بەڕوو.
چزی: دەزووی زەردەواڵە.

چکچکە: جۆرە باڵندەیەکە لە چۆلەکە بچووکترە.
چلیٚ کچکە: چلەی بچووك.
چلیٚ گەورە: چلەی گەورە.
چەپەر: لە جیاتی دیواری بەرد، بە دار و شوارك دروست دەکریٚت.
چەتیم: بە کچی بیٚ دایك و باوك دەوتریٚ.
چەکمە: جزمە. پیٚڵاو.
چەل کردنەوە: خل کردنەوە.
چەنە: زۆر وتنەوەی شتیٚك.
چەنەگە: چەناگە.
چەهرە: بچم. جەوهەر
چەور: بەڕوون.
چورچە: کەسیٚك پیٚستی چورچ و لۆچ بووبیٚ.
چۆپ: چەپ.
چۆك: ئەژنۆ.
چۆلگە: چۆلەوانی، چۆلەوار.
چیت: پشدیٚن.
چیچیلە: گۆ، چیچیلیٚ گێی: نەرمانی گویٚ، چیچیلیٚ مەمکی: گۆی مەمك
چیرژن: دەنگی هاواری ژن. قیژە.
چیٚشتەخەو: خەوی بەیانیان
چیٚشتەنگاو:بەیانییەکی درەنگ (ئەنگاوتن).
چیغ: ئەو لکە خورمایەی حەسیری لییٚ دروست دەکریٚت.
چیلك: لکە داری وشك.
چینک: وردەنان.

## - ح -

حاجەت: پێویستی. ئامراز.

حاجیلە: ناوی گوڵێکی بەهارییە پەڕەکانی سپی و وردە و ناوەوەی زەردە.

حار: حاڵ، سەمای دەروێشان.

حاسێ: سەخت. گیرخواردوو.

حەپس: زیندانی.

حەفتیانە: حەوتەمین ڕۆژی بەبووك چوون.

حەل: چارەسەر.

حەمایل: جۆرە نوشتەیەکی چوارگۆشەیە.

حەمەدەشین: میوەیەکە لە موتربەکردنی گەراز و قازمانە بەرهەم دێت.

حەمەقەدۆ: دەوڵەمەندێکی شاری موسڵ بووە. وەك ئیدیۆم، بۆ توانجلێدان بەکاردێت.

حەوسەرە: سەلیقە.

حورچن: ورچن.

حورمە: ئافرەت.

حۆقە: وەقە. یەکەیەکی پێوانەی بارستاییە.

حیساب: هەژمار، حیسابی لۆکەس نەکرد.

حێل: حساب، حەل، ئەو گەمە حەل نییە. با ئەو گەمە حێل نەبی.

## - خ -

خار: برای دایك، خاڵ، خەتو خاڵ.

خاراندن: سڕکردن.

خارخارۆکە: خاڵخاڵۆکە.

خاسەڕەنگ: خۆڵێکی سوورە بۆ ڕەنگکردن بەکاردێت.

خاوەبرژ: شتێك نە خاو بێت و نەبرژاو بێت.

ختم: مۆر، خەتمی قورئان.

خڕبوونەوە: گردبوونەوە، کۆبوونەوە.

خڕەخڕ: دەنگی سنگی نەخۆش.
خسکە: پیازی ورد.
خەتا: سووچ، هەڵە.
خەرەفای: خەڵفاو.
خەرك: خەڵك.
خەزولاس: لاس و خەزاڵ. ناوی مەزارێکە لە شەقڵاوە.
خەسارە: داری گەورەی خانوو.
خەناوکە: ملوانکە.
خەنی بوون: خۆشحاڵ بوون.
خواردە: کەسێك ماڵی خۆی بخوات.
خوارێ: لای ژێری.
خواسترای: داواکراو، لە پیاوچاکێك خواسترابێ.
خوانچە: سنی.
خوترمە: دارێکە، لە شێوەی کلکە قازمە، زیاتر لە شەڕکردن بەکاردێت.
خوردە: پارەی ورد.
خورشت: خوران. حەساسیە.
خورمە: خورما.
خوزی: تف.
خوست: هەست.
خومچە: خونچە.
خووس: وردە خوناوی بەستووی سەر گژووگیا.
خووساندن: نەرمکردنەوە لەناو ئاو.
خۆتێ هەرقورتاندن: چوونە نێو کارێك بەبێ داوا لێکردن.
خۆڕ: خۆڵ
خۆڕی: خوێڕێ. سەرسەری.
خۆشاردنەوانێ: چاوشارکێ، چاو شیلکانێ. یارییەکی منداڵانەیە.

خۆشاواز: خۆش ئاواز.
خۆگرخاندن: خۆخافلاندن، خۆ دواخستن.
خۆگیرکردن: خۆ دواخستن.
خۆماری: خۆماڵی.
خیت: خەت، خێت. هێڵ.
خیزاو: کێم و خوێن.
خیکدان: هاندان.
خێله: خێل.
خین: خوێن.
- د -
داپیرۆچکە: جاڵجاڵۆکە.
داخوە: ئاخۆ.
دارك: لاسك.
دارەمەیت: دارەباز.
داکەسان: ساکن بوون، ئۆقرەگرتن، دامەزران. ن: داناکەسێ. واتا (ناوەستێ).
دامەن: داوێن.
داندۆك: ساوار لەماست دەکرێت و لەبەر هەتاو وشك دەکرێتەوە، دواتر دەکرێت بە چێشتێکی شل.
دانوو: گەنمی کولاو.
در: دڵ.
دڕ: هار و هاج، دڕندە.
درلەخۆبوونەوە: بوورانەوە.
درەم: درهەم.
دری داکەت: ئۆقرەی گرت.
درێشووکە: درێشووکێ ماری، زمانی مار.
دژوون: بەقرێژ.

دشخەو: خەوزڕان.

دم: دەم، لمۆز.

دمڕووت: بێ شەرم.

دمك: دەنووك.

دمكدمكانێ: شەڕەقسە.

دموچاو: ڕوو.

دنك: دەنك، قل.

دەبانجە: دەمانچە.

دەبدەبە: میزەڵدان.

دەحرودڕ: شوێنی پڕدڕك.

دەرامەت: توانای دارایی.

دەراندن: دەڵاندنی ئاو.

دەرز: درز.

دەرس: وانە.

دەركە: دەرگا.

دەرماناوە: ئەو كانییەی ئاوەكەی وەك دەرمان بەكاردێت.

دەڕنەگە: پێداگری كردن.

دەرۆزەكەر: سوڵكەر.

دەری: دەرگای گەورەی قەڵا.

دەزگر: دووپارچەی ئەستوور، لە پەڕۆ دروستكراو، بۆ گرتنی مەنجەڵ و شتی گەرم.

دەست و پێ سپی: بێ دەسەڵات و هیچ نەزان.

دەسخەرەتدان: بەهەڵەدابردن.

دەسرۆك: دەسماڵ.

دەكەلی هاتن: ڕەت بوون.

دەگەر: لەگەڵ.

دەلینگ: بەشی خوارەوەی شەرواڵ، ن: دەلینگە شلوار. دەرپێی ژنانە، وەك شەرواڵ وایە و دووڕەنگە.

دەهری: بێزار.

دوڕ: ناو.

دووکەر: دووکەڵ.

دووگرد: بەرماڵ.

دوولا: چەماوە.

دۆر: دەهۆڵ.

دۆراب: مەکر، ئۆین. دۆڵاب.

دۆرەمێ: دەڵەمە.

دۆرو زوڕنا: دەهۆڵ و زوڕنا.

دۆشاومژە: پەنجەی شەهادە.

دۆن: ڕۆن، چەوری.

دیان: مەسیحی، گاور. فەلە

دێر: کەنیسە. پەرستگای مەسیحی و جوولەکەکان.

دێرە: مێیەی سەگ و گورگ.

دینگە: ئەستووندەکەی بەرد، یان ئاسن. یان چەمەنتۆ.

## - ڕ -

ڕا: پرس، ڕەئی.

ڕابردی: بەسەرچوو.

ڕاچەنین: ڕاچڵەکین.

ڕتووبەت: شێ.

ڕك: ڕق، ڕێگایەك لارییەکەی کەم بێت و زیاتر ستوونی بێت، جا هەوراز بێت یان نشێو. ن: ڕێیەکی زۆر ڕکە.

ڕکە: غەزرین، بەرهەڵستی کردن، ن: دایە ڕکەی.
ڕەختە: فیشەکدان.
ڕەشکە: گوێز کە بەدارەوە توێکلەکەی وشك دەبێتەوە.
ڕەوانی: سکچوون.
ڕەوی: هەور ڕەوینەوە.
ڕوحەت: ئاسوودە.
ڕوون: ڕۆن.
ڕۆن: شفاف. بێڕەنگ، ڕۆناک.
ڕێ بزنێ: ئەو باریکە ڕێیەی لە گرد و تەلانەکاندا، دەبیندرێن.
ڕێ: ڕەگ، ڕێگا.
ڕیخ: خاشاکی مانگا.
ڕیخەرۆك: ڕیخۆڵە.
ڕیس: ڕستراوی موو، یان خوری.
ڕیسی: لوولدانی گیا بۆ وشککردنەوە، بۆ ئالیکی ئاژەڵ.
ڕیشارۆك: ڕەگ و ڕیشە.
ڕیوی: ڕێوی، ڕیخەڵۆك.

**- ز -**

زار: دەم، زاری هەڵدان.
زاد: نان.
زات: خود.
زبر: زبڵ، پەینی ئاژەڵ.
زرپە: قەڵەو. دوببە.
زرت: جرت.
زراوچوون: ترسان.
زرومبات: جۆرە خواردنێکە لەگەڵ قەند ئامادە دەکرێ.

زگ: سك.

زگ پێ سۆتان: بەزەیی پێدا هاتنەوە.

زەخیرە: بەرووبوومی وشکی هەڵگیراو.

زەرتك: زەردوویی.

زەفتکردن: دەستبەسەرداگرتن:

زەمبەرە: تەشتێك لەسەر دوو دار جێگیر دەکرێت، دووکەس هەڵیدەگرن، بۆ گواستنەوەی قوڕ و خۆڵ.

زەنەك: مێرگێك خاکەکەی قوڕ و بەئاوبێت.

زەهیر: ژەهیر

زەین: هۆش

زوور: زبر، دڕ.

زوورانەوە: سووژانەوەی پێست، بەهۆی شتی زوور(زبر) یان بەهۆی گژو گیا و دەرمان: هەمووقالبییەزوورێتۆ. (هەموو لەشی دەزوورێتەوە).

زۆڕەو: زۆربڵێ.

زیخ: لم.

زیز: تۆراو.

زێلاق: قوڕ و زێلاق

زیوان: گیایەکە لەگەڵ گەنم شین دەبێت. (وەك ئیدیۆم بە کەسێکی زیانبەخش دەوترێت)

**- ژ -**

ژاژی: جۆرە بەرهەمێکی شیرەمەنییە.

ژووشک: ژووژک.

ژۆر: ناوەوە

ژۆری: سەروو.

ژیکەلە: قشت، ئێسکسووک.

## - س -

ساتمە: پێ هەڵگوفتنی وڵاغ.

ساتەگۆڕ: گۆڕەپان.

ساحێب مار: خانەخوێ

سام گرتی: سام گرتوو، ترساو.

ساوە: حەساوە

سەرچادان: پارچە پەڕۆیەکی چوارگۆشەی بچووکی نەخشکراوە، بەسەر چادان دا دەدرێ.

سەرخۆش: مەست و خومار.

سەرکۆش: پەڕۆکێکی نەخشکراو. لە کاتی ڕدێن تاشین، لەسەر کۆش دادەندرا.

سەرنان: پارچە پەڕۆیەکی چوارگۆشەی نەخشکراوە، بەسەر نان دا دەدرێ.

سەرەد: وەك بێژینگ وایە، بەڵام جیاوازیی لەگەڵ بێژینگ لەوەدایە، کە بەنەکەی لە پێست دروست دەکرێت و خانەکانی شاش ترن، بۆ بژارکردنی نۆك بەکاردێت.

سەرەدەری: شارەزایی، سەرلێدەرکردن.

سەرەمر: مریشکێك تەمەنی لە ساڵێك زیاتر بێت.

سەرینگان: سەرووی مەجلیس.

سەوگورگ: تاریك و ڕوونی بەرەبەیان.

سواندە: لێواری بانی خانووی چوڕ.

سوانکە: چۆلەکە. کێشکە

سولاوکە: ئەو شوێنەی ئاوی سەربانی پێدا دێتە خوارێ.

سوو: سوێ.

سووچ: خەتا. گۆشە.

سوورکە: گیایەکی بەهارییە، وەك تەرەتوولە وایە" لەگەڵ خواردن دەخورێت.

سوورە: بەکەسێکی سوورکەڵە دەوترێت.

سۆتەك: مشکی، تووتنی سوتاوی جگەرە: سۆتەکێ جغارەی. ن: سۆتەکێ بنێ ئاگردانێ.

سۆراو و سپیاو: ماکیاژ.
سۆریاز: گیایەکی بەهارییە، بۆ ئامادەکردنی چێشت بەکاردێت.
سۆریکە: سورێژە.
سێبسکۆرە: جۆرە گیایەکی سەرەتای بەهارە، لەگەڵ ساوار لێدەندرێت.
سێر: ساج.
سیرمە: تیلمە پێستی باریك.
سیسە: بەکەسێکی موو سیس دەوترێت.
سیکارد: کێرد
سیلە: گۆشە
سێوەڕە: سێ پەڕە، جۆری گیایەکی بەهارییە.

## - ش -

شا: پاشا.
شاتوو: گاتوو، نووشامی
شاپ: شووت.
شاپترێن: تێهەڵدان و تڕوکردن.
شتر: شەتڵ.
شڕ: هیلاك.
شرار: بوورانەوە.
شرقە: شەققە. ن: لەشرقێ بارانی دا (لەشەققەی باڵیدا).
شرینگە: تەڕبوون، تا ئەو ڕادەیەی ئاوی پێدا بێتە خوارەوە.
شریقەلێدان: دەرزیلێدان
شلوار: شەرواڵ
شلوشەوی: خاو و خلیچك، شەلۆل
شەپارۆخ: بەفرماڵ.

شەرت: بەڵێن.

شەقاندن: هەژاندن.

شەقرە: دار، بەدارێك دەوترێ کە بتوانرێ بەدەست بهەژێندرێ.

شەکرۆکە: نوقڵ.

شەکرەسێو: جۆرە سێوێکی بچکۆلانەی سپی و شیرینە.

شەکەت: هیلاك.

شەنگ: تاقەت.

شەوی: شل و شەوی.

شوارِك: شولك. لاسکە داری تەڕ.

شۆق: ڕووناکی.

شیرناتی: شیرنەمەنی.

شیلکێ سەری: پاتەسەری ئەو مندالانەی تەمەنیان لە چل ڕۆژ کەمترە، بەتەواوی ڕەق نەبووە.

شیو: نانی شەوان، چێشت.

## - ع -

عاجووج و بابجووج: یەئجووج و مەئجووج

عاجیباتی: سەیروسەمەرە.

عاردانێ: زۆرانێ. زۆرانبازی.

عارەق: ئەرەق (بەهەموو جۆرە خواردنەوەیەکی سەرخۆشکەر دەوترا)

عارەقە: ئارەقەی لەش.

عازەب: بالغ، کوڕ و کچی لە تەمەن پێگەیشتوو.

عاسمان: ئاسمان.

عاقیبەت: کۆتایی، دەرەنجام

عرووس: ڕووس

عەبووس: ڕوو گرژ.

عەزاب: ئازار

عەزیز: ئازیز، خۆشەویست، قەدرگران.

عەشتەبا: شت

عەوێز: قەرەبوو.

عەمبار: حەماڵ.

عروس: ڕووس

عێدز: زیز.

عێلات: کۆمەڵە کەسێکی زۆر (ن: ئەو عێلاتە بەکێ بەخێو دەکرێ؟)

## - غ -

غارب: ئەغرەب، زۆربە. ن: غاربی جار: زۆربەی جار.

غلۆرکردنەوە: چەلکردنەوە.

غلوور: لەخۆبایی، مەغروور.

غەرەز: مەبەست. کینە.

غەزرین: ڕکەکردن.

غەلەبە: زاڵبوون.

غەنیم: دوژمن.

غەوارە: بێگانە.

غەیب بوون: ونبوون.

## - ف -

فار: فاڵ

فابریقە: کارگە.

فام: تێگەیشتن

فت: لەڕیز دەرکراو.

فران: فلان.

فرچك: ژەك (ڕاهاتن له شتێك)
فرسەت: دەرفەت.
فڕفڕۆك: فڕفڕۆکەی منداڵان.
فرمێچك: فرمێسك.
فره: فراوان.
فرۆ: ژەك.
فرۆتن: فرۆشتن.
فرۆتەنی: شتێك بۆ فرۆشتن داندرابێ. ن: ئەو بارەداره فرۆتەنییه؟ (ئەو بارده داره بۆ فرۆشتنه؟).
فشقیات: گاڵته و گەپ.
فەتارەت: بەهیلاکچوون.
فەرخه: بێچوو.
فەروو: فەروه، کەوڵی تیسکن.
فیت: پڕبەئەندازه، به تەواوی.
فیتفیته: ئامرازی فیت لێدان. صافره.
فیتەبەدەورانه: سوڕانەوه و هاتنەوه شوێنی خۆت بەبێ سوود.
فێر: فێڵ.
فێرباز: فێڵباز.
فێرلێکردن: تەفرەدان، فریودان.
فیسار: لەگەڵ فلان بەکاردێت، ئەگەر له کەسێك زیاتر بوون. (ن: فلان و فیسار)
فیشار: درۆ.

## - ق -

قاپقاپه: جۆره سۆلێکی بن داره.
قاڕه: دواین کەس، لەنۆرەی یاری، یان لەنانخواردن. ن: پشێ قاڕەی ترش و گۆشته.
قاسه: خەزێنه.

قاسید: نێردراو.

قافلە: کاروان.

قاقانی چینیٚ: خاقانی چین. وەك ئیدیۆم بۆ توانج لێدان دەوترێت.

قاقەز: کاغەز، نامە.

قامک: ئەنگوست، پەنجە.

قانگ دان: لە دوکەڵ پڕکردن. ن: کونیان لە ڕیویێ قانگ دا، گویێ قانگ دان، بۆ شکاندنی ئازاری گویێ.

قاورتی: خواردنێکی سەرپێیی.

قجیلك: ئەنگوستی گچکە.

قدیلۆکانیٚ: ختووکە.

قرچۆك: کەسێکی زۆر ڕەزیل.

قردێنە: قردێلە.

قرقرتارۆك: قوڕقوڕاگە.

قسەهینان وبردن: فزوڵی.

قسووسی: تایبەتی.

قەپا: قۆپاو.

قەپووچك: سەرتیژ. ن: باران سەر بە قەپووچکە.

قەپێلك: توێکڵ.

قەدکردن: دار قەد کردن، جل قەدکردن.

قەرد: قەرز.

قەرشتی: قلێشاو.

قەرەپەستانە: قەرەباڵغییەکی بە پاڵەپەستۆ.

قەریە: قاورمە.

قەسری: سڕبوو.

قەلیۆر: قەرەوێلە.

قەمامە: تەقەڵ، تەقەڵی برین.

قەنداو: شەکراو.

قەننە: دارجگەرە.

قوتە: کورتەبالا.

قوچان: نوقان

قوچکردنەوە: بەرزکردنەوە.

قورپ: دەسکی گۆسکە.

قورتاربوون: دەربازبوون.

قورفانە: شێوازێکی گرێدانە، کە بکرێتەوە.

قوم: چۆڕ، قومە ئاو.

قومبلە: بۆمب.

قومقومۆك: مارمیلکە.

قونجی: کونجی.

قونجیرکە: قورنج لێ گرتن.

قوندە: قەزەم.

قووت: بژێوی.

قوونك: قونکەتەرۆزی. بەشی کۆتایی نزیك بڕك.

قۆپەن: ئەو ڕووەکانەی بەکۆمەڵ دەردەکەون، وەك قۆپەنی کوارگ.

قۆپیە: غەش.

قۆر: قووڵ.

قۆرت: چاڵ.

قۆرنج: ناوەڕاستی بەشی سەرەوەی پشت.

قێچ: کێچ.

قیسپ: ئەودارەی پەرژینی پێ دروست دەکرێت.

## ـ ك ـ

کاخوە: ئاخۆ. ن: کاخوە کێوە چووە. (ئاخۆ بۆکوێ چووە).

کارتیخ: بڕبەند.

کارخانە: کارگە

کارخانچی: کەڵەکچی

کاڕك: کاڵ، نەگەییو.

کارەك: جۆرە پێڵاوێکە لەپێست دروست دەکرێت.

کارۆکە: کاریلە.

کاسە: بادی.

کاکر: کاکڵ.

کاکۆر: کاکۆڵ.

کاول: وێرانە. خانووی وێران. ن: چوونە کاولەکی.

کتك: پشیلە.

کدوو: کوولەکە.

کر: مەرەز.

کڕ: بێدەنگ.

کسکە: پشکە دونگی سوورکراوە.

کسۆك: سەگ.

کشپل: قشپل، پاشماوەی مەڕ و بزن.

کشتەك: قەیتان.

کلێژە: کلێنجە.

کم: کەم.

کن: لا.

کندر: گوریس.

کەپرەشینە: ناوی جەژنێکی جوولەکەکانە.

کەپوو: لووت.

کەترە: کەسێك بێ توانا و بێ کەلك بووبێ.

کەتیرە: جەوی، صمغ.

کەچە: بێ کەڵك.

کەچەر:کەچەڵ.

کەد: لك.

کەدینە: گوڵدان.

کەرب: کەڵبە.

کەرترێن: هەورازێکی ڕك.

کەرتك: پارچە.

کەڕە: بە کەسێکی کەڕ دەوترێت. جاران، ن: (سێ کەڕە سێ: سێ جاران سێ).

کەرەباب: کەڵەشێر.

کەڕەت: جار.

کەڕەچیف: کەڕەشین، کەڕوو.

کەستەك: گرمت.

کەسیرە: بە ئافرەتێك دەڵێن، کە دەردەسەریی زۆری بینیبێ

کەشکەك: گەنمەکوتا.

کەلەش:لاشە.

کەلەواژی: هەڵگەڕاوە، بەلاداهاتن،

کەند: چاڵ.

کەون: کۆن.

کەوەست: سندان.

کوران: کوڵان.

کورك: تووك.

کوریك گاگلۆ: گوڵێکی سەرەتای بەهارە و ڕەنگی جۆراوجۆری هەیە.

کولانکە: دووکەرکێش.

کولانەوە: نوێبوونەوەی برین. ن: گۆتی برینانم مەکولینۆ.

کووشه: لەکووشەگرتنی مێو. لەژێر خاك نانی قەدی مێو، بۆ ئەوەی ڕەگ دەربکات و ببێتە بنە مێوێکی سەربەخۆ.

کۆتەرە: قەدی دار.

کۆچکە: سەرپۆشی منداری ساوا.

کۆخ: کۆکە، کۆخە.

کۆر: پاشگر بە واتای کوێر یان کۆربوونەوە (بابانکۆر ـ عەزەکۆر).

کۆر: کۆڵ ـ کول ـ وێران ـ خۆشوشتن و جل شووشتن.

کۆرانە: کۆڵان.

کۆرخانە: شوێنی خۆشوشتن و جل شووشتن.

کۆرکردن: خۆشوشتن وجلشووشتن.

کۆرە: کوێر.

کۆرەپشت: کۆڵەپشت.

کۆریت: کۆڵیت.

کۆکلە: کۆکلە خلۆکە، سیم.

کێخا: کێخوا..

کێرکەر: خزمەتکاری ژن.

کیسەر: کیسەڵ.

کێشکە: چۆلەکە، سوانکە.

کێل کردنەوە: بەرزکردنەوە.ن: قەسرەکی لەبەرامبەر قەسرێ پاشای کێل کردۆ.

کێلەبەردانێ: جۆرە یارییەکی کوردەوارییە.

## ـ گ ـ

گاپەل: جۆرە باڵندەیەکە لە کۆتر گەورەترە.

گاڕان: ڕاداشتنی مانگا و گۆلک.

گارەدان: داخستن.

گارەگار: دەمەقاڵێ.

گازاندە: گلەیی.

گازکردن: بانگ کردن.

گچکەر: بچکۆڵە.

گر: خۆڵ.

گران و گەست: سەنگین.

گرژینەوە: بزەهاتن ، خەندەکردن.

گرەسەر: خۆڵێکی سپییە، بۆ ژانەسەر بەکاردێت.

گروان: وەك مازوو وایە بۆ دەبغکردنی پێستە بەکاردێت.

گرواندن: دەبغ کردن. گا گروێیا کلکی مێیا.

گزگرینۆك: گرینۆك، کەسێك زۆر بگرییێت.

گلێرە: وەك بەفر وایە، بەڵام دەنکەکانی ورد و وشك وخڕن.

گندۆرە: کاڵەك.

گەززە: قەپار، گاز.

گەمە: یاری، گاڵتە.

گەندە: قەڵپ

گەوە: پێچ، سوڕانەوە.

گوجیلە: بێچووی سەگ.

گورپێغەمبەر: گەنمەشامی.

گوریزە: گوروازە، قژی لوول.

گوش: گونیە.

گووبۆق: قەوزە.

گوورگە: ئەو دارەی دەخرێتە گۆشەی خانوو.

گووگرە: دەرکەوتنی مووی سمێڵی مێرد منداڵان.

گووفەك: زبڵخانە، شوێنی فڕێدانی زبڵی ئاوایی.

گۆ: گوتی، وتی.

گۆپار: گۆپاڵ، گۆچان.

گۆت: سڕ، تەزی

گۆری: گۆرەوی.

گۆلم: چەنگ، چنگ.

گیابرژانە: ئەوگیا بەهارییانەی بۆ خواردن زەرد دەکرێن.

گیاسوورکە: جۆرێکە لە گیابرژانە.

گیاکەو: تاڵیشك.

گیپە: خواردنێکە (سەر و پێ).

گیربوون: دواکەوتن.

گێرکە: مێرووولەیەکی وردی ڕەنگ زەردە.

گیرۆك: کیرۆك، بە گوێزێك دەڵێن، کە کاکڵەکانی لە توێکڵەکەی گیربووبن و بەساغی دەرنەکەون.

گیز: گوێز.

گیزان: مووس.

گێسك: گەسك.

گیشە: کەڵەکە، کەڵەکەدار، یان گەڵەگە بەرد.

گیف کردنەوە: سنگ دەرپەڕاندن

## - ل -

لا تەرۆك: هەردوو تەنیشتەکانی سك.

لاپەڕگە: لابەلا، سووچ.

لاچەك: سەرپۆشی ئافرەتان.

لاس: جۆرە دارێکی بەدڕکە.

لاسا: لاسایی. چاولێکردن.

لاستیق: لاستیك.

لالە: لەمپا، چرا.

لانك: بێشکە.

لاق: قاچ

لاونیو: ناڕاستەخۆ، لابەلا.

لای ژۆری: لای سەرەوە.

لای ژێری: لای خوارەوە.

لچ: لێو.

لمووز: قەپۆز، چەناگە.

لەبلەبان: قسەزان و زمان ڕەوان.

لەبن و بۆتکە: لەڕەگ و ڕیشە.

لەپکەشین: پیرۆزە.

لەتك: پارچە.

لەخزمەت مەرەخەس بوون: ماڵئاوایی کردن.

لەخورینی: لەسەر برسییەتی، بە گەدەی بەتاڵ.

لەخۆچوون: بوورانەوە.

لەڕ: لاواز.

لەڕێ خوای: لە ڕاهی خودا.

لەسە چیچکان: جۆرە دانیشتنێکە، لەسەر پێ دانیشتن. جگە لە بنی پێ، هیچ شوێنێکی دیکەی لەش، بەر زەوی ناکەوێت.

لەسەخۆ: هێمن. یان کەسێك هێشتا لەسەر شەنگ و تاقەت بێت.

لەکن: لەلا.

لەگەن: دەفرێکی کونکونە.

لەمەچێتر: جنۆکە.

لەمەرز: لە لا.

لوا: خوریی بەرخی یەکساڵە.

لوولییە جەلیت: ئەو لوولانەی لە ئەنجامی توانەوەی بەفر بە سواندەی بانانەوە دروست دەبن.

لۆق: لاق.

لێ خەفتن: لێ وردبوونەوە.

لیکاو: لیك.

لینگ: تاك، قاچ، لەتەر.

## - م -

ما: مایەوە، بۆ پرسیارکردن.

مارات: ئاژەڵی ماڵی. ن: مەڕومارات.

مارەخار: خزمانی بەرەی دایك.

مازیك: مازیی گچکە.

ماك: نیشانە.

مامەستا: مامۆستا.

ماندی: ماندوو.

ماینێ پێغەمبەری: جۆرە کلۆیەکی سەوزی باریکە.

مراکەدۆ: کەوچکی دۆخواردنەوە.

مردۆخ: شل و خاو

مز: مس.

مزگەفت: مزگەوت.

مژمژە: هەڵووژە.

مست: مشت.

مستیلە: مستۆ، مچۆل: کورتکراوەی ناوی مستەفا.

مشکی: خۆڵەمێش. شەدە و هەوری.

مقەببا: کارتۆن.

منۆخ: کەسێکی ناخ بۆگەن.

مەحتەل بوون: پەك کەوتن.

مەخسەد: مەبەست.

مەراشوو: مەلاشوو.

مەرجاپیلك: گیایەکی بەهارییە، سەڵکەکەی بۆ خواردن دەشێت.

مەرحەم: مەرهەم.

مەشکەدۆ: مەشکەی دۆ.

مەعدە: گەدە.

مەعلان: شارەزا.

مەعمیل: کەسێك سەودای بەردەوام لەگەڵ کەسێك بکات، شتێکە لە دار دروستدەکرێت، بۆ ئەوەی بە وڵاغ بەردی پێ بگوازنەوە.

مەفتەن: زێد.

مەقری: تاوە.

مەملەکەت: ئاوەدانی، شار و وڵات.

مەیل: ئارەزوو.

موتفەڕك: تفەڕك، پیرۆز.

موزیڕ: زیانبەخش، دەست بەزەڕ

موسرمان، بوسرمان: موسڵمان.

مونجیڕ: پێداگر

مێخۆش: ترش و شیرن.

میراو: ئەوکەسەی سەرپەرشتیی دابەشکردنی نۆرەئاو دەکات.

میرغەزەب: جەللاد.

مێلاق: هێشووی هەنار.

## - ن -

ناسکەنان: نانی بەڕۆن و کسکە.

ناکەسبەچە: هەرچی و پەرچی.

ناو: دەڤەر.

ناوبرێشك: ئەو دارەی لەسەر ساج، نانی پێ دەبژێنن.

ناورانەوە: سواڵکردنی بە پاڕانەوە. ن: لۆ عانەکی ئەناورێتۆ.

نەتەچاو: بە کەسێک دەوترێ بەرچاو نەبێت.

نەرم و حەلیم: نەرم و نیان.

نەرمووك: نەرمان.

نەساغ: نەخۆش.

نەینۆك: ئاوێنە.

نوشتی: نوشتە.

نووزانەوە: نرکە و ناڵە کردنی کەسی بێ توانا، جا لە هەژاری بێ، یا بە هۆی نەخۆشییەوە بێ. ن: هەموو دەمێ ئەنووزێتۆ.

نویشك: کەرە.

نێم: شێ.

نیمبەر: مینبەر، نیمدەر.

## - و -

وارێ: دەڵێ.

وارێن: دەڵێن.

وجاغ: ئاگردان.

وجاغ کۆر: بە پیاوێك دەڵێن کوڕی نەبێ، یان نەیمێنێ.

وروره: هێلکەی پێنەگەیشتووی نێو سکی مریشک.

وشی: هێشوو.

وەخۆکەتن: خۆ ئامادەکردن.

وەرام: وەڵام.

وەرداش: هاوەڵ.

وەرداش زاوا: هاوەڵ زاوا، هاولینگ.

وەڕز: بێزار، وەرس.

وەرکردن: پەرش و بڵاوکردن.

وەرەم: نەخۆشیی سل. ئاوسان.

ویزدان: ویژدان.

## - هـ -

ها: بەڵێ.

هات: داهات، سارەکەی هات بوو - کاری ڕابردووی سادەی نزیك

هارد: ئارد.

هاڕژن: دەنگی هاواری وڵاغ.

هاژۆتن: هاژووشتن، لێخوڕین.

هاممەتێ: بۆ ئافەرین کردن دەوترێ.

هاوزە: هاوتەمەن. ن: ئەتوو هاوزێ من نی. (تۆ هاوتەمەنی من نیت)

هاوزینگ: دوا هەناسەکای ڕۆحدان.

هاوەللا: نەخێر، ناوەڵڵا.

هە: هەر، تەنها (هە بەخۆ هاتیە).

هەبووی: کەسێك دەوڵەمەند بێت.

هەپڕوون بەهەپڕوون: پارچەپارچەبوون.

هەتا هەتێیا: تا هەتایە.

هەترە: زندەق، زراو.

هەتەرۆك: مەتەڵ، مەیل. مامک.

هەجەل: ئەجەل.

بەهەدەردان: بەفیڕۆدان.

هەرا: دەمەقاڵی.

هەرات: ڕایکرد. هەڵات.

هەرارەت: حەساسییەت.

هەراویتن: هەڵدان.

هەربرینگانـدن: بەرزبوونـەوەی هـەور بـەرەو بـەرزایی ئاسـمان. دەڵـێن: هـەوری هەربرینگاندن.

هەرپەرداوتن: بڕینی لق و پۆپی دار.

هەرد: عەرد.

دەغر: دانەوێڵە، گەنم و جۆ.

هەردەفان: هەڵاوسان.

هەررێشتن: هەڵرشتن.

هەرزووراندن: هەڵکروزاندن.

هەرزەلین: هەڵخلیسکان.

هەرس: ورچ

هەرلووشین: بەپەلە خواردن.

هەرم: هەڵم.

هەرمی پشکێو: مانگی نەورۆز، خاکەلێوە.

هەرمیشك: جۆرە خواردنێکە.

هەرمێن: ڕەواج.

هەرەنگوفت: ساتمەی کرد.

هەرهێختن: هەڵخستن.

هەڕوو: بچۆ.

هەرووتی: تۆران، وازلەشت هێنان. ن: هەرووتی بووە، نێیاتۆ ماریێ. (تۆراوە، ماڵی جێهێشتووە و ناگەڕێتەوە).

هەرێ: پەیمان. ئەرێ.

هەرێنج: هێڵنج ،هێق.

هەزاری بەرهەزاری: زیاتر بۆ کەپکە شاخێك یان بەرزاییەك بەکاردێ، کە بەسەر قوڵاییەکی زۆر دا بڕوانێ.

هەسان: بەردێکە بۆ تیژکردنەوەی ئامرازی لە ئاسن دروستکراو بەکار دێت، وەك بیور و داس.

هەشتاو: بەهەشتاوی، بە تەنگاوی. بە پەلە.

هەشیار: هوشیار.

هەفت: حەوت

هەلابەهەلا: پارچەپارچەبوون.
هەلاکەت: بەهیلاکچوون.
هەمەت: سەرنج، دیققەت. ن: هەمەتی لێ کرد (سەرنجی دایێ).
هەنارد: ناردی.
هەنجەت: بیانوو.
هەندی دەمێ: دەم و دەست
هەندی گاوێ: دەم و دەست
هەندی نێبێ: دەم و دەست
هەنکوە: ئێستا.
هەنگی: ئەوکات.
هەنیشك: ئانیشك.
هەوەنتە: خۆڕایی، سووك و ئاسان.
هەویەشەو: مانگەشەو.
هەیتە: کەسی بە قەد و قیافەت، یان گورج و گۆڵ. ن: هەیتەژن.
هوورد: ورد.
هوورگ: ورگ.
هۆباب: باوکە.
هۆپ: وەستان.
هۆدە: ژوور.
هۆڕنە: هۆڕنی ئۆتۆمبێل.
هۆرەگۆگانە: هەراو هۆریای منداڵان.
هۆزەبانە: مزگێنیی لەدایکبوونی کوڕ.
هۆش، هۆئش: دەربڕینێکە بۆ وەستاندنی کەر.
هۆقە: وەقە، یەکەیەکی پێوانی بارستاییە.
هێتیم: یەتیم، بە کەسی بێ باوك یان بێ دایك، یان بێ دایك و باوك، دەوترێ.
هێڕ: گێژ.

هیزە: ئەو پێستەی ڕۆنی تێدا هەڵدەگیرێ.

هێسك سووك: ئێسك سووك، ژیکەلە.

هێسك گران: ئێسك گران، ڕەزاقورس.

هێسك: ئێسك.

هیشك: وشك، ن: هیشکەسار(وشکە ساڵی).

هیشکە پیاوەتی: پیاوەتیی بێ بەها.

هیشکەبیرۆ: نەخۆشییەکی پێستە (ئەکزیما)

هیشکەسار: وشکە ساڵ.

هیشکەگرێ: گرێ کوێرە.

هیشکەگەراز: وشکە گەراز.

هیك: شك، گومان

هێوێن: هەوێن.

هیوی: هیوا، تەما.

## - ی -[١٩]

یار: یاوەر، یارمەتیدەر، خۆشەویست.

یاری: یارمەتی، هاوکاری.

یەکانە: نێرەی بەراز.

---

(١٩) له شێوەئاخاوتنی ناوچەی شەقڵاوەدا، هاتنی پیتی (ی) لە سەرەتای وشەدا زۆر کەمە، چونکە بۆ پیتی (ئـ) دەگۆڕێت. ن: یەك: ئێك. یەخسیر: ئێخسیر....